ژمارە: (٤٧)
ساڵی چوارەم، دیسەمبەر، ٢٠٠٩

**گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**مانگانە دەریدەکات**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**سەرنووسەر:**
**محەمەد کوردۆ**
mhamadkurdo@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:**
**محەمەد عەبدوڵڵا**

**سەرپەرشتیاری هونەریی:**
**ڕێبین مەجید**

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

**دەستەی نووسەران:**

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**تایپیست:**
**پەیام ئەحمەد**

**هەڵەچن:**
**سنەوبەر کەریم**
**مونا عەبدوڵڵا**

**لۆگۆ:**
**حەمیدی ئازمودە**

**مۆتیف:**
**ئاریان ئەبوبەکر**
**ناهیدە سدیق**

**تیراژ**
**٥٠٠**

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **لێکۆڵینەوە :** | | |
| ◆ شیعرییەتی خود و ڕەوانبێژیی هاودژیی | هەندرێن | ٧ |
| ◆ ماچۆ زمانەکان لە پانتایی مێژوو و جوگرافیادا | ڕەفعەت مورادی | ٢٣ |
| **دەق** | | |
| ◆ دووکەرتبوون | بەرزان هەستیار | ٤٧ |
| ◆ سورەتی عەلی | حسەین لەتیف | ٤٩ |
| ◆ سێ پارچە شیعر | دیار بەکر | ٥١ |
| ◆ گەڕانەوە بۆ ماڵی باران | لازۆ | ٥٧ |
| ◆ باخچەکانی بەهەشت و دیوانەکانی گوناهباران | دەوەن | ٦١ |
| ◆ منداڵانی گەڕەکەکەی حەسام | ئاکۆ کەریم مەعروف | ٦٩ |
| ◆ درەنگە، درەنگ نییە | باران | ٧٩ |
| **دنیای کتێب** | | |
| ◆ دیوانی سەلام محەمەد | حەمە کاکەڕەش | ٨٥ |
| ◆ با هەموومان وەکو کوردۆ دەقەکان بخوێنینەوە | حەسەن هەڵەبجەیی | ٨٨ |
| ◆ بەشێك لەچاپکراوە نوێیەکانی | ئا: هەنار | ٩٠ |
| بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی | | |

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **دیدار** | | |
| ◆ ناڵە عەبدولڕەحمان: | مەحمود زامدار | ٩٥ |
| ◆ شیعر هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێت کە تا ئێستا | | |
| ◆ شاعیران بە شوێنیدا دەگەڕێن | | |
| ◆ سەردار عەزیز: | ڕابەر فاریق | ١٠٨ |
| سادەیە مرۆڤ بییەوێت بە ناسین بژی | | |
| **وەرگێڕان :** | | |
| ◆ نامەکانی ڕێلکەو مارینا تزڤیتاییڤا هاوینی١٩٢٦ ... | غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١٢٧ |
| ◆ هەموو شتێك دەدۆڕێنین، با زەمەن ببەینەوە | زلێخا | ١٤٤ |
| ◆ لەبەر باراندا بگری | جەمال جەلال | ١٥٦ |
| ◆ هۆنراوەیەکی ئەلیکساندر بلۆك | مارف عومەر گوڵ | ١٧٣ |
| ◆ گوڵەکان | سەلاح جەلال | ١٧٤ |
| **هونەر** | | |
| ◆ سمکۆ ئەحمەد: هونەر خۆ ڕزگارکردن نییە لە حەقیقەت | سۆران ئازاد چۆمانی | ١٧٩ |
| ◆ چریکەی زیندوو عەلی مەردان | جەلال هانیسی | ١٨٨ |
| ◆ سازەکەی کاپیتان کۆرێلی | سیروان ڕەحیم | ١٩٢ |
| ◆ ساتە فەلسەفییەکانی موزیك | ئەنوەر عەبدوڵڵا | ١٩٧ |

# لێکۆڵینەوە



## شیعرییەتی خود و ڕەوانبێژیی هاودژیی لەوێناندنی ئێستادا

سەبارەت بە شیعری ئاریان ئەبوبەکر

هەندرێن



## ماچۆ زمانەکان لە پانتایی مێژوو و جوگرافیادا

ڕەفعەت مورادی



# شیعرییەتی خود و ڕەوانبێژیی هاودژیی لەوێناندنی ئێستادا

سەبارەت بە شیعری ئاریان ئەبوبەکر

هەندرێن

## دەستپێك

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا شیعرگەلێکی بەشێك لەو شاعیرانەم لە سایتی (دەنگەکان)دا خوێندەوە کە لە زمانی کوردییدا بە (شاعیرەگەنج)ەکان ناودێر دەکرێن. یەکێك لەو دەنگە شیعرییە گەنجانەش، ئاریان ئەبوبەکر بوو. بەڵێ، بەر لەوەی، وەك باوە، کە نووسەران هۆکاری ئەم نووسینە



لەسەر شیعری ئاریان بوەهمێنن، گەرەکە بێژم، کە بۆ یەکەمجار لە کۆتایی بەهاری ئەمساڵ، ٢٠٠٩دا لەو کاتەی کە نووسەر و شاعیرانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی دیمەنی میوانداریی و وێنە بە کۆمەڵییەکانیان لەگەڵ ئەدۆنیسی شاعیردا مەست و خومار بوون، لە گۆڤاری (هەنار)دا، کە لە (دەنگەکان)دا دەیبینم، شیعرێکم بە ناوی (سەگ) خوێندەوە کە ئاریان ئەبوبەکر خاوەنەکەی بوو. پیشتر بەو ناوە ئاشنای نەبووم. دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرە، کە وەك لە گۆڤارەکانداباوە، دوای شیعرەکانی چەند شاعیری (ناسراو) دانرا بوو، دوای خوێندنەوەی ئەو (سەگ)ە هەستم کرد شیعرێکی مەیلەو (ناباو) دەخوێنمەوە کە چاوەڕوان بووم ئەو نەوە پۆستمۆدێرنیستە، سەردەمە بێ - شوێنەی ئێستا بینووسێت، چونکە ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا دەژیت، کە لەوێدا تەکنیك جیهانێکی خەیاڵێنراوی بۆ مرۆڤ بۆ سازاندووە کە بۆ هەڵاتن لە دۆخە تەنیاییەکەیدا هەموو پەیوەندییەك تاقیبکاتەوە. ئەو جیهانە تەکنیکییە تاکەکەس هاندەدات بە دوای مەیلی گێڕانەوەی خود فرچك بگرێت. بە واتایەکی تر، لەو سەردەمە دیگیتال، دۆخە بزۆك و پچڕ پچڕەدا، کە مرۆڤ لە داستانی چکۆڵە و سنووردار‌یش کورتدەکاتەوە، ئەمەش لە دواجاردا زمانێکی هاوکوف بەرهەمدەهێنێت، کە شێوازەکەی پێکهاتووە لە تەکنیکی زمانێکی ئاواز و ریتم خێرا و پچڕپچڕ و ئاخاوتنێکی زارەکیی. ئاریان لەو شیعرەدا بە تەرزە شیعرێکی نزیك لە موزیکی هیپ هۆپ، ریتم خێراو خودییەوە بە جۆرێك بۆشایی نێوان وشەگەلە لێکدابڕاوەکان، ئەو بەتاڵبوونەوەی زمان لە کاڵبوونەوەی خاکە ناچاوەڕوانکراوەکان دەلەرێنێتەوە، تاکو وێنەی بوون لەو فەرامۆشکردنەدا بێدار بێتەوە.

بەمجۆرە دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرە نامەیەکی مەیلەو ستاییش ئامێزم - وابزانم یەکەمجاریش بوو لە ژیانمدا نامەی وا بۆ شاعیرێکی نائاشنا بنێرم - بۆ ئاریان نارد، لێ پێشتر نامەیەکی ئەلەکترۆنییم بۆ بەڕێوەبەری (دەنگەکان)، گۆران عەبدوڵڵا ناردبوو کە ئەگەر حەز دەکات ئەو شیعرەی ئاریان لە (دەنگەکان)دا بڵاوبکاتەوە، ئەویش پەرۆشخۆرانەتر لە من شیعرەکەی بڵاوکردەوە. هەر ئەوکات حەزم کرد لەسەر ئەو شیعرە بنووسم، لێ دۆخی دردۆنگی ژیان بواری بۆ نەڕەخساندم، بۆیە هەر ئەوکاتیش، تاکو لە داهاتوودا ئەو حەزی نووسینە بکەم بە ئەرکێك لەسەر خۆم، لە وتاری (گەڕان بە دوای ڕووناکبیری نەدۆڕاودا)، کە لە شوباتی ٢٠٠٩ لە (کورستان راپۆرت)و (دەنگەکان)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسیبووم: (لە کن من، ئەوەندەی کردەی شیعری (سەگ)ی ئاریان

ئەبوبەکر، کە شاعیرێکی نوێیە و من پێشتر قەت ناوم نەبیستووە، ئەوەندەی رووداوێکی رۆشنبیرییە لە زمانی کوردییدا، هێندە هاتنی ئەدۆنیس بە رووداوێکی رۆشنبیریی نییە، چونکە ئەو شیعرە روحێکی هەبووی نەبینراوی لە زمانی کوردییدا رادەگەیەنێت...).

پاشان ئاریانیش چەند تابلۆیەکی خۆی بۆ ناردم. دواجار خوێندنەوەی (مردنی مێشێك)، (مرۆڤ)، (حەوت جار خۆم بینی)، (قاپێك ئاو) لە (دەنگەکان)دابوون بە سەرچاوەی ئەم خوێندنەوەیە. دیارە بە ئاگا بوونم لەوەی کە ئاریان وێڕای شیعر، خوێندکاری هونەریی و شێوەکاریشە، بواری بۆ خۆشکردم کە هەر تەنیا بە خوێندنەوەی شیعرەکانی نەخوێنمەوە، بەڵکو هاوکات بە رێگای بیناییشەوە بیخوێنمەوە.

لێ کاتێك ئەوها لەسەر ئەو شاعیرەدەپەیڤم، نابێت خوێنەر وا تێبگات کە باسی دەقێکی سەمەرە دەکەم. نا. لەو سەردەمەی کە کولتووری بازاڕ، گشتیی و رۆژانە بە هەرمێنن، ئیتر دەقی سەمەرە، دەقی پیرۆزو... تاد لە گۆڕێدا نەماوە، چونکە شیعری ئەمڕۆ، وەك بەرهەمێك لەو ناوکۆیی (کۆنتێکست)ە سۆسیۆ -ئابووریی – سیاسییەی جڤاکی کوردیی و بگرە جیهانییەش، بەرتەکێك، هەڵگەڕانەوەیەکە لە هەمبەر مەیلی شیعری گەوهەرگریی مۆدێرن، - راستییەکەی گومانیشم هەیە کە ئەدەبی کوردیی بە سروستی بە قۆناغی مۆدێرن و پۆستەکەشی تێپەڕێبێت -، هێندەی خولیای تێکشکاندنی نۆرم و سیمبوولە داڕێژراوەکانە، ئەوەندە خەمی نووسینی شیعری بابەت و ئێستێتیکی باڵا، ئامانجی ئیدیالیی نییە. شیعری ئەمڕۆ، بە واتای ژان فرانسوا لیۆتار، لە بری گێڕانەوەی (داستانە مەزنەکان) سەرقاڵە بە گێڕانەوەی داستانە چکۆڵەکانی خود (سۆبێکت)و ئەزموونە تاقیکراوەکانی ژیان. بە واتایەکی تر، ئەگەر لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا کولتووری باڵا و نزم لە رۆژەڤێ بوون، بۆ نموونە، شاعیرگەلی وەك حاجی قادری کۆیی، نالی و مەحوی گەورە و داهێنەرن، کەچی لە سەردەمی پۆستمۆدێرنیزمدا ئاخاوتن لەسەر کولتووری فرەیی و سنووورداری کولتوورەکان لە ئارادایە[١].

کەواتە لێرەدا، بە ئێستێتیکییەك لە ئێتیك، دەخوازم ئەوە رابگەیەنم، ئەگەر سایتی (دەنگەکان) نەبووایە، - ئەگەرچی من چێژ لە خوێندنەوەی دەق لە ئەنتەرنێتەوە وەرناگرم -، کە وەكماڵێکی ئاوەڵا بۆ دەنگە جیاوازەکان، بێ بوونی بودجە یان پادداشتێك راستەوخۆ بێت یان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارگەلێکەوە ئەو شیعرگەلەمان پێشکەشدەکات، رەنگە ئێمەی خوێنەرو نووسەری پەرتەوازە لە شوێن بە باشی نە ئاگامان لە دۆخی شیعریی شاعیرە (پیر)ەکان و نە دەقی شاعیرە (گەنج)ەکانیش



دەبوو. بۆیە (دەنگەکان)، وێڕای رەخنەکانیشم لە وردەکارییەکانی، بە لای کەمییەوە، بە پێچەوانەی زۆربەی گۆڤارە (باو)ەکانی کوردستان، بێ بەرتیل، خۆبەخشانە ئاشنای ئەو دەقانەمان دەکات. ئەو گۆڤارانەی کە بۆ دەقی باوی پێڕێك لە شاعیر و نووسەری (ناسراو) دەسەڵاتدار تەرخانکراون، کە دەکرێت لێرەدا ئەو نووسەر و شاعیرە دەسەڵاتدار و خاوەن گۆڤارانە بە گروپێك لە کوێخا- ئەرۆستۆکراتی تازەباو ناودێر بکەم. دیارە بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە ئاکار ئەرۆستۆکراتە تازەباوانە جار و بار لە خوارەوەی شیعر و نووسینەکانی خۆیان و هاوپێڕەکانیانەوە شیعری شاعیرە (گەنج)ەکانیش بڵاو دەکەنەوە، لێ زۆرجار ئەو شاعیرە (گەنج)انە بە رێگایواسیتە یان پێشکەشکردنی شیعرێك یان نووسینی وتاری پەسەندەرانە لەسەر نووسەرە باڵادەست و بازاڕ بە هەرمێنەکانەوە، ئەو گۆڤار و نووسەرە دەسەڵاتدارانە ناچار دەکەن دەقەکانیان بڵاوبکەنەوە. بۆیە ئەو جۆرە بڵاوکردنەوەیە بۆ پەرۆشخۆریی ئەو دەنگە نوێیانە نییە، بەڵکو چەشنە دەستبەسەر داهێنانێکی ئاکار ئەرۆستۆکراتییانەیە.

هەڵبەت لێرەدا ئەرکی ئەم نووسینە راوەستان نییە لەسەر هۆکردی لە دایکبوونی ئەو نووسەرە ئاکار کوێخا تازەباوە، لێ هاوکاتیش، بۆ ئەوەی راڤەکردنی ئەو بابەتە بکەم بە ئەرکێك بۆ داهاتوو، بێ سوود نابێت کە سەرنجێك لەو کۆپلە شیعرەی ئارێز سمکۆ حوسێن بدەین، کە دەنگێکە لەو نەوە نوێیە، لە زمانێکی شیعرییدا ئاماژە بۆ ئەو دیاردەیە دەکات، کە لەوێدا راستەوخۆ ئەو پەیوەندییە گەرمەی نێوان ئەو نووسەر و شاعیرە ئەرۆستۆکراتە تازەباوە بە دیار دەخات. ئارێز لە کۆپلەیەکی (گومان لە پیاوە رووتەڵەکانی شار)دا دەنووسێت:

**(تەنیا زات دەکەن شاعیرەکانی دەربارتان**
**بانگی سەر خوانتان بکەن**
**ئێمە وەك ئێوەنین و**
**هەرووەك ئێوەش لە ئێمە ناچن).**

بەهەمەحاڵ، من کە بە دەم سەفەری ئەم نووسینەوە بەرەو جیهانی شیعری ئاریانەوە ئەو نووسەرە بە کوێخا-ئەریستۆکراتی تازەباو ناودێر دەکەم کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی حیزبی وەك جێگرتنەوەیەك بۆ ئەو چینە نەریتییەی کوردیی کە بە کوێخا یان ئەریستۆکرات ناودەبردرێت سازاندوویەتی، ئەوەندەی مەبەستم ئاوەڵاکردنەوەی ئەو وەهمە داخراوانەیە کە روحی زمانەکەمانی کلۆڵکردووە، هێندە مەبەستم سەر و کاری ژیانی کەسەکان نییە.

کەواتەئەو دەنگە هاوچەرخ – گەنجە هەقە لە جیاتی خێرو بێری ئەو دەست بەسەر هێنانەی نووسەرە کوێخا تازەباوە، خەنی خۆش بوونە بە بڵاوکردنەوەی دەقێکی لە گۆڤار و پاشکۆکانی ئەوانە، بێ منەت شیعرەکانیان لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو بکەنەوە. بەمەش دەتوانن بە ڕێگای بڵاوکراوەکانی ئەنتەرنێتەوە ئەو دەمڕاستیی، دەسەڵاتە ڕۆشنبیریی-سیاسییە لەو توێژە نووسەرە ئاکار ئەرۆستۆکراتییە تازەباوە دەربێنن.

لێرەوە(دەنگەکان)، بە دەر لە ڕەتکردنەوەی ئەوانیتر، وەك سەکۆیەکی دیگیتالیی، دوور لەو لەو ئاکارە ئەرۆستۆکراتیی و بەرتیلخۆرییە، بەشێکی زۆر لە دەقی شاعیر و نووسەرە(پیر) و(گەنج)ە پەرتەوازەکان لە شاشەکەیەوە پێشکەش خوێنەرانی دەکات. هەروەك ئەوە(دەنگەکان)یش زۆرێك ئەو گۆڤارانە بودجەدارانەی وەك(ئایندە) و(نێوشەفەق)و بگرە(هەنار)یش، کە هەرچەندە لە هەموو گۆڤارەکانی تر زیاتر پەرۆشخۆری ئەو دەنگە شیعرییە نوێیەیە کە پەراوێزخراوە، لەو کێشەی دابەشکردن و خوێنەرەسنووردارە رزگاریان نەبووە. کەواتە هەقە، وەك ئاکارێکی چاکە، ئێمەی خوێنەر و شاعیرە(گەنج) و(پیر)ەکانی ئەوێ و ئێرەش ستاییشێکی شیعرییانە لە کردەی خۆبەخشی)دەنگەکان) بکەین.

کاتێك من ئەو ئاماژەیە بەو رەوشە ڕۆشنبیرییە خەمهێنەرەدەکەم، کە دەبوو، بەر لە من، نووسەران و بڵاوکراوە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان قسەیان لەسەر بکردبا، ئومێدەوارم ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە لە بری بوغزاندنی من، پەنا بۆ ئەوەڵاکردنی بیرکردنەوەو گفتوگۆی بەرهەمدارلەمەڕ ئەو رەوشە ڕۆشنبیرییە ببات.

لەوەش بترازێین، ئەمڕۆ زۆرێك نەك هەموو، لەو شاعیر و نووسەرە(پیر)انەی (لێرەدا بە هۆی دەستگرتن بە دەستەواژەی(گەنج)، دەستەواژە پێچەوانەکەی،(پیر) دەنووسم)، کە ئەمڕۆ بە هۆی نزیکبوونیان لە حیزبە دەسەڵاتدار و مەیلی کۆنباو نەگۆڕی جڤاکی کوردییەوە بەسەر بواری ڕۆشنبریی کوردییدا باڵادەستن، لۆمەی ئەو شاعیرە(گەنج)انە دەکەن کە بۆ نموونە گوایە:(وەك یەکتر دەنووسن، ئیزافەیەکی نوێیان نییە و ...) کەواتە،لە روانگەی ئەوانەوە، ئەو(گەنج)انە خاوەن زمانێکی شیعریی خۆکرد نین. یان ئەو نووسەرە(پیر)انە، وەك مۆدە، چەند ناو لەو نەوە(گەنج)ە بە دوای یەکدا ریزدەکەن، کە گوایە شاعیری(باشن)، لێ ئەوانە بۆمان روون ناکەنەوە کە زمانی جیاوازیی و نزیکی ئەو ناوانە لەگەڵ یەکتردا چین؟

بە دیوێکی تر، بەشێك لە کێشەکانی شیعری ئەو شاعیرانەی ئەمڕۆ بە نەبوونی



بەهای ڕێفرێنسی شیعریی، میراتی کولتووریی شیعریی، یادەوەریی زمان پێناسە بکەین، چونکە لەو دۆخە بەجیهانیبوون-بێشوێنییەدا شیعری کوردیی لە هەموو کات زیاتر بە دەردی دابڕانێکی بێڕەچەڵەك، ئەزموونی پیشووی خۆی ڕێدەکا. بەشێکی زۆری شیعری نەوەدەکان و ئێستاش دابڕانێکی بەرهەمهێنەرانەی نەریتی شیعری زمانەکەیان نین، بەڵکو بە کاریگەرییەکی هەڵبزڕکاو و پچڕ پچڕی ئەزموونی دەرەکیی زمانەکەیەوە بە ئاراستەیەکی وێڵدا گاگۆڵکێدەکا، بۆیە بونیاتی زمانەکەی رفۆك، فشۆڵە.

بەڵێ،لێرەدا مەبەستم نییە،موختار ئاسا،ناوگەلێك لە شاعیرە گەنجە(جوان)نووسەکانی ئەمڕۆ بە دوای یەکترەوە پۆلێن بکەم. ڕاستییەکەی بەشێك لە شاعیرانی هاونەوەی ئاریان، ئەوانەی کە شیعریان بۆ سۆزی بازاڕیی، یان بۆ ڕازاندنەوەی مۆبایلی ئەو کوڕ و کیژانەی کە بۆشایی ژیان بە عەشقە تەکنیکییەکانیان پڕدەکەنەوە،کورتکردۆتەوە، دێری ژیکەلە(وشەی ناسك) رستەی شیعریی هەوەسبزوێن، وێنەی ئاشقانەی ڕۆمانتیکیی دەنووسن و دواجاریش بە بەرگیسێکسیانەی کۆشیعرەکانیانەوە(عەشق)ە خەیاڵێنراو، مێتافیزیکییەکانیان وێنە دەکەن. هەروەك بەشێکیش لەو شاعیرانە دەکۆشن ئەو شیعرە بنووسن کە هی خۆیانە، بەرەو گەردوونی زمانێك سەفەر بکەن، تاکو ئەزموونی خۆیان بنووسنەوە. لە تەك ئەمەشدا بەشێك لە شاعیری ژن هەن، نەك هەموویان، هەرچەند بە ناودێرکردنی شیعرەکانیان بە ژنانە یان مێینە هەڵدەچن،وەك مۆدەیەك سەرقاڵن بەوەی چۆن بۆ سەرنجکێشانی شاعیر و رەخنەگرە(ناسراو)ە باڵادەستەکاندا لەشیعردا خۆیان رووتبکەنەوە، هەندێکیشیان بە کۆمەکی پیاوە شاعیرەکان ئەو شیعرە مەیل سێکساندنە دەنووسن کە ئێستا بازاڕی بەهەرمێنە!

بە دەر لەوەش، لەم ڕۆژگارەدا بە گشتی شیعر چیتر هەر تەنیا مانای(جوان) و(ناسك) نییە، بەڵکو بە گۆهێنانی ئەو جیهانەناوەکیی، حەشاردراوەیە کە لە گۆشە پەرتەوازەکانی خاکی زماندا بە جوانیی و ناشیرنییەکانەوەئامادەیە. بۆیە خولیای من ئەو تەرزە شیعرانە نییە، کە جوان دەنوێنن، کەچیخنکاون لە گوتنی ئەزموونی ئەشقێکی ئەزموونکراو، لاسایکارێکی کلۆڵی زمانی سوهراب و فروغیان زۆرینەی ئەو شاعیرە کوردییە بە ئیدلۆکراوانەی کە بە کەشخەیی لە ژێر پێستی شیعری سۆهراب و فروغ-دا هەناسە دەکێشن، یان گوایە بە گەڕانەوە بۆ(منداڵیی) نازی داهێنانی منداڵییمان لەسەر دەفرۆشن، بەڵکو سۆراغی من بە دوای چەشنە شیعرێکە کە بە ڕەوانبێژییەکی خۆکرد سیمبوولە داسەپاوەکانی ئەو دۆخە شیعریی و نەریتی بیرکردنەوەباوە، ناشیرینییەکان

لە شێوازێکی جوان و هاودژییەکانی خود و ئەو سەردەمە نمایش بکات کە بە بیانۆیە سازێنراو و نەریتییەکانەوە داپۆشراون. لەو دۆخە پۆستمۆدێرنیزمانەدا شیعر ئەرکی جوانییەکی خەیاڵێنراو نییە، بەڵکو لە تەك ئەوەشدا تێکشکاندنی ئەو سیمبوول و کۆدە ئاڵۆزانەشە کە وەك نۆرمێکی باڵادەست ژیانیان بێچێژکردووە.

لەو دیدەوە لەسەر ئەزموونی ئەو ڕەوانبێژییە، هاودژییەی ئاریان دەنووسم، چونکە لەوەدەچێت خۆی بێت، چونکە حەز دەکەین ئەو سەفەرە شیعرییە بکات کە زمانی ئەمڕۆ لێی چاوەڕوان دەکات. لەو کاتەی کە شاعیرە ئاکار ئەرۆستۆکراتە تازەباوە و شاعیرگەلێکی)گەنج)ە بە مۆدەی شیعری(ئەشق)ێکی مێتافزیکیی و خولانەوە لە وێنەی رووتدا خەریکن، کەچی ئەو شاعیرە کتوپڕ بە زمانێکی شیعریی مەیلداریخۆکردەوە ئەو بێدەنگییە ساختەیە لەسەر روحی ئەو ئێستایە بە(عەیبە)، بێ-ئەخلاق (amoralisk)ییە داپۆشراوەی کوردیی ریسوا دەکا کە بوونی دەعەجان کردووە. دواجاریش ئەو شاعیرە بە روحێکی سەهەندەوە شیعر دەنووسێت، تاکو ئەو بۆشایی، تەنیایی و دەعەجانبوونەی کە لەو سەردەمە کالاَگر و بە پارەکراوە بێ بەرهەڵستکارییەدا بوون و زمانمانی تەنیوەتەوە بە ئاگا بهێنێتەوە. بەجۆرە، بە دیدی من، ئەو شاعیرە تاکو بتوانێت خودەکەی بۆ مەیلە هاودژەکانی ئازاد بکات، دەبوو لە پێشدا بە ڕەوانبێژییەکی شیعریی بێباکانەوە روحی ئەو دۆخە جڤاکییە داپۆشراوە بە دەمامکە ساختەکان ئاشکرا بکات. لە سادەترین حاڵدا، ئاریان دەنووسێت تا بڵێت من نامەوێت لەناو ئەو دارمانە بێدەنگە و بۆشاییەی بێشوێنییەدا بمرم. کەواتە ئەو زمانە شیعرییە سەرنجکێشم دەکات کە بێباکانە ئەو سیمبوول و دەمامکە باوانەی کە خوێنی زمانی کوردییان سست و کەهێلکردووە تێکبشکێنێت، کە ئەمەش ئاسۆیەکی نوێ بۆ کۆخودێکی ئازاد نیشاندەدات کە لە هەناوی جڤاکی کوردییدا دەرسکێن. هاوکاتیش بەهای ئەو دەسەلاَتە شیعرییە لە شاعیرە نەریتییەکانی کوردیی کاڵبکاتەوە کە چیتر ناتوانن بە روانگە چەقیوەکانیانەوە پەی بەو پرسیار و مەیلە حەشاردراوانە ببەنکە لەمدیو زمانی بە(عەیبە)دەمبەستکراوە کوردییەدا پەنگیانخواردووە.

بەهەمە حاڵ، بەر لەوەی ئەو چییەتییەی شیعرییەتی ڕەوانبێژیی (رێتۆریك)ە،زمانە هاودژییەی خود (سۆبێکت-subject) دارێژان و نیشاندانەی روحی ئێستای کوردییە لە شیعری ئاریان ئەبوبەکردا بخوێنمەوە، گەرەکە بێژم، دەبێت خوێنەر لەوە بە ئاگا بێت کە ئامانجی ئەم خوێندنەوەیە ئەوەندەی هەوڵدانێکە - نەك دوا هەوڵدان - بۆ سەرنجدان یان ڕۆشنایی خستنە سەر ڕەهەندی خود دارێژان (The construction of subject) لە ئەزموونی شیعری ئاریان-دا کە ئەمەش مەیلی مرۆی هاوسەردەمی کورد و جیهانیشە، هێندە هەوڵدان نییە، وەك لە کن نووسەری ئەمڕۆ باوە، بۆ دارشتنی ئاریان وەك یەکەم و دوا پاڵەوانی شیعری کوردیی.

کەواتە ئەم نووسینەش دوای رامانێك لە خواستی شیعردا، راڤەیەك لەو ڕەوانبێژیی، شیعرییەتە هاودژییە و ئامادەیی دۆخی ئێستا لە ئەزموونی ئاریان-دا نمایش دەکات کە نابێت وەك دوا ئێستگەی سەفەری خوێندنەوە ناسبکرێت.

### خواستی شیعر: دارێژانی خود و گوتنێکی ناچاوەڕوانکراو

کەواتە، لە بری ئەوەی بپرسین: شیعر چییە، دەکرێ بپرسین: خودی شیعر چی دەخوازێت؟ ئەی کە دەگوترێ (شیعرئەو گەنجانە ئیزافەیەکی نوێیان نییە)، کەواتە، لە جیاتی ئەوەی بپرسین: چ (ئیزافە)یەکمان لە شیعر دەوێت، دەکرێ بپرسین: چیمان لە شیعر گەرەکە؟ بەر لە بە رێکردن بەرەو یان بەناو شیعری ئاریان-ەوە، رامانێك لەو پرسیارانە دەچنینەوە، کە ئەو رامانەش دەبێتە تێگەیشتنێك، روانگەیەك بۆ خوێندنەوەی ئەو شیعرانە.

بەڵێ، شیعر ،وەك خۆی، دەخوازێ کاتێك زمان لە لەرینەوەی دەنگەکانی بوون بەتاڵدەکرێتەوە دەست بەو تشتانەوە بگرێت کە زمان دوای خۆی بەجێیهشتوون. هەروەك شیعر دەخوازێ بخزێتە ناو دڵی وشەکانەوە، بۆشاییەکانی نێوان پەیڤگەل، هێماگەلێك گرێبداتەوەو بەرەو خاکە نادیارەکانی مرۆڤ رێبکات. شیعر دەخوازێ لەوە دڵنیامان بکاتەوە کە بوون دەریدەبڕێت، تاکو دواجار بە گوتنیواتایەکی جیاواز دۆشداماومان بکات کە چاوەڕوانی نەبووین. کەواتە لێرەدا دەخوازم بڵێم، شیعر هونەری گوتنە ناچاوەڕوانکراوەکانە، تاکو خود، گەردوونێکی بەجێماو یان حاشاردراومان بۆ نیشانبدات کە زمان لەنێوان بۆشایی یان مەوداکانی نێوان وشەگەلدا بەجێی دەهێڵێت یان نایبێژێ.

دیارە کە دەڵێم لە بنەچەکەدا ئەوە مەبەستی گوتنی شیعرە، تاکو بێژم، ئەوە تەنیا زمانی شیعرە کە توانای گوتنی ئەو تەرزە هونەرەی دۆشدامانە ناچاوەڕوانکراوەی هەیە. بە واتایەکی تر: تەنێ شیعرە کە دەتوانێ ئەو ئەزموونانە بەرجەستە بکاتەوە کە بەرجەستە ناکرێنەوە. زمانەکانی تر، لە ژانرەکانی تر، ڕۆمان، چیرۆك و ... بگرە تا

دەگاتە زمانی زانست باس لەو تشت و رووداوانە دەکەن کە پێشتر بەرجەستەکراون یان دەکرێت بەرجەستە بکرێن.

لە روانگەیەوە لەو شیعرانەی کە لەسەرەوە ناوم بـردوون، ئاریان بە شێوازی رەوانبێژییەکی خۆکرد، شێوازی شیعرییەتێکی مەیل سەربەخۆ لە زمانی هاونەوەی خۆیەوە، کە زۆرینەیان بەرانبەر یەکتر بێ-زمانن، هەوڵدەدا شیعرییەتێکی خودسالار، من-ێکی ناوەکیی مەیلدار بە نیشاندانی جیهانەکەی دابڕێژێت.

لێ شیعرەکانی ئاریان بە تەکنیکی ئێستێتیکێکی ناسکوێژییەوە ئەو خودە، رەوانبێژیی هاودژییەی خۆی ناچنێتەوە، بەڵکو ئێستێتیك لە شیعرەکانی ئەودا بریتییە لە دەربڕینی وشەگەلی بێکۆنترۆل، رستەی بێباکی کورت و وێناندنی شیعریی بزۆك، کە بەمەش ریتم و ئاوازێکی خێرا و چێژدار بە کۆی شیعرەکەی دەبەخشێت.

ئاریان هەوڵدەدا شیعری سەرمەست، شاد بنووسێت، تاکو ئەو بۆشاییەی ژیانی نیگەران کردووە ئاوەدان بکاتەوە. لێ راستییەکەی لەمدیو ئەو شادییەدا رامانێکی خەمین و وێنەکردنێکی بێهوودەی بوون و ئەو دۆخە هەراسانەی ژیانمان ئامادەییان هەیە، کە لەوێدا تاکەکەسی گەنج و رەنگە کۆی هاوولاتییەکانی لە ئاراستەیەکی وێڵدا رێدەکەن.

ئەو شاعیرە کە حەز دەکا بە مەستییەك لە خەیاڵی سەمای رەنگ و بزێوی روحی هاودژی وشەوە، مەیلی بەرهەڵدراوی ژیان و دیمەنەکانی ، لێ زۆر جار لە بری (ئەویتر) ، جا چ مرۆڤ بێت یان تشتەکان یان گیانەوەر،)سەگ)، (مێش) و... تا، لەشیعرێکی مشتومالْکراو وێنەییدا نیشانبدات. بەجۆرە لە شیعری (سەگ)دابە ئاوازێك لە زایەڵەی وشەگەل و بە نیگایەك لە چرپەی رەنگ جیهانی ناوەکی (١٣٦+١) رۆژ لە شوێنکاتێکی جیۆگرافیا جیاواز کە تۆڕی تەکنیك لێکیترنجاندوون بە راناوی (من)گەلێکی ئاوێزانی جیاوازەوە وێنە دەکات، تاکو دۆخی دڕدۆنگی خود و شاد و بێهوودەیی بوون بە گۆ بێنێت:

**( ئێستا کاتژمێر ٩یە**
**ئێستا خۆ پیاکێشانی منە**
**بەلادایەکی ئاخر مۆدێلا**



**لەوپەڕی خێرایدا**
**کەوتنە خوارەوەی منە**
**لە چوارەم قاتی پالاسەوە**
**...............**
**گرتنی منە بەسەر خوشکەکەتەوە**
**ڕسوابوونی منە**
**لە ژێر باوکتا**
**نووسینی ناوی منە بە میز**
**لەسەر ملیمێك خۆڵی نەرم**
**............**
**کە ئێستا ئەبێت بە کاتژمێر (١٠)**
**کە ئێستا بەرد بارانکردنی منە**
**لە ناو سکی دایکما**
**........**
**کاتژمێرەکەت بخەرە ئیش**
**وا بوو بە کاتژمێر (١١)**
**خێرا**
**خێرا**
**لەسەر هەموو سفرەکان ئەڕشێمەوە**
**بە ناسکی گاز لە عەورەتی جاجاڵۆکەکانی**
**تەنیایم ئەگرم**
**خۆم فێر ئەکەم**
**میز بخۆ م**
**لە بری خەفەت...)**

راستییەکەی ئەو شیعرە باس لە کاتەکانی ئەو دۆخە تەکنیك سالارە دەکات، کە لەوێدا مرۆڤ لە پەیوەندییەکی نەبینراودا، چاتکردنەوە بوونە تەنیا و بۆشەکەی بەسەر دەبات. ئەو دۆخە تەکنۆکراتییەی کە واماندلێدەکا لە ئازادییەکی سادۆ-مازۆخییدا

پەنا بۆ چێژی تەکنیکیی ببەین. دیارە هەنووکە لە جڤاکی کوردییدا بەشێکی زۆری گەنج لەو دۆخە دەژیت کە ئەو شیعرە بە ڕەوانبێژیی، وێنە و رامانە هاودژییەکانییەوە نیشانیدەدات. کەواتە ڕەنگە بەشێك لە مەیلی هەڵاتنی گەنجان بەرەو ڕۆژئاوا یان ئەو بێهوودە بوونەی کە ئەوانی هەڵا هەڵا کردووە، ئاکامێك بێت لەو هەستی تەنیایی و نادڵنیاییەی دۆخی ژیان لە کوردستاندا. بەڵێ، ئەو وێنەیەی کە ئاریان نیشانیدەدات، دۆخێکی جیهانییە.

ئاریان وەك چۆن بە زمان جەنجاڵی دۆخی ئێستا ئاشکرا دەدوێنێت، بە هەمان شێوەش هەمان گەوهەری کات لەم سەردەمە تەکنیك سالارەدا بە ڕەنگ و فیگورەوە لەسەر ڕووخساری تابلۆدا رادەگەیەنێ کە بوون بە دەستەییەوە دەناڵێنێت. دەبا پێکڤە بە چاوی زمان و چێژی بینینەوە سەیری جەنجاڵی (کات) بکەین کە بە دوای ڕێکردنە دڵەڕاوکێکەیەوە، سێبەری تەنیاییمان بۆ بەجێدەهێڵێت:

**(لەسەر هەموو سفرەکان ئەڕشێمەوە**
**بە ناسکی گاز لە عەورەتی جاجاڵۆکەکانی**
**تەنیایم ئەگرم)**

ئاریان کە بەو مەیلە مەستەوە ئەو سەفەرە بەناو ئەم کاتی ئێستایە دیگیتالییە تێکچڕژاوە دەکات، تاکو بێباکانە ئەزموونی خودێکی خۆکرد و لێوانڕێژ لە مەستی هاودژیی دابڕێژێت. سەرنجبدەن، ئەو شاعیرە بە دەم هەناسەدانێکی هێورانەی ئەو سەفەرەوە چۆن مەیلی ئەو خودە شیعرییە دەردەبڕێت:

(لە ٢١دا
**لە تاکێك قۆنەرە ئەچم**
**کە لە پێی کەسا نیم)**

هاوکاتیش کە ئەو شیعرە مەوداو بۆشایی نێوان وشەگەلی دواوەی زمانی چنییەوە، لێ دوای سەعات ٢٤دا لەو خودە داڕێژراوە دەپرینگێتەوە و دیسان دەخوازێت بەناو زەوی زماندا بلەرێتەوە:

(- لە ٢٤دا
**خۆزگە ئەخوازم قۆنەرە بم**
**تا باشتر**
**بەر زەوی بکەوم)**



بەمجۆرە ئەو شاعیرە لەبری گیرخواردن لە زمانی ئەو خود کۆلێکتیڤ و خودەزرە سازێنراوەی کە لەشیعری زۆرینەی شاعیرانی هەنووکە و رابردوودا دەبینرێت، هەوڵدەدا بە لێکگرێدانەوەی بۆشایی نێوان وشەگەل، خاکە حەشاردراوەکانی زمان، واقیعێکی ناوەکیی و خودێکی نەناسراو کە زمان بە دوای خۆیدا بەجێهێشتووە بە گۆ بێنێ، بگێڕتەوە. ئەو بەر لەوەی ئەو واقیعە ناچاوەڕوانکراوە لە نێوان ڕاڕەوەکانی زماندا بە راماو بکات، بە کردەیەك لە ڕەوانبێژی شیعریی خودێکی مەست لە ئاوەڵایی، مەیلدار بە ڕۆچوون بەناو تامی گەنجی دادەڕێژێت. ئەو شاعیرە بە گەمەیەکی باوی زمان، وشەئارییەکی رووکەشیی ئەو کردە شیعرییە، خود گێڕانەوە، داناڕێژت و نیشان نادات، بەڵکو جڵەوی خود بەرهەڵدراو دەکا بۆ خودی ئەو وشە پەرتەوازانەی کە زمان لە دوای خۆی بەجێیهێشتوون، تاکو مەیلە هاودژەکانی خود رابگەیەنێت. شیعری ئەو وشەگەلێك، دیمەنێك دەچنێتەوە و بە دەم لەرینەوەی ریتمێکی خێرا و هەڵچووەوە پرۆسەیەکی نوێیان پێ دەبەخشێت، بەمەش ئەو وشەگەل و دیمەنە واتای دیکە وەردەگرن. دواجار دوای نمایشکردنی ڕۆشناییەکی شیعریی دەخاتە سەر روخساری تەڵخ، لە مۆراڵ داماڵراوی دۆخی ئێستا. بەمجۆرە روحی جڤاکەکەی لە گەردوونی زماندا بە دیار دەخات. بە دەربڕینێکی تر، زمانی شیعرییەتی ئەو خودە مەیلدار بۆ بە دیارکەوتنی هاودەم لەگەڵ خۆیدا واقیعێکی جماو لە هاودژیی بە گۆ دێنێت.

مەبەست لەو ئامادەیی ئێستایە: تەنینەوەی ژیانی کوردە بە ژیانێکی سەرگەردان، بێباك و ئابوورێنراو و بە مەیلی سێکس-پۆڕنۆگرافی سیخناخکراوە، کە لەوێدا مرۆڤی کورد لە نێوان مۆرالێکی داماڵراو لە بەهای مۆراڵ، مەیلێکی سیخناخ بە سێکساندنێکی پۆڕنۆگرافی دیگیتالییەوە لە دڵخورپەیەکی سەرچاوە نادیاردا هێدی هێدی دەبێتە بوونەوەرێکی هاودژ لە بێمانایی. بەمجۆرە ئاریان بە جوانناسیی وشەگەلێکی بوونزا و پۆرتەرێتگەلێکی ڕەنگیی ئەو جیهانە راستینە و پەنهانەی ناو زمان بۆ نیشاندەدات، تاکو ئەو ژیانە ئاوس بووەلە مەیلی سێکسیی و بۆشایی و تەنیاییەمان بۆ وێنە بکات کە لە هەناوی ئەو مرۆڤە تەکنیکییەی ئەمێستادا زاوزێ دەکات:

خودی ئاریان لە شیعری (مـرۆڤ)دا بە دەم سەفەری گێڕانەوەی حیکایەتی وشە پەرتەوازەکانی دواوەی زمانەوە ئەوها لە بێ ئاگایەکی بە ئاگادا ڕەهەندەکانی ئەخلاقی ئەمدیوی ئەم وێنەمان بۆ دەناسێنێت کە دیارە وێنەی ژنێکی دووگیانە. ئەو هەوەسی

دەستبردنە بۆ سمتی ژن، کە دیارە ئەو خولیا سێکسییە لە لای مێ و نێردا ئامادەیە، بەشێکە لە ئاکامەکانی ئەو روحە توندوتیژ و هەوەسە پۆرنۆگرافییەی کە ئێستا لە جڤاکی کوردیی لە ئارادایە. ئاریان لێرەدا وێنەیەکی شەرمهێنی واقیعی وێنە دەکا نەك خەیاڵاندنێکی هونەریی:

**( شتێك بڵێ**

**کە وترابینەوە بەڕووتی سەیری خۆت بکە**

**تا لە پشت تەنکییەکەوە وەصفی بێ ئەخلاقیت نەکەن)**

هەروەك لە شیعری(مردنی مێشێك)دا، کە راستییەکەی ئەو شیعرە ئاماژەیەکی شیعریی بە رەهەندی دەسەڵاتێکی دژواری ئەو باڵادەستییەی تەکنیك دەکات، کە لەوێدا مرۆڤ ناچارکراوە لەو جیهانە توونوتوونە تەکنیکسالارەدا، بە واتای هایدگەریی، گوێ لە فەرمانەکانی(ئەو پیاوە-Das man)ە بگرێت کە (خودە رەسەنە)کەیی و بیرکردنەوە فەرامۆشبکات[٢]و داشۆردراو لە ئەخلاقی مرۆڤانە وەك مێش هەوەسە سێکسییە پۆرنۆگرافییەکەی بەتاڵبکاتەوە. بۆیە راستییەکەی لەو شیعرە باس لە مەرگی مرۆڤبوون دەکات نەك(مێشێك)، چونکە لەو شیعرەدا ئەو(مێش)ە لە وێنەیەکی مرۆڤانەدا ئەزموونی خود تاقیدەکاتەوە و دەگێڕێتەوە. بەمجۆرە ئەو شیعرە بە رەوانبێژییەکیرسکاو لە شادییەکی بێهوودە، جوانییەکی هاودژەوە، ئەخلاقی هاودژیی ئەو ئێستایە وێنە دەکا:

**(من بە ئەخلاقم**

**من ئاگام لێ نییە**

**من**

**ئەو شتانەم نە کرد**

**کە تۆ واتزانی ئەیان کەم**

**ئەو شتانەم کرد**

**کە تۆ پێت وابوو نایان کەم)**

ئەمەش تاکو لەو بوونە بە تەکنیك گەمارۆدراو و سیخناخبووەدا کە ماڵ

**(بۆتە قەحبەخانەیەکی راقی و هیچ رازی نییە**

**قەحبەیەکی بێ کوالیتی وەکو من**

**بە بەردەم دەرگاکەشیا گوزەر بکات**

.........



**ماڵێك لە ناوەڕاستی سێکسێکی چوار نەفەرییا بیر لە تەنیایی نەکەنەوە). کە کە (سم) ئاییندەم بوو**

**خەونم ملیۆنێك گێگا بوو** (بڕوانە شیعری: بۆشایی)

کەواتە ئەو مرۆڤە لەو دۆخە لێکهەڵوەشاوە و تەنراوە بە هەستی)بۆشایی) ە کە تەنیایی دەیپلیشێنێتەوە، سەرگەردان بە دەم چاوەڕوانی قەدەری ئاییندەیەکەوە دەژیت کە:

(دوور نییە لە ئاییندەیەکی نزیکدا/ بە ژوور و /بە رووتی و/ بە تەسکەرەو/ بە ئەخلاق و/ بە ماڵەوە/ مرۆڤ بباریێت)، ناچارە بە دەم ئاوابوونی ئەو مرۆڤە رابردووەوە بڵێ**(گوێ لە سەخیفترین گۆرانی ئەگرم**

**چاوم پڕ ئەکەم لە هیچ)** (هەمان شیعر).

بەڵێ، ئەو شاعیرە کە وەك بوونەوەرێکی سەهەندە کە بە دەم پیاسەوە سەرقاڵە بە دۆزینەوەی مانایەك بۆ ئەو بێشوێنییەی کە ناخی تەنیوەتەوە کەچی قاچەکانی بەناو(بۆشایی)شوێنکاتێکدا رۆدەچێت، دواجار لە کانگای سەفەری شیعری(قاپێك ئـاو)دا، (قاچ ئەخەمە ناو دەمی رۆژەکانی هەفتەوە/ وەك چەقینی تیرێك/ بە ناوەڕاستی بۆشایدا).

بۆیە لە بری ئەوە حەز دەکا خودەکەی بە زمانێکی مەیلپڕێن وەلێ هاوکاتیش چێژ شاد، رەوانبێژییەکی بێباکی دەرەکیی و مەیلێکی هاودژیی ناوەکییەوە، کە ئەو رەوانبێژییە هاودژ (پەرادۆکس)ە گەوهەری ئەو دۆخە تەکنیکسالار و پۆستمۆدێرنزمەیە ئێستایە، دادەڕێژێت. لەوێدا چیتر دەمامکە نەریتییەکان ناکارن زمانی ئەو خودە هـاودژەی شاعیر کۆنترۆڵ بکەن. بەمجۆرە ئەو خودە خودێکی خەیاڵێنراوی ئەدەبی نییە، بەڵکو خودێکی بزۆکە کە لەگەڵ دارشتن و راگەیاندنی خۆیدا، بە رۆشناییەکی شیعرییش رووخساری ئەو ئێستایە



لە مۆراڵ داشۆراوە وێنە دەکات.

ڕاستییەکەی شیعری ئاریان لە ڕەوانبێژییەکی هەڵقوڵاو لە هاودژییدا دەخوازێت ئەو(بۆشایی)ەی کە زەمان بە دەستییەوە خوزنبارە و سیخناخە بوروژێنێ، ڕابچڵەکێنێ، ئاوەڵا بکاتەوە، تاکو بە ئاشکراکردنی ئەو مانا شاردراوانەی کە نوتقناکرێن دۆشداماغان بکات. بەمجۆرە ئەو شاعیرە بە هاوارێکی شیعریی خوازیارە گەمە نا-ئەخلاقیی و گەوهەرە ساختەکەی ئەو دۆخەی ئێستا ڕیسوا بکا کە دەسەڵاتێکی تەکنۆکراتی بە بەهای کالاگر، پارەخوازیی بووغانی بە بۆشایی بۆشایی بۆشایی بۆشایی... تەنیوەتەوە.

بەڵێ، شیعری ئاریان لەرینەوەیجیکایەتی خود-سۆبژەیەکە کە بە لێکچنینەوەی بۆشایی و پەرتی نێوان وشەکانەوە جەنجاڵی بوونە بە تەکنیك سیخناخکراوەی کە خودی ئەوی بە تەنیایی و بۆشایی و هیچگەرا گەمارۆداوە دەگێڕێتەوە. بەمجۆرە ئاریان لە شیعرەکانیدا بە زمانێکی داستانبێژ خوێن لێبەربووی خودێکی بەرهەڵستکار بە دژی ئەو بۆشاییەی کە خەریکە خۆی دەکات بە دەسەڵاتێکی ڕەوادار دەنووسێتەوە. بەمەش بوار بۆ ئەو خودە مەیلخوازە بۆ ئاوەڵابوون و خۆنواندنە برەخسێنێت تەنیا پەنا بۆ خەیاڵاندنی شیعریی نابات، هەروەك بە ڕێگای نووسینەوەی ڕاستەوخۆی واقیعیشەوە ئەو کردەیە ناکات، بەڵکو بە زمانێکی ئاوێتەکراو لە خەیاڵاندنی شیعریی و کۆنکرێتدا ئەو خودە دادەڕێژێت و ئاوەڵا دەکاتەوە تاکو(شوێن)ی بوونەکەی دابهێنێت:

**(بە خۆم ئەڵێم**
**من ئەمەوێت لە دوو شوێنا بژیم**
**یەکەم شوێن: لە بێ مادەیدا، لەو شوێنەدا کە هیچی لێ نییە و هیچ لێرە ناچێت**
**دووەم شوێن: لەو شوێنەدا کە ئەمەوێت لە یەك شوێندا بژیم).**

شیعری ئاریان لە ڕۆژگارێکی بێ-ماڵییدا بە دوای(شوێن)ێکە کە دواجار نە(لێرە) دەچێت و نە(لەوێ)ش دەچێت. بۆیە ئەو بە ڕەوانبێژیی، شێوازە هاودژییەکەیەوە بۆ سۆراغکردن بەرەو(شوێن)دا، بێ-شوێنی خودەکەیمان نیشاندەدات، چونکە( گەڕەکێك هەیە، لەبەر بێ ئەخلاقیەکانم نابێ/ پیایدا تێ پەڕم/ گەڕەکێك هەیە لەگەڵ ئەم ئەخلاق زۆرییەی مندا نایەنەوە یەك). لەو دۆخەدا بێماڵییەدا بە جۆرێك بانگی وشەکان دەکات تا زەمان گوێی لە خۆی بێت، بێدار بێتەوە لەو بەتاڵکردنەوەیەی کە گەمارۆی داوە:

**( من بەم ماڵی و**



**بێ خانووی و**
**بێ خۆمی و**
**بێ گەڕەکی و**
**بێ بۆشایی و**
**بێ هەموو شتییەوە**
**بگەڕێم بۆ کوێ؟)** (بڕوانە شیعری: بۆشایی)

بەڵێ، دوای ئەوەی زەمان لەو(هەموو بێشتی)ەدا گیری خوارد ، ئەوکاتە زەمان بێجگە لە فڕین بە باڵی شیعرەوە بەرەو ماڵی خود ، هیچ پەناگەیەکی تری نییە تێیدا جێنشین بێت. دواجار کە(عادەت)ی بەو ژیانە نەگرت ئیتر لە شیعری(قاپێك ئاو)دا داوای: (جووتێك پێڵاوی ڕەقەم سفر) دەکا،(تا لەم فڕینە زوو بەر) نەبێتەوە. لێ بەر لەوەی بفڕێت شەقێك لەو(عادەتگرتنە بە بۆشایی)ە هەڵدەدا، تاکو زەمان باڵبگرێت:

)دەرگای حەوشە بە لەقە دا ئەخەم/ زۆر بە جدی ئەرشێمەوە/ لە سوچێکدا تێر تێر ئەگری/ دێمە دەرەوە/ کیفی پارەکەم دەرئەکەم و/ بە سایەق تەکسییەکە ئەڵێم برۆ/ برۆ /برۆ/ خێرا برۆ و لێرە مەوەستە/ پێی ئەڵێم بیخەرە سەر/ گۆرانییەکی حیزانە/ و/ لە جامی تەکسییەکەوە/ زۆر بێ عەقڵانە حەز لە کچێك ئەکەم/ کە جارێکی تر نایبینمەوە).

ئەو شاعیرە، هەرنا لە زەماندا، تەنیا خودەکەی خۆی لەو مرکێش مرکێشەی نێوان چەپۆکی ئەو ئەخلاقەداخراوانەی نەریت و ئەو هەوەسە جماوەی کە لەمدیو پەردەی ماڵەکانی جڤاکی کوردییدا خەریکە بۆ مەیلە دەمبەستکراوەکانی ڕووتدەبێتەوە ئاشکرا ناکات، بەڵکو ئەو ئێستایەش نیشاندەدات کە نامانەوێت ڕووبەڕووی ببینەوە، بەمەش هەم خودی خۆی ڕابگەیەنێت و هەمیش گەوهەری ئەو ئێستایە سێکسێنراوە بنیراو بکات کە بە پەردەی مۆراڵێکی داتەپیو لە مۆراڵ داپۆشراوە.

شیعر نووسین لە کن ئەو شاعیرە گێڕانەوەیەکە لە زەمانی خودێکی هەراسان بە دەست هەستی تەنیایی، تاکو خۆی لەو هات و هاوارەی شیعری ڕابردوو و ئەو بوونە تەکنیکسالارەدا ڕزگار بکات. بۆیە ئەو پەناو بۆ خەیاڵاندنێکی شیعریی ڕووت نابات، چونکە ئەو واقیعە تەکنیکییە خۆی ئەوها بزۆك و ڕارایە. هاوکاتیش ئەو مەیلە سەرمەستەی ئاریان بۆ خود داڕێژانەوە بۆ ئەوەیە، تاکو بتوانێت، بۆ چێژوەرگرتن لە بێدەنگی، خۆی حەشار بدات.

لەو روانگەیەوە لە خۆڕا نییە کە ئەو لە زۆربەی شیعرەکانیدا بە زمانێکی هاودژ دەنووسێت، بەمەش تاکو لە نێوان ئەو مرکێش مرکێشەی ئەو خودە بۆ نووسینەوەی خۆیی و حەشاردانەوە کە لە ڕاڕەوی شیعرەکانیدا بێ ئۆقرە دەیخوێنینەوە، تاکو کۆنترۆڵ نەکرێت، ئازادانە بەردەوام بێت لە پرۆسەی ئەو بوونە بێکۆتاییەدا:

**( کە ئاودەستەکان پڕ بوون لە کامێرا**
**لە ناوەڕاستی ژووری میوانا گوو ئەکەم**
**.......**
**ئیهانەی کاتژمێرەکان ئەکەم**
**قاچ ئەخەمە ناو دەمی ڕۆژەکانی هەفتەوە**
**وەك چەقینی تیرێك**
**بە ناوەڕاستی بۆشایدا.**
**.......**
**کە هەر من مامەوە لەسەر زەوی**
**پێم بڵێ**
**پێم بڵێ بە فیشەکی چ دەمانچەیەك**
**خۆم کون کون بکەم؟**
لە چ شوێنێکدا قوڵترین قەبر بۆ خۆم هەڵکەنم؟ (بڕوانە شیعری: قاپێك ئاو)

ئاریان لەناو ئەو دۆخە هاودژەی خوددا هەوڵدەدا بە زمانێکی ساتیرئامێز ڕووبەڕووی دۆخی ئێستا بێتەوە. ئەو خودەی ئاریان دەخوازێت دابڕاو لە ڕابردوودا لە ئێستادا ئامادە بێت. بۆیە شیعری ئەو هاوئاهەنگ لەگەڵ دۆخی ئێستادا هەڵگری زمانی ڕۆژانەیە. لێ ئەو شیعرێکی دڵبزوێن بەو زمانە ڕۆژانەییەوە دەنووسێت کە لە کاتی خوێندنەوەدا واملێدەکا کە بە ڕەوانبێژیی، هاودژییە خۆ دووبارەکردنەوەکانییەوە خۆشمان بوێت. هاوکاتیش ئەو بەو ڕەوانبێژییە لە هاودژییە، شیعرێکی مەیل ئیستێتیکیی سیاسی دەنووسێت کە ڕاستەوخۆ ئەوها خۆی نانوێنێت. لێ ئەو حەز ناکات وەك دەمڕاستێکی جەماوەر و نەتەوە شیعر بنووسێت، بەڵکو دەخوازێ وەك خودێکی سەفەر کردووی شیعریی، هەمیشە بزۆك بنووسێت. ئەو بە دەم ئەو سەفەرەوە حەز دەکا لە نۆرمەکانی زمان و نەریتە باوەکانی جڤاکدا ئازاد بێت. بە کورتی ئەو شاعیرە لە سەردەمێکی داماڵراوە لە ئەخلاو سەرنجکێشی دەیەوێت خودە سەرنجکێشەکەی ئاوەڵا بکات:



**(وەك شوتیەکی قاش کراو**
**نهێنیەکانم ئاشکرا ئەکەم**
**............**
**من وام**
**لە جەڕەسی هەموو ماڵەکان ئەدەم**
**دەست ئەیەم لە هەموو کچەکانەوە**
**تەکلیف لە هەموو پیاوەکان ئەکەم**
**یەکەم کەس ئەبم**
**کە دواهەمین کچ ئەکەم بە ژن**

**من**
**وااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااام**
**کە ئەخلاق خۆی ئەکات پیاما**
**سەرم ئەخەمە**
**سیفۆنی ئاودەستەکەمەوە...)** (بڕوانە شیعری: سەگ)



بەجۆرە ئەمڕۆ ماناکان کردەیان لە دەست داوە، چێژی ژیان بێچێژێکی گەردوونی دەچێژرێت ئەخلاق بوو بە کاڵا و کەی ویستمان لای بازرگانەکان بە هەرزانفرۆش دەفرۆشرێت. لێرەوە ئەو (ئەخلاق)ەی وا دەکات شاعیر بڕشێتەوە نەك هەر چیتر بەهای (ئەخلاق)ی نەماوە، بەڵکو لە مەدیو پەردەکانییەوە بێ-ئەخلاقترین مرۆڤ دەژیت. بۆیە ئاریان لە جڤاکێکی داماڵراو لە ئەخلاقدا بە تیشکۆیەك لەو ڕەوانبێژیی، شیعرییەتە هاودژەیەوە بێ- ئەخلاقی وەك (ئەخلاق)ێکی باڵا وێنە دەکا:

**(من**
**وام**
**دوام کەوە**
**دوام کەوە**
**کە لە بە ئەخلاقترین قەحبە خانەدا**
**گەڕامەوە)** (هەمان شیعر)

شاعیر لە ناو ئەو بە نامۆبوونەدا مرۆڤ وا وێنە دەکا کە خۆی بداتە دەست مەیلی بێهوودەیی تاکو لە تەنیایی بۆشاییە پەنخواردووەکانی ناخی هەڵبێت. لێرەوە دانان بەو دۆخەی سیخناخ بە تەنیایی و نادڵنیایە، مانای بوونی تەرزە هێزێکی شیعرییە لای ئەو شاعیرە، تاکو مرۆڤ لە نەمانی ئەو ئێتیکە ئێستێتکییە بە ئاگا بهێنێتەوە کە پێشمەرجێکە لە بوونیدا. بەڵێ، لەمدیو وشە لێکچنراوەکانی ئەو شاعیرەدا رۆشنایی خودێکی نامۆ بە (شوێن) رووی ناوەکی کات رۆشندەکاتەوە. ئەو شاعیرە دوای رشانەوەی ئەو (ئەخلاقەی کە خۆی ئەکات پیایا) ، لە (مردنی مێشێك)دا بە زمانێکی وێنەدار و هاوکاتیش هاوردەیی گاڵتە ئامێزەوە مەیلی جڤاك و گیانەوەرەکانی ئەو دۆخە بێباکە نوێیە بە تەکنیك سێکسێنراوە نمایش دەکات:

**(مێشەکان دوای نان سفرە ناسڕنەوە**
**مێشەکان ترسیان لەوە نییە**
**لە قوتابخانە دەرنەچن**
**مێشەکان لە عەشقا بە پەلەن**
**مێشەکان هاوینان ئەچن بۆ سەیران**
**مێشێك**
**لە وڵاتێکی بێ پەڕۆدا عادە ئەبێت**
**مێشێك**
**لە چاتدا خۆی ئەکات بە کچ و**
**شەوی ١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ کوڕ رەحەت ئەکات...)**

ئەو شیعرە کە هاوتایە لەگەڵ مەیلی ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ،تەنیا گەڵتەی بە (ترس)ی بە دەرنەچوون لە قوتابخانە نییە، بەڵکو لە پێناو چێژدا رەگەزە نێرینەکەی دەکات بە مێینە، کە ئەو ئازادییەی رەگەزگۆڕینە بە شێکە لە مەیل و ئازادییەکانی ئەم رۆژگارە،



بە تەنیا و ئازاد، بێترسی نەریتە باوەکانی جڤاکە، لە یەك کاتدا مەیلی خۆی لە رەگەز گۆڕیندا پیادە دەکات. دیارە ئەو وێناندنەی ئاریان لە دۆخی مرۆڤ و گیانەوەرەکانی ئەم دۆخە خەیاڵاندنێکی شیعریی نییە، بەڵکو واقیعێکی راستییە کە تەکنیك وەك بەشێك لەو جیهانە ئاڵوودە بوونە بە هەوەسی سێکسییە سازاندوویەتی. لێرەوە ئاریان بە زمانێکی وێنەیی لە خودە ئاوەڵاکەیەوە، ئەو جیهانە دەمبەستکراو، بۆ گوتن نەشیاوە لە زمانی کوردییدا نیشاندەدات.

لێرەدا کە ستاییشی زمانی ئەو شاعیرە دەکەم، مەبەستم زمان و رێنووسی ستاندەرد نییە، بەڵکو مەبەستم لەو رەوانبێژیی، هونەری هاودژییەی ئاوێتەکراوەی نێوان وشە و هەستی بینابیە لە پرۆسەی داڕێژانی خودە شیعرییەکەیدا. وەکو تر، یەکێك لەو خەوشانەی زمانی ئاریان، کە لە کن من، ئاماژەیەکی روونی وابەستەبوونی ئەوە بەو زمانە سەر زارەکیی و دەڤەرییەی کە بەر لەو، وەك دەڵێن، شاعیری (گەوەرە) و هاوکوفەکانی بەکاری دەهێنن. لێرەوە دەکرێ بپرسین: ئاخۆ گاڵتەجاڕیی نییە کاتێك شاعیر و نووسەرە ناسراو و (گەورە)ەکانی سلێمانیی و هەولێر و کەرکوك بە خۆیان بە زمان و رێنووسی گەڕەك و شار بنووسن و هاوکاتیش لە ئاخێوەرانی دەڤەر و شارەکانی تریش بخوازن پشتگیریی لەو)داخوازینامە)یە بکەن، کە ساڵی پار لە لایەن کامیار سابیر و نووسەری ئەو دێڕانەوە رەشنووسەکەی ئامادە کراو پاشانیش ٥٢-١ نووسەر و شاعیر واژوویان کرد، ئاکامی ئەمەش گفتوگۆیەکی بێ ئاکامی نایەوە؟ بەڵێ، ئێستا کە زۆرینەی نووسەر و شاعیران بە زمانی گەڕەك و دەڤەر و شارەکەیەکەوە دەنووسن، بۆیە لێرەدا ئەو ئاماژەیەبە رێنووسی ئاریان، تەنیا بە یادهێنانەوەی بەهای زمانە.

لێرەدا کارێکی بێسوود نابێت، کە ئاماژەیەکی خێرا بە کێشەی ئەو پاشەگەردانییەی رێنووسی کوردییبکەین. بەڵێ، هەر لە حەفتاکانەوە زماناسە پەرۆشخۆرەکانی زمان لە (کۆڕی زانیاری کورد)دا باسی زانستییان لەسەر کێشەی رێنووس و ستاندەرد نووسییەوە. سەبارەت بەو کێشەی (ئ) کە نووسەرانی سلێمانی بەکاری دەهێنن، مەسعود محەمە لە (گەشتێکی فەلسەفە و سیاسەت و زماندا) دەڵێ: (لە شێوەزاری سلێمان دەنگی (د) موشکیلەیەکی (نێودەوڵەتانە). سەیرە وشەی (مەند)) ناو ناوە دەکرێتە (مەنگ...) تەنانەت لە جیاتی (ئەمەت بە چەند) دەکرێتە (ئەمە و بە چەن) /.../ بەشی هەرە زۆری کورد دەنگی (د) دەخاتە بەرایی چەند جۆرە فیعلەوە وەك:

دەخۆم، دەمخوارد... لە زاری سلێمانی و بەشێکی عەشیرەتەکاندا (دال)ەکە دەکەن بە هەمزە. کە تووشی (دەبخۆ، دە مەڕۆ) بوویت لە زاری سلێمانیدا ئیشکالەکی زل پەیدا دەبێ. کە گەیشتیە (دەبا بخورێت... دەبایە نەچێتە سینەما...) کارەکە سەختتر دەبێت... لەم وشەی دەبێت، کە دەنگی (ت) بە (چمیر) دادەنێن حەقیقەتێکی زل سەرپۆش دەکرێت، چونکە فیعلەکە سێ دەقی هەیە: دەبێت، دەبێ، دەبیتن. شێخ رەزا دەڵێ: (بە یادی چاوی مەستی خۆم دەبا مەیخانە بێتن جێت...) نە (ت) بە تەنێ و نە لەگەڵ (ن) بە دوایەوە نابنە بەرکار (مفعول بە) وەك کە دەگوترێ: دەبینین، دەتانبینن، دەمانبینن، دەتبینن. لە مانانەدا (م، تان، ی، یان، مان، ت) بەرکارن.. /.../ ئەم وردە حیسابەی سەرەتایی لە مەیدان رێزماندا، کە دەبوو گرفت رەوێنەوە بێت، لە ئاکامی دەمارکێشی و بە خۆ نازین و خەڵك بە کەم زانین شەڕە گەڕەکێی بەر لە (١٠٠) ساڵ بە خەبەر دەهێنێتەوە...)[٣].

بەمجۆرە دەکرێ کەسێك لە قسەی رۆژانەدا بڵێ: (ئەکەم)، (یْم)، (یامێ)، (ئەیەم)، (راکەین)و ... تاد،لێ ناکرێ لە نووسیندا هەڵەیە، بە تایبەتیش شاعیر کە گوایە بوونەوەرێکی زمانییە. بۆیە رێنووسە راستییەی ئەم وشانە (دەکەم)، (دێم)، (دامێ)، (دەدەم)، (رابکەین)ە.

لێرەدا من، وەك باوە، نیازم نییە ماسولکەی رێزمانزانی نیشانبدەم، بەڵکو بە گرنگم زانی ئاماژەیەکی خێرا و هاوکات پێویستیش، بەگرفتی ئەو رێنووسە لە کن نووسەرانی سلێمانی کە بەربەستێکە لەبەردەم خەونی بە فەرمیکردنی زمانێکی ستاندەردی کوردیی.

بە گەڕانەوە بۆ لای ئەو شاعیرەمان، کە لای ئەو ئامادەیی زمانی بینایی وادەکات بە زمانێکی بینین ئامێزی رووت شیعر بنووسێت. ئەو رووتییە لە شیعری ئەودا وا دەکات مەودای نێوان بۆشایی وشەگەل، رەنگ و فیگیورەکانی تابلۆکانی ئاوێزانی یەکتر بن و لە شیعردا بەرجەستەببنەوە. بەمجۆرە لە شیعری ئاریان-دا دڵبزوێنیی و وێناندنی جیهان خودیی و گەوهەری ئێستا لەوەدایە، کە هەمیشە بێئۆقرە لە سەفەردایە. بۆیە شیعری وی وەك پانتاییەك، خاکێك لە بینایی بە رێگای وشەگەل و دەربڕینەهاودژەکانەوە ئاسۆیەك لە وێنەی خودەکەی نمایش دەکات. ئامادەیی ئەو زمانی بیناییە، جیهانە وێنەییە لە شیعری ئەودا پەیوەندی بە ئامادەبوونی شێوازی هێڵکاریی لە کن ئەوداهەیە. زمان لە کن ئاریان سنووردارە، چونکە شیعرەکانی زیاتر تەقاندنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە





زمان دوای گفتوگۆیە تەکنیکی، چاتکردنەکانی نێوان دوو کەسدا بەجێیدەهێڵێت. بەمجۆرە دوای ئەو تەقاندنەوەیە زمانەکەیلە هەموو نۆرم و نەریتە بالادەستەکاندا زرگار دەکات. بۆیە شیعرەکانی ئاریان خۆشییەکی چێژداری خودیی ئاوێنە دەکاتەوە کە ئەزموونکراوە. لە شیعری ئاریان-دا پەیوەندی نێوان رستە شیعریی و وێناندنەکان، وەك حەزی رەنگەکان، لە جەستەی یەکتردا دەتوێنەوە. لێ ئەو پەیوەندییانەی نێوان رستە و وێناندنەکان حەز ناکەن لە دیمەنێکی لۆژیکیدا لەنگەر بگرن.

شاعیر ئەوها بە ئاوێزانکردنی وشە و خەیاڵاندنێکی شێوەکارانە وە وێنەی دۆخێکی ئەو خودە ناوەکییەی دەکێشێتەوە:

**(وا من لەبەر چاوی قەیرەترین مشکدا**
**گەورەترین قاشە پەنیر**
**ئەزموون ئەکەم**
**لە ناو خۆشترین جێگادا**
**ئیهانەی پشتی و سەرین ئەکەم**
**سکێچی زەوی**
**لەسەر وەرەقەیەکی ئەی فۆر**
**جێ ئەکەمەوە...)** (بڕوانە شیعری: سەگ).

ئەو شاعیرە بە شێوازێك زمان ئاراستە دەکا کە بتوانێت ئەو هەستی بینینەی کە لە تابلۆکانیدا هەیە بە گۆ بێت، تاکو بەو هەستی بینینەوە چاوی خودە ناوەکییەکەی بە بوونی خۆی بە ئاگا بێت و بە ئەزموون بکات، تاکو وێنەی خودە مەیلدار بە داڕێژان (لەسەر وەرەقەیەکی ئەی فۆر) بەرجەستەبکاتەوە. دواجار ئاریان ئەو شاعیرەیە شیعرێکی خودخواز بە وشەگەلی هزرورووژێن و ئاواز خێراوە بە زمان دەبەخشێت، تاکو زمانیش لە سەفەرە هەمیشەییەکەیدا بە چێژی خۆشی، بە دەرکەوتنی رووخسارێکی گزینگپۆش لە درەختیی و ئێستایەکی لە ر ز ۆ کشا گە شکە ما ن بکات.



لێ چۆن ئەو متمانەیە چییە کە شیعری ئاریان وامالێدەکات بڕوای پێبکەین؟ بەڵێ، بەرسڤێکی سادە بۆ ئەو پرسیارە دەکرێ ئەوها بێت: چڕکردنەوەی ئەو رامان و نیگایانەیە کە بە دەمرکردنانەی شیعرەکانییەوە رەوانبێژیی خودە هاودژ و ئێستای مرۆڤێکی داهێزراو لەناو بێهوودەیی، تەنیایی، بۆشایی و سێکسگرییمان بۆ ئاشکرا دەکات. شیعری ئاریان لە توانایی‌دایە کە تشتەکانی ژیان، ئازاری وشەگەلە پەرتەکانی زمان و هاودژییە دڵهەژێنەکان ببینێت. ئەو دەتوانێت زمانێکی (ناشیعریی) و (رۆژانە) بکات بە زمانێکی شیعریی، روانبێژیی خودەکەی. بەمەش (راستیی)ەکی زمانیی بەرهەمبهێنێت.

## دوا وتە لە رامانگەلێکدا

لە دەستپێکی ئەم خوێندنەوەیەدا ئاماژەم بە دۆزی ئەو دەنگە شیعرییە نوێیە کرد ، کە ئەمڕۆ، وەك (ئۆپۆزیسۆنێك)ی شیعریی لە گفتوگۆیە ئەدەبیی، گۆڤار و چاپخانە کوردییە باڵادەستەکاندا پەراوێز خراوە. دیارە ئەو دەنگە شیعرییەی کە من ئاماژەی پێدەکەم ئەوەندەی خولیای زمانێکی نەریت شکێن و خود جەختکەرکردنەوەیە، هێندە خولیای زمانێکی باڵا و ماریفەداری شیعریی نییە.

هەروەك ئاماژەیەکی خێرام بەو رەوشە رۆشنبیرییە کرد کە لە کوردستاندا باڵادەستە. لەوێدا لە پێناو کردنەوەی ئاسۆیەك بۆ رای جیاوازدا بەشێکی زۆری بەڕێوەبەرانی گۆڤار و نووسەرە دەسەڵاتدارەکانم بە ئاکار کوێخا- ئەرۆستۆکراتی تازەباو ناودێرکرد ، چونکە ئەو نووسەر و شاعیرە لە سایەی ئەو دەسەڵاتە حیزبییەی کوردستاندا دیاردەیەکە لەو چینە مشخۆرەیکە ئەو دۆخە سۆسیۆ –ئابوورییە حیزبییە نەك، بە واتای جۆن لۆك، (ئابوورییە نیشتمانی)یەی ئەمڕۆ سازاندوویەتی. لەو دۆخەدا ئەو تەرزە نووسەر و شاعیرە و ئیدۆلانە لە یەك کاتدا هاوکوفی دەسەڵاتدار و دەمڕاستی جیهانی نووسینیشن.

بەمجۆرە، بە رای من، ئەوەی کە وادەکا هزرکردنێکی نوێ و دەنگێکی ئەدەبی خەمڵیوو لە زمانی کوردییدا لە دایك نەبێت، بوونی دەستەڵاتێکی چەقبەستوو و رەهای بیرکردنەوەی ئەدەبییە کە ئەو نووسەرە ئاکار ئەرۆستۆکراتییە بۆ مانەوەی دەسەڵات ئاوێزانییەتی. دیارە لێرەدا ئەو ئەم نووسینە بواری نییە لەمەڕ ئەو بابەتەوە بپەیڤێت، لێ لە داهاتوودا ، ئەگەر بێهوودەیی لە بێبەهابوونی نووسین بوارم بدات،



راڤەیەك لەسەر وردەکارییەکانی ئەو نووسەرە ئەرۆستۆکراتییە تازەباوە دەنووسم کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەو بێبەهابوونەی نووسین و ئێتیکەمێشسالارییەی کوردییەیە کە ئێستا ژیانی رۆشنبیریی کوردیی ئاراستەدەکا.

بەمجۆرە بە دەم سەفەری ئەو خوێندنەوە هەوڵدا رۆشناییەك بخەمە سەر رووخساری ئەو رەوانبێژیی، زمانە هاودژەی کە بە دەمڕێکردنییەوە خودە خۆکردەکەیشاعیر دادەڕێژێت و هاودەمیش وێنەی ئەو دۆخەی ئێستامان بۆ نمایش دەکات. دیارە ئەدەب بە گشتیی و شیعریش بە تایبەتی ئاسۆیەکمان بۆ ئاوەڵادەکاتەوە، تاکو لەو شوێنکاتەی ژیان کە چێژی ژیانی تێدا نەماوە ئازادییەکی روحیی و وزەیەکمان بۆ هزرکردنێکی نەهزرێنراومان پێ ببەخشێت. کەواتە شیعر هانماندەدا بەو جیهانانە ئاشنا بین کە تاقیمان نەکردۆتەوە. بۆیە ئەوە شیعرە کە لەگەڵ تامی ئەو تەنیاییەی کە خودەکەمانی تەنیوەتەوە ئاشتبیینەوە.

هەروەك هەوڵدا ئەوە جەختبکەینەوە کە ئەو خودەبەو رەوانبێژییەوە، کە مەیلەو ئازایانەتر لە زمانی بەشێکی زۆر لە شاعیرانی هاونەوەکەی خۆی، ئەوانەی کە لەناو خەیاڵی زڕە)ئەشق) ، هەڵاتنێکی مێتافیزیکیی و زمانی لاسایکردنەوەیەکی بێچێژی یەکتر یان بەشێك لە شاعیرانی بەر لە خۆیانەوە خنکاون، ئەو خودە راستەقینەی خۆی بنووسێتەوە و بەمەش نهێنی کات، بچمی سەدەمەکەی خۆی بنووسێتەوە و رابگەیەنێت. لە روانگەیەوە، دەکرێ بێژم، شیعری ئاریان ئەبوبەکر، دەکۆشێ زمانی خودی سەردەمەکەی بێت، تاکو بە روانبێژیی، هاودژییەکانی ئەو زمانە لە دۆخی فەرامۆشکردندا ئومێدەوار بکات.

لە هەمبەر ئەو وێناندنە جوانبێژییەی کە لەو شاعیرە مەیلدارە بە خۆبوونەمان کرد ، هاوکاتیش، بە حەزێك لەو ئومێدبوونە بەو مەیلاندنەی خودە ئازادەی ئاریانەوە، دەمەوێ ئەمەش بڵێم، کە لە شیعرەکانی ئاریان-یشداکاریگەریی سوهراب-گەرایی، رێژەیەك لە زمانی سوهراب ئامادەیی هەیە، جا ئەو کاریگەرییە راستەوخۆ بێت یان بە رێگای ئەو شاعیرە (ناسراو)ە کوردییانەوە بێت کە لە نەوەدەکانەوە دەنووسن.هاوکاتیش ئاریان حەز دەکا دەنگ، ناسنامە بە تشتە چکۆڵەکان ببەخشێت، دواجاریش شیعری ئەو سۆزێکی زۆری هەیە بۆ چێژی میوە و بەخشینی ماف و ئازادی دەربڕین بە گیانەوەرە بەد وێنەکراوەکان، بۆ نموونە سەگە، مێش، مشك... تاد ، بۆیە ئەو لە رووی رێزمانییەوە حەز دەکا لە بیری (ئێمە) یان (ئەو) یانیش (تۆ)، ئەو گیانلەبەرانە بە

رانای من بدوێن. دیاره له شیعری کوردییدا پێش ئاریان ئەبوبەکر، ئەوەندەی بزانم، تەنیا رێبوار سیوەیلی وەك ئەزموون له شیعر و نووسیندائەو ئیشکردنەی لەسەر (تشته بچووکەکان) و بەخشینه رەهەند مرۆڤایەتییه به گیانەوەران کردووه و میوەشی کردۆته بابەتی شیعریی. لێ تشتێکی نوێ نییه که بڵێم له رەچەڵەکدا ئەو شێواز و ئیشکردنه شیعرییه بەهرەی له سوهراب سپێهری وەرگرتووە. دیاره بەهره وەرگرتن له ئەزموونی شاعیرانی جیهانیی و خۆماڵی بەشێکه له بەردەوامی پرۆسەی ئەفراندن، لێ گرینگ ئەوەیه ئەو بەهره وەرگرتنه بەخشینی رەهەندێکی نوێ بێت بەو ئەزموونه نەك گواستنەوەی سێبەرەکانی.

دیاره بەشێکی شاعیرانی نەوەدەکان و ئێستاش نەك هەر بەهرەیان له شێواز و ئاوازی شیعریی سوهراب وەرگرتووە، بەڵکو بەشێکیان کتومت کۆپلەیەك له شیعری سوهراب دەگوازنەوە ناو شیعرەکانیانەوە. لێ راستییەکەی ئاریان به بەهرەیەکی خۆکردەوە سوودی له ریتمی زمان و یاریکردن به وشەوە وەرگرتووە که له ئەزموونی سوهراب سپێهرییدا باڵادەستە. بۆیه ئاریان ئەو شاعیرەیه، که بوێرانه مەیلی خود دارێژان و نیشاندانی دۆخی ئێستا دەنووسێتەوە، دەخوازێت ئاییندەیەکی خۆکردی شیعری مسۆگەر بکات.

**ئۆکتۆبەر-نۆڤێمبەری ٢٠٠٩**

**ستۆکهۆلم**

http://handren07.kurdblogger.com

## ژێدەر و پەراوێز:

(١)بۆ زیاتر خوێندنەوەی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم بڕوانه: هەندرێن (پۆستمۆدێرنیزم: خودێکی نائامادە یان دەقێکی بێماڵ)، کۆتایی ٢٠٠٧، ئەم وتاره له هەمان ساڵ له گۆڤاری (هەنار)دا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) سەبارەت به زیاتر زانین لەمەڕ چەمکی (باڵادەستی تەکنیك) و (Das man)، بڕوانه ئەو دوو نووسینەی هەندرێن: (ئەزموونی بێماڵیی و شیعرییەتی بەرهەڵستکاریی) و (گەڕان به دوای





خودێکی رەسەن مێگەلاندنی ئاپۆرەدا)، که یەکەمیان له کۆتایی پارساڵدا له گۆڤاری (هەنار) و ئەویتریش له کتێبی (خامەیەکی رۆشنبیریی له پشت گوێی زماندا) بڵاوکراونەتەوە. یان سەیری ئەو لینکه بکە:

http://handren٠٧.kurdblogger.com/ . بۆ زانیاری زیاتریش لەمەڕ ئەو دوو چەمکه به زمانی سوێدیی، بڕوانه کتێبی:

Heidegger. M, (Teknikens väsen och andra uppsatser), Övers. - .R. Matz (Lund: Doxa, ١٩٨١

D. Brinbaum och Sven Olov Wallenstein, (Heideggers väg, - Tales, ١٩٩٩)

٣) (مەسعود محەمەد-ی زانا له گەشتێکی فەلسەفه و سیاسەت و زماندا)، کەدیمانەیەکه شوکور مستەفا ئامادەی کردووە و له نەوەدەکاندا له یەکێك له ژمارەکانی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوکراوەتەوە. لێ مخابن من تەنیا کۆپیی ئەو دیمانەیەم بێ ژمارە ساڵی دەرچوونەکەیم هەڵگرتووە.

# ماچۆ زمانەکان لە پانتایی مێژوو و جوگرافیادا



ڕەفعەت موڕادی

بەڕێزان چەمکی زمان وەك کۆڵەکە و بنەمای ناسنامەی هەر نەتەوەیەك گرنگییەکی زۆری هەیە، خوازما ئەو کاتەی بەرگی ئاینیشی لەبەرکرابێت، بەپێی هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو بەڵگە مێژووییانەی کە تا ئێستا خراونەتەڕوو، زمانی کوردی بەشێوەی گشتیی و زمانی هەورامی بە تایبەتی میراتگری سەرەکی و بەهێزی زمانی ماددی و ئاڤێستاییە، کۆنترین تێکست و کۆنترین بەڵگە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلێنن کە نزیکترین زاراوە لەو تێکست و بەڵگە مێژووییانە، زاراوەی هەورامی یان بەشێوەی گشتگیر زاراوەی (ماچۆیە). بێگومان باسکردن لەم چەمکە ئاڵۆزەو



شرۆڤەکردنی زاراوەی (ماچۆ) وەك بەشێك لە مێژوو و ئایین و کەلتووری نەتەوەی کورد لە وتارێکی چەند لاپەڕەییدا کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەم کەلتوورە لە دوو تووێی مێژوودا چەندین قۆناغی گرنگ و کاریگەری بەسەردا تێپەڕیوە، هەرکام لەو قۆناغانە بوونەتە فاکتەرێکی بەرچاو بۆ پێناسەکردن و شرۆڤەکردنی مێژووی ئەم نەتەوەیە، زاراوەی ماچۆ یان بە واتا ئەمڕۆییەکەی زاراوەی هەورامی و گۆران پانتاییەکی فراوانی جوگرافی و ئایینی لە خۆگرتووە، ئەم زاراوەیە لە قۆناغێکی دوورو درێژی مێژوویدا نەك تەنیا توانیویەتی هەژموونی خۆی لە ئاستی قەڵەمڕەوی جوگرافی خۆیدا بپارێزێت و لە بەرامبەر کەلتووری نامۆو داگیرکەردا خۆڕاگرێت، بەڵکو لە هەندێك قۆناغدا سنووری جوگرافی بەزاندووەو پەلوپۆی بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی تر هاویشتووە، لەم کارەشیدا جگە لەوەی پشتی بەستووە بە ڕەگی قووڵی مێژوویی خۆیەوە، بەڵکو فاکتەری ئایینی بەهێزی لە پشتەوە بووە، ئایینی کۆنی کوردەکان، واتە ئایینی زەردەشتی کە دواتر لق و پۆی زیاتریشی لێبووەتەوە، هۆیەکی گرنگی پیرۆزیی و بەهێزی ئەم زمانە بووە، کە تا ئێستاش سەرەڕای هەموو زەبرو زەنگ و گۆرانکارییە مێژوویی و جوگرافییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەربەرەکانێی خۆی دەکات، گرنگی ئەم زاراوەیە لەوەدایە کە بەبێ دەسەڵاتێکی سیاسیی کە لانیکەم فاکتەری هەرە گرنگی مانەوەو گەشەپێدانی زمانە، بوونی خۆی سەلماندووە، بێجگە لەو قۆناغە مێژووییانەی کە جێگای مشتومڕی نەتەوە جیاجیاکانە، لانیکەم لە دەستپێکی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە هەتاوەکو باڵادەستبوونی شێوەزاری کرمانجی خواروو کە نالی و سالم و مستەفابەگ، سێ کوچکەی ئەو ئەدەبەیان پێکهێنا، زمانی یەکگرتوویی و باڵادەستی کورد بووەو لە ڕۆژهەڵاتەوە سنووری ئێستای ئیلام و لوڕستان و هەمەدانی بەزاندووەو لە باشووریشەوە تا موسڵ و کەرکوك پەلوپۆی هاویشتووە، ناوچەی هەورامان بەهۆی هەندێك تایبەتمەندی جوگرافی و ئایینییەوە کەمتر کەوتووەتە ژێر چەپۆکی داگیرکەرانەوە، ئەگەریش کەوتبێت، ئەوا بەجۆرێك بەرەنگاریان بوونەتەوە کە داگیرکەران ناچار بوون بە هەڵەداوان و بە شپرزەیی لە نێو ئاگری شەڕی بەرگریکارانەی ئەواندا خۆیان دەرباز بکەن و هەورامی وتەنی (وڵە پەیشا بۆ بەدینار) تەفروتوونابوونی سوپا دە هەزار کەسییەکەی گەزنفۆن کە لە مێژوودا بە (گەڕانەوەی سوپا) ناوی براوەو دواتر لێکۆڵەران و مێژوونووسان بە ئەنقەست شوێنەکەیان بە ڕوونی ناو نەبردووە، ئاماژەن بۆ قارەمانێتی هەورامییەکان، هەروەها ململانێی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرامبەر سوپای ئیسلام و چۆکنەدان لەبەردەم داگیرکەری فارس و تورك نموونەی خۆڕاگریی کەلتوورێکی دەوڵەمەندو زیندووە، کە نەتەنیا لە ژێر زەبرو زەنگ و داگیرکاریدا ناتوێتەوە، بەڵکو زمان و کەلتووری خۆی

دەپارێزێت، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێدا ئەم نەتەوەیە بەهۆی هەندێك فاكتەری مێژوویی و سیاسییەوە تەفروتوونا كراوەو هەندێكیان لە زێدو ماوای خۆیان دوورخراونەتەوە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆكارێكەوەیە، كە دەتوانین وەك فاكتەری سەرەكی ناوی بەرین، لەوانە: بەهۆی رووخانی ئیمپراتۆریەتی ئێران و پاشان عوسمانی، هەندێك لە ماچۆ زمانەكان دەكەونە بەر ئەو دابەشبوونە ناسروشتییەوە، زازاكان دەكەونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی توركیاوە، بەشێك لە باجەلان و زەنگەنەو رۆژبەیانی و هەروەها شەبەك و سارلی و بەكتاش دەخرێنە قەڵەمڕەوی عێراقی عەرەب و هەورامانی و كەنووڵەیی و هەورامییەكانی مازیندەران و خۆراسان و شیرازیش لە ئێراندا پەرشوبڵاو دەكرێنەوە، لە مازیندەران بە ئۆمەلیكییەكان و لە شیراز بە كرونییەكان و لە خۆراسانیش ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆریان لەسەر دانرا، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە جوگرافیاو مێژووی هەریەك لەم بەشانە هەوڵدەدەم بە شێوەیەكی كورت و پوخت تیشك بخەمە سەر هەندێك لە خاڵە هاوبەش و هاوشێوەكانی ئەم هۆزانە:

**باجەڵان:** لە رۆژگارانی پێشوودا، باجەلان هۆزێكی گەورەی كورد بوون، ئێستا ئەم هۆزە كوردە گەورەیە بوون بە دوو لقەوە لقی سەرەكییان لە ناحیەو هەرێمی (بن كورە و قۆرەتوو) لە باكووری خانەقیندا نیشتەجێبوون و لقێكی دیكەشیان كە بە بەجلان، باجوان یا بیجوان ناسراون بە ناوی شەبەك لای چەپی دیجلەو بەرامبەر بە موسڵ نیشتەجێن، دەگێڕنەوە بەشێك لە زۆم و چادرنشینەكانی باجەڵان لە ١٠٣٩ لەگەڵ وەزیر ئەعزەمی عوسمانی لە موسڵ یەكیانگرتووەتەوەو بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوایی نێوان دوو چەمی زاب بەدەست هۆزی باجوانلی (باجەلانەوە) بووە. دیارە بنەچەو رەگەزی هۆزی بیجوان لەم هۆزەیە. بە قسەی خۆیشیان هەندێكیان لە سەدەی دوانزە تا هەژدە لە موسڵەوە چونەتە پێشكۆی لورستان، لەوێ لەگەڵ كوردەكانی لەك زمان تێكەڵ بوون، بەشێكی دیكە لە باجەلانەكان لە دەشتی نێوان گیلانی لای كرماشان و قەسری شیریندا نیشتەجێبوون، سەرۆك هۆزەكانیان سەرەتا لە (زەهاو)و پاشان لە خانەقین دادەنیشتن، دوو تیرەی ئەسڵی باجەلان لە سەرەتای سەدەی چواردەو بیستەمەوە لە هەردوو بەشی كوردستانی سەر بە ئێران و توركی عوسمانییەوە دەژیان. هۆزی جمهوری باجەلان لە مەڵبەندی (زەهاو)و هۆزی قازانلویش لە نزیكی (بن قەدەر - بن قودورە) بڵاوببوونەوە. لەوە دەچێت ئەم كوردانە لە هەمان زەمانەوە لە مەڵبەندی (قورەتوو)كۆبووبێتەوە، باجەلانەكان بەهۆی ئەوەوە لە نێوان دەسەڵاتی ئێران و عوسمانیدا دەژیان، لە زۆربەی جەنگەكانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەشدارییان كردووە. لەسەردەمی نادرشای ئەفشاردا ئەحمەد پاشای باجەلان لەگەڵ هۆزی باجەلانی سنووری



قەڵەمڕەوی ئێران دەبەزێنێت و دەچێتە ناو خاكی ئەو وڵاتەوە لە بەرامبەردا نادرشای ئەفشار سوپایەكی (١٤٠٠٠) هەزار كەسی بۆ سەركوتی باجەلانەكان بەڕێ دەكات و بەرەو روویان دەبێتەوە، لەم شەڕەدا ئەحمەد شا تێكدەشكێت و بە دیل دەگیرێت، هەربۆیە یەخسیرەكانی باجەلان لەگەڵ چەند تایفە لە هۆزی زەنگەنەی كوردو قەرەبەیات كۆچ دەدرێنە هەرات و خۆراسان، هەڵبەتە هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەكان و كەسایەتی باجەلان و هەورامییەكانی شیرازو خۆراسان و مازندەران لەو بڕوایەدان كە ئەوان بەهۆی یارمەتیدانی كەریم خانی زەندەوە كەوتوونەتە بەر غەزەبی نادرو بەشێكی زۆریان لەو شەڕانەدا كوژراون[٣]. هەروەها لە كتێبی تاریخ زەندییەدا وا دەگێڕنەوە، كە كەریم خانی زەند لە سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا بەشێك لە خەڵكی باشووری كوردستان دەباتە وڵاتی فارس، ئەم خەڵكە لەوێدا لەگەڵ باب و باپیرانی سنجاوی و زەنگەنە تێكەڵ دەبن، بەم پێیە دوور نییە ئەو كوردانەی چلچەمەی شیراز كە ئێستا بە كرونی بەناوبانگن و پتر لە ٢٠٠ بنەماڵەن هەروەها بنەماڵەكانی كورد شول، كورد شێخ، كورد یەل، مور كوردو چەندەهای تر كە بە دەیان بنەماڵە مەزەندە دەكرێن پاشماوەیان بەشێك بووبن لەو كوردە كۆچكردووانەی باشووری كوردستان. باجەلانەكان لە سەردەمی زەندییەیش لە جەنگی عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ محەمەد خانی زەندا (١٠٩٠) شانبەشانی عەبدوڵڵا پاشا جەنگان[٤]. زۆربەی باجەلانییەكان لەسەر رێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەتن و هەندێكیشیان بوونەتە شیعەو لەسەر رێبازی ئیمامین، لە كاتی راپەڕینی شیعەكان لە عێراقدا بە رابەری میرزا محەمەد تەقی شیرازی ناسراو بە میرزای دووەم (١٣٣٨) لە دژی ئینگلیزەكان كە داوای سەربەخۆیی عێراقیان دەكرد، شەڕیان كردووە، باجەلانییەكان بەشێوەیەكی گشتیی سەر بە شێوەزاری گۆران و ماچۆن، تەنانەت ئەگەر ئێستاش بەشێكی زۆریان نەتوانن بەو شێوە زارە بدوێن، ئەوا حاشا لەوە ناكەن كە باگراوەندی ئەدەبی و هونەری و مێژووییان شێوەزاری ماچۆیە، شیعرە تەڕو پاراوەكانی خانای قوبادی و بیداد و مەلا حەسەنی باجەلانی بەڵگەی ئەو راستییە مێژووییەن...، ئەگەر چاوێك بە ئەدەبی نووسراویی و ئاوازو فۆلكلۆری ئەم بەشە لە ماچۆ زمانەكان بخشێنین، بۆمان دەردەكەوێت كە شیعرو پەخشانی ئەم ناوچەیە هەورامی پەتییە. تەنانەت هۆنراوەكانی خانای قوبادی كە خەڵكی باجەلانە دەكرێت، وەك قوتابخانەیەكی ئەدەبی هەورامی و ماچۆ زمان ناوی لێبەرین، كە هەم لە رووی ریتمەوەو هەم لە رووی فۆنۆتیك و رێزمانەوە بووەتە رێچكەی شیعری هەورامی:

**بەرق سیف ناز ئەبرۆ خەمینان     عكس ماوی خاڵ خورشید جەمینان**
**ئەر بگنۆ وە كۆی قولەی قەزاڵە     مەكەرۆش وەبووڵ سفتەی سەدساڵە**

ئەدەب و فۆلکلۆری زەنگەنەو باجەلان ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پانتایی زمانی ماچۆو کاریگەریی ئەم زمانە لە زیندوو راگرتنی شیعرو ئەدەب و ئاوازی کوردیدا بەرچاوە، ئەم چەند دێڕە فۆلکلۆرە کە بەهۆی بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم باجەلانییەوە سوودم لێوەرگرتوون، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سنووری جوگرافی و کەلتووری بالادەست نەیتوانیوە زەفەری پێببات و تائێستاشی لەگەڵدا بێت زمانی شیعرو فۆلکلۆر لەم ناوچەیەدا زاراوەی هەورامییە:

**میرزام تەنووریٚ میرزام تەنووریٚ — ئارۆ رامکەوتەن وەسەر تەنووریٚ**
**دیم مندران یەك گجی سووریٚ — گونك مەبڕۆ حاکم دەستووریٚ**
**گونك مەبڕۆ بە پەنجە وەناز — نانش پان مەکەرد وێنەی تەپڵی باز**

ئەم چەند دێڕە شیعرە بەبێ ڕەچاوکردنی مەودای کات و شوێن دەربڕینێکی ئەو روویانەی زاراوەی هەورامییە، راستە وشەی مندران لە هەورامی ئێستادا گۆڕدراوە بە مدران، بەڵام خۆ ئەوە شتێکی ئاساییەو پیتی نوون لەوانەیە لەبەر مۆسیقای زمان یان سووککردنی وشەوە گۆ نەکرابێت، هەڵبەتە شێوە ئاخافتنی زەنگەنەو باجەلان کە هێشتا پیاوان و ژنانی بەتەمەنی ئەم ناوچەیە گوێی پێدەکەن تارادەیەك لەگەڵ زمانە ئەدەبییەکەیاندا جیاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری جوگرافی و کاریگەریی کەلتووری بالادەست، ئەگینا نا چاو لە هۆنراوەیەکی مەلا حەسەنی باجەلانی بکەین پاراویی و رەوانی ئەم زاراوەیەمان بۆ دەردەکەوێت:

**دڵەی کۆس کەتەم هەوای وەتەن کەرد — وەتەن دیارەن وێنەی تۆزو گەرد**
**چاوم کەفت بە زێد کۆنە هەواران — زێد هەر ئەو زێدەن نەمەندەن یاران**

## شەبەك و نموونەیەك لە شێوە زارەکەیان

بەپێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی و راو بۆچوونی نووسەرانی شەبەك ئەم هۆزە کوردە، لە تیرەیەکی بچووکی لوڕن، کە پاش کوژرانی ئەمیرەکەیان بە ناوی شاوێردی بەگ بە دەستی شاعەباسی سەفەوی بۆ موسڵ و دەوروبەری دوور خراونەتەوە، پێدەچێت نازناوی شەبەك هەر لە شاویردییەوە وەرگیرابێت و بە درێژایی مێژوو ئەو وشەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت و بووبێتە شابەگ، پاشان بەهۆی ئەوەوە زمانی عەرەبی وشەی (گ) نییە خوێنرابێتەوە شەبەك، هەروەها هەندێك لە نووسەران و توێژەران باس لەوە دەکەن کە ئەم هۆزە پاشماوەی لەشکری نادر شان کە پاش گەمارۆدانی



شاری موسڵ لەوێدا گیرساونەتەوە، شەبەکەکان لە دەوروبەری قەزای تکلیف و لە نێوان مەڵبەندی قەزای شێخان و بەرەو شاری موسڵ شۆڕدەبنەوە دەکەوێتە دەوروبەری هەردوو رێگای گشتیی نێوان (موسڵ و شێخان)و (موسڵ و قەرەقووش)و زیاتر لە شەست گوند دەبن و لە رووی ئیدارییەوە سەر بە قەزاکانی تکلیف و قەرەقووشن (الحمدانية) تەنانەت پێش چەند ساڵێك گوندی بازوایا (بازیوە) کە ناوەندی ناحیەیە سەرجەم دانیشتووانی شەبەك بوون، بەپێی سەرژمێریی گشتیی حکومەتی عیراقی ساڵی (١٩٥٧) گوندە شەبەك نشینەکانی سەر بە قەزای (موسڵ) ٢٦ گوند بوون و حەشیمەتیان زیاتر لە (٨٣٧٤٩)کەس بووەو رووبەری ئەو ناوچانەش (١٠٨٤٢٩) دۆنم بووە، بەڵام ئەوانەی سەر بە ناحیەی بەعشیقە بوونە(١٥٩) گوندو حەشیمەتیان (٢٣٣٢٩)کەس بووە، هەندێك لە نووسەران وتوێژەران باس لەوە دەکەن کە ئەم هۆزە پاشماوەی لەشکری نادرشان کە پاش گەمارۆدانی شاری موسڵ لەوێدا گیرساونەتەوە، هەروەها باجوان و زەنگەنە جیاکراونەتەوە وەکو دوو عەشیرەتی سەربەخۆ، دیارە ئێستا ژمارەی شەبەکەکان گەلێك لەو ئامارانە زیاترەو لە رووی کەلتووریی و رۆشنبیرییەوە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە.

## شێوەزاری شەبەك

شێوەی قسەکردنی شەبەك ماچۆیە، سەر بە دیالێکتی گۆران یان هەورامییە، لە بارەی شێوەزاری (شەبەك)ەوە، مینۆرسکی دەڵێت: (شێوە زاری شەبەکەکان شێوەیەکی تری نزیك بە گۆرانییەو عەینی ئەم عەشیرەتە لە زەهاو و باکووری لوڕستان و دیسانەوە لەناو زازادا دەبینرێن، ئەم زازایانە هەموو مەنتیقەی دێرسیم لەخۆدەگرن و لە بەینی مووش و ئەرزنجاندان. هەروەها مام هەژار دەڵێت: (شەبەك تیرەیەکە لە کورد کە زاراوەو ئایینی تایبەتی خۆی هەیەو لە موسڵ و کەرکوك نیشتەجێن، بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو جۆرە بۆچوونانە شەبەکەکان کوردێکی رەسەن و خاوەن نەریتێکی ئایینی کۆنن، ئەم خەڵکە بەشێوە زارێك قسەدەکەن کە خۆیان بە زاراوەی ماچۆ ناوی دەبەن، ئەم شێوە ئاخافتنە بەهۆی هەژموونی زمانی عەرەبی و دیالێکتی کرمانجی سەروو تارادەیەك رەسەنایەتی خۆی لەدەستداوە، بەڵام بەشێوەی گشتیی و بە جیاوازییەکی کەمەوە دەچێتەوە سەر دیالکتی هەورامی، بەشێوەیەك کە کوردێکی شەبەکی لای موسڵ و هەورامییەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاسانی پێکەوە قسەدەکەن و بە باشی لە یەکتر تێدەگەن، بۆ خۆم زۆرجار لەگەڵ برایانی شەبەك بەتایبەت کاك ئەحمەد شەبەك کە ئێستا نوێنەری پەرلەمانە، بەشێوە زاری هەورامی یان ماچۆ قسەدەکەین، بە پێویستی دەزانم

بەهێنانەوەی چەند نموونەیەك ئەو پەیوەندییە زیاتر بخەمەڕوو.

فەرمانی رابردوو لە چاوگی خواردن لە هەردوو زاری شەبەك و هەورامی بەمشێوەیەی خوارەوە:

| سۆرانی | شەبەك | هەورامی |
|---|---|---|
| خواردم | واردم | واردم |
| خواردت | واردت | واردت |
| خواردی | واردش | واردش |
| خواردمان | واردما | واردما |
| خواردتان | واردتا | واردتا |
| خواردیان | واردشا | واردشا |

وەك دەبینین گەردانی کارەکە لە هەردوو شێوەزاری شەبەك و هەورامی جیاوازی نییە، جێناوە لکاوەکانیش لە هەردوو شێوە زاردا (م، ت، ش، ما، تا، شا)نە، بەڵام وەك چۆن لە خوارەوە دەبینین لە کاری رانەبردوودا جێناوە لکاوەکان دەگۆڕدرێن، هەڵبەتە لە هەندێك شوێنی ناوچەی هەوراماندا لەوانە: (گوندی دشەو چەند گوندێك لە ناوچەی ژاوەرۆ لەوانە تاودۆڵاو... هتد) هەر بەهەمانشێوە زاری شەبەك کارەکان دەگۆڕدرێن، بۆ نموونە گەردانی کاری رانەبردووی خواردن:

| سۆرانی | شەبەکی | هەورامی |
|---|---|---|
| دەخۆم | مۆرێ | وەرو |
| دەخۆی | مۆری | وەری |
| دەخوات | مۆرۆ | وەرۆ |
| دەخۆین | مۆرمێ | وەرمێ |
| دەخۆن | مۆردێ | وەردێ |
| دەخۆن | مۆرا | وەرا |

وەك دەبینین جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوازە جیاوازییەکی زۆر کەمەو فرمانەکە ناگۆڕدرێت لە کاتێکدا هەمان ئەو جیاوازییەش لە نێوان بەشە جیاجیاکانی هەوراماندا بەدیدەکرێت، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە بێ هۆ نییە هەموو ماچۆ زمانەکانیان



لە خانەی زمانی گۆران یان هەورامیدا داناوە، ئەم نزیکایەتییە تەنها لە نێوان شەبەك و هەورامیدا نییە، بەڵکو ماچۆ زمانەکانی باکووری کوردستان کە بە زازا دەناسرێن، هەمان ئەو تێکەڵاویی و پەیوەندییە زمانییەیان لەگەڵ ماچۆ زمانەکانی تردا هەیە، هەرچەندە گیروگرفتی زمانی یەکگرتوو و کێشە ئاڵۆزەکانی سنووری جوگرافیایی ئەو مەجالەمان ناداتێ کە بە وردی لەسەر فۆلکلۆرو ئەدەبی زازاکان لێکۆڵینەوە بکەین، بەڵام بەخۆشییەوە دەقێکی وەرگێڕدراوی چیرۆکی سەگی بەرەڵڵای سادق هیدایەتم دەستکەوت کە نووسەرێکی زازا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی ماچۆ، بۆیە چەند دێڕێك لەو دەقە ئەدەبییە دێنمە بەرچاوی گوێگرو خوێنەرانی ئەم بابەتە بۆئەوەی دڵنیا بن کە زاراوەی زازاش بەشێکە لە زمانی هەورامی یان ماچۆو جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بنەماڵەی زمانی ماچۆدا نییە، ئەگەر سەیری ئەم چەند دێڕە فارسییە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەی هەورامی بەو شێوەیە هەوڵمان نەداوە زمانەکەمان بخەینە نێو ململانێی زمانەوانییەوەو بە وەرگێڕان و نووسین دەوڵەمەنتری بکەین:

سەیری ئەم دەقە فارسییە بکەن کە بەشێکە لە چیرۆکی سەگی بەرەڵای سادقی هیدایەت

(يك طرف ميدان چنار كەنى بود كە ميان تنە اش پوك و ريختە بود):

لە زاری زازادا کراوە:

(هەتیکی مەیدان درەختێ پیر کە درمێ ئایی پووکەبێ و ئەستەبێ)

| هەورامی | زازایی |
|---|---|
| درەختی پیر | درەختێ پیر |
| دلێ ئایی | درمێ ئایی |
| پووکیابێ | پووکەبێ |
| وستەبێش: وەك چۆن دەڵێیت پۆستش وستەبێ | ئەستەبێ |

## بەراوردی لە گەڵ هەورامیدا

لێرەدا تەنیا دوو وشەی هەتیك و ئەستب گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەگینا ماباقی وشەکان بە جیاوازییەکی کەمەوە لە شێوە ئاخافتنی هەورامین:

یان لەم دێڕەدا:

(از وقتی که در این جهنم دره افتاده بود دو زمستان می گزشت)
(وەختۆ کە کەوتۆنە دەرەی جەهەنمی و ناتادی زمسانێ ویاردێ)

| هەورامی | زازا |
|---|---|
| وەختی، وەختۆ | وەختۆ |
| کەوتۆ | کەوتۆنە |
| تەنیا | ناتا |
| دوێ | دی |
| ویەردێ | ویاردێ |

بە چاو خشاندنێك لە هەندێك وشەو رستەی هەورامی و شەبەك و زازا خزمایەتی ئەم سێ شێوەزارەمان باشتر بۆ روونده‌بێتەوە: بۆ نموونە:

| هورامی | شەبەك | زازایی |
|---|---|---|
| نامێت چیشا | نامت چێشە | نامێ تۆ جچۆ |
| دەرسەکەت وانا | دەرسی یۆت واندت | تە دەرسا خۆ وەندۆ |

تێگەیشتن لەمجۆرە قسەکردنەو ئەم رستانە بۆ ئاخێوەرانی هەر سێ شێوەزارەکە شتێکی ئاساییە، بەڵام جێناوەکان تارادەیەك جیاوازییان پێوەدیارە، لە شێوەزاری زازادا جێناوی دووەم کەسی تاك (ۆ) لە زاری شەبەك (ت)و لە هەورامیشدا (ا)یە.

ئەم نزیکایەتییە نەتەنیا پەیوەندییەکی رێزمانی و فۆنۆتیکی تێدایە، بەڵکو لە هەمانکاتدا بە وردبوونەوە لە زمانی دایکی کۆن واتە زمانی ئاڤێستایی و هەورامی کۆن جارێکی تر بەو راستییە دەگەین، کە ئەم دیالکتە نە تەنیا بەهۆی داگیرکارو بەهۆی لێکدابڕانەوە نەفەوتاوە بەڵکو هێشتاش بنج و بنەوانی زمانی کوردی کۆنی پێوەدیارەو بەهۆی فاکتەری ئایینی و ئەتنیکییەو تارادەیەك وەك خۆی ماوەتەوە، ئەم فاکتەرە نە تەنیا لە باکووری کوردستان، بەڵکو لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای کوردستان، واتە لە هەندێك ناوچەی دوورە دەستی ئێرانیش لەوانە هەندێك شوێنی وەك مازندەران و شیرازو خۆراساندا کە بە چەقی قەڵەمڕەوی زمانی فارسی دەناسرێت دەبینرێت



و رەسەنایەتی خۆی پاراستووە، لە بەشێکی لێواری دەریای مازیندەران خەڵکانێك دەژین کە نازناوی عەبدولەلیکیان پێبەخشراوە، ئەم تیرە کوردە تا پێش ئاشکرابوونی نەژادو زمانییان بە گیلەك و دەیلەمی ناویان دەبردن، دەسەڵاتداران حاشایاندەکرد لە کوردبوونی ئەم خەڵکە، لەکاتێکدا بنەماڵەی عەبدولەلیکی (ئۆ مەلیکی) بۆ خۆیان دان بەو راستییەدا دەنێن، کە ئەوەی ئەو هەورامیانەن کە سەدان ساڵ پێش ئێستا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوەو لە کاتی هێرشی ئیسلام بۆ سەر ناوچەکەیان بەرەو شیرازو پاشان مازندەران دوورخراونەتەوە، نامەوێت باسی مێژووی ئەم خەڵکە بکەم کە ئێستا بە هەورامییەکانی مازندەران دەناسرێنەوە، بەڵکو دەمەوێت ئەو راستییە بخەمەڕوو کە سەرەڕای هەموو گوشارە سیاسیی و کەلتوورییەکان کە بە مەبەستی سڕاندنەوەی ناسنامەو کەلتووری ئەم خەڵکە خراوەتەگەڕ، کەچی شێوە زارەکەیان تا ئێستاش رەسەنایەتی خۆی پاراستووەو خۆی لە خانەی زمانی هەورامی یان زاراوەی گۆراندا دەبینێتەوە. بۆ نموونە با چەند تێکستێك لە فۆلکلۆرو قسەی نەستەقی ئۆ مەلیکییەکانی مازندەران لەگەڵ زاراوەی هەورامی ئێستادا بەراورد بکەین.

(ئازارش بە ملیچە نمەرەسۆ) ئەم شێوەزارە هەم لە رووی پێکهاتەی زمانەوانییەوەو هەم لەڕووی فۆنۆتیکەوە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی هەیە لەگەڵ زاراوەی کەنوڵەیی و هەندێك شوێنی هەورامانی ژاوەڕۆو شەبەك و زازایی، تەنانەت کاریگەریی بابا تاهیری هەمەدانی تا ئێستاش لەسەر سەبکی شیعری و قاڵبە شیعرییەکانیانەوە دەردەکەوێت:

**بە نامێ اونی کە هەق نام ئۆو هەن**
**فراوانی زەمین و بام ئۆو هەن**
**جوڕ دەیك و بوو خاس و میهرەبان**
**مەی عەشق و موحیبەت جامی ئۆو هەن**

ئەم زاراوەیە بە هەندێك تێبینییەوە دەکرێت بڵێین باشتر لە هەندێك شوێنی هەورامان رەسەنایەتی زمانەکەی پاراستووە، چونکە بە سەرنجدان لە هەندێك وشە بۆمان دەردەکەوێت کە وەك خۆیان ماونەتەوەو رەنگ و بۆی هەورامی کۆنیان پێوە دیارە لەوانە: مینۆ، میۆ، نەیارۆ، کەفت، فیشتەر، هۆن، وەرین و... هتد.

بەراوردی چەند وشەیەکی هەورامی مازیندەران و هەورامی کوردستان (لە باشوور و رۆژهەڵات بەتایبەت هەورامانی لهۆن)

| هەورامی | مازندەرانی |
|---|---|
| ونیۆ، مونیۆ | مینۆ |
| نەدارۆ | نەیارۆ |
| مەی | میۆ |
| بیەن | وبیەك |
| واچۆ | باچۆ |
| ونی | هین |
| سەرشییەی، تەمام بییەی | سەرکەردە |

ئەگەر چاوێك بە شیعری شاعیرانی کلاسیکی هەوراماندا بخشێنین بۆماندەردەکەوێت ئەم شاعیرانە تا بۆیان کراوە بە شوێن ئەم وشە رەسەنانەدا گەڕاون و سوودیان لێوەرگرتوون، کەچی بە داخەوە ئێمەی نەوەی نوێ ئەو لایەنە گرنگەمان پشتگوێخستووەو بە دەستی خۆمان بەشێك لە کەلتوور زمانەکەمان سڕاندووەتەوە. لە کۆتاییدا پێموایە ئەم نووسینانە مشتێکە لە خەروارو لێکۆڵینەوەو مشتوماڵکردنی ئەدەب و فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە، ئەم ئەرکە گرانەش بەرپرسارێتی ناوەندە ئاکادیمی و رۆشنبیرییەکان چەند ئەوەندەیتر زیاد دەکات.

## پەراوێز:

١- (حاجی خەڵیفە جیهان نما، ل٤٣٥).

٢- (راولێنسن لە گۆڤاری ئەنجومەنی سەڵتەنەتی جوغرافیایی ساڵی ١٨٣٩ ج ٩، ل١٠٧.

٣- (محەمەد کازم مروی، عالم ارای نادری، چاپی محەمەد ئەمین ریاحی، تاران ١٣٦٤ی هەتاوی، ج١، ل٢٥٢-٢٥٤).

٤- (گوڵستان مجمل التواریخ، تاران ١٣٥٦ی هەتاوی، ل٣٠٠).

٥- (عەبدولحوسێن شەهیدی ساڵحی لە بابەت باجەلانەکان- دانیشنامەی جیهانی ئیسلام).



## سەرچاوەکان:


چەند تێکستێك لە بەڕێزان:

مامۆستا ئیبرایم باجەلانی و بەڕێز کاك شیروان شیروەندی.

- گۆڤاری رامان، ژمارە ٧٣، ساڵی ٢٠٠٢.
- سایتی زازا.
- سایتی کوردانی شیراز.
- وتارێکی عبدالحسن عبدالملکی بە زمانی فارسی.
- مێژووی وێژەی کورد سدیق بۆرەکەیی.
- مێژووی هەورامان محەمەد ئەمین هەورامی.
- کردان پارس.
- شەبەك- شابەگ، نووسینی ئەحمەد شەبەك.

# دەق


**دووکەرتبوون**
بەرزان هەستیار

**سورەتی عەلــی**
حسەین لەتیف



**سێ پارچە**
**شیعر**
دیار بەکر



**باخچەکانی بەهەشت و**
**دیوانەکانی گوناهباران**
دەوەن



**منداڵانی**
**گەڕەکەکەی حەسام**
ئاکۆ کەریم مەعروف

**درەنگە، درەنگ نییە**
باران

# دووکەرتبوون

بەرزان هەستیار

لە خودا دڵرەقترم بۆ سزا،
لە خودا میهرەبانترم بۆ بەخشین
*******
لە "قابیل" درندەترم بۆ تاوان
لە "قابیل" بێ براترم بۆ پرسە
*******
لە ئاسمان چاو قایمترم بۆ بروسکە،
لە ئاسمان دڵسافترم بۆ سامال
*******
لە ژیان ناشرینترم بۆ ئازار،
لە ژیان رازاوەترم بۆ ئەوین
*******
لە مردن بە پەلەترم بۆ زێمار*





لە مردن هێمنترم بۆ ئارامیی
*******
لە بیابان تینووترم بۆ بارانێك،
لە بیابان بێ منەتترم بۆ هەتاو
*******
لە منداڵ دڵناسکترم بۆ گریان
لە منداڵ سادەترم بۆ پێکەنین
*******
لە رووبار بەخوورترم بۆ رژان،
لە رووبار هێورترم بۆ پشوو
*******
لە خەیاڵ بێ سنوورترم بۆ فرین،
لە خەیاڵ ئاسانترم بۆ دەستەمۆ بوون
*******
لە پاییز بێ دەسەڵاتترم بۆ وەریین
لە پاییز ئاڵتوونییترم بۆ درەوشانەوە
*******
لە بەرد رەقترم بۆ وردبوون
لە بەرد بێ جووڵەترم بۆ هەنگاو
*******
لە سەربازی هەڵاتوو ترسنۆکترم بۆ جەنگ،
لە سەربازی هەڵاتوو قایمتر، داوێنی ژیانم گرتووە!

ئابی ٢٠٠٩
کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

*زێمار: ئەو شیوەنەیە کە بۆ مردوو دەکرێت.

# سورەتی عەلـی

حسەین لەتیف

١

ئیتر وەرزەکانی ساڵ دەبن بەشەش:
هاوین،
پایز،
زستان،
بەهار،
هەڵەبجە،
عەلی!

٢

ڕۆژەکانی هەفتە دەبن بەنۆ
هەینی،
هەڵەبجە،
عەلی!

٣

شەو و ڕۆژ دەبێت بە ٢٦ سەعات
سەعاتی بیست و پێنج هەڵەبجە
و





سەعاتی بیست و شەش عەلی!

٤

سەر سوڕهێنەرەکانی دنیا دەبن بەنۆ
بەرمۆدا،
هەڵەبجە،
عەلی!

٥

دوو کیشوەری تر دەدۆزرێنەوە
کیشوەری هەڵەبجە
و
کیشوەری عەلی!

٦

سورەتەکان دەبن بە سەدو شانزە
سورەتی مەریەم
و
سورەتی هەڵەبجە
و
سورەتی عەلی!

٧

منیش دەبمە هەڵەبجەیی
و
هاوڕێکانم با پێم بڵێن: عەلی!

٢٠٠٩/١٢/٢



# سێ پارچە شیعر

دیار بەکر

خەون بە نیشتیمانەوە نابینم
زۆر حەز دەکەیت نەتناسم؟
حەزت لە خۆشاردنەوەیە؟
بە شێتبوونم گەورە دەبیت؟
ئارامیت؟
کە خۆت لە دڵمدا حەشار دەدەیت بە





دەمانچەکەی دەستتەوە؟
نازانیت؟
ئەو تارماییە چرا بە دەستە ڕێبواری عەشقی منە دەپێکیت!!!
چاك دەزانم...
گەورەییشت وەك منداڵییت بزر کردووە،
ئێستاش بۆ منداڵبوونەوەیەك
سەدان شەو دەگریت و
مەمك دەمژیت و
ساوا دەبیتەوە...
دڵنیام
لێوت بە مەمکی مریەمیشەوە بێت،
چیتر منداڵ نابیتەوە...
وەك چۆن منداڵبوونەوەت مەحاڵە،
شکۆی گەورەییش نابینیتەوە...
وا دەزانیت ئازار دەخۆم؟
هەرپێی دەخەمە ژوورەکەت
نامەو وێنەی چی کیژە،
لە دووتوێی پەڕاوێکدا دەشاریتەوە!!
تۆ ناتوانیت بێزارم کەیت
من خۆم ئارەزوومە،
وا بتبینم...
وەك کێویلەیەك سەر بە سەدان باوەشا بکەیت و...
لە حزووری مندا، ماڵی بیتەوە...
من ژنێکی ئاسایی نیم...
تا کۆتایی پیاوەتیت من بەرزترین شاختم
سەدان لوتکەت کردبێ

لە دامەنی مندا، کەروێشکێکی پیریت،
هەرگیز لوتکە نابینیت...
لە شەوێکی گریاومدا پرسیم:
قوربان کەی دیدەنییەکم دەکەیت؟
وتت کەنگێ داخان بووم...
شەوم زیاتر گریا
کە هەستم کرد نەتناسیوم...
هەرگیز ئارەزووی من نەبووە،
پیاوێکی گەرم لە باوەشی مندا سارد بێتەوە...
من بە شەختەیی حەزم لێتە
پێش ماچ و پێش گەمەیەک بە مەمکم،
بە دیدەنی قەسیدەیەکم بتوێیتەوە...
خۆت مەشارەوە،
واز لەو گەمەیە بێنە
هەزار هێندە بە ویقار بیت
تۆ هەر ئادەمیت
منیش هەر حەوا...
بۆ قاشە سێوێک
بەهەشت دەدەیتە دەست خوا و...
تەسلیم بە زەمین دەبیتەوە...

**پاییزمە، وادەی خۆپێچانەوەت نییە**

تۆ،
خۆت لە پاییزمدا هاتیت و...
لە من دەپرسی بۆ رووتم؟





خۆت درەنگانێک هاتیت و...
توورەیت،
گوایە من زوو هاتم...
خۆت شەختە بوویت، دوورە ئاگر،
رووی گلەییت لە منە،
بۆ زوو لە باوەشێکمدا نەمتواندیتەوە؟؟!!!
خۆت سپێدەکانمت سڕییەوە و
بە من دەڵێیت:
خانم گیان سبەینێیەک وەئاگام بێنە
حەزمە،
شەفەقێک پێکەوە سپی کەینەوە...
تۆ کەی تێدەگەیت؟
کە لە پاییزمدا دێیت
دەبێ گشت گەڵا زەردە وەریوەکانم کۆکەیتەوە...
بۆم بکەیتە والایەکی سەوز و...
پۆشتەم کەیتەوە؟؟
کەی فێر دەبیت؟؟
لاسکە وشکهەڵاتووەکانم بکەیتە داوی زێڕ و
عەشقبەندم کەیت و کەمەرمی پێ بپێچیتەوە؟؟
چی پارچەی پەرتی ئاوێنەی ژێر ڕۆژنامەکەمە،
لە وێنەیەکدا کۆی کەیتەوە...
کەی دەرک دەکەیت؟؟
داواکانم مەحاڵن
تۆش ببیتە پارچەیەک پاییز و
خۆتم لەگەڵ رووت کەیتەوە؟؟؟؟

## پیاوەکانی ژیانم لە یەک وێنەدا

**من ژنێکی سەرشێتم**
**هەزاران پیاو لە ژیانمدان...**
**پیاوێك دروستیکردم**
**پیاوێك لە باوەشی سپییدا سووری لێسەندم...**
**دوو پیاو ناوم هەڵدەگرن**
**چەند پیاوێك ناویان هەڵدەگرم...**
**دەستەپیاوێك:**
**تاوێك نیشتمان ئازاد دەکەن،**
**تاوێك لەسەر کورسییە دارینەیەك**
**وەك منداڵێکی بزێو خاپووری دەکەن...**
**رۆحی خاك لە رەنگی پەڕۆدا ئەنفال دەکەن...**
**من ژنێکی سەرگەرمم**
**ئەم هەموو پیاوەم ناسی**
**تەنها پیاوێك**
**هەرچەند عومرێك ئارامیی بردم**
**کەچی تەنها جارێکیش لە ئامێزی نەگرتم...**
**ئەو...**
**نە پشتێنەی قەدمی بە باسکی کەمەربەند کرد،**
**نە بە پشکۆی ماچێك لێومی داخ کرد**
**نە باوەشی سپییە،**
**نە سووری لێسەندم...**
**نە دیدەنیم دەکات و...**
**نە بیۆگرافیای پڕ پیاوم دەپرسێت...**





**من چل هەنگاوی سەختم بڕی تا گەیشتمە ئەو...**
**کەچی وتی:**
**خانمە نازدارەکە... من ماندووم و**
**تۆش ئێجگار ئازاد...**
**ببوورە ناتوانم عاشقت بم**
**عاشقبوونی ژنی ئازاد،**
**جەنگێکی دۆڕاوە...**
**من ئەو پیاوە شێتەم کردە سومبول**
**وێنەی پەرتی چی پیاوە،**
**لە چوارچێوەی ئەوا چاکم کرد...**



# گەڕانەوە بۆ ماڵی باران

لازۆ

(بۆ باران)

دەستی یەکترمان گرت
خۆمان بۆ کۆچ سازدا
تەم بەسەر ئێوارەدا ڕژا
هەندێ جار لەعاشبوونماندا
دەفڕین بەسەر هەورو
ئاسمان و
رووبارەکاندا
***
هەر کە دوربا لێم





وەك چۆلەکەیەکی ترساو
لەژێر باران و بروسکەدا دەلەرزیم
وەك سمۆرەیەکی نەخۆش خۆم دەخزاندە ژێر باڵی ئاسمان
وەك منداڵێکی بێتاوان خۆم بەقاچەکانی زەوییەوە دەلکاند،
ئەو بەچاوی کەسێکەوە کە تەنیایی لەناوییەوە کڵپەی سەندبێت
دەیووت:
هەیش چەند نزیکە هەیش چەند نزیکە
من دەمووت: چی نزیکە وەی ی ی؟
بەلێوی کەسێك دەدوا گریان لەناویدا کەوتبێتەوە،
رۆژە ژەهراوییەکان چەند نزیکن وەی ی ی
دەگریاو دەیووت:
رۆژێك دێ کۆمەڵێك باڵندەی زامدار بەنێوانماندا رەت دەبن
دەستەکانمان یەکتر نادۆزنەوە
من و تۆ دەبین بەدووکەرتەوە
***
گەورەبووین،
دڵمان بەبەرچاوی مانگی چواردەوە بۆ عەشق دەرهێنا
وەك دوو هاوڕێ کە هەرگیز جەفا دڵی نەشکاندبێتن
زامەکانمان نیشانی کەس نەدەدا،
دەستمان بۆ یەکتری دەگرتەوەو
وەك دوو ماسی لەخۆبایی داهاتوومان بۆ یەکتر دەخوێندەوە
کەزییەی یەکدیمان دادێنا،
جوانی خۆمان وەك خەزێنەی پادشا بەخشندەکان
تەخشان و پەخشان دەکرد
***
لێومان تەڕو چاوانمان سورمەدار
ژیانمان دابووە بەر نزاکانمان،

خەونمان دەبینی،
دەبووینە (کەیغان)و یارمان بەخەنجەرەکانمان
زامدار دەکرد،
کازیوە بەدیار جوانیمانەوە تای لێدەهات
سپێدە ختورەکانی دڵی ئێمەی بۆ نەدەخوێنرایەوە،
شەماڵ هەمیشە بەئاراستەی تەنیاییماندا رادەبوورد،

***

دەستمان لەبرینی یەك وەردەدا
خوێنی یەکترمان لێدەچۆڕا
هەردووکمان بۆ مردنی خاڵخاڵۆکەیەك
وەك یەك
دەگریاین
پێکەوە عاشق دەبووین
وەك یەك
دڵمان دەشکا،
بەڵام سپێدەیەکی رەش ئێمەی کرد بەدووکەرتەوە
وەك دوو بەچکە ئاسك لەباوەشی یەك رایانکێشاین
وەك کەوتنە خوارەوەی دوو ئەستێرە
هاوارمان لەهەموو گەردووندا دەبیسترا

***

رۆژێك لەدەستەکانمی رووانی
هیچ شتێکی وەك خۆی بۆ من نەگێڕایەوە
بەڵام ئەو بینی
ئەو باڵندەیەکی خۆڵەمێشی بینی
ئاگر لەئێوارەدا دەکاتەوە
شەپۆل بەدەریادا دەکێشی
هەیڤ لەئاسماندا دەشکێنێ،





ئەو بینی
من دەبات بۆ شوێنێکی زۆر دوور
لەناو تۆفاندا
بۆ ئەبەد ونمدەکات

***

ئەم چیرۆکە رۆژێکی هاوین
بۆ کچەکەم دەگێڕێتەوە،
ئەو
کە هێشتا عاشق نەبووەو
زۆر پێیخۆشە بەئازادە ئۆفێلیای یەکەم
بانگ بکرێت

***

کچەکەم هەر وەك شازادەیەکی خەواڵوو
بەدەم سەیرکردنی گوڵەوە باوێشك دەدات
دەست بۆ ئەڤین رادەکێشێ،
بەدەنگی بەرز بیر دەکاتەوە
ئەستێرە دەژمێرێ،
دونیا لەحەوزی ماسییەکەیەوە سەیر دەکات،

***

تۆ ئەوەی بۆ دەگێڕیتەوە کە من نەمگێڕایەوە
ئەوەی نیشان دەدەیت کە من دەمویست ببینێت
ئەوەی پێدەبەخشیت کە من نەمبوو بیدەمێ
کە من نەمتوانی بۆی بەجێبهێڵم،

نۆڤەمبەری ٢٠٠٩
بەریتانیا

# باخچەکانی بەهەشت و دیوانەکانی گوناهباران



## دیارییە بۆ ڕۆحی بابە (ئەبراهام) ڕۆشنایی چراکانی دڵمان

دەوەن

لەسەر خواردنی سێوێك
هەموومان لە ئەزەلەوە
لە بەهەشت دەرکراین...
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە چاوم لێیە
پەنجەکانی خۆر لە درزی پەردەوە
شەرمنانە گەمە بە سێوە سوورەکانی
سەر مێزی ئەم بەیانییەم دەکات و



تابلۆیەك دەکێشێ و ماڵم پڕ دەکات
لە ڕەنگی درەخت و
بۆنی عەترە کچێك
بە تەنیایمدا دەبارێنێت...
ئەی خودایە چەند تاڵە ماڵئاوایی
لە باغەکانی ئەوین
قەدەر وای ویست
قەدەر مستەکۆڵەیەکی کێشا بە چارەنووسماناو
ئیدی خەبەرمان نەبۆوە...
زۆر لە مێژە دەستم لە گەردنی
درکێك نابێتەوە کە بەدزییەوە
بۆ ژووانم هاتبوو
درك دەیویست خوێنم قبووڵ بکات و
لە پیاڵەی سۆزانییەکا دوا قومی نۆشکا
من یەکەمین کەسم کە ئاگام لە مردنی خۆمە
ئاگام لە هاتنی بای شوومە کە خنەخن
بەرەو سنوور دێت
ئۆی لەمن ئۆی لەمن، ئۆی لە گوڵبەهارا من
لەو دیو سنوورەوە بۆنی (ئاو)دێت
لەسەر ئاوی کانییەك وێنەی کچێکی شەرمن
بە پەڕی باڵندەکان نەخشێنراوە...
گوڵی سەر شۆستەکان چاوەڕوانی
وەنەوزیانە بۆ باوەشی قەیرەکچێك
من چیبکەم لە باغێك پەرژینی نییە
بۆ دەستە خوێناوییەکانی مێرخاسان

من چیمداوه له بۆنی (ئاو) ئەو کاتێك دێت
منی گەڕیده تەڕ تەڕم به داستانه درۆزنەکان
نووقمم له دارزانی مێژوو
بێمزەڕەت بیت پەرژینی باغەکانی مەفتون
درکەکانت تێرن به خوێنی پەنجەی ئازیزانت
درکەکانت فێرن به گریانی منالێمان
سێو لای من گەمەی دەست و پەنجەی
منالێمه له سنگی دایکما
تامی زمان و بۆنی مێخەکی لێدێت
مێژووی سووتانه له هەناوی بەهەشتا
پرسیارێکی زەبەلاحی
عاریفەکانه له قیامەتدا
سێو له خەیاڵماندا حەرامترین میوەکانی خوایه
بێتامترین مەخلوق قەپاڵی لێدەگرێت
نیگایەکی دووری (گۆران)ە له درزی پەچەوە.
غەمبارم که خوا له خۆڕا سێوی بەنەعلەت کرد لێمان
(غەمبار)یشمان چاوەڕوانی منالێکه
که دەستەکانی پڕن له قەقنەس
ئەو خوازیاربوو زارۆکەکان به نێرگزەوە بگەڕێنەوە
دەبویست چیدی سێو بۆنی سروشت نەکوژێ
سێو نەبێته تابووت و گۆڕستانێك
نەخاته مێژوومانەوە
ئەو لەناو خەیاڵی سێوێکا
سەری بەفرینی پرووشه دەکات بەسەر
گوێسەبانەو کۆڵانەکانی گوڵعوزارا



دەنگی گریانێك دەخاته ناو تامی سێوێکەوە
به دایکانی ئەو گەڕەکه دەبێژێ
سەرمایەو زووقم سەر گەڵاکانی داپۆشیوە
بەسیەتی دووعاکردن بۆ گەڕانەوەی
بۆنی مێخەك و رەنگی گەڵاکانی ماڵتان
لەبیرمه لەو گەڕەکه سنگ کوتان بوو
به شوێن سێوی باغەکانی (گوڵ عومەر)دا
حکایەتخوانێکی شووم
لەبەردەمی دەرگەی مزگەوتێکا
به دەنگی بەرز بانگی دەدا
رەحمەتی خواتان لێبێت
جاجممان دەوێت بۆ ناشتنی دارسێوەکان
سابوونی رەقی و تفاقمان گەڕەکه
تاتەشۆرەکان شکاون
کێ پنەو مایەی نانکردنی هەس
بیتێرێ بۆمان
فانۆس و فتیلەمان دەوێ
رەحمەتی خواتان لێ بێت زوو وەرن زوو
بەفر خەریکه شار دادەپۆشێ
گۆڕهەڵکەنێك شك نابەین دڵەکانمان
له پێکی شەرابێکی گوڵا بنێژێت
عاریفێك نییه حەکایەتەکانمان بنووسێتەوە
عەیامێکه کۆڵانەکانی ئەم شاره
خواجەیەك گوزەری تیاناکات
سۆفییەك بەدی ناکەین دیوانەکەی (مەحوی)مان

لە شەوە بێدارەکاندا بۆ بخوێنێتەوە
عەرەبانچییەکی گەڕۆك لەبەردەمی دەرگەی ماڵێکدا
بە عەیش و نۆشەوە هاوار ئەکا
وەرەوە ئەی گوڵباجی ئەی منەوەری داستانەکان
سێوی بەهەشت و سەرپۆشە گوڵینییەکەی (حەوا)و
شەرابی دیوەخانەکەی (عیسا)م پێیە
کامیانت دەوێ هەڵبژێرە.
مردن وا لەناو مشتمانا گەمەی منالآنە دەکات
تۆ بە سێوێك دەمریت و منیش بە پێکێ شەراب
من بە قامچی حۆرییەکان زیندوو دەبمەوە
تۆش بە ئاوی کانییەکەی (موسا)
گوڵەکانیش بە لێوەکانی تۆ...
گوڵ لە هەر کوێیەك بێت ماچی باران میوانیەتی
لەهەر دڵێك بڕوانیت درەختێك تیا ئەڕژی
ئێمەی گوناهباران مردن و ژیان هاوڕێمانە
ئەدی چیبکەین ئەی گوڵباجی
ئێمەی شەرمن هەمیشە میهرەبان و مەلول
لە بەردەمی خواو مەکتوبە ئاسمانییەکاندا...
مردن تامی سێوێکە لە دەمی منالێکی برسیا
دووکەڵی پایپەکەی (زۆربا)یە پڕپڕە
لە ئاوازی سەنتووروو سەمای چاوەڕوانی
چاوەڕوانی دواهەمین هەناسەو
دواهەمین گۆرانییەکانی دەریا
زوویرمەبە لە تەمەنێك کە نەیانهێشت
پێکی شەرابی تیا نۆش بکەیت





چی بگێڕمەوە گوڵباجی
کە ژیان خۆی حەکایەت بێت...
پیاوێك هەموو ئێوارەیەك
لە قاوەخانەکەی (ڤان خۆخ)ەوە
دوو سێوی لە درەختی تابلۆکەی (سێزان) دەکردەوەو
بەرەو ماڵ دەبۆوە
لە بەر خۆیەوە دەیوت
ئەم سێوەیان بۆ (خۆر) ئەمەیشیان بۆ (تیبا)
ئێواران بەدەم سێو خواردنەوە
منالآن گلەیان هەبوو
خۆر دەیوت باپیرە ئیدی من سێوی سوورم دەوێ
ئاخر باپیرە بیرت نەچێ ئێ سێوی سوور
ئەوی دیان دەیوت منیش سێوی بەهەشتم دەوێ بەهەشت.!
باپیرە خەیاڵی دەیبردە ناو مێژووەوەو
لەگەڵ خۆیا ئەیدوان
ئۆی خودایە چەند بێڕەحمیت
لەسەر خواردنی سێوێك گشتمان حەرامزادە بووین
دەرکراین، تێهەڵدراین
ئەرێ خوایە بۆ تاوانمان چی بوو چی؟
منالێك بەمجۆرە وەڵامی مامۆستاکەی دایەوە
(چنارو قەڵەم) لە عەلوەکە حەماڵیی دەکەن و
منیش لەناو پرتەقاڵا لەدایکبووم)*
ئەی یەهوە تۆ بزانە چیت پێکردین
منالّەکانیش ناوێرن حەکایەتەکانیان
باسی سێو و بۆنی بەهەشتی تیا بگێڕنەوەو

ژیانیان دوورە لە ناوی سێو
شەیتانی جادووباز کەتنی خۆی کردو
ئێمە مەحکومین بە فێڵی شەیتان
سیحربازانی مەلعون هەموو سپێدەیەك
سفرەی سەحەریان رازاوەتەوە بە قاشی سێو و
مرەبای هەنجیرو دەنکە زەیتوونی کریتا
مردن لە ناو رووناکی چرایەکدا
شەرابی ئیبلیسی دەنۆشێ
نیعمەتبارانی جنۆکە دەکات
پێکەنینی بە حەپسخانەی ئەستێرەو
زوومرەی سێوداران دێت
عەیامێکە سێو هەقایەتی
بەر ئاگردانی حوجرەو فەقێکانە
لە زاری غەیبزانەکاندا...
قەزات لە من کەوێ ئەی سێو
چەند جوانی بە سنگی شیعرەوە
فرە دەلال و لەبەر دڵانی
ئەوەی جارێك دانی بەر گۆپکەت کەوتبێ
ئیدی مانای تێربوون نازانێ چییە.
بۆ ئەوەی ژیان بە سێو نەگۆڕینەوە
گۆرانییەکانمان لەناو چارۆکەکەی (حەوا)دا شاردەوە
ئافەرین (ئادەم) خۆت و زارۆکەکانت تەسلیم
بە سێوەکانی عەرشی خوا نەکرد.
فرمێسکەکانی گوڵعوزارت نەگۆڕییەوە بە سێوەکانی خوا
دڵی مرۆڤەکانت نەدایە دەست قەدەری





مەلائیکەتەکانی فیردەوس
ژیانت خستە ناو پێکێ شەرابەوە
بۆ ئەوەی هەر هەموومان مەست بین و
تەڵقینمان لەگەڵ ماچە بەتاڵەکانی
حۆرییە سەرسەرییەکانی بەهەشتا نەکرێ
ئادەم وایوت
حەیات لەم ئەستێرەیەدا پیرۆزترە
لە نیعمەتەکانی خوا.!

* ئەم دێڕەم لە زاری جگەرگۆشەیەکی شاعیری هاوڕێمەوە (عەبدولقادر سەعید) وەرگرتووە، ناوی (لاوك)ە، تەمەنی پێنج ساڵە.



# منداڵانی گەڕەکەکەی حەسام

ئاکۆ کەریم مەعروف

کەناری رووباری دیجلە تەنها شوێنێك بوو کە بتوانم بەتەنها دابنیشم و دووربکەومەوە لەو رووداوانـــەی کە بەدەست خۆم نەبوو رووبەڕووم دەبوونەوە. هەموو ئەو کاتانەی رووداوێـــك ئـــازاری ئـــەدام ئاسمانی دیجلەم دەبینی خۆڵەمێشی بـــوو، رێکەوتیش وایدەکرد لەدوای تێرامان و سەرنجی قوڵ کەسێك کە دیاربوو بەدبەختیی دنیای بەکۆڵەوە بوو دەهاتە لام و وەك ئەوەی حیکایەت رزگـــارکـــەری ژیـــانـــی بێت، دەستیدەکرد بەگێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە ئەو بێئەوەی بەخۆی بزانێت نەیدەزانی من بۆ خـــۆم لـــەو چیرۆکانە هـــەڵاتـــووم، لەگەڵ ئەوەشدا گوێم لێدەگرت، چونکە شێوەیەکی تری لە گێڕانەوە فێردەکردم کە ئەو رووداوانەم خۆشبوێت کە بەناچاری رووبەڕووم دەبوونەوە. ئەو کەسە ناوی حەسام بوو، لە سەرەتاکانی شەڕی نێوان عیراق-ئێراندا لەگەڵ چەند خزمێکیان بەزۆر لە ماڵەکانیان، کە لەقامیش دروستکرابوون، پێیانچۆڵدەکەن و پاشان لەبەرچاوی هەموویان ئاگر لەماڵەکان بـــەردەدەن، حەسام لەبیری ناچێتەوە، تا ئەو کاتەی قامیشەکان بوونە خۆڵەمێش و تێکەڵ بە زۆنگاوەکە بوون، چاوی لەسەر ئەو بەلەمە





بچکۆلانەیە لانەبرد کە رۆژانە بۆ کات بەسەربردن و راوەماسی زۆرجار لەگەڵ کچە مامەکەیدا دەڕۆیشت بۆ ناو قامیشەڵانە چڕەکان بۆ گوێگرتن لەباڵندە ئاوییەکان و سەدای ئەو مراوییانەی بەدیار هێلکەکانیانەوە هەڵدەکورمان. حەسام لەبیری ناچێتەوە سەردەستەی سەربازەکان چۆن ئاگری لە بەلەمەکە بەرداو چۆن بەدەم گڕەوە لەناو سەوزیی زۆنگاوەکەو قەوزە سەرئاوکەوتووکاندا نغرۆ بوو، لەو کاتەوەو ئێستاشی بەدواوە بێت، حەسام وێنەی ئەو بەلەمە بەخۆی دەچوێنێ کە چیتر لەناو ژیاندا ونبووە، هیچ کەسێك ناتوانێ چنگێك لە خۆڵەمێشی یادەوەرییەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە. لە ژیانی غەریبیدا یەکەمین پرسیار کە دەکرێت، خەڵکی کوێی؟ منیش کە لە یەکەم بەریەککەوتندا لێمپرسی خەڵکی کوێی؟ پێیوتم خەڵکی زۆنگاوەکانم. دواتر پێموت ناوت چییە؟ پێیوتم حەسام، حەسام لە خێڵی ئال عجیل. دواتر لێی پرسیم، ئەی تۆ خەڵکی کوێی؟ پێموت کوردم، خەڵکی گەرمیانم؟ هەستمکرد خۆشییەك رووخساری داپۆشی، پێموت بە چی پێدەکەنیت؟ دەستی خستە سەرشانم، پاش کەمێك لەبیرکردنەوە پێیوتم، کوردم خۆشدەوێ، چونکە لەگەڵ خەڵکی غەریبەدا راستگۆن، زۆرجار باوکم باسی ئێوەی بۆ کردووم، بەڵام پێمبڵێ گەرمیان چ شوێنێکە؟

لـێرەوە چیرۆکەکە دەستیپێکرد کە رووداوەکانی زیاتر بۆ بیست و پێنج ساڵ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی حەسام بوو بە دراوسێمان، ماڵەکەیان دەکەوتە گەڕەکێك نزیك لە سەربازگەکەمان، کرێچی ماڵێکی سادە بوون، کە خاوەنەکەی شۆفێری بارهەڵگری سەربازیی چەك و تەقەمەنی بوو، شەوێك لە سەر یەکێك لەڕێگاکانی قەسری شیرین، بەهۆی ئاگری جگەرەکەیەوە لۆرییەکە ئاگر دەگرێت و دەبێت بە هەزاران پارچەوە. لەو ماڵەدا کە تەنها خۆی و کچە ئامۆزاکەیی و ساوایەك، کە دواجار زانیم لە تەمەنی دوو ساڵیدا بە نەخۆشیی سکچوون و رشانەوە گیانی لەدەستداوە، ژیانی دەگوزەراند، لەو کاتەوە ئیتر منداڵیان نەبووە، هەروەکو حەسام پێیدەوتم، منداڵ بۆ ئەم دۆزەخە دروست بکەم؟!

زۆرجار بەبیانووی جۆراوجۆرەوە لە سەربازگەکە دەهاتمە دەرێ، تا ئەو رادەیەی کە گومانیان لێدەکردم پەیوەندییەکی ژێربەژێرم هەبێت لەگەڵ گرووپێکی سیاسیدا، یاخود کەسێك کە بیەوێت نهێنی سەربازگەکە بزانێت، کە تاوەکو ئەم ساتەوەختەش نەمدەزانی ئیشی ئەو سەربازگەیە چییە، چونکە لەلایەن هەندێك پاسەوانەوە کە بەهۆی جلەکانیانەوە، کە دیاربوون پاسەوانەکانی کۆشکی کۆماری بوون، هێڵێکی سووریان بۆ دانابووین کە نابێت توخنی جەمەلۆنەکان بکەوین، بەتایبەتی بۆ ئێمە کە وەکو غەریبێك و لادەرێك لە یاساکانی دەوڵەت سەیریان دەکردین، پاسەوانە تایبەتییەکان

بەردەوام دووبارەیان دەكردەوە كە نابێت نزیك جەمەلۆنەكان بكەوینەوە، كە تەنیا دوكەڵكێشێك دەبینرا كە شەوانە دوكەڵێكی خۆڵەمێشی ئاوێتە بە ڕەنگی سپی دەبینرا، ئاسمانی سەربازگەكەو دارخورماكانی نزیك گەڕەكەكەی حەسامی دادەپۆشی، هەروەكو دواتر زانیم زۆربەی منداڵانی گەڕەكەكەی حەسام بە بۆنی ئەو دوكەڵە مردوون و باخی خورماكان بە بێدەنگی وشكیان كرد، تەنانەت بۆ ئێمەش تا ئەو ڕۆژەی لە ناكاو بەفەرمانێكی تایبەتی و نهێنی گواستراینەوە بۆ شوێنێكی نادیار، تووشی سنگ ئێشەو ئازاری بێخەوی بووین، بێئەوەی بە خۆمان بزانین رووخسارو دەنگمان وێنەی پیرێكی حەفتا ساڵەی لەخۆگرتووە، زۆری پێنەچوو زۆربەی ئەو سەربازانەی لەگەڵ مندا گواسترابوونەوە لەناكاو لە ڕووداوی جۆربەجۆردا مردن، كاتێكیش تەرمەكانمان دەبردەوە بۆ كەسوكاریان نەیاندەناسینەوە.

دوای نیوەڕۆیەكی گەرمی مانگی ئاب، ڕۆژانێك كە هاڵاوێكی گەرم لەبەردو دارخورماكان هەڵدەستا، بانگیانكردم بۆ بەشی ناسینەوەو داپۆشین و ڕازاندنەوەی تەرمەكان بەئاڵای وڵات، داوایانلێكردم یەكێك لەو تەرمانەی كە دەمێكە كەوتۆتە ژێر تەرمەكانی تر ببرێتەوە بۆ كەسوكارەكەی، لە دوای كەمێك چاوەڕوانكردن، سندوقێكی دارینیان، كە ڕۆژگار دایرزاندبوو، لەبەردەمی مندا دانا، پاشان لەلایەن دوو سەربازەوە سنوقەكەیان بردە ژوورەوە، بێئەوەی بەخۆم بزانم یاخود هەست بە ترسناكی كارەكە بكەم، لەگەڵیاندا چوومە ژوورەوە، ناو جەمەلۆنەكە لەچەند ڕاڕەوێكی تاریك پێكهاتبوو كە بە ئاستەم تیشكی خۆری ئەو دوای نیوەڕۆیە لەپەنجەرەیەكی تۆزلێنیشتوو لاشەی رووتی تەرمەكانی ڕووناك دەكردەوە، هەندێك لە تەرمەكان لەسەر مێزێكی درێژ كەڵەكە كرابوون، هەندێكی تریان هەر بە جلە سەربازییەكانیانەوە لەسەر زەوییەكە فڕێدرابوون، تەنانەت زۆربەیان گۆرەیی و پۆستاڵەكانیان لەپێدابوو كە هەستم بەوە دەكرد بووەتە بەشێك لەپێست و گۆشت و خوێنیان. دوو سەربازەكە بەپێلەقە چەند تەرمێكی كەڵەكەبوویان لابرد، ڕووخساری كەسێك دەركەوت كە تازە مووی دەركردبوو، چاوە شینەكانی بەكراوەیی زیاتر شینتر دەبوون، بۆ ئەوەی دوو سەربازەكە هەست بەوە نەكەن كە دەیناسمەوە، یاخود ڕۆژێك لە ڕۆژان دیومە خۆم بە سنوقەكەوە خەریك كرد، ئەو كات دەمزانی تەنها هێمایەك یان ئاماژەیەك بۆ ناسینەوەی لاشەكان هەمان چارەنووسم دەبێت، ڕەنگە هەر لەو ڕاڕەوەدا بۆ هەتا هەتایی بەجێمبهێڵن تاوەكو ئەوان پیر دەبم و بۆگەن دەكەم، مەبەستم بوو خۆم گێل بكەم و وا دەربیبخەم كە كەس ناناسمەوە، دوو سەربازەكە لە ئاگاییەكی تەواودا كە پیشەی چەند ساڵەی خۆیان بوو، بە وردیی چاودێرییان دەكردم، ئەوەی لەناكاو تێبینیم كرد لەسەر دیواری ڕاڕەوەكە نووسرابوو، ئەو كەسەی دێتە ئێرە، نابێت كەس بناسێتەوە، وریابە لەبیرت نەچێت كە تۆ





كەڕو لاڵیت. ئەم ڕستەیە قسەیەكی حەسامی بیرخستمەوە كە لە گێڕانەوەی چیرۆكێكدا پێیوتم لە جەنگدا نەدۆست هەیە، نەدوژمن، گرنگ ئەوەیە قوربانی هەیە. ماوەیەكمان پێچوو تاوەكو تەرمەكەمان خستە ناو سنوقەكەوە، پێدەچوو دوو سەربازەكە چێژ لەو شوێنە وەرگرن، بۆیە لە كارەكەیاندا هیچ پەلەپەلێكیان پێوە دیار نەبوو، تەنها ئەوەندە نەبێت یەكێكیان كە گەنجێكی ڕەشتاڵەو باڵاكورت بوو پێیوتم، سەری سنوقەكە هەڵبەرەوەو ئاڵاكە بەدەستەوە بگرە. پاشئەوەی لاشەكەیان تێدا پاڵخست، جارێكیتر پێیوتمەوە، سەری سنوقەكە داخەو ئاڵاكەی تێوەبپێچە. لەو كاتەدا كە دوو سەربازەكە خەریكی كردنەوەی دەرگای ئاسنینی ڕاڕەوەكە بوون، ڕووناكاییەكی زۆر خۆیكرد بە ژووردا، لەناو ئەو ڕووناكاییەدا لەدەستە ساردەكان و گیرفانی تەرمەكەوە بە سەدان دەنكە موورووی ڕەنگاوڕەنگ ڕژانە نێو سنوقەكەوە، كە هەستم بەوە دەكرد ژیان لەناو ئەو سنوقەدا پڕە لە ڕەنگ، پڕە لەو گۆرانییانەی كە منداڵانی گەڕەكەكەی حەسام بۆ زەنگیانەو مووروەكانیان دەوت.

لەیادمە دوای ماندووبوونی مەشقی سەربازیی و ئارەق ڕشتن و بێخەوی كە دروشمی مەشقەكە، ئارەق ڕشتن لە خوێنی جەنگ كەمدەكاتەوە، دەگەڕاینەوە بۆ سەر جێگەی نووستن، چەند قەرەوێڵەیەك لەولاترمەوە، ئەو كاتانەی كە وەڕینی سەگە برسییەكان شەوانی سەربازگەكەیان هەراسان دەكرد بەترس و بێدەنگی، دەمبینی تاوەكو بەرەبەیان بەو زەنگیانەو موورووانەی كە پاشماوەی گوندە چۆڵكراوەكەیان بوو وێنەی وەستایەكی كارامەو لێهاتوو چەندین بابەتی بەدەست و پەنجە وردەكانی دروستدەكرد، كە زۆرجار پەنجەكانیم دەبینی بەتۆزی مووروەكان ڕەنگرێژ دەبوون، تا ئەو كاتەی سەربازگەكە لەیەك كاتدا لەخەو هەڵدەستان و بەرەو گۆڕەپانی مەشق بەڕێدەكەوتن، بێئەوەی كەسێك پێی بزانێت كەرەستەكانی لە توورەكەیەكدا كە لە قوماشی مەخمەلیی و بەچەندین شێوەی گوڵ و پەپوولەی ئەفسانەیی نەخشێندرابوو، دەشاردەوە، هەر كاتێك دەرفەتێكی بۆ هەڵكەوتایە ئەو كەرەستانەی دروستیدەكردن دەیبرد بۆ منداڵانی گەڕەكەكەی حەسام بەسەر یەك بە یەكی منداڵەكاندا دابەشیدەكرد، لەو بابەتانە شێوەی سەیر سەیری دەبینرا، كە پێدەچوو ئیلهامی خەونێكی ناخۆش بێت، بۆ نموونە جانتای كچانەی دروستدەكرد لەشێوەی پڵنگێكدا، یاخود قەلەڕەشێكی دروستدەكرد لە شێوەی قردێلەیەكدا، یاخود ئەسپێكی دروستدەكرد كە بە باڵی شەمشەمەكوێرە دەفڕێ... یاخود دارخورمایەكی دروستدەكرد لە وێنەی شمشاڵێكدا كە دەنكەكانی لەگوارە دەچوون، چەندین بابەتی یاریی تر كە جگە لەخەون و خەیاڵی سەرشێتانەی خۆی، دڵی منداڵەكانی پێ خۆشدەكرد.

شەوێكیان بێ ویستی خۆم، یاخود زیادەڕۆیی نەكەم نازانم سیلەی ڕەحم و زمان بوو

یان شتێکیتر چوومە لایەوە، دیاربوو هاتنەکەمی پێناخۆش بوو، وەکو منداڵێك کە دەست بەیارییەکانییەوە دەگرێت و کۆیاندەکاتەوە، زەنگیانەو مووروەکانی کۆکردەوەو بەبێدەنگی بەرامبەرم دانیشت، سەیرێکی کردم و پێیوتم، سبەینێ دەمەو ئێوارە لەسەر کەناری دیجلە حەسام دەبینم. لە بەرامبەریدا نەمتوانی رووخساری پرسیارو حەپەسانم بشارمەوە، کە پڕبوو لە پێشبینیی چاوەڕواننەکراو، چۆن حەسام دەناسێت؟ چ پەیوەندیەك لە نێوان ئەو و حەسامدا هەیە؟ یاخود چ نهێنییەکە تاوەکو ئێستا بەو یەکترناسینەم نەزانیوە؟ چەندین پرسیاریتر لەو شەوەدا کە بەدرێژترین شەوی تەمەنم دەزانی بێخەوی کردم، لەو شەوانە دەچوو کە چیتر ئینسان بڕوا بەوە ناکات رۆژببێتەوە. لە دوای ماوەیەك بێدەنگی لە شوێنی خۆم هەستام، ئەو جارێکیتر بەدەم یاریکردنەوە بە مووروەکان پێیوتم، گەر پێتخۆشە دەتوانی تۆش بێیت.

کەناری رووباری دیجلە لەناو خۆرئاوابووندا رەنگی پرتەقاڵی دەدایەوە، جارجارە هەندێك بەلەمی بچووکم دەبینی کە راوچییەکی تێدابوو تۆڕە خۆڵەمێشییەکەی هەڵدەکێشا بێئەوەی ماسییەکی گرتبێت، هەندێکیشیان بۆ بەدەبەختی ئەو رۆژەیان کە بێسەمەر دەگەڕانەوە گۆرانییان دەوت، بەڵام گۆرانییەکی غەمگین، کە زۆرجار خەیاڵی ئەو کەسانەی دەبردەوە کە جگە لە مەستییەکی شێتانە هیچ شتێکی تریان شك نەدەبرد، لەوبەری رووبارەکەوە ئەو منداڵانانەی لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا بەڕووتوقوتی وێنەی ماسییەکی بریندار خۆیان لە رووبارەکە هەڵدەکێشا، وردەوردە کەناری رووبارەکەیان بەجێدەهێشت و لەناو توولە رێگەی باخی دارخورماکاندا وندەبوون. کەنارەکە هێواش هێواش تاریك دەبوو، شەوق و بریقەی رووناکایی گڵۆپەکان بەسەر توێی شەپۆلە خۆڵەمێشییەکانەوە، شێوەی مووروەکان رووبارەکەی رەنگرێژ دەکرد، لە دووریشەوە دەنگی ئاژێر دەهات کە ئاگادارییەك بوو بۆ ئەگەرێکی هێرشێکی ئاسمانی، دەنگەکە چەندینجار دووبارە دەبۆوە، تا ئەو ئاستەی لەپڕێکدا ئاسمان یەك پارچە بوو بە ئاگرو رووناکی، لەم کاتانەدا وەك ئەوەی خەڵکەکە عادەتی بەم هێرشە چاوەڕواننەکراوە گرتبێت شێوەی ئاسایی ژیانی خۆیان بەڕێدەکرد ریتمی خۆیان تێکنەدەدا. پاش کەمێك لەتەوابوونی ئاژێرەکە دنیا بووە تاریکیەکی تەواو، چار نەبوو چیتر دەبێ رووباری دیجلەو کەنارەکانی بەبۆن بناسیتەوە، بیرم لەوە دەکردەوە لەم تاریکاییەدا کە ئینسان بەرپێی خۆی نابینێت چۆن حەسام و هاورێکەی بدۆزمەوە؟ بەملاولادا دەمڕوانی، سەرنجی قوڵم لەو کەسانە دەدا کە هیچ نەبێ بەئاگری چەرخەکانیان جگەرەیەکیان دادەگیرساندو کەمێك رووخسارە ماندووەکانی رووناك دەکردەوە، لە دوای گەڕانێکی زۆرو بێهوودە کەسیانم نەبینی، ئەوەی لەو ئێوارە درەنگ وەختەدا بینیم رووناکایی چەند لایتێك بوو





بەدەستی مەلەوانەکانەوە، کە بۆ ماوەی سێ رۆژ دەبوو منداڵێك کە ملوانکەیەکی رەنگاو رەنگی لەملدا بووە دیار نەماوەو گومانی ئەوەی لێدەکرا لە رووبارەکەدا خنکابێت. یەکێك لە مەلەوانەکان پێیوتم، ئەو بەدبەختە بێکەسەو خەڵکی گەڕەکەکەی حەسامە. لەو کاتانەدا کە مەلەوانەکان جارێکیتر سەرقاڵی گەڕان و پشکنین بوون، کاروانێکی سەربازی بە کۆمەڵێك بارو کەلوپەلی بە گوریس شەتەك دراو و دەیان سەربازی ماندو و خەواڵووەوە بەلاماندا تێپەڕین، بۆ تاوێك لەو کاروانە وردبوومەوە، خەیاڵم رۆیشت بۆ ئەو ساتەی کە بۆ یەکەمینجار لە شەوێکدا کە باو بۆران و گەردەلوولی بیابان هەڵیکرد، بە فەرمانێکی کتوپڕ ئاگادارکراینەوە کە دەبێت هەر ئەمشەو بگەینە زۆنگاوەکان بۆ دەستگیرکردن و کوشتن و بڕینی ئەو خێڵەی لە یاساکانی جەنگی حکومەت یاخیبووەو ئامادەنین ژیانی سەربازیی قەبوڵ بکەن، بێئەوەی ئاگاداری هیچ شتێك بین، تەنها گوێڕایەڵی فەرمانەکان بووین، بەتایبەتی بۆ ئەو یەکە سەربازییەی مەشقمان تێدا دەکرد، تەنها کارێك کە هەمانبوو سەرکوتکردن و کوشتن و بڕین و لەناوبردنی یەکجارییان بوو، شوێنی مەشق و راهێنانیشمان لەقوڵایی بیاباندا بوو، لە شوێنێکدا جگە لە دەریایەك لم هیچی ترمان لێوە دیار نەبوو، ئەمەش بەمەبەست کرابوو تاوەکو لە بەرامبەر ژیاندا دڵرەق و بێڕەحم بین، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین ژیان جگە لە جوڵەیەکی بێ ئامانی لم هیچیتر نییە. ئەو کاتانە بە ئەندازەیەکی ترسناك مەشقیان پێدەکردین تا ئەو سنوورە رق و کینەمان تێدا دروستبکەن و قێزمان لە رووخساری خۆمان بێتەوە، ئەوەی سەیر بوو لەکاتی مەشق و راهێناندا ئەوەی نەبوورایەتەوە یان خوێن لە لووتی نەهاتایەو یاخود لە سادەترین حاڵەتدا نەمردایە وەك بێ ئیرادەو ترسنۆك سەیریان دەکرد شایەنی ئەوە نەبوو نانی بدەنێ و ببێتە پاڵەوان و قارەمان.

لەو شەوەدا وەك ئەوەی سەردەمانێك بێت سەربازەکان تینوی قومێك ئاو بن، خوێن بەری چاوی گرتبوون، لە ماوەیەکی کورتدا بەگەیشتنمان بۆ ناو زۆنگاوەکان بەلەمێك.. قامیشێك.. قەوزەیەك، کوخێك.. پەڕی باڵندەیەك.. ئاگردانی تەنوورێك.. نەدەبینرا کە شەلاڵی خوێن نەبووبێت.. بۆ بەیانییەکەی لە پێش وەختی خۆیدا هەموو شتێك تەواو بوو، ئەوەی مایەوە تاوەکو ماوەیەکیش بووە مایەی پرسیار هەڵاتنی کەسێك بوو کە نەدەکرا لەو هێرشەدا تەنانەت- با- ش رزگاری ببێت. هەڵاتنی ئەو کەسە نەناسراوە بووە هۆی ئەوەی کە سزای سەربازیی بدرێین، سزاکەش بۆ ماوەی چەند رۆژێك بە کەلەپچەکراویی لەبەر خۆری بیابان بێ نان و ئاو پاڵیاندەخستین، پاشان کۆڵەپشتێکیان لێدەبەستین و پڕیان دەکرد لەبەرد بۆ ماوەی پێنج کیلۆمەتر چوون و گەڕانەوە دەبوایە بێ وەستان کۆڵە پشتەکە بێئەوەی بەرد لەبەرد بدات و دەنگی لێوە

بێت بمانگەڕانایەتەوە شوێنی خۆی، لە دواییدا فڕێیان دەداینە ژوورێکی گەورەی تاریك، بێڕەنگ، بێ بۆن، پڕ لەجروجانەوەری بیابان، بەو شێوەیە دەماینەوە تاوەکو ئێمە بەداوای لێبووردنەوە دەگەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

خەیاڵم، وێنەی وردە شەپۆلەکان رووباری دیجلە لە ژێر تیشکی مانگدا سپی دەچوونەوە، کە لەناکاو کەسێك دەستی خستە سەرشانم و بەدەنگێکی هێمن، هێمنتر لە شەوانی بیابان پێیوتم، ببوورە.. لەوە زیاتر چاوەڕوان مەبە، حەسام گەرەکەکەی بەجێهێشتووە، دڵنیابە جارێکیتر نایبینیتەوە. هاوڕێکەم کە چاوەکانی ببوونە دوو مووررووی شین، بەشێنەیی دەستی گرتم و نامەیەکی بچووکی لەناو دەستە ساردەکانمدا گرمۆڵە کرد، نەمویست لێیبپرسم ئەم نامەیە چۆن گەیشت و چی تێدا نووسراوە، چونکە دڵنیابووم لەوەی ناوەڕۆکی نووسینەکەی حیکایەتێکی ترەو تەنیایی و دوورەوپەرێزییەکی تەواوی دەوێت، تاوەکو لە ماناو ئاماژەکانی بگەم بۆ ئەوەی نووسینەکە وەك خۆی وەك ئەوەی کە نووسراوە بخەمەڕوو. لەو دوا ئێوارەیەدا چیتر بێئومێد بووم لەوەی جارێکیتر حەسام ببینمەوە، بەڵام بەردەوام پرسیاری ئەوەم دەکرد ئەم دوانە چۆن یەکتر دەناسن، ئایا ئەو رێکەوتە چییە کە ئەو دوانەی لە کەناری رووباری دیجلە کۆکردۆتەوە؟ یەکترناسینی حەسام و هاوڕێکەی بۆ سەرەتای جەنگ دەگەڕایەوە، بۆ ئەو کاتەی کە سەردەمی سووتاندنی قامیشەڵانەکان و وشککردنی زۆنگاوەکان دەستیپێکرد، عەلی کەبنەچەی دەگەڕایەوە سەر شیعەکانی کەربەلاو باپیرەی پشتاوپشت دەچووە سەر حەسەن و حسێن، ماوەی چەند ساڵێك بوو لە دەوروبەری گوندێکی نزیك دیالە ژیانیان دەبردەسەر رێکەوت وایکرد کە لەو رۆژگارەدا حەسام بناسێت، عەلی بۆیگێڕامەوە تەنا کەسێك کە لەنزیکەوە ئاگاداری وشککردن و سووتان و بڕینی قامیشەکان بێت حەسام بوو، کە دەمبینی هەستم دەکرد بە شوێن شتێکدا دەگەڕێت، شتێك پێدەچوو لەژیانی بەنرختر بێت.

ژیان بارێکی قورس بوو بەسەر شانمەوە، تامی هیچ شتێکم نەدەکرد، جارجارە لەوێستەگەی رادیۆی سەربازگەکەوە کە لە بڵندگۆیەکی ژەنگاوییە پەخشدەکرا، چەندین هەواڵم دەبیست و بەرگوێ دەکەوت، کە هێندەی تر تێکیدەشکاندم و وەك بەرد دوو کەرت دەبووم، کەرتبوونێك کەهیچ هێزێکی ئەفسوناویی نییە بتوانێت جاریکیتر پێکەوەمان بلکێنێتەوە. بیستنی هەر هەواڵێك دەیبردمەوە بۆ گەرمیان، بۆ خاکێك کە لەژێر تەپوتۆزو گەرمادا خنکاوە، بۆ ماڵەکانی کە سەربان و دیوارە گڵینەکانی خۆرەتاو سووتاندوونی، لەو کاتانەدا تووشی نەخۆشییەك بووم کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەتەنیا بێ هیچ چارەسەرێك لەسەر جێگەی نووستن راکشابووم، هەستمدەکرد



مێشك و جەستەی شەکەتم تونێلێکی بێ کۆتایی تاریکەو سەدای ئەو دەنگانە لەگوێمدا دەزرنگێتەوەو بۆ چەند جارێك دەنگدەداتەوە کە رۆژانێك بوو ناسیومن و لەگەڵیاندا ژیاوم. بۆ خۆشم بڕوام بەوە نەدەکرد کە چۆن ئەم جەستە بچکۆلانەیەم جێگەی ئەو هەموو هاوارەی تێدا دەبووەوە، ئەمە پاش ئەوەی کە ماوەیەك لەدوای بێهۆشبوون و بورانەوە وەك ئەوەی پەرکەم بمگرێ هاتمەوە سەرخۆم و وەك قسەی حەکیمێك کە دەڵێ ئەمە ژیانەو دەبێ دوای چارەنووسی خۆت بکەویت، بڕیاری ئەوەمدا کە مانەوەی تەنها کەسێك بەسە بۆ ئەوەی ژیان و حیکایەتەکانی بەردەوامبێت. بێئاگا لەخۆم ئێوارەیەك کە ماوەیەك بوو عەلیم نەدەبینی ئەم چیرۆکەم بۆ حەسام گێڕایەوە، حەسام پێیوتم، چیتر پێویست ناکات پێمبڵێیت گەرمیان کەوتۆتە کوێوە، لە رادیۆکەوە هەموو شتێکم بیست و هەموو شتێك دەزانم. هەر واشبوو ئەو کاتانەی هەواڵەکانی رادەگەیاند سەدای بڵندگۆکە گەرەکەکەی حەسام و پێدەشتەکەی دادەپۆشی، لەوێوە چیتر پێویستی بەوە نەدەکرد پێیبڵێم من کێم و خەڵکی کوێم، چونکە ئەو باشتر لە ژیانم تێگەیشتبوو. جارێکیتر کە حەسامم بینییەوە لەدەستەکانیدا مشتێك مووررووی پێبوو، هەر ئەو کات چۆن دەنگە شاراوەکانی ناخم دەناسییەوە، بەهەمانشێوە مووررووەکانم لێبووە دەنگ و زانیم مووررووەکانی عەلییە، حەسام پێیوتم سەیر نەبێ بەلاتەوە کاتێ ناسیم، لە رەنگی قامیشەکان و قەوزەی سەرئاو کەوتووی زۆنگاوەکان و خۆڵەمێشی کوخە سووتاوەکان، زەنگیانەو مووررووی دروستدەکرد، حەسام جارجارە بۆنی دەستەکانی دەکرد وەك ئەوەی منداڵیی و یادگارییەکان و زێدی باووباپیرانی لەرۆحی مووررووەکاندا بێت.

لەگەڵ عەلی-دا گەڕاینەوە بۆ سەربازگەکە، کە وەك هەموو ئەو شەوانەی تێپەڕین لەدووکەڵکێشی جەمەلۆنە قەدەغەکراوەکەوە بۆنێك دەهات کە چیتر گومانی ئەوەی لێنەدەکرا، ئەو بۆنە ئێسکوپروسکی سووتاوی ئەو کەسانەیە کە لە سەربازی هەڵدەهاتن، گۆشت و خوێنی ئەو ژن و منداڵانەیە کە بەبیانووی کەسوکاری یاخییەکان دەستگیر دەکران، پاشان بەبیانووی بەرەو ژیانێکی خۆشتر ناونووس دەکران و دەهێنران بۆ ئەم سەربازگەیە کە چیتر هیچ گیانلەبەرێك و بوونەوەرێك بەرگەی ئەو بۆنەی نەدەگرت کە ئاگری لەرۆح بەردەدا. کردنەوەی نامەکە بۆ من وەکو ئەوە وابوو منداڵێك بەدەستی خۆم فڕێدەمە ناو ئاگرەوە، زۆرجار لە ژیانمدا دڵم ختوورەی کردووەو ترساوم، بەڵام ترسی ئەمجارە کە وشەکانی نێو نامەکە وەك تێزاب بەپەنجەکانمدا دەڕژێن و دێنەخوارەوە، لەترسی یەکەم رووبەڕوونەوە دەچێ کاتێك بمەوێت رووی راستەقینەی خۆم ئاشکرا بکەم، روویەك کە دووکەڵێکی فریودەرو نەفرەتلێکراو بووەتە دەمامك و لەودیوەوە، لەودیو جەمەلۆنەکانەوە جگە لە ژیانێکی لێڵ و تێکەڵ و پێکەڵ هیچیتر نابینم، ئایا بەڕاست

لەوە ترسناکتر چییە ئینسان بیەوێت رووی راستەقینەی خۆی ئاشکرا بکات؟ ئایا ئەو ئازایەتییە ماوە؟ بۆ دەبێت لە بەرامبەر ئاشکراکردنی رووی راستەقینەم جەستەی خۆم رۆحی خۆم خەون و خەیاڵی خۆم ببێتە قوربانی؟ بۆ دەبێت ئینسانە ئازارکێشەکان یەکەمین قوربانی بن؟ ئایا جگە لە قوربانی ناوێکیتر هەیە بۆ چێژی ژیان؟ بەناو ڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشتم و پرسیارەکان وێنەی هەورێك لەمێشوولە بە دەوری سەرمدا دەخولانەوە، لەودیو ڕاڕەوە تاریکەکانەوە کە دەچووە سەر چۆڵەوانییەکی کوشندە تەنها پەنجەرەیەکی لەسەر بوو کە بەئاستەم رووناکایی مانگ رۆشنی دەکردەوە، عەلیم بینی کە بەدیار هۆنینەوەی مووروووەکانەوە خەوی لێکەوتبوو، لە پاش کەمێك ڕۆیشتن و تێپەڕین لە ڕاڕەوەکەو گەیشتن بە چۆڵەوانییە کوشندەکە کە تەنها خۆم و خوداو زەمین ئاگادار بووین نامەکەم کردەوە. (سوێند بە ئاسمان، سوێند بە رووناکی خۆر کە وەك هەورە بروسکە شەونمی سەر پەلکە گیا دەکات بەقەقنەس، سوێند بە خوداوەندە بەردینەکانی باپیرانمان، سوێند بە منداڵانی گەڕەك کە دەڵێی ملوانەکەی شینن، سوێند بەو ماسییە بچکۆلانانەی کە بە تەنافی تەنیایی زۆنگاوەکاندا هەڵدەواسران، سوێند بەو دەزووە رووناکییەی لە نێوان قامیشەکانەوە دەهاتە کوخەکەمان و روانینەکانی دەکردین بە ئاوی ئاڵتون، نەمدەویست ئەم نامەیە بۆ تۆ بنووسم، بەڵام تەنها شتێك کە بیرم لێکردەوە نووسینی ئەم چەند وشەیە بوو کە دڵنیام ئینسانەکان لەیەك دادەبڕێن، بەڵام وشەکان لەیەك دانابڕێن، وشەکان تەنها بوونەوەرێکن کە زەمەن دەبڕن و یاساکانی گەردوون دادەڕێژن. هاوڕێم.. هەمیشە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتێك پێویستمان بەوەیە چۆن دەستپێبکەین، گەرچی من لەو باوەڕەدام ئەو ژیانەی تیایدا دەژین و ژیاوین لە کوێوە دەستپێبکەین حیکایەتێکی سەرنجڕاکێشەو لە هەر گۆشەو پەنایەکەوە لێیبڕوانین سەرەتایەو بەردەوام سەرەتاکانیش بارێکی قورسە بەسەر شانمانەوە، تۆ ببینە موسا.. عیسا.. یوسف.. زەکەریا.. محەمەد..، خەیاڵ بکەرەوە لە قابیل کە سەرەتایەکی چەند ترسناك و سەخت و دژواری هەبوو بۆ کوشتنی هابیل کە سەرەتای چیرۆکەکەی کۆتاییەکی بەردەوامە، کۆتاییەك وێنەی زریان و گەردەلوول و باوبۆرانی دەریا کە شکسپیر لە بەرامبەر تاوان و گوناهە چاوەڕواننەکراوەکان سوێندی پێ دەخوا. لێمببورە کە نەمتوانی بتبینم، بەڵام باشبوو عەلیم بینی کە دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت ئەم نامەیەی بدەمێ، تۆ بۆ خۆت لەوە ئاگاداریت من نەمدەتوانی لەوە زیاتر لەو گەڕەکەدا بمێنمەوە، چار نییە.. پێدەچێت ژیان و چارەنووس ئێمەی تەنها بۆ بارکردن و ژیانی کۆڵ بەکۆڵ خەلق کردبێت، لەخۆت بڕوانە کە چارەنووس چ یارییەك بەڕوانینەکانت دەکات، لە عەلی بڕوانە لە خەیاڵی مووروووەکاندا چ گەشت و سەفەرێکی سەرکێشانەی هەیە، سەفەری دۆزینەوەو گەڕان بەشوێن ئەوانیتردا، سەفەرو گەڕان بەشوێن سەرزەمین





و ئاسمانێکدا کە چیتر لەقوڵایی مووروویەکدا دەیدۆزێتەوە، نامەوێت لەوەندە زیاتر درێژە بەنامەکە بدەم، ئەوەندەی دەمەوێت تکایە با لای خۆت پارێزراوبێت، چونکە چیتر ناتوانم لە گەڕەکێکدا ژیان بەرمەسەر کە منداڵێکی تێدا نەبێت، نامەوێت لێتی بشارمەوە گەڕەکەکە جگە لە زەنگیانەو مووروووەکانی عەلی و یادگارەکانی هیچیتری تێدا نەماوە، ئەوە تەنها منم کە یەك یەك کۆیاندەکەمەوە بەدەم خەیاڵی پیاسەیەکی رووباری دیجلەوە دەیاندەم بەدەم شەپۆلەکانەوە، بەڵکو ئەمە خوایە منداڵەکان لەقوڵایی رووبارو دەریاکاندا نووستبن.

هیوادارم جارێکیتر رێکەوت کۆمانبکاتەوە. حەسام.. لەجیاتی منداڵانی گەڕەك.

بۆ رۆژی دواتر عەلی- م بینی جانتایەکی دڕاو و خۆڵ لێنیشتوو بەشانەوە بوو، رەنگی جانتاکە تینی گەرما کاڵ کاڵی کردبووەوە، هێشتا چاوەکانم تەڕایی گریانی دوێنێ شەوی پێوەمابوو کە بانگی عەلی -م کرد، عەلی هەمیشە لە مۆڵەتەکاندا کێچ دەکەوتە کەوڵییەوە پەلەپەلی دنیای دەکرد تاوەکو دەگەیشتە ئەودیو دەروازەی تەلبەندکراوی سەربازگەکە، هەر ئەوەندەی چەند هەنگاوێك تێپەڕ دەبوو، لە شوێنی خۆی رادەماو نەیدەزانی چی بکات، بۆ کوێ بڕوات، ئەو بۆ خۆشی دەیزانی تەنها شتێك کە بەم دنیایەی دەبەستێتەوە تەنهاو تەنها زەنگیانەو مووروووەکانی بوو، بەردەوام لە مەراقی دروستکردنی یارییەکاندا بوو بۆ منداڵەکانی گەڕەکی حەسام، ئێستا نە حەسام.. نە منداڵانی گەڕەك، نە کۆڵانە تەنگەبەرەکان، نە دارخورماکان، نە چرای خامۆشی ماڵەگڵینەکان، نەماون و چۆڵەوانییەکی تاریکە، ئێستا ئەو گەڕەکە مەملەکتێکی ترەو شوێنی پاشماوەو فڕێدانی خۆڵەمێشی لاشەکانە. جارێکیتر لەدیواری تەلبەنە دڕکاوییەکەوە بانگمکرد، هاتە پێشەوەو بێئەوەی ورتەیەك لەدەمم بێتە دەرەوە، پێیوتم، خۆت دەرباز بکە..! ئەوەندە فریاکەوتم نامەکەم دایە دەستیی و پێموت، هێشتا دەرفەتی هەڵاتنم نییە، بەڵام دەتوانی ئەم نامەیە رزگار بکەیت.

لە دوای دابڕانێکی دوورو درێژ کە ئیتر ئەوە دواجار بوو بیبینمەوە، هیچ هەواڵێکیم نەبیست تا ئەو کاتەی بۆ یەکەمینجار ناو جەمەلۆنە تاریکەکانم بینی و دوای ئەو دوو سەربازە کەوتم کە لەژێر دوو چاویلکەی رەشەوە چاودێرییان دەکردم، ئەو دوانە وا راهێنرابوون تەنانەت گومانیان لە مردووەکانیش دەکرد، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بوو ناسینەوەی دەستوخەتی نامەو مووروویەك بوو کە یاساکە بەو شێوەیە بوو هیچ تەرمێك نابێت نهێنی نامەیەك و یادەوەریی مووروویەك لەگەڵ خۆیدا بەرێت، ئەمە یاسای ژیان بوو لە شوێنێکدا، کە تێناگەم من بۆ خۆم لە دوای تێپەڕبوونی بیست و پێنج ساڵ و گەڕانەوە بۆ ئەو یادەوەرییە تاڵە چۆن لەو یاسایە رزگارم بووە.



# درەنگە درەنگ نییە

باران
ستۆکهۆلم

پەڕەپەڕەگوڵێك دەوەرێنێت و لەدڵی خۆیدا دەبێژێت؛ درەنگە، درەنگ نییە. پلەپلە پێ لەسەر پلیکانەکان دادەنێت و لە بەردەم خۆیەوەدەڵێت؛ درەنگە، درەنگ نییە.
بەدڵەڕاوکێی درەنگبوونەوە؛ هەنگاو هەنگاو لەپۆرترێتێك نزیك دەبێتەوە. هێواش هێواش پەنجەکانی لەسەر دانە دانـەی کیبۆردی پیانۆیەك دادەنـێت. بەخێرایی گـێـژەڵـووکـە، لەنمایشێکی سەماکردنی سەر سەهۆڵدا، بێشومار



دەسوڕێتەوە. نامەکانی مەعشووقێکی بریندار، لەتەنەکەخۆڵی عاشقەکەیدا دەردێنێتەوە.دەرفەتێك دەداتەبەرێکەوت تاوانبارێك و لەبەردەم دەرگای دادگای گشتییدا، پشتاوپشت دەگەڕێتەوە. سەردانیماڵی خوا دەکات و ئیمزا بۆ نەرمبوونی بەردەکان کۆدەکاتەوە. دەخوازێت بەدەستی بێت و ئەرکی سەرپشکبوون، لەقەدەری ناوازەبستێنێتەوە...
هاوڕێیەکی بیماری، لەهەمان ئەو بیمارستانەی کە ئەمی لێیە، بەیەقینەوە دەڵێت؛ (درەنگە) و ئەم هێشتا چاو لەرێی هاتنەوەی (قەرەج)ێکە. قەرەجێك کەلەچاخێك لەچاخەکانی سەدەی زوودا هاتەسەر رێی و دەمی هاتنی هێندەزوو بوو هێندەزوو بوو، وەك دەڵێن، کچەکە هێشتان پەڕەیەکی سپی بوو، پەڕەیەك پڕ پڕ لەئامادەگیی پڕبوونەوە و پڕ لەخۆشیی گەیشتن و پێراگەشتن. دڵی، دڵی منداڵێك بوو، لەسەرپێ بۆ زوو تۆران و ئارەزووکردنی زوو ئاشتبوونەوە. ڕێك لەو وەختەدا بوو کەقەرەجێك هاتەسەر رێی و ئەمی لەماڵ هەڵکەند، کەچی نە خۆی نیشتەجێ بوو، نەلەگەڵ خۆیشی ئەمی برد.
کاتێك کە قەرەجەکە بەبێ ئـاوڕدانـەوە ڕۆشـت، کاتێك کەبەجێیهێشت، دڵی بەدەستییەوەبوو. دڵی بەکۆڵان و شەقامەکاندا، لەسەر بەری دەستی گێڕا، تا بەپێی خۆی گەیشتەئەو بیمارستانە. تا گەیشتە بەردەم دکتۆرەکەی. تا پێیوت دکتۆر ماندووم، دکتۆر دڵم...
یەکەم ڕۆژ کەبیمارەکەی هاوڕێی بینی، بۆ ساتێك وایزانی نزیك دەیناسێت. بەڵام ئەو بیمارەکە ئەمی بینی، دیقەتی سەر سنگی داو حاڵ گرتی، لەسەر زەوییەکە کەوت و بەدوو کەس گرتیان. بەهەر چوارپەل پەلەقاژێی دەکردو هاواریدەکرد؛ دڵت بۆ ڕەشە؟ دڵت بۆ ڕەشە؟ کچەکە لەدڵی خۆیدا دەیوت؛ گەمژە، دڵم وا لەسەر دەستمە، سەرنجی کوێ دەدەیت؟ نەفام دڵم وا خوێنی لێ دەرژێت، کەی ڕەشە. لەو قسانەدا بوو، پەرستارێك هات و دڵێکی یاقووتی ڕەشی بەزنجیرێکی زێڕەوە لەملی داکەند!
ئەم خانمەلەو جێگایەباش هەڵدەکات. بەپێچەوانەی نەخۆشەکانی ترەوە کە ئەوێیان بەلاوەزیندانەو هەمیشە لەهەوڵی هەڵهاتندان. کەس ماندوو ناکات و تەنیا کەسیشەکە لەوێدان بەناساغی خۆی و دانیشووەکانی نەخۆشخانەکەدا دەنێت، بەڵام ئەمەبەروونی ناگەیەنێتە دکتۆرەکان، نەوەکا بینێرنەوە ماڵەوە! ئاخر ئەم تازە بەئەڤینی قەرەجێکەوە هۆگرو کێویی بووەو لەتەنیایی و لەناو چوار دیواری ماڵەوەدا شێت دەبێت! لەوێ هیچ نەبێت نیوەی کات خپ کراوەو لەسەر خۆی نییە. زۆربەی جاریش خۆی بەژماردنی

درزەکانی دڵییەوە خەریك دەکات و جارێکە دروست نازانێت، دڵی بووەبەچەند کەرتەوە؟

هاوڕێکەی موعتادی ئەو دەرمانانە بووەکەلەو بیمارستانە بەمەبەستی هێورکردنەوەی دەیدەنێ. شەوانە بێدارەو لەکونجێکی ژوورەکەدا، خۆی کوشمەڵە دەکات و وەك لاوازترین پیاوی دنیا، تژی لە ئازاری ویژدان و دڵشکان دەناڵێنێت. کچەکە لێی نزیك دەبێتەوە، دەیەوێت بیدوێنێت و نازانێت دڵی ئەو یان دڵی خۆی دەداتەوە کەدەڵێت؛ با دڵنیا بێت دڵت، کەسێك لێرەنییە بیشکێنێت. با دڵنیا بێت، ئەوەندە درەنگەکە ئامانجێك لەوسەری ڕێگاکەنەماوە، تا دڵت بۆی، لەپێنەگەشتنیدا، لەخۆت دامێنێت. ئیدی غووربەت و تەنیایی قەدەرتەو هەناوت یەکلابکەرەوە کەچیدی چاوەڕێی کەس نەبێت لەخۆوە پێشنیاری لەگەڵبوونت بکات و بیرۆکەی پرسیارکردنیش لەهاتن و گەڕانەوەی قەرەجێك لاوەنێ.

هاوڕێکەی، بۆ یەکەمجار، بەهێمنی قسەدەکات و سەری لەکۆشیدایە کەدەڵێت؛ بەخۆشەویستی هاوسەرگیریمان نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر هۆگری یەکتری بووبووین، لەدەمی پێکەوەژیانمانەوە هیچ کات لەیەك دوور نەکەوتبووینەوەو زۆربەی کات لەبڕیارو ئارەزووەکانماندا تەبا بووین. بەڵام بۆ هاتنەدەرەوەمان لەوڵات و بەو ڕێگایە، بەزۆر قایلم کرد. ئەمەمانای ئەوەیەمن کوشتم، من هاوژینە شیرینەکەم کوشت! بەڵام من ویستم بێین دنیا ببینین، ویستم بێین بژین. تێمدەگەیت؟ توخوا تێمدەگەیت؟

کچەکەسەری هاوڕێکەی بەرز دەکاتەوە ،تا سەیری چاوی بکات کاتێك کەقسەی بۆ دەکات و دەڵێت؛ بڕیار بوو دوو منداڵمان ببێت. بڕیار بوو لەو دنیاش یەکتری هەڵبژێرینەوە. بێسنوور خۆشمدەویست و تکام کرد لەباوەشی ئەودا بمرم. کەچی لەمدنیاش بەجێیەێشتم، کەچی دەژین و بێ یەکین! توخوا سەیر نییە؟! توخوا عاشق وادەبێت؟!

هاوڕێکەی وتی؛ یانزەرۆژ بوو نانمان نەخواردبوو. بێ ورەو بێ هێز ئەو کێوە سەختانەمان دەبڕی. لەناکاو ژنەکەم وتی من دڵم ڕەش دەچێتەوە، من دڵم بەم کۆچەوەنەبوو. ویستم پێی بڵێم دڵت بۆچی ڕەش دەچێتەوەو ئەو قاچی ترازا. وەك چۆن گوڵدانێکی کریستاڵ لەبەرزاییەوە بکەوێتەخوارەوە، هارەی کرد. گاشەبەردەکانم دەبینی، چەند دڵڕەقانە خۆیان پێدا دەکێشا. بینیم سەری ئەو چۆن تەقی و هەستمکرد خوێن لەدڵی منەوەچۆن قڵپەی کرد. هەر لەناو ئەو شاخانەدائەومان ناشت و منیش هەر لەو ناوەعەقڵم ونکرد. توخوا تۆش بیت شێت نابیت؟





ئەم وتی؛ شەوانەحیکایەتم بۆ دادەهێناو دەمنواند. تا خەوێکی قووڵ دەستی دەگرتم و دەیلاواندم. سەری لەسەر سنگم نەبووایە، هەستی بەئارامیی نەدەکرد. بەیانیان بەماچی ئەو نەبووایە خەبەرم نەدەبۆوە. خواردنێکی ئێجگار خۆشمان دروستدەکرد، تایبەت بوو بەخۆمان. گوێبیستی (خالقی) دەبووین و پێکەوەدەمانوت؛ ئای کەبیرتدەکەم، هاوار بیرتدەکەم. لەگەڵ (کابان)دا دەمانچریکاند؛ عەشقی من یان گیانی ساوا، یان فریشتەپاکترە؟ ژینی جیایی یان مەرگ، کامیان لەکامیان چاکترە؟ کەچی لەناکاو و وەك ئەوەی لەمێژ بێتداینابێت ڕۆژێك دووربکەوێتەوە، ڕۆیشت. ئەو قەرەجەی دڵم بەجێیهێشتم. توخوا زۆر سەخت نییە؟ توخوا ناحەقمەشێت بم؟

ئەو وتی؛ تازەقەدەر دڵی شکاندم، تازەزیندوو نابێتەوە، تازەزۆر درەنگە. ئەم وتی؛ بەر لەڕۆشتنی، گریام بۆ ماچێك و نەیدامێ. لەنامەیەکدا سووتام بۆی و نەیخوێندەوە. بەتەنیا لەبەر ئەو خۆم فێری ژەندنی پیانۆ کرد، لەڕۆژی لەدایکبوونیدا پارچەیەك مۆسیقام لەڕۆحمەوە بۆ لێداو گوێی لێ نەگرت. داوەتی نمایشی سەماکردنی سەر سەهۆڵم کرد، چونکەخۆی زۆر ئارەزووی لێبوو، بەڵام نەهات. هەرچی دەکراو نەدەکرا کردم و خۆی بەخاوەنی هیچ نەکرد!

پەرستارێك بەمیهرەوە ژەمەخواردنی نەفەرێك دەباتەژوورەوە. کچەکەلێی دەپرسێت؛ ئەوەبۆ کامان؟ پەرستارەکەدەڵێت؛ بۆ تۆ، من نانم خواردووە! ئەم دەڵێت تۆ ناڵێم، ئەی بۆ هاوڕێکەم؟ دەڵێت؛ ئەم ژوورە بەتەنیا ژووری تۆیە. تەماشای ژوورەکەدەکات، یەك تەختی خەوی تێدایە، بەڵام دەزانێت ئەوەژووری هاوڕێکەشێتی، ئەو هەمیشە لەگەڵیدا لەوێیە. لەگەڵ چوونەدەرەوەی پەرستارەکەدا زمانێکی لێدەردەهێنێت. ئینجا بەلای هاوڕێکەیدا ئاوردەداتەوەو پێیدەڵێت خواردنەکەبەیەکەوەدەخۆین. دڵگران مەبە لەوەی کەئەو پەرستارە تۆی نەبینی. بەڵام نازانم تەنیا ئەو تۆی نەبینی؟ یان تەنیا من تۆ دەبینم؟! هەرچۆنێك بێت، باشتر کە لێرەیت...

کچەکە نیگەرانەو لەبەردەم خۆیەوە دەڵێت؛ ئەی ئێستا چۆن نان بخۆم کەدڵم بەدەستمەوەیە؟! قەیناکە نانناخۆم. چاوەڕێی قەرەجەکەم دەکەم بێتەوەو پێکەوە بەتامترین خواردنی دنیا ساز بکەین. بەشکم بێتەوە تا پێکەوە بدەینە ساراو لەوێ سڵ لەهیچ چاو و دەم و گوێیەك نەکەینەوە. بەشکم بێتەوەو دڵیشم بخاتەوە ناو سنگم. بەشکم ئاواتەکەم بێتەدی و دواجار لەباوەشی ئەودا بمرم. وتت چی هاوڕێ مەلوولەکەم، بەشکم درەنگ نەبێت؟!

November ٢٠٠٩

www.baran.nu

# دنیای
# کتێب

# دیوانی
# سەلام محەمەد
## ئێستا لەکتێبخانەکاندایە لەبەرگ و چاپێکی قەشەنگدا

حەمەکاکەرەش- سوید




**عیسام بینی چڵێ ئاگری بۆ هێنام**
**هەواڵی زەوی لێپرسیم**
**وتم: زەوی؟**
**یا سێدارەو زیندان و ئەتۆم و دڵەنەگریسەکان**
**کاکەعیسا**
**دەستم بگرەو بمگەیەنە((حوزووری خوا ))**
**مـــن لـــەو زەویـــیـــەبـــێـــزارم**
**من نامەوێ جارێکی تر بۆ سەر زەوی**
**بگەرێمەوە**



کۆپلـەیـەك لـەشـیـعـری (شــاری نـهـێـنی) لەکتێبی (دەمـــەو ئـێـــواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) ســاڵـی نووسینی ئـەم شـیـعـرە(١٩٧٥)ە. ئەگەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی حەفتای شیعری کوردی بە هیچ شێوەیەك ناتوانین باز بەسەر ناوی سەلام محەمەد-دا بدەین، چونکە یەکێك بوو لە دەنگە دیارو یاخی و زوڵاڵەکانی شیعری کوردی ئەو سەردەمەو هەر زوو توانیوێتی بەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانی و بەشداریکردنی لە هەموو کۆڕە شیعرییەکانی کەرکوك و ناو بەناویش لە کۆڕەئەدەبیەکانی بەغداو سلێمانی و هەولێر خوێنەرێکی زۆر لـەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. وەك لە پێشەکی دیوانە چاپکراوەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە، تا ساڵی ١٩٨٨ نەیتوانیوەهیچ کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکات، بەڵام بەدەرچوونی کتێبی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) لەو ساڵەدا کەتەنها بریتی بوو لە بەشێکی کەمی شیعرە بڵاوکراوەکانی تایبەتمەندی خۆی راگەیاندو لە یادەوەری خوێنەری شیعری کوردیدا مایەوە. هەرچەندە دوای گیرسانەوەی لە مەنفا لە ساڵی ١٩٩١-دا بێدەنگی هەڵبژاردووەو هیچ بەرهەم و کتێبێکیم نەکەوتۆتەبەرچاو، بەڵام لەم نزیکانەدا چەند شیعرێکی تازەی بڵاوکردەوە. ساڵانێك سەلام محەمەد دەنگێکی درەوشـاوەی شیعری کوردی بوو، چونکە نەك تەنها شاعیرێکی دیار بوو، بەڵکو لەبارەی شیعرەوە تێرامان و خوێندنەوەی تایبەتی هەبوو. لە دوای راپەرینەوەهیچ دەزگایەکی راگەیاندن و رۆشنبیریی بیریان لە چاپکردنەوەی دەمەو ئێواران نەکردۆتەوە، هەرچەندەشەیدایانی شیعری سەلام محەمەد زۆر تاقیبی دەکەن. هەروەها بە هیچ جۆرێك لەلایەن هیچ دەزگایەکی رۆشنبیرییەوەبۆ هیچ چالاکی و کۆڕو فێستیڤاڵێك رووی لێ نەنراوە، لە کاتێکدا دەبینین خەڵکانێك کە هیچ هونەرێکیان پێ نییە، داوەتی کوردستان دەکرێنەوەو چەندین بەرنامەی تیڤی و کۆڕوکۆبوونەوەیان بۆ سازدەکەن، کەچی سەلام محەمەدو دیوانەکەی تەواو لەبیرکرابوون تا بەهەوڵ و کۆشی گۆڤاری هەنار توانرا لەبەرگێکی جواندا کۆی شیعرەکانی لەژێر ناوی (دیوانی سەلام محەمەد)دا بەچاپبگەیەنرێت، ئەم دیوانەی ئێستای بەشێکی زۆری شیعرەکانێتی کەپێشتر بەناوی (دەمەوئێواران دەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) لە ساڵی ١٩٨٨ بڵاوکرابووە، بەڵام ئێستا کۆمەڵێك شیعری تازەو کۆنی لەم دیوانەدا هەن کەپێشتر لەکتێبی (دەمەو ئێواران دەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) نەبوون لەگەڵ یەك دوو نووسین و دیدارێکی تێروتەسەل کەلەگەڵ ئەودا سازکراوەو قسەلەئەزموونی شیعریی و ژیانی خۆی دەکات.

لێرەدا دەڵێم: هەمووممان دەزانین هەرچی دەزگای بەناو رۆشنبیری کوردییە لەلایەن دەستەو تاقمێکەوەدا گیرکراون و بە ئارەزووی خۆیان بەکاریدەهێنن، بەڵام ئەگەر کورد رەخنەیەکی بەرچاو روون و دروست و دەقناسی هەیە بۆ دەبێت هیچ قسەیەکی جیدی لەسەر شیعرەکانی سەلام محەمەد نەکات؟ بەداخەوەرەخنەی کوردی هێشتا لە هاوڕێیەتی و شارچێتی و حیزبچێتی و چێتییەکانی تر دوورنەکەوتۆتەوە، لە ماوەی سی ساڵدا ئەمەیەکەمین ئاوڕدانەوەیەلە سەلام محەمەد کەگۆڤاری هەنار توانیوێتی دیوانەکەی بۆ چاپبکات، لێرەدا بەدڵ پیرۆزبایی لە کاك سەلام دەکەم و هیوادارم بەردەوامبێت و جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لەگۆڤاری هەنار بکرێت کەبە حەق کارێکی گەلێك باشیان کردووەو بە چاپکردنی ئەم دیوانە سەلماندیان کەیەکێکن لەو گۆڤارو دەزگایانەی بەجوانی کاردەکەن و خەمی ئەوەیانە خزمەتی ئەو قەڵەمانەبکەن کەرۆژگارێك دەنگێك بوون و خزمەتی شیعرو وشەی کوردیان کردووە، خوێنەری بەڕێز ئەمەی من لێرەدا نووسیومە هیچ نییەتەنها بۆ ئەوەیە ئەم دیوانە بخەمەڕوو و مژدە بەخوێنەرانی ئەم شاعیرە بدەم کەئێستا دیوانەکەی لەبازاڕدایەو ساڵانێکە هیچ ئاوڕێکی لێنەدراوەتەوە، نامەوێت لێرەدا هیچ قسەیەك یان خوێندنەوەیەك بۆ شیعرەکانی ئەم شاعیرەبکەم، چونکە نە لەنووسینێکی ئاوا کورتدا ئەوە دەکرێت و نەمن رەخنەگرم و نەشیعری سەلام محەمەد پێویستی بەستایش هەیە، تەنها ئەوەدەڵێم؛ هیوادارم چ خوێنەران و چ رەخنەگران دیوانەکە بەبێدەنگی نەسپێرن و دوای خوێندنەوە، خوێندنەوەی جدیی بۆ بکەن کە لەئاستی شیعرەکانیدابن.



**بەبۆنەی دەرچوونی کتێبی ( جوانی و جیاوازی )ەوە**

# با هەموومان وەکو کوردۆ دەقەکان بخوێنینەوە




من لە مێژە وتوومە، بەو پێیەی خاوەنی یەکێك لەو کتێبخانانەم لە شاری سلێمانیدا، کە شیعر پشکی شێری هەیە لەلام، زۆربەی زۆری شاعیرەکان هاوڕێمن و لە نێو ئەو شاعیرانەشدا زۆر هەیە تەنها لە بەرئەوەی هاوڕێمن شیعرەکانیان دەخوێنمەوە، بەڵام کوردۆ بە پێچەوانەوە تەنها لە بەرئەوەی نووسەرو شاعیرێکی گەورەیە لام بووەتە هاوڕێم، واتە ئەوە نووسین و شیعرەکانییەتی وادەکات محەمەد کوردۆ لەیادمبێت، نەك محەمەد کوردۆ نووسین و شیعرەکانیم بەبیربێنێتەوە.

کوردۆ هەمیشە لە نووسینەکانیدا ئەوەی بیرناچێت کە دەشێت مرۆڤێکی سادەش نووسینەکانی بخوێنێتەوە، لەبەرئەوە وادەکات ئەو مرۆڤانەش لە نووسینەکانی سوودمەندبن و چێژی ئەدەبی لێبکەن، دەخوازێت رۆژێك لە رۆژان ئەو مرۆڤە سادانەش ببنە خوێنەرێکی باش و بەئەزموون.

باشتر بڵێم هەمیشە کوردۆ خوێنەری نوێ دروستدەکات، بە پێچەوانەی ئەو نووسەرانەی بە بەردەوام نووسینەکانیان خوێنەر لە دنیای خوێندنەوە دووردەخەنەوە بەبیانووی

ئەوەی گوایە نووسینەکانی ئەمان داهێنانی نوێیەو دەبێت زۆر کەم لە خوێندەواران لە نووسینەکانیان تێبگەن، چونکە ئەوان جیاوازن و خاوەنی رێبازێکی نوێن لە نووسینەکانیاندا.

کوردۆ، هەمیشە کە لە سەر دەقێکی شیعری کەسێك یان چیرۆك و رۆمانێك خوێندنەوەی خۆی بڵاودەکاتەوە، من خێرا ئەو نوکتە خۆشەی کابرا هەژارە ماڵ سووتاوەکەو سکاڵانووسەکەی بەردەم دادگام بەبیر دێتەوە، کە دەڵێت: (کابرا بە سکاڵانووسەکە دەڵێت ماڵم سووتاوە، بەڵکو سکاڵایەکم بۆ بنووسیت تاکو دەوڵەت هەندێك کۆمەکم بکات، پاشان کە سکاڵاکەی بۆ دەنووسێت و کابرا دەیخوێنێتەوە بۆی، کابرا دەستدەکاتە باوکەڕۆو دەڵێت خۆ من نەمزانیوە ئەوەندە ماڵکاول و قوڕبەسەر بووم، تۆ چۆن هەستت بەو هەموو نەهامەتییەی من کردووە، من ئێستا زانیومە چیم لێبەسەر هاتووە).

بۆیە من پێموایە نەك خوێنەری خوێندنەوەکەی کوردۆ، بەڵکو خودی نووسەری ئەو دەقەش تووشی هەمان حاڵەتی کابرای ماڵسووتاو دەبێت، چونکە هەمیشە کوردۆ لەودیو خەیاڵی نووسەرەکانەوە گەوهەری وامان بۆ دەدۆزێتەوە کە هەرگیز شارەزاترین دەریاوانەکانی تویی زەوی بەو شێوەیە ناتوانن گەوهەرەکانی دەریامان بۆ ئاشکرا بکەن.

لەکۆتاییدا دەڵێم کوردۆ جوان پەی بەوە بردووە کە دەڵێت: (بەلای منەوە ئەو شیوەنەی عومەر عوسمان بە دیار تەرمی گەلایەکەوە دەیکات، زۆر شاعیر هەن ناتوانن بەدیار تەرمی شارێکەوە بیکەن).

سوپاس حەمە گیان پێنووسەکەت هەمیشە بەردەوام بێت لە نووسین لەگەڵ خوێندنەوەی هەر شیعرێکی تۆدا دەڵێم شکور نالی وەجاخی روونە، تۆ هەمیشە زمانە خاوێنەکەی کاك شێرکۆ بێکەس و دنیای سۆفیگەرییەکەی لەتیف هەڵمەت و ژیرییەکەی دکتۆر فاروق رەفیق و خەیاڵە ئەفسانییەکانی بەختیار عەلی لەخوێنی نووسینەکانتدا شەپۆل دەدات، تۆ پێیان دەڵێیت مەترسن ئەو مژدەیەی چەندین ساڵ پێش ئێستا خانی مەزن و حاجی قادر بە گوێی ئەم گەلەیاندا داوە، من بۆتان جێبەجێدەکەم.

لەگەڵ رێزی براتان

**حەسەن هەڵەبجەیی**

**خاوەنی کتێبخانەی شێخ رەزای تاڵەبانی**

**سلێمانی- شەقامی پیرەمێرد**

**١٢/١٢/٢٠٠٩**





# پەیڤستانی من

ئامادەکردنی هەنار




پەیڤستانی من کۆمەڵێك نووسینی حەمە کەریم عارفە، کە دیدی رەخنەیی ئەو بەرامبەر بە دۆزی ئەدەبی و رۆشنبیری و نیمچە سیاسی، لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە دەخاتەڕوو کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەو بابەتانەی بوونەتە تەوەری نووسینەکان بەوپەڕی راستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو نووسەر هەوڵی چارەسەرکردنییانی داوە.

وێڕای ئەوەی ئەو نووسینانە دەکرێت وەك بەشێك لە مێژووی قۆناغێکی رۆژنامەوانیی کوردی تەماشابکرێن، بۆ زانینی ئاستی رۆژنامەوانی و رادەی ئازادیی و رادەربڕین لەو سەردەمانەداو راستگۆیانە گوزارشت لە بیروبۆچوونی قۆناغێکی ئەزموونی نووسەر دەکەن.

کتێبی پەیڤستانی من، لە نووسینی حەمەکەریم عارف، لە دووتوێی (٤٠٣) لاپەڕەو لە کتێبێکی، قەبارە گەورەدا بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە زنجیرەی کتێبەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا چاپیکردووەو کۆمەڵێك بابەت لەخۆدەگرن، وەك مەرگی زمان و مەرگی نەتەوە، زمان و نووسین و خوێندنی تەڵقینکاری، فێرکردن و پەروەردە، دیکتاتۆرییەتی زەین، هیچ شتێك پیرۆز نییە، ئەفراندنی میللی، ئەفسانە داهێنانێکی گەورە هزری مرۆڤە لەگەڵ کۆمەڵێك وتاری دیکەدا.

# شۆخە نووستووەکان




ڕۆمانی شۆخە نووستووەکانی یاسوناری کاواباتا بە یەکێك لە کارە جوانەکانی ئەم ڕۆماننووسە دادەنرێت، کە گابریل گارسیا مارکیز لەبارەیەوە دەڵێت: تاقە کتێبێك کە پێمخۆشبوو من نووسەرەکەی بم، کتێبی شۆخە نووستووەکانی کاواباتایە، هەرچەندە کاواباتا شێوازێکی سادەی بێ گرێی پەیڕەو کـردووە، بە زمانێکی سـادەی پیاوێکی بە تەمەن باس لە خۆشەویستی و سێکس و مردن و خەون و تەنیایی و گەنجێتی و سۆزی باوکانەو هەستی پیاو بە یەکەم ژن لە ژیانیدا کە دایکێتی، دەکات و یادەوەری ڕۆژانی گەنجێتی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمانە دەلالەتی قووڵیان هەیەو دەشێت ئیگۆشی پیر نموونەیەکی باشی پیاو بێت بۆ شرۆڤەکردنی، هەندێك لایەن و ڕووی شاراراوەی دەروونیی پیاو لە پاییزی تەمەندا، وێڕای ئاشکراکردنی بەشێك لە نهێنی هۆکاری هاتوچۆی ئەو پیرە بێ گێچەڵانەی بۆ ماڵی شۆخە نووستووەکان دەچوون، تا دڵنیا بن هێشتا ژیان شتێکی تێداماوە ئەمان چێژی لێوەربگرن، تەنانەت ئەگەر ئەوە جەستەی کچێکی نووستووی بێ ئاگاش بێت.

دانیشتن بە دیار کچێکی نووستووی تەمەن منداڵەوە لەلایەن پیاوێکی بەتەمەن، جۆرێکە لە قەرەبووکردنەوەی چێژێکی لە دەستچوو چێژێك هەبووە، ئێستا نەماوە یان چێژێك هەر هەستی پێنەکراوە یان خواستە بۆ بەدەستهاتنی ئەو چێژە، تەنانەت ئەگەر بەو شێوازەش بێت هاوکات هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانەی پیاو لەم تەمەنەدا تیادا دەژی، کە خۆی دەنوێنێت لە ترس و نائارامی بەرامبەر بە لە دەستچوونی توانا سێکسوالەکانی، لێرەشەوە لە دەستچوونی پیاوەتی و کە لە زۆرێك لە پیاواندا توانای پیاوەتی بە ڕەمزی نێرینەیی دادەنێن، بۆیە جەختکردنەوە لە پیاوەتی





جۆرێکە لە جەختکردنەوە لە مانەوەی ئەو ڕەمزە، کە بەپێی لاکان تەنیا لە ئامادەبوونی ئەوی دیکەدا هەستی پێدەکرێت کە ژنە: ئەم تێڕوانینە لە جەستەی بێ پۆشاکی کچێکی جوانی گەنج یان هەرزەکار جۆرێکە لە تاقیکردنەوە لای ئەو پیاوانەی هاتوچۆی ئەو ماڵەیان دەکرد، تا بزانن چەند نێرینەییان وەك خۆی ماوەتەوەو تەمەن کاری تێنەکردووە، هاوکات بۆ هەندێکی دیکە جۆرێکە لە دڵنەواییدانەوەی خۆیان کە ئەوان هێشتا گەنجن و دەتوانن وەك پیاوێك چێژ لە جوانییەکانی ژن وەربگرن، بەدیوێکی دیکەدا، ئەم دانیشتنە یان نووستن و ڕاکشان لە تەنیشت کچێکی گەنجی نووستووەوە، کە شوێنی بیرۆکەی زاڵی لە ڕۆمانەکەدا داگیرکردووە، جۆرێکە لە جەختکردنەوە کە پیاو پەنای بۆ دەبات لە ڕێی هەوڵدان و گەیشتن بە کچی گەنج و پەیوەندیی بەستن لەگەڵیدا، کە ئەو کچە گەنجە بابەتە سەرەکییەکە نییە لای ئەو پیاوە، بەڵکو بابەتە سەرەکییەکە جەختکردنەوەیە لە توانای خۆی لە ڕووی سێکوال و پیاوەتییەوە.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ماڵێکی سەیر لە دەوروبەری شاری تۆکیۆ دەگێڕێتەوە، کە بۆرژوازەکان پارەیەکی زۆریان دەدا بەرامبەر بە چێژوەرگرتن، لە بێگەردترین شێواز لە دوا خۆشەویستی تەمەندا لە ڕێی بەسەربردنی شەوێك تێڕامان لە جوانترین کچی ئەو شارە، کە بە ڕووتی و لە ژێر کاریگەریی حەبی بێهۆشکەردا ئەو شەوەیان لەگەڵدا بەسەر دەبردن، بێئەوەی بزانن ئەو پیاوانە کێن و چی دەکەن، بەڵام پیاوەکان خۆیان بەو چێژە بێگەردە ڕازی بوون لەبەرئەوەی یاسای ئەو ماڵەو ئەو خەوتنە بوو یان خۆیان تەنیا توانای ئەو چێژەیان مابوو.

ئیگۆشی کە یەکێك بوو لەو پیاوانە لەبەرخۆیەوە دەڵێت: خەوێکی بەمشێوەیە لە تەنیشت کچێکی ئاوا جوان، ئایا ئەمە سەبوورییەکی وەهمی نییە، لە هەوڵی بەردەوامی پیاو بە دوای خۆشی و چێژە سەیرەکاندا؟. نووسینی ئیگۆشی لە تەنیشت کچە نووستووەکانەوە تەواو جیاوازبوو لەنووسینی پیاوەکانی دیکە، چونکە ئیگۆشی لەو شەوانەدا گەشتی بە ڕابـردووی خۆیدا دەکـرد، یادگاری زۆر تاڵ و شیرینیش دەهاتنەوە یادی، زۆرجاریش ئەو کیژە بچووکانە دەبوونەهۆی بزواندنی سۆزی باوکانەی و وروژاندنی خۆشەویستی بۆ ئەو ژنەی ڕۆیشت و بەجێیهێشت و تا دوای ماوەیەکی زۆر دەیبینێتەوەو منداڵێك لە ئامێزیدایەو گومان دەکات ئەو منداڵە منداڵی ئەم بێت.

شۆخە نووستووەکان ڕۆمانێکی ژاپۆنییە، محەمەد عەبدوڵڵا لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی و یەکێکە لە کتێبەکانی گۆڤاری هەنارو بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە دووتوێی (١٥٤) لاپەڕەو کتێبێکی قەبارە مامناوەندا بڵاویکردووەتەوە.

# دیدار



## ناڵە عەبدولڕەحمان:

**شیعر هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێت کە تا ئێستا شاعیران بە شوێنیدا دەگەڕێن**

سازدانی: مەحمود زامدار



## سەردار عەزیز:

**سادەیە مرۆڤ بییەوێت بە ناسین بژی، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی بێ خوێنەردا ئەرکی ئەم نووسەرە لە نووسینەوە دەبێت بە دەسکەلا**

سازدانی: رابەر فاریق

# ناڵە عەبدولڕەحمان:

## شیعر هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێت کە تا ئێستا شاعیران بە شوێنیدا دەگەڕێن

سازدانی: مەحمود زامدار



***دەستپێکت، تەمەنی شاعیرایەتیت؟**

دەستپێکم زۆر سەیر بوو، هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرم لە دنیای شیعر نەکردبۆوە، بەڵام ئەو توانی بەرەو خۆی پەلکێشم بکات، لە کاتێکدا من سەرۆکارم لەگەڵ قەڵەمی ڕەنگ و کاغەزی کۆنی وێنەکێشاندا هەبوو.. بەر لەوەی بچمە بەر خوێندن باوکم دوای کێشانی هەموو جگەرەکانی، پاکەتی جگەرەکەی دەدڕاندو





قەڵەمەکەی گیرفانی دەردەهێناو دەیدایە دەستم دەیگووت فەرموو وێنەی من بکێشە، من لەوێوە فێربووم نیگار بکێشم و لەگەڵ ڕەنگی خۆڵەمێشیی و شیندا سەروکارم هەبێت... تا چوومە بەر خوێندنیش هەر پەیوەست بووم بە جیهانی ڕەنگاوڕەنگی وێنەکانەوە، دواتر لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە فێربووم چیرۆکی ئەفسانەیی منداڵانە بخوێنمەوەو لاسایی بکەمەوە، ئیتر دواتر لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا فێربووم تێکەڵەیەك لە چیرۆکی ئەفسانەیی و بیری خۆم بەلاسایی کردنەوە بنوسمەوەو لەکاتی بەتاڵیدا (شاغری وانەکاندا) لەبەر تیشکی خۆردا نووسینەکانی خۆم کە لەشێوەی چیرۆك بوون، بۆ قوتابیانم دەخوێندەوە، هەستمدەکرد دەتوانام چێژیان پێ ببەخشم. تاگەیشتمە قۆناغی ناوەندی، کە لەوێدا ئاڕاستەکان گۆڕان، (لەیلا) خانی هاوپۆلم زانیاری باشی لەبارەی شیعرەوە هەبوو بەحوکمی ئەوەی لە خانەوادەیەکی ئەدەبدۆست و ڕۆشنبیربوون و براکەشی شاعیر بوو... (لەیلا) ڕۆژانە بەر لەدەستپێکردنی وانەکان شیعری کلاسیکی قانع و نالی، هەروەها شیعرەکانی گۆران و هێمنی مهابادی بۆ دەخوێندمەوە، ئەمە جگە لەشیعرەکانی براکەی و خۆشی. خوێندنەوە بەردەوامەکانی لەیلا وایکرد کە بیر لە شیعر بکەمەوەو شیعر بخوێنمەوەو گوێ بۆ شیعر تەرخان بکەم، لەیلا بەم شیعرانە منی فریودا:

ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکەن چ سەیرێکە، بەدەستی دیلیەوە دیلم

یان دەیوت:

ماڵ و حاڵم بۆچیە گەر میللەتم زیللەت بژی
تاجی سەرشۆڕی فڕێدە تۆش وەکو میللەت بژی

ئەم شیعرانە بۆ هەتاهەتایی لەمێشك و زاکیرەمدا دەزرنگێنەوە، ئەو هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی گەرمی هەبوو، بۆیە زۆربەی شیعرە (نیشتمان) یەکانی شاعیرانی لەبەردەکردو خۆشی شیعری لەمجۆرەی دەنووسی، شیعری بابەگوڕگوڕی ئەو هاندەرم بوو وەك ئەو شیعری (بابە گوڕگوڕ)ی خۆم و (کوردستان) بنووسم، بەڵێ یەکەم شیعرم لەژێر ناوی (کوردستان)دا نووسی. ئیتر هەوڵدا بەرهەمی کلاسیکەکان کۆبکەمەوە، لەبەرئەوەی لە خانەوادەکەمان کەسی شاعیرو ئەدەبدۆست نەبوو زیاتر لەگەڵ دەستە

خوشکه‌کانی هاوپۆلم باسی شیعرو کتێب و خوێندنه‌وه‌و (خواستن-استعاره) م ده‌کرد. هه‌تا وای لێهات بۆ شیعر له کاغه‌زی لوولەی گوڵه به‌رۆژه‌شدا ده‌گه‌ڕام، ئای چه‌ند دڵم خۆش ده‌بوو کاتێك شیعرێك له‌وێدا له ناو تۆزی گوڵه‌به‌ڕۆژه‌کاندا به‌بینینی من ڕۆحیان به به‌رده‌هاته‌وه.

ئه‌و شیعرانه‌ی له‌وده‌مه‌دا ده‌منووسین جارجار پیشانی (له‌یلا)م ده‌دان و جارجاریش له‌به‌ر بێ هێزی و ساده‌یی شه‌رمم ده‌کردو ده‌مشاردنه‌وه، به‌ڵام داخه‌که‌م ماوه‌یه‌کی زۆری نه‌برد له‌یلا له پۆلی دووه‌می ناوه‌ندی وازی له‌خوێندن هێناو جێیهێشتم. منیش ناچاربووم رازی بم به‌م چاره‌نووسه‌و به‌دوای له‌یلایه‌کی تردا بگه‌ڕێم، ئه‌فسوس ئه‌و چۆن ڕۆیشت نه‌گه‌ڕایه‌وه، نه‌گه‌ڕایه‌وه بۆیه خه‌م دایگرتم به‌وه‌ی ئیتر نه له‌یلایه‌ك هه‌یه هه‌واڵی نوێی ئه‌ده‌بیم بۆ باس بکات، نه له‌یلایه‌ك ده‌بێت هه‌تا جارێکی تر شیعره‌کانم هه‌ڵبسه‌نگێنێت و ڕێنمایم بکات، به ته‌نیا خۆم ملی ڕێگاکه‌م گرت و به ئه‌سته‌م شیعرێکم هه‌تا بۆ خوێندنه‌وه‌یش ده‌دۆزیه‌وه نه‌ك هه‌ر ته‌نیا نووسین. به ڕاستی له‌یلای هاوپۆلم کاریگه‌ری له‌سه‌ر دروستبوونی حه‌زی شیعریم هه‌بوو، که ئه‌و کات شیعر لای من به‌م جۆره‌ی ئێستا روون نه‌بوو. به‌ڵکو نه‌مده‌ویست خه‌ڵکی به شاعیریش بمناسن، من له ناو هه‌موو ئه‌مانه‌دا نیگارکێشیم به‌دڵ بوو نه‌ك شیعر یان چیرۆك یان ڕاگه‌یاندن، که دواتر له‌وێدا به‌رنامه‌ی شیعری و ئه‌ده‌بیم ئاماده‌و پێشکه‌شده‌کرد. من نیگارم هه‌ڵبژاردبوو، که چی چیرۆك پاشان شیعر دواتر ڕاگه‌یاندن منیان به‌ره‌و خۆیان هه‌ڵگرت، تا توانیان له دنیای نیگاره‌کانم بسه‌ننه‌وه.

ئای که سه‌یره من که ئێستا له ناو شیعردا خه‌ریکه ده‌بمه خۆڵه‌مێش و له‌یلاش بۆ هه‌تاهه‌تایی ماڵئاوایی له شیعر کرد، له‌به‌رئه‌وه من هه‌میشه پرسیارێکم هه‌یه: بۆ ئه‌وه‌نده خۆمان و شیعره‌کانمان له‌گه‌ڵ له‌یلادا له یه‌ك ده‌چوین؟! ته‌نانه‌ت شیعری بابه‌گوڕگوڕمان ئه‌وه‌نده له‌یه‌ك ده‌چوو نازانم ئێستا ئه‌وه‌ی له ناو شیعره‌که‌دا له زاکیره‌مدا مابێته‌وه من نوسیومه یان له‌یلا!؟

بابه گوڕ گوڕ گڕ بسێنه چۆن وه‌ك گڕم سه‌ندووه
تۆ به‌گڕت، من به پێنووس ئه‌یشکێنین دوژمنمان
...............................
...............................
!!! ...............................





*** له خانه‌واده‌تان کێ شاعیره یان هونه‌رمه‌ند؟**

ئه‌گه‌ر بڵێم هیچ که‌سیان درۆ نییه، ته‌نانه‌ت دژایه‌تیه‌کیشیان له‌گه‌ڵ هونه‌ردا هه‌بوو به حوکمی ئه‌وه‌ی خانه‌واده‌که‌مان خوویه‌کی موحافیزکارانه‌و ژینگه‌یه‌کی وا به‌سته‌ی دابونه‌ریتی هه‌بوو، هونه‌رو ده‌رچوونی ژن بۆ دنیای ده‌ره‌وه‌ی خێزان کارێکی نا شایسته‌و لادان بوو لێیان.

به‌ڵام من هه‌ر به‌هره‌که‌ی خۆم خۆشویست و شه‌ڕم له‌پێناویدا کرد. شه‌ڕ له‌گه‌ڵ مه‌حاڵ، بۆیه نه ته‌نیا خۆم به‌ڵکو خێزانه‌که‌یشم به گشتی و دایکم که جارجار هه‌ستی ده‌جولاو داکۆکی لێده‌کردم له‌لایه‌ن خانه‌واده‌که‌مان پشت گوێ ده‌خراین.

دواتر خۆشبه‌ختانه هه‌مان که‌سه (دژه) کانی ناو خانه‌واده‌که‌م وای لێهات شانازیشم پێوه بکه‌ن و دان به‌هه‌ڵه‌ی خۆیاندا بنێن. به‌ڵێ دواجار من توانیم وا بکه‌م ئاسایی بێت ژنێك له خانه‌واده‌که‌شمان وه‌ك پیاو بچێته ده‌ره‌وه‌و په‌ره به تواناو به‌هره‌ی خۆی بدات.

ئێستاش هه‌ر به ته‌نیا له خێزانه‌که‌ی خۆماندا پێنج خوشك شیعر ده‌نووسین و کاری ڕۆژنامه‌نوسیش ده‌که‌ین و براکانیشمان له ڕاگه‌یاندنن یان له هونه‌ر نزیکن.

*** بۆ شیعر؟ لای تۆ شیعر چی ده‌گه‌یه‌نێت و چۆن لێکی ده‌ده‌یته‌وه؟ له‌به‌ر چی؟**

شیعر هه‌موو ئه‌و شتانه ده‌گه‌یه‌نێت که تا ئێستا شاعیران به شوێنیدا ده‌گه‌ڕێن، له شیعره‌کانمدا شتێك له وه‌ڵام به‌دیده‌که‌ن.

**شیعر په‌رله‌مانێکی بێ وێنه‌یه پڕ له دادوه‌ری و جوانی، جیهانێکه یاسای (ویژدان، عه‌شق، ڕاستگۆیی) له‌وێدا قسه‌یان هه‌یه**

مرۆڤ دەتوانێت لەوێدا هەست بە مرۆڤ بوونی خۆی بکات، هەم حاکم هەم مەحکوم بێت، بەدیویێکی تر: شیعر پەرلەمانێکی بێ وێنەیە پڕ لە دادوەری و جوانی، جیهانێکە یاسای (ویژدان، عەشق، راستگۆیی) لەوێدا قسەیان هەیە.

*** ئافرەتی شاعیر و پیاوی شاعیر، چ جیاوازیەکیان تێدا دەبینیت؟**

شاعیربوون پەیوەندی نییە نە بە رەگەز، نە بەتەمەن، نە بە زۆری و کەمی بەرهەم و کتێبەکانیەوە، شاعیربوون حاڵەتێکی رۆحیە هەر وەك عاشق بوون. ژن و پیاوی شاعیر جیاوازیان تەنیا لە رووی (فسیۆلۆژی)یەوەیە، ئەگینا هەردووکیان وەك یەك هەست بە حاڵەتە رۆحی و ناوەکیەکان دەکەن، وەك یەك برسی دەبن، دەخەون، تێردەبن، عاشق دەبن و عیبادەت دەکەن، ئەمیان دەبێت بە راهیبەو ئەوی تریان دەبێت بە مورید.

*** ئایا ئەدەبێك هەیە بەناوی (ئەدەبی ئافرەتان) ؟ چۆن و لەبەر چی؟**

و/ ئەدەبێك شك نابەم هەبێت لەژێر ناوی: (ئەدەبی ئافرەتان) یان بە پێچەوانەوە، بەلاّم دەکرێت بلێین شیعری ژن و شیعری پیاو هەیە بۆ نموونە کاتێك: ژنێك بە زمانی خۆی شیعر بەسەر پیاودا دەڵێت دەکرێت ریش و سمێڵ یان گۆچان و شەبقەکەی تەوزیف بکات بە پێچەوانەشەوە کاتێك پیاوێك شیعر بەسەر ژنێکدا دەنوسێت: زولفی، ئەبرۆی، قەدو بالاّی باریکی وەربگرێت و تەوزیفیان بکات بەزمانی پیاوانەی خۆی بۆ نموونە:

-قەدت ئەلف و لەبت میم و زولف چیم
ئەزانی بەم سیانە تالبی چیم ؟

ئەمەی سەرەوە دیارە کە شیعری پیاوانەیە بۆ ژنێك وتراوە لە داواکردنی ماچدا.

-ئەی پیاو
کەشکۆل و عەسات هەڵگرە
بچۆرەوە دیوەخانی سری مەحوی....

یان:

-ئێوارەیەك لەشەقامی سەوزدا ئەوم بینی





کراسی لە پەڕەی گوڵ و
پانتۆڵە خۆڵەمێشیەکەی لە کەتانی هەڵکروزاوی عەشق و
سەعاتی دەستی چەپی
لە رۆندکی کچە هەرزەکارانی نیشتمان
پێلاّوەکانی لە وشە
ریشە ماش و برنجەکەی
لە فلچەی سەوزی داڤنشی
دوگمەی کراسە قاوەییەکەی
لەشیعرەکانم.....

ئەمەی سەرەوەش ئەگەر وشەی ئەی پیاویش لە شیعرەکەدا لابەرین هەر دیسانەوە دەزانرێت شیعرێکە لەلایەن ژنەوە بۆ پیاو وتراوە یان بەهەمان شێوە دەبێت ئەگەر شیعری دووەمیش وەرگرین!

***لە شاعیرانی (کلاسیکی) ی کوردی زیاتر کێ دەخوێنیتەوە؟ بۆ؟**

زۆربەیانم خوێندۆتەوەو دەخوێنمەوە: (مەحوی، نالی، بێسارانی، کوردی، سالم، سافی هیرانی)

بەلاّم لەهەموویان زیاتر (مەحوی) بەهۆی ئەوەی شیعرەکانی حاڵەتێکی تەسەوفیان تێدایە، ئەو حاڵەتەی کە ئینسان دەچێتەوە ناو خودی خۆی و هیچ پەیوەندیەکی بە کەون و کائیناتەوە نامێنێت، ئەم حاڵەتەش لە وجودی هەموو ئینسانێکدا هەیەو دەتوانێت بیدۆزێتەوە (کامڵ بوون).

***هەتا ئێستا چ دێڕە شیعرێکی جوانی کلاسیکت لەبەرەو لەبیرە؟ بۆچی؟**

ووتم : لەم دوور و لەم کۆیە تاوێ سگونەت کەم
ووتی : عاشق دەبێ هەر دەربەدەربێ کۆ بەکۆ بڕوا
( مەحوی)

لەبەر ئەوەی لەهەموو دنیا ئەدەبی (بەراوردکاری) هەیە هەستدەکەم ئەو دێڕە شیعرە من نووسیومە، وەك لە نموونەی چیرۆکێکی ئەحمەدی خانی و ئەلبێرت کامۆدا.

***ئەی لە شاعیرانی هاوچەرخ و ئێستای کورد، کێ زۆر سەرنجت رادەکێشێت؟ لەبەر چی؟**

لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد بە رادەی زۆری سەرنجراکێشان کەسی وا نییە، بەڵام شیعری هەموو شاعیرەکان بە گشتی دەخوێنمەوەو ئەوانەی تا رادەیەکی دیاریکراو سەرنجم رادەکێشن بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، چونکە هەمیشە من وەك (ناڵە) بەردەوام بەدوای ئەو نووسینانەدا دەگەڕێم کە لە شاعیرەوە لە دایکدەبن نەك (شیعرنوس) بۆیە نامەوێت ناو بهێنم ببوورە.

*** ئەی لە شاعیرانی بیانی؟ بۆ؟**

رامبۆ،

لەبەرئەوەی کە جەستەت، مێشکت، هەموو شتەکانت بوون بە شاعیر ئیتر شتێك نامێنێت بەناوی شیعر تا بینوسیت، ناچاریت واز بهێنیت. رامبۆش لەوانەبوو وەزیفەی شیعری گەیشتە ئەو قۆناغەو هەستی بەو کامڵ بوونە کرد بۆیە بڕیاری خۆیدا. ئەو لە ١٦ ساڵیەوە کتێبی دنیای خوێندەوەو بە(١٧-١٨) ساڵی کتێبی دەرکردو لە (١٩) ساڵیدا ون بوو... ئایا خۆی کوشت؟ سێکسواڵی هەڵبژارد؟ ملی سەفەری بەرەو ئەسیوبیا گرت؟ یان بازرگانی هەڵبژارد؟

بەهەرحاڵ ئەو لە (١٩) ساڵی وازی لەنوسین هێنا، چونکە تەواو ئیدی ئەو لە شیعر تێگەیشت شتێك نامێنێت بە ناوی نوسین.

***لە شاعیرە ئافرەتەکانی کورد، بە کێ زۆر سەرسامی و چێژی لێ وەردەگریت؟**

لە شاعیرە ژنەکانی کورد کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵام بەگشتی دەیانخوێنمەوە. هەندێکیان لە رەفیقەکانم توانای چێژ بەخشینیان بەمن زۆر هەیە کە لە نزیکەوە دەیانناسم.

***ئێستا سەرقاڵی چ جۆرە خوێندنەوەیەکیت؟ لەبەر چی؟**

خوێندنەوەی (رۆمان)، لەبەر ئەوەی پەرینەوەیەکم هەیە بەرەوئەوێ.

***لە شیعردا (جوانی – خۆشەویستی - نامۆیی) چۆن خۆیان دەنوێنن؟ چەند**





**نمونەیەك:**

لە شیعردا هەموو ئەمانە بەرگێکی تر لەبەر دەکەن کە زۆر لە جەوهەری خۆیان زیاتر هەڵدەگرن لەدەقی (دزە نیگایەك لە کانیلەی بە (بەرد) بوونەوە) رەنگبێت ناڕاستەوخۆ هەستی پێ بکرێت:

**بەم دزە نیگا رقاوییانە**
**لە مەعبەدەکانی خوا مەڕوانە!**
**ئێرە لێوانلێوە لە یادگارە تەزیوەکانی دوێنێی خۆر**
**دوێنێی رەق هەڵاتن و بە بەرد بوون**
**کە لە حیکمەتی خۆر نازانێت**
**بۆ بەم دزە نیگا ساردو سڕانەوە**
**بەرد دەگریتە کانیلەی پارچە رژاوەکانی خۆرەوە**
**ئێرە زەمهەریرترین مەنبەعی هەڵوەرینی**
**نیگاکانی پەپوولەیە!**
**بۆ هێندە لە پەیکەری بە بەردبوونەوە**
**دەڕوانیتە کچە دەستکردەکانی خۆر؟!**

***چ جۆرە کتێبێکی دەروونی یان زانستی سەرنجی راکێشاویت؟ بــــۆ؟**

کتێب و لێکۆڵینەوەکانی (فرۆید)، لەبەر ئەوەی تێزەکانی بە روونی پەنجە لەسەر غەریزەی ئینسان دادەنێن، ئینسانیش پڕاوپڕە لە (غەریزەی جۆراوجۆر). فرۆید موجامەلەو درۆی زانستی نەکردووە، بەڵکو داهێنەرانە ملی رێگاکەی گرتووە.

*** سەیری چ جۆرە فیلمێك دەکەیت؟ بۆ؟**

بەقەد ئەوەی رۆح پێویستی بە خوێندنەوەیە بۆ تێربوون ئەوەندەیش پێویستی بە بینینی سینەما هەیە تاوەکو ئێستا ئەو فیلمەی کە لە زاکیرەمدا مابێتەوە فیلمی (مالینا Malena ) ی
(Giuseppe TornaTore) ە ، ئالەمجۆرە فیلمانە سەرنجم رادەکێشن.

***ئەی لە یاریەکانی وەرزش کامەیان؟ ئەی خۆت؟**

به راستی زۆرکاتم نییه سەیری وەرزش بکەم، بەڵام خۆم حەزم له (مەلــە) یه.

*** ئەی چ چیرۆك و رۆماننوسێكی كورد و بیانی دەخوێنیتەوە؟ بــۆ؟**

له چیرۆك و نۆڤلێتی كوردی تا رادەیەك شێرزاد حەسەن.

له چیرۆك و نۆڤلێت و رۆمانه بیانیەكانیش زۆربەیان لەوانه (نیكۆس كانتزاكیس – فیۆدۆر دێستۆفیسكی – ڤیكتۆر هۆگۆ – پاولۆكۆیلۆ – گابرێل گارسیا ماركیز – هەمنگوای – كافكا – ألبێرت كامۆ – كێنوت هامسۆن – ژۆزێ ساراماگۆ – ژۆستێن گاردەر – ماكسێنس فێرمین...)،

چونكه به راستی هەموو ئەمانه سەرەڕای هونەرمەندبوونیان تیشك دەخەنه سەر هەموولایەنەكانی ئینسان جگه لەوەی هەندێك لەمانه پسپۆری دەروونی و كۆمەڵایەتیشن نەك هەر تەنها رۆماننوس و ئەدیب، ئەمانه توانای ئەوەیان هەیە خوێنەرەكانیان تێربكەن، گومان لەدڵیدا دروست بكەن بیخەنه حاڵەتی دڵەڕاوكێ و پرسیارو بیركردنەوەی بەردەوام و هێڵنجهێنان و رشانەوەش.

***لەگەڵ دنیای شانۆو گۆرانی و ئاوازدا چۆنیت؟ بــۆ؟**

وەك له سەرەتادا ئاماژەم پێدا، ئینسان نابێت بێئاگا بێت لێیان و پێویسته رۆحی خۆی بەم پێداویستیه نا بەرجەستانه (معنوی) تێربكات، دەچمه بینینی شانۆگەریەكان بەپێی دەرفەت و گوێ له ئاوازو گۆرانیه كوردی و بیانیەكانیش دەگرم.

*** له سروشتدا چیت پێ جوانه؟ بــۆ؟ ئەی سروشت له شیعری تۆدا رەنگیداوەتەوە؟ وەك؟**

ئەوانەی له سروشتدا پێم جوانن له شیعرەكانمدا هەن، وەك ئەوەی ئەرستۆ دەڵێ: (مرۆڤ بەشێكه له سروشت و باڵای سروشتیشه..) مرۆڤەكان بەگشتی لەزیندەگیدا سەروكاریان لەگەڵ سروشتدا هەیە، له نازیندەگیشدا بەهەمان شێوە، تا هەناسه هەڵدەمژێت پێویستی به سروشته بەمەشەوە تامی ژیانی راستەقینه دەكات، كه دەشمرێت دەبێته بەشێكی دیكه لەسروشت و له خزمەتی زیندەوەران و ژینگەكەیاندا دەبێت و كارلێك لەگەڵ سروشتدا دەكات و تەنانەت به زیندوویش دەئۆكسێت. وەك:





**خورما پێنەگەیبوو**
**سێوەكانی سینه گەیین ..**

*** ئەی رەنگ؟ كامه رەنگ؟ دێڕە شیعرێكی خۆت كه رەنگی تێدابێت؟**

رەنگەكان دەموەستێنن... تایبەت (شین) نەك لەبەر ئەوەی دەروونناسی به رەنگی (ئەفراندن) ناوی دەبات یان شەڕی داهاتوو لەسەر ئاوە كه رەنگی ئاسمان وەردەگرێت، بەڵكو كاتێك ئاسمان و زەریا رەنگی یەكتر وەردەگرن و رەنگی یەكتر دەدەنــەوە، جیهانێكی پڕ جوانی و عەشق و شیعر له نهێنی و پاكبوونەوە لەخۆ دەگرێت كه هەرگیز قبوڵی پیس بوون ناكات وەك:

**كه خۆر دەكوژێتەوە**
**ماڵێك لەسەر ئەستێرەكان چێ دەكەین ...**
**شەقامێك له رەنگی زەریا**
**دەمانباتەوە سەر مانگ ....**

***ئەم ( ڕاشكاوی و ڕاستگۆیی و جورئەت ) كانیاوەكەی لەكوێ وەیە؟ ئایا جورئەت بۆ شاعیر مەرجە؟**

كانیاوەكەی له شیعرەكانمەوە دیاره له مرۆڤه بێدەسەڵات و درۆزن و داماڵراو له كەسێتی و بڕیاری تایبەت به خۆیانەوە كه هەر جارەی لەژێر كاریگەری خیتابێكدا بڕیارێكی خۆنەویستانه ئەگەر جێنۆسایدێكی مەعنەوی یان ماددی لێنەكەوێتەوە ئەوا به تەئكید مرۆڤێك، عاشقێك دەكوژێت.

ئەوانەی به قودرەتی ماسك نەبێت رۆژیــان نابەنه سەرو شەوانەش ماسكه پڕ ئارەقەكانیان بۆ وشكبوونەوە له ژێر سەریان بۆ بەیانێكی تر هەڵدەواسن...

ئا ئەم چەشنه ژیانه رق ئەستورم دەكات تا به گەورەترین چەك بەرامبەریان ببمەوەو ئەو شتانه بڵێم كه هەن و شاراوەش نین بۆیه لێرەدا ناتوانم بڵێم تا پێویست شتم وتبێت، كه ناوترێت ئا ئەو كاته ناچار دەبین بڵێین كه (ناڵه) شتێكی لەشێوەی جورئەت وتوە! من حەزم دەكرد لەناو گروپێكی پڕ جورئەت و جوانیدا پێشڕەو بومایە.. نەك له ناو كۆمەڵگایەكی پڕ شەرمدا...

كه لەوێدا كۆمەڵێك گوتار ئینسانەكان مەحكوم دەكەن: گوتاری دەسەڵات،

دەسەڵاتی (خێڵەکی – باوکسالاری – حزبایەتی – ئایین ...هتد) کۆمەڵێك چەمکی (عەیبە – گوناهە – شەرمە – شەرەفە) میکسێك (MIX) لەنێوان دەستەواژەکان دروستدەکەن کە بۆ هەمیشە دەرچـوون لەبازنەکەیاندا ئەستەم دەبێت مەگەر بەقوربانیدان نەبێت...

باشە من دەپرسم بۆ پرەنسیپە سەرەکییەکانی مۆراڵ (Morality) لێرە تەنیا ببەستینەوە بەژن و دامێنەکەی؟ یان پابەند نەبوون بە رەهەندەکانی (عەیبە – گوناهە – شەرمە) لادان بێت لەکەلتوری سۆسیاڵ؟ لەکاتێکدا پرەنسیپە سەرەکییەکانی مۆراڵ بریتین لە هەموو ئەو سیفەتە جوانانە کە ئینسان پێیەوە نزیك دەبێت لە کامڵ بوون!

ئێمە بۆچی تاسەر پابەند بین بە:

-ژنی شەرمن شارێك و پیاوی شەرمنیش شانەیەکیش ناهێنێت؟

-دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە (با) نەیبات؟

-کە چوویتە شاری کوێرانەوە دەست بەچاوتەوە بگرە؟

-لەگەڵ عامیٔ بچۆ شامیٔ؟

-سواربوون عەیبێکەو دابەزین دووعەیب؟

با ئەمانە کەلتوریش بن ئەگەر لە ئێستا پێویست نەبن بۆ بمێنن؟ ئەگەر دەمێننەوە بۆ کاریان پێ بکەین و پێوەری نادروستی هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتەکانمان بن (Distorting Measures ) لەکۆمەڵگادا؟!

کە خـودا زەمینی دروستکرد یەقینە تـاوان دەبێت رووبـدات، هەتا زەوی و کۆمەڵگاکەمان هەبن تاوان هەر دەبێت و هەتا تەکنەلۆژیاش باڵی گەورەتربێت تاوانی زۆرترو مۆدێرنتر لەگەڵ خۆیدا دێنێت، من بەمانە نیگەران نیم، بەڵکو نیگەران دەبم کاتێك پێوەری دروستمان لەدەستداوە بۆ هەڵسەنگاندن!

بەپێی تێزە زانستیە دەروونیەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای تاوانی و جیۆلۆجی بەتایبەت لای (تورستن سیلین – Thorsten Sellin) ئەمە تا رادەیەکی باش ئاشکرایە، بەڵام ئێمە خۆمان لێیانەوە دوور دەگرین ئەگەر (یاسای سزادان – قانون العقوبات) ی خۆمان بە نموونەوە بگرین ئەوا دەبینین لایەنی دەروونی و پاڵنەرو ژینگەی تاوانبار بەهەند وەرناگیرێن وەك لە ماددەی (٤٠٩) دا دیارە ئەگەر کوردستان ویستویێتی هەمووارێك بکات، بەڵام دووبارە مەبەستەکانی نەپێکاوە تەنها لەلایەنی (تخفیف و تشدید) ی سزاکەوە نەبێت، گرنگی بە فاکتەرو پاڵنەرەکان نەداوە. دیارە بەشێك





لە یاساکانمان وابەستەی کەلتورێکی کۆن و سواوی بێگانەیە نەك خۆمان کە تەنانەت ناتوانین بیشیجولێنین.

***جورئەت بۆ شاعیر مەرجە؟**

من وای دەبینم ئەگەر جورئەت مەرجیش نەبێت، زەرروورە لەکاتی خۆیدا هەبێت ئەو شیعرەی کە پێویست دەکات هەڵوەستە لەسەر جورئەت بکات لە کاتی بازدان بەسەریدا شتێکی لەشیعر ونکردووە ئەوکات دەتوانم بڵێم ئەو شیعرە خاڵیە لە جورئەت، خاڵیە لەجوانی و راستگۆیی و راشکاوی.

*** ئەمانە بە یەك دێڕ:**

**(باران – لوتکەی چیا – قەڵای هەولێر – رووبار – شەو – سەما – کانی – خامە – غەم – پەپە – بیتهۆڤن – داڤنشی – شکسپیر – فەروغی فروغزاد – شیر – ساز – سەفەر – شاشەی تەلەڤزیۆن – تایەر تۆفیق – مشکۆ – خـــۆت)؟**

ئەگەر رووخسەت بدەن حەزدەکەم وەڵامەکان بە شێوازێك بێت کە خوێنەرانی بەرێز دێڕەکانی من بگەینن بە وشەکانی ئێوە بە بێئەوەی هەردووکیان لەپاڵ یەکدا بنووسم:

-ژنێکی خەتەنە نەکراوە، هەردەم دڵی بۆ بزاوت لێدەدات و ناسرەوێ، لەشیعریشدا کپ کپە.

- ولیەمی عاشقی جولییێت بەگریی ئۆدیب نووسی: نا بۆ رۆمیۆ.

- کۆستەمی شیعر ... و .... ژن .... و ..... پەپوولەیە.

- هەموو گیانی تەڕ کردووم کەچی هەناوم وشك و دەمم کراوە.

- دوو شت دەشارێتەوەو دەکرێت لەیەك کاتیشدا بۆ هەردوو مەبەستیش بپۆشرێ (جوانی و پیسی).

- سەمایەکی تەواو نەکراوە پڕە لە پەرسێلکەی رووتی ژن لە ئاسمانی بێ بارانی پیاودا.

- هەمیشە لە دایکبوونم بیردەخاتەوە و پێمدەڵێت: مێژوویەك هەیە رەسەنایەتی بنوسێتەوە.

- دایك و باوکم لە زەمانی پێکەوەیی بیردەخاتەوە.

- لە زستانی پڕ كرێوەو باراندا پیاوی گەرمبوونەوەیە.
- ئەگەر لێرەش نەبم دەتوانیٚ بۆنی وڵاتەكەمم بیرخاتەوە، دەمەویٚ لەوێدا نیشتەجیٚ ببم.
- لە منداڵیەوە پارەم بۆ كڕینی پاشەكەوت دەكرد هەرنەیدەكردە نرخەكەی.. كە گەورەبووم تێگەیشتم ئەو بە پوول ناكڕدرێت.
- یان (بەتاڵی) یان (منداڵەكان) ناچارم دەكەن بڵێم هەیە.
- تا لەدەستی خۆمە ناترسم، كە دەپەڕێتەوە دەستی تر لە بڕیارێك دەترسم.
- ئەوەندە حەزی پێدەكەم بە رادەیەك هیچ چێژی لیٚ وەرناگرم تۆ بڵێی لەبەر ئەوە نییە كە زۆر لە زەوی دوورناكەوینەوە؟
- قەسیدەیەكی نەفەس درێژی خوایە وشك نابێت و بنەچەشی نادۆزرێتەوە.
- (لەپاش مەرگم چ فایدەیە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن) پێم بڵیٚ؟!
- ئەو شیعرە یان باران؟ هەمان ئەو خاكە تێر دەكات، كە لێیەوە هەڵدەقولیٚ؟!
- خاوەن ئەفسووناویترین فڵچە بۆ كێشانی زەردەخەنەی پڕ لەكارەسات.
- هەروا دەزانم بریتی بوون لە رۆشنایی ئەو تارماییانەی كە نەمدەویست تێپەڕن و تێپەڕین.
- دزێكی داهێنەر لەچركەیەكدا گوێی سەدەیەك مرۆڤی دزی.
- ئەمەیان قورسە.. لەناو كەشتی شیعرە





١-٢

# سەردار عەزیز:

# سادەیە مرۆڤ بییەوێت بە ناسین بژی، بەڵام لە كۆمەڵگەیەكی بیٚ خوێنەردا ئەركی ئەم نووسەرە لە نووسینەوە دەبێت بە دەسكەلا

سازدانی: رابەر فاریق

سەردار عەزیز یەكێكە لەو نووسەرە چالاكانەی كە روانگەی تایبەت بەخۆی هەیە لە بەرامبەر كێشە سیاسییەكان و ئەو دۆخەی كە ئێستا كورد پێیدا رەت دەبێت. ئەم نووسەرە، ئەگەرچی پێشتر تەنیا بە گوتاری كورت، ئەویش جار جار روانینی خۆی لە بارەی ژانرە ئەدەبییەكانەوە دەربڕیوە، بەڵام كە قسەی كردووە، هەستی بە بەرپرسیارێتیی كردووەو ورد لە بارەی ئەو پرسانەوە دواوە، كە قسەی لەسەر كردوون. لەم گفتوگۆیەی خوارەوەدا، لە كۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە ئەدەب و رۆشنبیرو رۆشنبیریی، هاوكات كۆمەڵێك

پرسی تریش، كه هاوپێوەندیی ئەوانەی سەرەوەن، بە چڕیی وەرامی پرسیارەكانی داوەتەوەو بە وردیی تیشك دەخاتە سەر هەر یەكێك لەو رەهەندانەی لە بارەیانەوە قسە دەكات.

جودا لە هەر رۆشنبیرێكی تر، سەردار عەزیز پێیوایە: بۆ ئەوەی رەخنەگری كوردیی بە جدیی ئیش بكات و لە بنیاتی ئیشەكانی خۆی نزیك ببێتەوەو تێبگات و خودی دەق بخوێنێتەوەو گرنگیی بە ژواتا نووسەر نەدات، دەبێت پێڕەویی لە هیچ پێوەندی و رقەبەرێتییەك نەكات، واتا پێویستە فیكرەكانیی خۆی بخاتە نێو نووسراوەكانییەوەو پێوەندیی لەگەڵ روانینەكانی خۆی، ئەوجا خوێنەر بگرێت. لە هەمانكاتیشدا لە روانگەی ئەم نووسەرەوە، ناشێت رەخنەگر بێ رەحم نەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە، تا رەخنەگر بتوانێت لە پاڵ ئەو دەقەی لە بارەیەوە دەنووسێت، دەقی تایبەت بە خۆی و پەیوەست بە دەقی یەكەمیش بەرهەم بهێنێت.

وەرامەكان پتر دەلالەت لەم پێشەكییەی ئێمە دەكەن، بۆیە وەها باشترە خودی گوتوبێژەكەی خوارەوە بخوێنینەوە، لە دواجاریشدا خۆمان بڕیار لەسەر چۆنێتیی وەرام و پرسیارو پرسەكان و حەقیقەتەكان- ئەگەرچی حەقیقەت رێژەییە، واتا دەشێت ئەوەی من یان تۆ بە دروست دیومانە، یان خوێندوومانەتەوە، حەقیقەت بێت، یانیش بە پێچەوانەوە- بدەین:

**بیۆگرافیا:**

- لە گەرمیان لە دایكبووە.
-لە سلێمانی پەیمانگەی تەكنیكیی خوێندووە.
-لە ئێرلەندا بەكالۆریۆسی لە بواری حكومەتدا وەرگرتووە.
-ئێستا كاندیدی دكتۆرایە، بە تێزێك لە بارەی دەوڵەت و مۆدێرنە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.
-لە ئێرلەندا كاری وەرگێڕان و راوێژكاریی دەكات.
-چیرۆك دەنووسێت.
-رۆمانێكی نووسیوە، بەڵام هێشتا تەواوی نەكردووە.
-چەندین چیرۆك و گوتاری فیكری و فەلسەفی و رووناكبیریی لە گۆڤارو رۆژنامە كوردییەكاندا بڵاوكردووەتەوە، لە بواری وەرگێڕانیشدا چەند كارێكی كردووە.
-چەند نووسین و لێكۆڵینەوەیەكی هەن لە بارەی دەقی ئەدەبییەوە.
-لە حەوتەنامەی (ئاوێنە)دا گۆشەیەكی فیكریی هەیە.





**ئایا رۆشنبیرانی كورد توانیویانە بە كەرەستەی مۆدێرن و بەكاربردنی چەمكە جیهانییەكان، دۆخی گشتیی ئێستای كوردستان بخوێننەوەو قەیرانەكانی بەرەو چارەسەر بەكێش بكەن؟**

لە هەناوی ئەم پرسیارەدا یەكێك لە هەرە قەیرانە گەورەكانی مۆدێرنە لە دەرەوەی زێدی خۆی، رۆژئاوا، خۆی مەڵاسداوە. ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت ئەركی رۆشنبیر ئەوەیە چەمك و میتۆدەكانی مۆدێرنە بەكار ببات. دەكرێت بپرسین: ئایا میتۆدێكی مۆدێرن، كاتێك بەكاردەبرێت بۆ خوێندنەوەی دۆخێكی نا مۆدێرن، چی بەرهەم دەهێنێت. دیارە جگە لە خراپ دەستنیشانكردنی دەردو كێشەكان، شانۆگەرییەكی هەزەلیش. لە كاتێكدا رەنگە بتوانین میتۆدێكی خوێندنەوەی بەرد لە نەرویژەوە بگوێزینەوە بۆ كوردستان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانین میتۆدێكی خوێندنەوەی مرۆڤی نەرویژی بگوێزینەوە بۆ مرۆڤی كوردی.

ئەمە قۆناغێكە عەرەب لە میانەی شكستی مۆدێرنەیان پێش ئێمە پێیدا تێپەڕیون. هێنانی میتۆدی رۆژئاوایی، بە بێ تێگەیشتن و گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی، هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەسەر كۆمەڵگەی عەرەبدا. بە هەمانشێوە لای خۆشمان روویدا. كۆمۆنیستەكان باس لە پرۆلیتاریا دەكەن، لە نەمانی دەوڵەت، شتی تری لەم جۆرە. ئەم دەردە بەشێوەیەكی چڕ نووسینە سەرەتاكانی گرووپ، یان برادەرانی رەهەندیشی گرتبووەوە، بەڵام چەند ئاماژەیەك هەیە كە رەهەندییەكان بەئاگاو بێئاگا بەرەو پۆستڕەهەند دەڕۆن.

ئێمە دەتوانین سوود لە میتۆدی رۆژئاوا وەربگرین، بەوەی بتوانین میتۆدی خۆمانەی پێ بنیات بنێین. ئەگەر ئێمە نەتوانین رووداوەكانی خۆمان بكەینە رووداو و لە پاشاندا چەمكیان لێ بنیات بنێین، ئەوا ئێمە لە ئەنجامدا ئەوەی دەیبینن خۆمان نین، بەڵكو تراویلكەی ئەوێكی رۆژئاواییە.

كەواتە پرسیارەكە چی لێهات. دەتوانین بڵێین ئایا رۆشنبیرانی كورد لە رۆژئاوا تێگەیشتوون، تێگەیشتنێكی وەها كە بتوانن تێزو چەمكی خۆماڵیی لێ بنیات بنێن، بۆ خوێندنەوەی كۆمەڵگەی خۆمان. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. ئەوەی پێی دەوترێت رۆشنبیری كوردیی، خاوەن ناسنامەیەكی دیاریكراو نییە. ئێمە دەزانین و لە هەمانكاتدا نازانین بە تەواویی مەبەستمان لە كێیە، كە دەڵێین رۆشنبیرانی كورد.

بە هەرحاڵ، كە من ئەو رۆشنبیرانەی بە زمانەكانی رۆژئاوا دەخوێننەوە. كەمترن ئەوانەی بوێریی ئەوەیان هەبێت خۆیان لە قەرەی دەقە ئاڵۆزو گرنگەكان بدەن، بۆ نموونە دەقێكی وەك رەخنەی عەقڵیی پەتای كانت.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە سەر چەمکێکی خۆم، کە خوێندنەوەی بێ ئەخلاقە. دەبێت رۆشنبیری کورد بێ ئەخلاقانە دەق بخوێنێتەوە، هەرگیز خەمی ئەوەی نەبێت نووسەری ئەم دەقە کێیە، چ مەزنێکە، چ بلیمەتێکە، دەبێت تەنیا خەمی ئەوە بێت، چۆن بتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگەی خۆی.

جەختکردن لەسەر گرنگیی رۆشنبیر، ئەرکی رۆشنبیر، لە میانەی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، یان لە پرۆسەی مۆدرێنبووندا، دیاریدەیەکە لە نێو رۆشنبیریی کوردیدا رەگی داکوتاوە، بەبێ ئەوەی کەس فەلسەفییانە لێی بنوارێت. مەبەستم لەمە ئەوەیە کە: بۆچی کەس ناپرسێت بۆ رۆشنبیران، دەبێت ئەوان خاوەن رۆڵێکی هێندە مەزن بن. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ تیورەیەکی بەربڵاوی ئاڵۆزی هێندێك بەسەرچوو. ئەم تیورەیە تیورەی مۆدرینایزەیشنە. کرۆکی ئەم تیورە ئەوەیە، کە چۆن کۆمەڵگە نا مۆدرێنەکان بگەنە مۆدێرنە.

دیارە من لێرەدا بواری ئەوەم نییە کە قسە لەو رەخنە زۆرانە بکەم کە ئەم تیورە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، بەڵام یەکێك لە لایەکانی ئەم تیورەیە بڕوای وایە، کە شارستانییەتی رۆژئاوا، شارستانییەتێکی باڵادەستە، بۆیە ئەرکی ئەوانی تر ئەوەیە کە لاساییی بکەنەوە. بۆئەوەی کۆمەڵگەیەك بتوانێت لاسایی رۆژئاوا بکاتەوە، دەبێت کۆمەڵێکی دەستەبژێری هەبێت، کە تا هێندێك رۆژئاوایی بووبن، کە لە ئەنجامدا ببنە رابەری ئەوانی تر. ئەم دەستەبژێرە بە رۆژئاواییبووە رۆشنبیرانن. ئینجا قسەو باسی زۆر هەیە لە بارەی ئەوەی کە ئایا رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستی ئەوەدان لە مۆدێرنە بگەن. بە لای زۆرەوە نەخێر، بە لای هێندێکی ترەوە بەڵێ.

کەسێکی وەك عەبدوڵڵا عرەوی، لە کتێبی "چەمکی ئازادی"دا، باس لەوە دەکات کە چۆن ئەوانەی پێیان دەڵێن رۆشنبیرانی عەرەب، لە چەمکێکی وەکو ئازادیی، بە هیچ شێوەیەك تێنەگەیشتوون، بەڵکو لە ئەنجامدا تەنیا کردوویانەتە دروشم و وتوویانەتەوە.

من لە میانەی تێزی دکتۆراکەمدا لەم کێشانە دەکۆڵمەوە. بە رای من جۆرێکە لە خۆهەڵخەڵەتاندن ئەگەر وەها بزانین کە رۆشنبیران رۆڵیان هەیە، یان هەبووە، لە گۆڕینی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا. ئەم هەڵەیە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە رۆشنبیرانی رۆژهەڵات وەها وێنای رۆژئاوا دەکەن، کە رۆشنبیران رۆڵیان هەبووە لە گۆڕانیدا. (ئەمە بۆ خۆی تێگەیشتنێکی هەرزەییانەیە). ئەوەی لە رۆژهەڵات گۆڕان دێنێتە ئاراوە، دەسەڵاتە.

دەسەڵات لە هەموو فۆڕمەکانیدا. دەسەڵاتی رۆژهەڵاتیی، هەروەها دەسەڵاتی کوردیی



بواری نییە بۆ رەخنە، بۆ گوێگرتن، بۆ گەشە، بۆ گۆڕان. ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو دەسەڵاتە رات هەبێت، ئەوا هەرچی شت هەیە دەیکات بە چقڵی چاوتدا.

◆

دەسەڵات لە هەموو فۆڕمەکانیدا. دەسەڵاتی رۆژهەڵاتیی، هەروەها دەسەڵاتی کوردیی بواری نییە بۆ رەخنە، بۆ گوێگرتن، بۆ گەشە، بۆ گۆڕان

◆

## رۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لە چی دەکەنەوەو لە پشت بیرکردنەوەکانیانەوە چ مەبەستگەلێك خۆیان نواندووە؟

جارێکیتر گرانیی وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەو تێگەیشتنەدایە کە لێیەوە سەری گرتووە. لێرەدا رۆشنبیرانی کورد بە یەك یەکەی هاوشێوە بینراون و لەقەڵەمدراون. وەهاش وێنا کراوە کە بە یەك شێواز بیردەکەنەوە. من ناتوانم بڵێم دەزانم رۆشنبیرانی کورد بیر لە چی دەکەنەوە، یان لە پشت بیرکردنەوەکانیانەوە چ مەبەستگەلێك خۆیان حەشارداوە. ئەوەی دەتوانم باسی لێوە بکەم ئەوەیە، کە پێویستە رۆشنبیران بیر لە چی بکەنەوە.

رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لە تاریکیدا دەبینێت، دەبینێت و توانای بینینی هەیە لە رێگەی ئەو رۆشناییەی کە لە بیری دەدرەوشێتەوە. رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ناتوانێت وەك زۆربەی خەڵکانی تر، کاتێك رووبەڕووی رووداوێك، کێشەیەك، یان دیاردەیەك دەبێتەوە، خۆی لێ بێخەم بکات، بێدەنگی لە بەرامبەردا بنوێنێت. ئەو مرۆڤێکە تووشی نەخۆشیی بیرکردنەوە بووە.

ئێمە دەتوانین بۆ بنیاتنانی تێگەیشتنێکی قووڵتر، بیر لە چەمکی رۆشنایی و پێچەوانەکەی بکەینەوە، لە میانەی سیستمێکی دیالێکتیکیانەی هێگڵی، یان مارکسییانەدا. ئەگەر رۆشنبیر کەسێکی خاوەنی رۆشناییە، کەواتە تاریکییەك بوونی هەیە. ئەی ئەرك

و کاری رووناکی چییه له بەرامبەر تاریکیدا؟ تاریکی ڕەنگە لە شێوەی شاراوەدا بێت، لە شێوەی بێدەنگیدا بێت، لە شێوەی نهێنیدا بێت، لە شێوەی حەرامدا بێت، لە شێوەی نامۆسدا بێت، لە شێوەی هێڵی سووردا بێت. کاری رۆشنایی ئەوەیە کە ئەمانە بڕەوێنێتەوە، بیانشکێنێت، هەڵیانبماڵێت، ئەرکی تری لەو شێوانە.
کە خاوەنی رووناکی بوویت، کەواتە خاوەنی زانیارییت. کە دنیا بۆ تۆ رووناك، یان رۆشن بوو وەك رۆشنبیرێك، کەواتە تۆ دەبینی، بینینێکی جودا. (بۆ میتافۆری بینین، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ رۆمانەکەی خۆسێ ساراماگۆ). هەبوونی ئەم توانایە ناچارت دەکات بە هەڵوێستێکی ئەخلاقیی. مۆدێرنە ئەگەر بەرهەمهێنی توخمێکی وەك رۆشنبیرە، لە هەمانکاتدا بکوژی ئەخلاقە. بۆئەوەی ئەم دووانە پێکەوە گرێبدەین، دەبێت سەرێك لە فەیلەسووفە مەزنەکانی پۆستمۆدێرنە بدەین. لە نێو ئەمانەدا هیچ کەسێك هێندەی لیڤیناس کاری لەسەر زیندووکردنەوەی ئێپیك نەکردووە.
من ئێستا لە سەر چەمکی ماڵ لای هایدگەرو لیڤیناس کاردەکەم، لە میانەی کارکردنمان لە سەر چەمکی مزگەوت لە بنیاتی دەوڵەتدا. ئەم کارانە بە زمانی ئینگلیزیین، هەندێکیانم بەوانە لە زانکۆ گوتووەتەوە، بە هیوام لە داهاتوودا بە کوردیی کارێکی فینۆمینۆلۆژیانە لەسەر مزگەوت و دەسەڵات بکەم.

**کەسانێك هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی، پێکهاتەو لایەنە مەجازییەکانی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی تر؛ تەنیا دەڵێن: ئەم دەقە جوانە، ئەم دەقە ناشیرینە، بەبێئەوەی بپرسن، بۆچی جوانە، بۆچی ناشیرینە، هۆکاری ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە، دەکرێت بە چەند شێوازێك بدرێتەوە. یەکەم، هەموو کەسێك کاتێك کە رووبەڕووی دەقێك، یان کارێکی هونەریی دەبێتەوە، یەکەم هەڵوێستی خۆی دەردەخات. ئەم هەڵوێستە، کە دەتوانین ناوی بنێین، ئاستی یەکەمی دەربڕین، هەمیشە سادەیە. ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی وەرگێرانە. وەرگێڕانی دەقێك یان کارێکی هونەریی بۆ گوزارەیەکی خودی. لەم ئاستەدا مرۆڤ گوزارە لە چێژی تاکەکەسیی، لە هەستی، لە کاردانەوەی دەکات. ئەم ئاستە، زیاتر مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، خۆی دڵنیا دەکاتەوە کە هەڵوێستی لە بەرامبەر ئەو دەقە یان کارە هونەرییەدا چۆن بووە.
ئەگەر بپرسین بۆچی هێندێك لەم ئاستە سەرەتایە تێناپەڕن. تێپەڕین لەم ئاستە تەنیا کاتێك روودەدات، کە کەسەکە دەخوازێت هەستی یەکەمی بۆ بەرامبەر، بۆ ئەویتر بگوێزێتەوەو هەوڵی ئەوە بدات کە ئەویش بهێنێتە سەر هەمان دید. پرسی بۆچی،





پرسی بە ئاوەزکردنە. پرسێکە دەیەوێت ئارگومێنت بە گوێی ئەویتردا بدات؛ بەڵگەو بنەمای بۆ بخاتە پێشچاو.
شێوازێکی تری خوێندنەوەی ئەم پرسیارە، لە رووی کۆمەلایەتییەوەیە. چێژی دەق، یان چێژی هونەر دەبێت لە مرۆڤدا گەشەی پێبدرێت. بۆ نموونە ئەم دیدە بڕوای وایە ئەوا کەسانێکی تایبەتن کە دەتوانن لە تابلۆ یان رۆمان تێ بگەن. بڕێکی زۆر لە جیاکاریی کۆمەلایەتی لەم دیدەدا هەیە. ئەوە تەنیا رۆژئاواییەکانن، کە چێژی دەقی مەزن و تابلۆو مۆسیقای کاریگەرو قووڵیان هەیە. لە رۆژئاواش چینە باڵاکان. ئەمە بۆ خۆی دانانی سنوورە لە بەردەم ئاگاییدا. رێگرتنە لە دیمۆکراتیزەبوونی ئاگایی. هێشتنەوەی دنیایە لە دۆخێکی تایبەتدا.
بەڵام من بڕوام وەهایە دەق کراوەیە بۆ هەموو تێگەیشتنێك، لە نێویاندا سادەترین تیگەشتن. من وەهای دەبینم ئەوە زیاتر قەیرانی زمان و دەربڕین و بڕوا بەخۆبوونە، وەها لەو کەسانە دەکات کە نەوێرن هەنگاو بەرەو ئاستێکی باڵاتری تێگەشتن بنێن. ئەمانەش پێویستی بە رایەڵکردنە پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی ئێمە هەیە. لە رووی سیاسەتەوە مرۆڤی کورد مرۆڤێکی پەراوێزو تێکشکاوە. لە رووی ئایینەوە هەرگیز رێگەی پێنەدراوە بپرسێ بۆچی دەقی پیرۆز پیرۆزە. بە هەمان شێوە لە هەموو روانگەکانی ترەوە.
ئەوەی پێویستە بگوترێت، یان بکرێت، ئەوەیە کە چۆن مرۆڤی کورد لە کۆتوبەندو گرێکوێرەکانی رزگار بکرێت، بۆئەوەی ببێتە بوونەوەرێك بە ئازادیی گوزارشت لە خۆی بکات، بتوانێت دیدی تایبەتی خۆی راشناڵ بکات و بێ شەرمانەو بێ هەستکردن بە کەمیی لەگەڵ ئەویتردا ئاڵوگۆڕی بکات. هەروەها رەنگە ئەم پرسیارە بمانباتە دنیایەکی ترەوە، کە ئەویش نەبوونی کولتووری گفتوگۆ، یان گۆڕینەوەی را، یان بە ئاوەزکردنی دیدی خود لە بەرامبەر ئەویتردا؛ ئەمانەش هەموویان قەیرانن، کە مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئێمە پێیانەوە دەناڵێنن.

**کەسانێك هەن لە بری ئەوەی بە وردیی لە رەخنە بڕوانن، تەنیا باس لە جوانیی و ناشیرینیی دەق دەکەن، ئەم ( جوانیی ) و ( ناشیرینی )یەش تەنیا لە رستەیەکدا کورت دەکەنەوە، سەبارەت بە رەخنەش لە نێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریی و فیکریی کورددا، بەرەو رووی هەمان حاڵەتی ناتەندروست دەبینەوەو ئەوە دەبینین کە رەخنە دابەشکراوە بەسەر (بنیاتنەر) و (رووخێنەر)دا. ئەمانە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

ڕەخنەی ڕووخێنەر ئەو ڕەخنەیەیە کاتێك کەسێك زۆر بە باشی لەسەر کەسێکی تر دەنووسێت. لە ئەنجامدا کەسی لەسەر نووسراو لە بەرامبەر کەلێن و لاوازیی و کەموکورتییەکانی خۆیدا کوێر دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە کەسێك لە داهێنان دەکەوێت، بەڵام ئەم پۆلێنکردنە لە دونیای ئێمەدا بە جۆرێکی ترە.

ڕەخنەی ڕووخێنەر واتا جوێن، ڕەخنەی بنیاتنەر واتا پێداهەڵگوتن. کەواتە پرۆسەی ڕەخنە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەموو شتێکە بەس ڕەخنە نییە. ئەوەی هەیە درێژەپێدانی ئەو کولتوورە کلاسیکییەیە کە هەجوو و مەدح بە سەریدا زاڵبوو.

ڕەخنە واتا ڕۆشنگەریی. فۆکۆ بە کارکردنی لەسەر کانت، بە تایبەت لەسەر دەقی ڕۆشنگەریی چییە، دەیەوێت ئەم دووانە پێکەوە بلکێنێت. لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەق وەك بوونێك و بوونێکی سەربەخۆ لێی ناڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. دەق بەکاردێت بۆ گوزارەکردنی مەبەستێك، خواستێك. کەواتە ئەو بە ناو ڕەخنەگرە، کاری خوێندنەوەی دەق نییە، بەڵکو نیازی ئەوەیە کە چۆن لە ڕێگەی ئەم دەقەوە شتێك بڵێت کە هیچ پێوەندیی بە دەقەکەوە نییە، ئیتر ئایا ئەوە ناڕەزاییە، یان ماستاوکردن.

من دۆلۆزیانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەم. چەمکی سەرەکیی لای دۆلۆز بیکەمینگە، بوون-بە-یە. ئەمە بەو مانایە، چۆن لە دەقێك بگەم بۆئەوەی بتوانم دونیایەکی تری پێ بخوڵقێنم. بیکەمە ئامرازێك. کەواتە دەق خاوەنی مانایەکی تایبەت نییە. هەمیشە کراوەیە. کرانەوەیەکی بێ سنوور، بەجۆرێك هەموو ئازادییەك دەداتە خوێنەر، بۆئەوەی ئەوەی دەیخوازێت لێی بەرهەم بهێنێت. دۆلۆز خۆی بەجۆرە مێژووی فەلسەفەی خوێندەوە. کارەکانی ئەو لە سەر لیپتیناز، بێکین، کافکا، کانت، فۆکۆ، پرۆست و ئەوانیتر. دۆلۆز بەزمانێکی بازاریی، بەڵام پڕ مانا دەڵێت: لە کاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەم دەقانەدا، لە دواوە بۆم لێدان، منداڵێکم پێ خستنەوە، لە ئەوانە، بەڵام لە ئەوان ناچێت. دۆلۆز دەڵێت، پەیوەستبوونی ئەو بە دەقەوە پەیوەستبوونێکی تەقلیدیی نییە، لێدان لە دواوە. هەروەها خستنەوەی منداڵێك کە پێوەندیی هەبێت و نەبێت.

ڕەخنە ئەگەر نەتوانێت خوێندنەوەیەکی تر، خوێندنەوەیەکی سەرنجڕاکێش بە دەق بدات، ئەگەر نەتوانێت دەق بەرەو کرانەوەیەکی تر ببات. ئەوا ناتوانێت ناو لە خۆی بنێت ڕەخنە. کەواتە ڕەخنە واتا بێ سنووریی مانای دەق، بەردەوامی هەمیشە لە بەرەوپێشچوون. بۆ نموونە کاتێك فۆتۆگرافێکی لێهاتوو لە گۆشەنیگایەکی زۆر تایبەتەوە وێنەیەکی قەڵاتمان بۆ دەگرێت، کە وەهامان لێ دەکات هەست بکەین کە ئەوە بۆ یەکەمجارە قەڵای چەند هەزارساڵە دەبینین، ئەوە وێنەیەکی ڕەخنەگرانەیە. من داوای لێبووردن دەکەم کە





خوێنەری ڕەخنەی کوردیی نیم، بەڵام گومانم هەیە لەوەی کە ڕەخنەگرانی کورد لە توانایاندا هەبێت بتوانن میتۆدێکی وەها هەڵێنجێنن، تا پاشان دەقی پێ بخوێننەوەو دیدی نوێمان سەبارەت بەو دەقانە پێ بدەن.

من بەشبەحاڵی خۆم حەزدەکەم کارێك لەسەر شێرکۆ بێکەس بکەم، بە تایبەت لەسەر دەقە شیوەنسازییەکانی. بە بەکاربردنی کارەکانی درێدا لەمەڕ سیاسەتی شێوەنسازیی. بۆ نموونە دەمەوێت بپرسم چییە بۆ ئەویتر دڵتەنگ بیت. چییە وەك زیندوویەك یادی کەسێکی نازیندوو بکەیتەوە. لەوێوە بپەڕمەوە بۆ پێوەندیی نێوان خودو ئەویتر؛ ختوکەدانی دنیای ناسنامە، مەترسی، مەرگ، ژیان، پێکەوەبوون. ئەمە لە ڕاستیدا دەتوانرێت تێزێکی بێوێنەی دکتۆرای لە سەر بنووسرێت. بە تایبەت بە تێڕامان لە ژینکردنی ئافرەتی کۆستکەوتووی ئەنفال، لە ڕەنگی ڕەش و شینی، لە گەرمیان. ئەم نەبوونی ڕەخنەیە وەهای کردووە هەموو دەقێك دەقێك بێت و هیچ دەقێك دەق نەبێت.

**داهێنان و ڕێکلام لە ئێستادا هاوئاستن لە خستنە رووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستمە، دابەشبووە بەسەر خوێنەرو ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکان. بۆئەوەی نووسەری ئیبداعکار پردێك دروست بکات، بۆ بە یەکترگەیشتنی داهێنان و ڕێکلام، ئەوە چییە لە وەها وەختێکدا تەندروستانە کۆمەکی دەکات؟**

چەمکی ڕێکلام سەیرە. ڕێکلام واتا هەوڵدان بۆ پێشاندانی کاڵایەك، بەرهەمێك، کەسێك، بۆئەوەی

**ڕەخنەی ڕووخێنەر واتا جوێن، ڕەخنەی بنیاتنەر واتا پێداهەڵگوتن. کەواتە پرۆسەی ڕەخنە بەهەموو جۆرەکانییەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەموو شتێکە بەس ڕەخنە نییە. ئەوەی هەیە درێژەپێدانی ئەو کولتوورە کلاسیکییەیە کە هەجوو و مەدح بەسەریدا زاڵبوو**

له یادەوەریی و نەستی ئەویتردا بچێنێتەوە؛ بەمەبەستی بەکاربردنی. دیارە گومان لەوەدا نییە کە ئەرکی داهێنەرە کالاّکەی، یان بەرهەمەکەی بگەیەنێتە خوێنەر، بەلاّم جیاوازیی هەیە لە نێوان گەیاندن و ریکلامدا. گەیاندن واتا بەخشینی توانا بە ئەویتر، بۆئەوەی بەئاگا بێت لە کارێك، کە رەنگە بە لایەوە پێویست بێت، بەلاّم رێکلام واتا ناساندنی خەڵکی بە کالاّیەك، کەسێك، بەرهەمێك؛ بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. دیارە رێکلام وەك زاراوەیەکی بازاڕیی، مەبەست لێی خولْقاندنی دۆخێکە لە ئاگایی و نەستی کڕیاردا، کە هەست بکات پێویستی بەو کالاّیە هەیە، بەلاّم کاتێك مەبەستی داهێنەرێك کورت دەبێتەوە بۆ رێکلام، ئەوا من بە چەند شێوازێك لێی تێدەگەم:

١-بۆ ناساندنی کەسەکە بەشێوەیەکی سادەو رووکەش و خێرا.

٢- کورتکردنەوەی بەرهەم و دەق بۆ کالاّیەکی پێوەندیکردن و نان پەیداکردن.

٣- نەبوونی کێشەیەکی مەعریفی، بەڵکو زیاتر هەبوونی قەیرانێکی ناسنامەییە.

لە هەموو ئەمانەدا، ئەدەب و مەعریفەو داهێنان کورتدەبنەوە بۆ کۆمەڵێك ئاماژە، کە دوورن لە مەبەستی راستەقینەی خۆیانەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە رۆژئاوادا خەڵکانێکی زۆر هەن، کە کاری نووسین دەکەن وەك پیشە، بە تایبەت رۆماننووسەکان. زۆرێك لە زانکۆکانیش کۆرسی تایبەتیان بۆ فێربوونی نووسین و تەکنیکی نووسین هەیە. من بەش بەحاڵی خۆم، چەندین کۆرسی کورتم دیون، لە بواری نووسینی کورتە چیرۆك، رۆمان، سیناریۆ، بەلاّم لە هیچ کامیاندا سەرکەوتوو نەبووم.

نووسین وەك پیشە، کارێکە هیچ نەنگییەکی نییە، بەلاّم زۆرینەی ئەوانەی لەم روانگەیەوە دێنە نێو ئەدەبیاتەوە، جۆرێك لە دەق دەنووسن، کە بۆ زۆرترینی خوێنەرانە. بە زمانی ئینگلیزی تا ئاستێك وەك جۆرە ژانرێکی تایبەت و سەربەخۆ تەماشا دەکرێت، کە پێیدەڵێن بێست- سێللەر، بە کوردیی واتا پڕفرۆش، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو ئەوانەی دەچنە کۆرسەکانی کریەیتڤ رایتنگ، واتا کۆرسی نووسینی داهێنەرانە، نووسەرانی بازاڕیی بن. کویزی ئاشاگوری، نووسەری بە رەچەڵەك یابانی و گەورەبووی بەریتانیا، یەکێکە لەو نووسەرانەی ئەمجۆرە کۆرسانەی دیوە، بەلاّم تا بڵێیت نووسەرێکی سەرکەوتووە، دەقی وەك "پاشماوەکانی رۆژ" و "کە هەتیوو بووین"و چەندان دەقی جوانی تری نووسیوە.

دیارە لە کوردستانیش خەڵکانێکی زۆر هەن، کە دەخوازن پیشەی بژێوییان بکەن بە نووسین، لە بەر نەبوونی بازاڕ بۆ کتێب و نەبوونی خوێنەر، کە یەکێکە لە شەرمە کۆمەلاّیەتییەکانی ئێمە، ئەوا ئەو خەڵکانە ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر لایەن و حیزب و رێکخراوی تری لەو جۆرە بابەتانەوە.





کاتێك ئێمە دەزانین دەسەلاّت و داهێنان هەمیشە لە جەنگدان، جەنگی دژ بە یەکتری، ئەوا تێدەگەین کە ئەو نووسەرانەی بژێوییان لە دەسەلاّت هەیە، دەبێت هەمیشە لە قاڵبێکی تەسك و تروسکدا داهێنانەکانیان بەرهەم بهێنن، کە لە دوا ئەنجامدا نابنە خاوەن هیچ داهێنانێکی مرۆڤانە.

بۆئەوەی ئێمە مانایەك بۆ ئەم دیاریدەیە بدۆزینەوە، ئەوا دەبێت هەندێك کاری پۆلێنسازیی بکەین. سادەیە مرۆڤ بیەوێت بە ناسین بژی، بەلاّم لە کۆمەڵگەیەکی بێ خوێنەردا ئەمە مەحاڵەو ئەرکی ئەم نووسەرە، لە نووسینەوە دەبێت بە دەسکەلا. بۆیە ئێمە دەبێت لە کوردستانیشدا ژانری ئەو دەقانەمان هەبێت، کە تەنیا بۆ خوێندنەوەی کاتکوشتن نووسراون و نووسەرەکانیان نەیەن باس لە فەلسەفەو مەعریفەو دەسەلاّت و هەموو شتێکمان بۆ بکەن. دیارە ئێستا جۆرێك لەم ژانرە هەیە، بەلاّم زیاتر بۆ ئەو دەقانەیە کە پێوەندییەکی هەرزەکارانەیان بە سێکسەوە هەیە.

**دیکارت روانینێکی وەهایە: (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم)، بەلاّم ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام (بیرکردنەوە) دەتوانێت (بوون)ێکی پڕ جووڵەو ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێت، هاوکات بیرکردنەوە لەکن تاکی هۆشیار تا چەند پەیوەستە بە (ئاگایی)و (ئەوانی دیکە)وە؟**

رامان لە تێزێکی زێدە گرنگی وەك: من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، پێویستی بە کارو ئەرکێکی قورسە. ئەمە روانینێك یان دیدێکی سادە نییە. لەبەر گرنگیی ئەم روانینە، وەك جەنابت ناوی دەبەیت، حەزدەکەم تۆزێك بە شێنەیی وەلاّمی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە وابزانم قسەکردن لەسەر ئەم تێزەی دێکارت، لە رۆشنبیری کوردیدا، دەتوانم بڵێم لە گوتنەوەیەکی درووشمئاسایانە تێناپەڕێت. من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، تا هێندێك وەك درووشمێکی لێهاتووە. سەرەتا تێگەیشتن لەم تێزە شۆڕشئامێزە، پێویستی بە دیدێکی زمانەوانی هەیە. دەبێت بزانرێت لە زمانی رەسەن، ئەو زمانەی کە ئەم دەقەی پێ نووسراوە، لە سەردەمانێك کە سەدەی شانزەو حەڤدەیە ئەم زاراوانەی کە ئەم تێزەیان پێکهێناوە چی دەگەیەنن. من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، بە لاتینی: Cogito, ergo sumە، ئەمەش کۆجیتۆ ئێرگۆ سەم، واتا من بە قووڵیی بیردەکەمەوە، کەواتە هەم، لە هەمانکاتدا واتا من کە عەقڵم بەکاردەبەم، لە ئەنجامدا دەبمە بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، کەواتە کاتێك دەگەمە ئەو ئاستەی کە بیربکەمەوە وەك خۆم، کەواتە بوونم هەیە.

وەك دەبینیت بیرکردنەوەکە، بیرکردنەوەیەکی سادە نییە. دێکارت لە میدیتەیشندا

به ئازارێکی زۆرەوە دەیەوێت ئەوە بخاتە بەرچاو کە کۆجیتۆ چۆن فەراهەم دەبێت. ئەم بیرکردنەوەیە گەیشتنە بە عەقڵ. عەقڵێك کە هیچ جێکارو کاریگەریگەرییەکی تری لە سەر نییە. کەواتە ئەم سەفەرە ئاسان نییە. بۆئەوەی کەسێك بگاتە عەقڵ، یان بۆئەوەی عەقڵی لە هەموو کاریگەرییەکانی سەر عەقڵ پاککاتەوە، دەبێت یادەوەرییەکانی، بیروڕاکانی، ترسەکانی، شەرمەکانی، دابونەرێت و ئایین و ڕێزو پێوەندییەکانی هەموو سەرتاپا دارن کات. عەقڵ تەنیاو تەنیا خۆی بمێنێتەوە.

ئەگەر تۆزێك بە سادەیی بدوێین، بۆ گەیشتن بە عەقڵی خود، مرۆڤ دەبێت هەوڵی سەفەرێکی ئارکەلۆژیانە بدات. هەڵکەنێت، لاببات، بگەڕێت، بپشکنێت، بنوارێت، تێرامێت، ئازار بچێژێت، ماندوو ببێت، ئینجا ڕەنگە لە قووڵی قووڵایدا بگاتە ئەو جێگایەی کە عەقڵی بە پوختی و بە پاکی کاردەکات. تەنیا ئەو عەقڵەیە کە بوونی من دەسەلێنێت، چونکە کاتێك ئێمە بیری لە بوونی خۆمان بکەینەوە لە ڕێگای نەریتەوە، ئەوا ئێمە بوونی خۆمان بەیاننناکەین، بەڵکو بوونی نەریتیمان پێشاندەدەین. ئەمە بۆ هەموو ڕەهەندە کاریگەرییەکانی تر ڕاستە. ئەگەر ئێمە خۆمان لە یادەوەرییەکانمان پاك نەکەینەوە، ئەوا ئەوەی کە قسە دەکات یادەوەرییە، نەك خود.

بەڵام پرسیارەکەی تۆ دەربارەی بوونی ئیبداعکارە. لێرەدا وشەی بوون بەو مانایە بەکار نابرێت کە دیکارت مەبەستیەتی، بەڵام ئیبداع و داهینان پەیوەستن بە بیرکردنەوەوە. لێرەدا ئێمە کێشەمان لەسەر مانای ئیبداع هەیە. ئەگەر بە مانای داهێنانە، ئەوا فەلسەفە یان فەلسەفاندن کارێکی داهێنان نییە، بەڵکو کاری لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەو داهێنان و ڕەخنەو ئەم جۆرانەیە. ئەگەر ئیبداع بە مانای هێنانە ئارای ئەوەی کە بوونی نەبووە. ئەفلاتوون بەو شێوەیە پێناسەی شیعر دەکات، ئەوا کاری فەلسەفە بەو جۆرە نییە. فەلسەفە زادی خەیاڵ نییە، لە هیچەوە نایەتە دی. ئەگەر مەبەست لە ئیبداع، ئیبداعە لە بواری ئەدەب و هونەردا، ئەوا کێشەکە بە تەواویی جودایە.

بیرکردنەوە بۆ نووسینی ڕۆمانێك تەنیا یەك شێواز نییە لە بیرکردنەوە بەڵکو ئەگەر بمانەوێت وێنای بکەین، ئەوا ڕەنگە لە شێوەی پەلکە زێرینەدابێت. پێویستی بە خەیاڵە، بە داهێنان، بە وێناکردن، بە ئاگایی لە یادەوەریی و مێژوو، بە سایکۆلۆژیا، فەلسەفە، چەندین بواری تر. هەموو ئەمانە پێکەوە دەتوانن وەها لە نووسەر بکەن کە بتوانێت پاڵەوانی وەك مرۆڤێك وێنا بکات.

کەواتە پرۆسەی داهێنان تەنیا بە بیرکردنەوەی دیکارتی نایەتە بوون. چەمکی بوون لە دونیای کوردیدا چەمکێکی پێناسە نەکراوە. بۆیە بوون بە هەموو شێوازەکانییەوە، بوونی عەقڵی، بوونی ناسنامەیی، بوونی مرۆڤانە، بوونی کۆیلانە (مەبەستم





بوونێکی ئایینیانەیە یان بڕواداریانە)و هەموو بوونەکانی تر، کەس هیچی دەربارە نەدرکاندوون.

بەڵام بۆچی ئەم بوونە دیکارتییە لە هەموو بوونێکی تر باڵادەستترە. ئەم بوونە هێندە گرنگە بە یەکێك لە بنەماکانی دونیای مۆدرێن دادەنرێت. لێرەدا بوونێك هەیە کە سەربەخۆیە، کە توانای هەیە دوو پرۆسەی دژ بەیەك لە پاش یەك ئەنجامبدات. لە کاتێکدا گومان بکاتە ئامرازێك بۆ گەیشتنە ئەو بنەمایەی کە ئیتر ناتوانرێت گومانی لێ بکرێت. لە هەمانکاتدا لە پاش گەیشتن بە بنەما سەر لەنوێ بنیات دەنێتەوە. ئالێرەوە مرۆڤ دەبێتە خۆی، بە تواناکانی خۆی ئاشنا دەبێت، خۆی دەکاتە بنەمای بیرکردنەوە. ئەمە سەرەتای لەدایکبوونی تاکە، وتنی من و منی بیرکەرەوە، بە مانای دژایەتیکردنی منی بڕوادار، منی بێ گومان، منی بێ پرسیار، منی شوێنکەوتوو، منی دەروێش، منی حیزبی و چەندەها منی تر. کە من دەگاتە ساتەوەختی عەقڵ، ئیتر دەتوانێت منێکی ڕەوادەست بێت، منێکی زمان بەکاربەرێت، منێکی گفتوگۆکار بێت، منێکی گومانکار بێت، کە لە هەمانکاتدا واتا منێکی سینگفراوان. دیارە ئەم منە عەقڵییە لایەنی تاریکیی زۆرە. ئەوانە لایەنە تاریکەکانی پرۆژەی مۆدێرنەن. منی عاقڵ منێکی باڵادەستە. منێکە کە ناعەقڵ بە کەم یان ئاژەڵ تەماشا دەکات. منێکە خۆی وەها دەبینێت کە هیچی تر لە سەرەوەی نییە. منێکە کە لە رووی سیاسییەوە بەرهەمهێنی ئیرۆسێنترالیزمە، بە چەقبوونی ئەوروپا. کەواتە ئەم منی منێکە کە لە زۆر ڕووەوە داخراوە لە بەرامبەر منە جیاوازەکانی تردا. تا ئاستێکی باڵا خواستێکی ئایینیانەی تیایدا. بە ڕەوای دەبینێت هێز بەکاربهێنێت لە پێناوی ئەوەی ئەوانی تر وەك خۆی لێ بکات. پرۆسەی بڵاوەپێکردنی مۆدێرنەو دیمۆکراسی.

ئەگەر مۆدێرنە ئەویتر بەرهەم دەهێنێت. دیارە نامۆدێرن هەروەها ئەویتر بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لەسەر بنیاتی عەقڵ نا. بۆ نموونە ئەویتری یەکێتی، ئەویتری پارتی، ئەویتری عەشیرەت، ئەویتری ئیسلامیی، ئەویتری عەلمانی، ئەمانە هەموو چەندە جیاوازن، بەڵام ئەویتری نامۆدرێنی کوشندەن. کوشندەن بەوەی جگە لە شەڕ یان دۆستایەتی توانای هیچ جۆرە پێوەندییەکی مۆدرێنیان نییە. شەڕ واتا هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی جودا، ئاشی واتا هەوڵدان بۆ لەبیرکردنی جودا. بە هەمانشێوە ئەویتری ئیسلامیی عەلمانی. ئەم ئەویترە نا مۆدرێنە کوشندانە، تەنیا خۆیان ناکوژن، بەڵکو سەرتاپا کۆمەڵگە بەرەو مەرگ دەبەن.

بەڵام ئەگەر بێینەوە سەر پێوەندیی عەقڵ و توانای گەیشتن بە عەقڵ و داهێنان، بۆ من ستەمە دەقێك بەرهەم بێت، کە لە خۆی ببینێت بۆئەوەی ببێتە دەقێکی زیندوو، بە بێ

هەڵگرتنی دیدێکی فەلسەفیی قووڵ بۆ مرۆڤ و ژیان و سروشت و دونیاو دەوروبەری، دونیای ئەدەبی کوردیی بێبەرییە لەم دیدە عەقڵانییە رەخنەگرانە. بۆیە ئێمە دەقەکانمان لە وەسفی دوورو درێژو رستەی جوانکیلەو سۆزدا نقوومبوون. لە بری قەیرانەکانی مرۆڤی کورد لە دونیادا.

## چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

پرسیارێکی زێدە جوانە. زێدە دڵتەنگە، هەروەها زێدە رەشبینە. لەم رستەیەدا دانپیانێك هەیە لە بارەی دەستەپاچەیی، بێهیوایی. من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەوڵدەدەم لەو چوارچێوەیەوە بێمە دەرێ، کە پرسیارەکە بۆمی کێشاوە. دەمەوێت لەگەڵ وشەکانی پرسیارکەدا، وەك چۆن بە منداڵ بە تەتکەکانی یاریی دەکات، منیش وەها یاریی بکەم.

ئەگەر واقیعێك تاڵ بێت، ئەوا خەیاڵ و فەنتازیا بە تەنیا بەس نین بۆ گۆڕانی. کەواتە وەڵامی یەکەم ئەوەیە، واز لە خەیاڵ و فەنتازیا بێنە، بگەڕێوە بۆ بیابانی واقیع، لەوێ دەستبەکاربە، بەڵام گۆڕانی واقیع یەکەم هەنگاوی لەوێوە دەستپێدەکات کە بتوانیت وێنای واقیعە تاڵەکەو ئینجا ئەڵتەرناتیڤی ئەو واقیعە تاڵەش بکەیت. کەواتە کەسێك کە ناتوانێت خەیاڵ و فەنتازیای بەکاربەرێت، ناتوانێت ببێتە کەسێکی گۆڕانخواز.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەرستۆ رەنگە هەنگاوێکی تر بمانباتە پێشەوە. بە رای ئەرستۆ، بیرکردنەوەش لە شێوازی وێنا کردنەوەیە، کەواتە بیرکردنەوە بەشێکی زۆری فەنتازیایە، یان بە زاراوە فەلسەفییەکەی فەنتازمەگۆریا. ئێستا ئێمە دوو بنەمامان هەیە، کە یەکێکیان داوامان لێ دەکات کە واز لە خەیاڵ بێنین و بگەڕێینەوە بۆ بیابانی واقیع (وشەی بیابانی واقیع لە سلاڤیو ژیژاکەوە قەرزدەکەم، کە ئەو کتێبۆکەیەکی جوانی لە ژێر ئەو نێونیشانەدا نووسیوە). دووەمیان داوامان لێ دەکات خەیاڵمان بکەینە چەکی گۆڕان. لە راستیدا ئەم دووانە دژ بە یەك نین، بەڵکو تا ئاستێکی زۆر تەواکاری یەکترین. بۆئەوەی خەیاڵ، فەنتازیایەکی گۆڕانخوازیت هەبێت، ئەوا دەبێت بزانیت کە واقیع چییە؟ چۆنەو چی دەخوازێت؟ کاتێك وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییانەت دایەوە، ئینجا هێزی بیرکردنەوە، هێزی خەیاڵ، هێزی وێناکردن، یارمەتیت دەدەن، بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاریی.

ئەوەی لە زمانی کوردیدا بە باشی روون نییە، مانای فەنتازیاو خەیاڵ و ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی پێیدەڵێن ئیللیوشن- ە. ئیللیوشن بڕوابوونە بە وێنایەك و نەبوونی توانا بۆ دەربازبوون لێی. بە مانای ئەوە، تەسلیمبوون بە فەنتازیا لەبری ئەوەی فەنتازیا





وەك هێزێك بەکاربێت بۆ هاوکاریی هێزەکانی تر، بۆ بەدیهێنانی گۆڕان. لە کتێبی رەخنەی فەلسەفەی یاسای هێگڵ، مارکس باس لە ئایین دەکات، وەك یەکێك لەجۆرە فەنتازیایانە. ئایین کە دەبێت دڵ بۆ دنیایەکی بێ دڵ، هەر لێرەدا رستە بەناوبانگەکەی دەڵێت، کە ئایین ئەفیونە. دیارە مەبەستی مارکس لەوەیە کە ئایین لە راستیدا ئازارکوژە، بەڵام چارەسەر نییە. بۆیە کاتێك فەنتازیاو خەیاڵ بەکاردەهێنین بۆ گۆڕان، ئەوا نابێت بیکەینە ئەڵتەرناتیڤ، بەڵکو تەنیا وەك دەسکەلایەك، شێوازێك، رێبازێك. دیارە خەیاڵ بەشێکی گەورەی مۆدێرنە پێکدەهێنێت، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین مۆدێرنە ساتەوەختی لە دایکبوونی خەیاڵە. ئەگەر پێش مۆدێرنە دنیای ئایین و خوداناسی بێت، ئەوا مرۆڤەکان نەیانتوانیوە ببنە خاوەن خەون و خەیاڵ و فەنتازیای خۆیان. ئەگەر هەشیانبێت، ئەوا لێیان قەدەغە کراوە.

دیارە ئەمە پێوەندیی بە جوانیی و ئازادیی و داهێنان و یۆتۆپیاوە هەیە. کاتێك ئێمە دەزانین کە یۆتۆپیایەکی وەك تۆماس مۆر لە سێدارە دەدرێت، بانگەشەی ئەوە دەکات کە خوڵقاندنی دنیا بە خەیاڵی مرۆڤ گوناهە، کەواتە دەبێت مرۆڤ ئازاد بێت، ئازادبوون بە مانای ئازادیی روح، چونکە کاتێك مرۆڤێك روحی ئازادە، ئەوا ئەگەر بەندیش بێت فەنتازیاکانی لە بارەی جوانیی و ئازادیی و داهێنانەوەن، بەڵام ئەگەر کەسێك بە جوانیی و جواناسیی ئاشنا نەبێت، ئەوا ئەگەر بەندیش نەبێت، خەون و فەنتازیاکانی نەخۆشن.

**لە دنیای کوردیدا کە بەردەوام رۆژانە مرۆڤی کورد تێك دەشکێنرێت، گرانە بۆ مرۆڤەکانی خاوەنی خەیاڵ و فەنتازیایەکی مرۆدۆستی و لێبووردەیی و جوانپەرست بن، بەڵکو فەنتازیاکە هەمیشە بیر لە هەڵاتن و رزگاربوون و سێکس و سەرزەمینێکی تر دەکاتەوە، ئا لێرەوەیە کە دەتوانم بڵێم: سێکس و ئەوروپا گەورەترین پانتایی خەیاڵی مرۆڤی کوردیی داگیرکردووە، کە ئەمەش سیمبولە بۆ ئازادیی لەززەت، بەڵام پرسیارەکە لە شێوازی نارەزاییەکدا دارێژراوە، چی لە واقیعێك بکەم؟ بە مانای ئەوەی کە ئەم واقیعەی مەبەستە، واقیعێکی تاڵە، بێزارە، وشکە، سەختە، پڕوکێنەرە، بۆیە کە دەپرسیت چی لێ بکەم، لە هەمانکاتدا دەڵێیت، نازانم چی لێ بکەم، بێزارم لێی، نائومێدبووم لێی، بەڵام ئەم دونیایە یان واقیعە کە دژ بە خەیاڵە، دەکرێت بکرێتە سەرزەمینێکی لە بار بۆ داهێنان. بۆچی لە ئەمریکای لاتینی دیکتاتۆرییەت و حوکمی سەربازیی و کودەتاو ئەو هەموو دیاریدە ناشیرینانە، چەندین دەق و بەرهەم و رۆمان و شانۆی مەزنی بەرهەمهێناوە، کەچی لە دونیای ئێمەدا هیچ؟**

له كۆتاییدا چەند وردە پرسیارێك ئاراستەی پرسیارکەت دەکەم بە مەبەستی روونکردنەوەی پاشان هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بنەما سەرەکیەکانی (ئەمە بۆخۆی میتۆدێکی دیکارتییە).

١- ئایا مەبەستت لە فەنتازیاو خەیاڵ، ئەدەبە، ئیتر پرسیارەکە دەبێت بە: چی لە دونیایەك بکەم کە ئەدەب نایگۆڕێت، کە ئەدەب بەرهەم ناهێنێت، کە ئەدەب ناخولقێنێت، کە تۆراوە لە فەنتازیاو خەیاڵ.

٢- ئایا مەبەستت لە فەنتازیاو خەیاڵ شۆڕشە. چی لە دونیایەك کە شۆڕش نایگۆڕێت. مێژووی ئێمە پڕە لە یاخیبوون، بەڵام بەتاڵە لە شۆڕش، چونکە شۆڕش واتا شۆڕشکردن بۆ بەدیهێنانی دونیایەکی نوێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لەگەڵ دووژمنەکانماندا کردوومانە، ئەوەیە کە لە دەست ئازارەکانیان هەڵدێین، بەڵام بەرنامەیەکی جودامان پێ نییە.

٣- ئایا مەبەستت لە فەنتازیاو خەیاڵ ئەو دنیا هاوتەریبەیە کە خەڵکانێکی زۆر بە تەنیشت واقیعەوە دەیخولقێنن، بۆئەوەی خۆیان لە بیابانی سەخت و وشکی واقیع رزگار بکەن؟ ئەوە رێك وەك ئەوە وایە لە گوندی ئەڵمانی، لە سلێمانی بخەویت و وەها لە خۆت بنواڕیت کە لە هامبۆرگی. وا هەست بکەیت بوویت بە ئەوروپی، بوویت بە خاوەنی کانت و هێگڵ و شۆپنهاوەرو مارکس و گۆتەو هەموو ئەوانی تر.

## کۆمەڵگەو تاکی کوردی توانیویانە خۆیان لە گۆڕانە بەردەوامەکاندا بەرجەستە بکەن و جۆرێك لە فرەڕەهەندیی روانین بەرهەم بهێنن؟

ئاشکرایە کە نەخێر! ساتەوەختی گۆڕان ساتەوەختی رووداوە، بەڵام بۆ ئاشکراکردنی مەبەستە فەلسەفییەکەم، جودایی دەکەم لە نێوان رووداں و رووداودا، مەبەستم لە رووداں ئەو ساتەوەختەیە کە رووداوێك روودەدات، مەبەستیشم لە رووداو ئەو کاریگەرییانەیە کە رووداںێك بە جێیان دەهێڵێت لەسەر ئاگاییمان. کاتێك ئێمە توانیمان رووداں بگۆڕین بۆ رووداو، مانای وایە دەتوانین بنەمایەك بۆ جۆرێك لە فرەڕەهەندیی روانین بەرهەم بهێنین، بەڵام ئەمە روونەداوەو لە ئێستادا روونادات.

من لە ستوونێکمدا، لە بارەی خوێندنەوەی رۆژنامەنووس و فەیلەسوف بۆ رووداو، روناکیم خستە سەر ئەم لایەنە. تاك و کۆمەڵی ئێمە، تەنانەت ئەو تاکانەش کە رێگە بە خۆیان دەدەن رابەرایەتیی ئاگایی کورد بکەن، پڕچەك نین بە مەعریفە، تا بتوانن لە رووداوەوە چەمك بەرهەم بهێنن، بەو مانایەی کە رووداو لە دیاردەیەکی مێژووی فیزیکییەوە بگوێزنەوە بۆ دیاریدەیەکی عەقڵیی و لە ئەنجامیشدا بتوانن چەمکێك، کە لە راستیدا وەك کلیلێکە، داڕێژن، تا بۆ خوێندنەوەی تر بەسوود بێت.





دیارە مرۆڤی کورد وەك هەموو رۆژهەڵاتییەك بواری نییە خۆی بەرجەستە بکات. لە راستیدا ئەو وەك خۆی بوونی نییە. بوون وەك خۆ، واتا بوونێکی تاکانە. تاکێك کە سەربەخۆ بێت، خاوەن دیدی خۆی بێت، جودا بێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رێگەی پێ نادرێت. جودا مایەی مەترسییە. ئەمە لە ئایینی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە. لە حیزبی ئێمەدا بەرجەستە دەبێت، لە خێزانی ئێمەدا کاردەکات. بۆ نموونە لە خیتابی سیاسیی ئێمەدا، رستەی وەك سەرکەوتن بەسەر جیاوازییەکاندا، نەهێشتنی جیاوازییەکان، یەکگرتن، هەمیشە وەك پۆزەتیڤێك تەماشا دەکرێت، چونکە لای ئێمە جودایی واتا شەڕ. چەمکی جودایی دەمانبات بۆ دنیا پڕ سەیرو سەمەرەکەی پۆستمۆدێرنیزم.

بۆ ئەوەی ئێمە لە گۆڕانە بەردەوامەکاندا خۆمان بەرجەستە بکەین، دەبێت رێك بە پێچەوانەی ئەوە بین کە مارکس داوای دەکات، دەبێت هەرگیز لە هیچ کارێکدا بیرکردنەوە نەخەینە لاوە. گۆڕانی بێ بیرکردنەوە، گۆڕانێکی مارکسییانەیە، ئەمەش واتا مەرگی بە کۆمەڵ، کۆتایی ئازادیی، بەندیخانە، گۆلاگ، جەورو ستەم، رەنگە خوێندنەوەی سۆلجنیستین و نووسەرەکانی تری ئەمڕۆی چین لە مبارەیەوە یارمەتیمان بدەن.

# وەرگێڕان



**نامەکانی ریلکەو مارینا تزڤیتایڤا هاوینی١٩٢٦...**

(٢-٢)

و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

هەموو شتێك دەدۆڕێنین، با زەمەن ببەینەوە
بۆ ئەوەی پەشیمان نەبینەوە

**(ئینسان هیچ نییە جگە لە دۆزەرەوەی پەناگە)**

وەرگێڕانی: زلێخا

شانۆنامە

**لەبەر باراندا بگری**

و: جەمال جەلال



هۆنراوەیەکی

**ئەلیکساندر بلۆك**

و: مارف عومەر گوڵ

**گوڵەکان**

و: سەلاح جەلال



# نامەكانی ریلكەو مارینا تزڤیتاییڤا هاوینی١٩٢٦...(*)

(٢-٢)

و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

له تزڤیتاییڤاوه بۆ ریلكه...
سان جیل ١٤ی یۆنیۆ ١٩٢٦

راینەر، گوێبگره، دەمێكه ئەوه دەزانم، كه من خراپم و بۆریس چاكه، من لەبەر خراپی خووی خۆم بێدەنگ بووم، ئەم چەند رسته كەمه لەلایه روسیەكەتەوەیه، دواجار ئەڵمانییەكەم هتد. دواجار ئەم گلەییه كتوپڕەش، (بۆ دوورم دەخەیتەوه؟





بەقەدەر ئەوەی خۆشت دەوێم منیش خۆشم دەوێیت). له لۆمەكردنی ویژدان هەستم به چی كرد؟ نەخێر، هەرگیز، هەردوو نامەكەی پێشووتم كۆپی كردو بۆم رەوانەكردن، ناتوانم لەوه زیاتر بكەم، ئۆه، راینەر من بەدم، حەزم به پاراستنی نهێنییەكانم نییه، ئەگەر خوایش بێت. من فرەلام، ئایا تێدەگەیت ؟ بێ ئەژماره، لەوانەیه، حەشاماتێكی بزێوه كەسێك نازانێت سەبارەت ئەوی دیكه چی تێدایه، ئەگینا دەبێته ئاژاوه، ئەگەر لەگەڵ كوڕەكەم بووم، نەخێر: ئەوەی كه نامەت بۆ دەنووسێت وخۆشی دەوێت و مافی ئەوەی نییه ببێته لایەك له (گەمەكه)، هەركه لەگەڵت دەبم...هتد، دوورخستنەوەو كەوتن هەقن، تەنانەت له ناخی خۆشمدا نامەوێت نهێنییەكانم بپارێزم، نەك دەربارەی خۆم، بۆیه من له ژیاندا فریودەرم، واتا داخراوم، ئەگەر بۆ قسەكردن زۆرم لێبكەن دەبمه فریودەر، سەرەڕای ئەوەی له ژیانێكی دیكەدا راستەقینەم، من هەروام، توانای بەشداریكردنم نییه، لەگەڵ ئەوەشدا (كەسیدیكەم) لەگەڵدا بەشداركردیت، ئەمیش دوو رۆژ یان سێ رۆژ بەر له نامەكەت بوو، نەخێر راینەر فریودەر نییم، من زۆر راستەقینەم، بەسه بۆ ئەوەی هەندێك وشەی ئاسانی راشكاوی بخەمەسەر: نامەگۆڕینەوه، برادەری، هەموو شتێك وەك خۆی وایه، بەڵام من دەزانم كه تۆ مەبەستت ئەوه نییه، له ژیانی كەسانی دیكه نه نامەگۆڕینەوه هەیه، نه برادەری هەیه، من دەمەوێت ئەو كەسه بم كه كەس ئەزیەت نادات، بۆیه لەگەڵ هەمووان‌دا، لەگەڵ خۆمدا درۆ دەكەم، ژیانم هەمیشه له دۆخێكی نادروستەدایه،(چونكه من فریودەرم، لەبەرئەوەی من بیانیم)، راینەر من فریودەرم نەك درۆزن... كاتێك دەست دەكەمه ملی برادەرێك ئەمه ئاساییه، كاتێك ئەوه دەگێڕمەوه ئەوەیان سروشتی نییه(بۆ منیش)، كاتێك قەسیدەیەكی بۆ دەنووسم ئەمەیان سەر له نوێ دەبێته سروشتی، كەواته كردەوەو قەسیده وادەكەن كه راست بەلای منەوه بێت، بەڵام نێوان مەحكوومم دەكات، نێوان خەڵەتاندنه، نەك من، كاتێك راستی دەگەیەنم (دوو دەست له ملان)، ئەمەیان خەڵەتاندنه، كاتێك لێی بێدەنگ دەبم ئەمه راسته. مافێكی دڵسۆزییه بۆ نهێنی، ئەمه تایبەت نییه به كەس، تەنانەت ئەو ملەیش كه دەستم لێی كرد، ئەمه ئیشی خۆمه، سەیری ئەوەش بكه كه ژنێكی مێرددارم ومنداڵم هەیه، وازهێنان؟ ئاه، مەسەلەكه زۆر بەجەخت نییه تا شایانی موجازەفەكردن بێت، من به ئاسانی وازناهێنم، بەڵكو به پێچەوانەوه، كاتێك بۆ ئەو كردەوەیه دەستپێشخەری دەكەم، -دوای دڵخۆش دەبم بۆ ئەنجامدانی كردەوەیەك، دەستەكانم كەم حەزیان لێیه.

نقوومبوون له خۆمدا، پاشان دوای چەند ساڵێك به شێوەیەكی كتوپڕ گەڕانەوه

جۆرێکە لە یاری ئاو، قوولاّیی بووە بە بەرزایی، ئەشکەنجەدراوە، گۆڕاوە، بەلاّم بێئەوەی بیگێڕمەوە، ئەمەت بۆ نووسیبووم و قبووڵم کرد. "چێژی لێوەرگرە، ئەمە تاسەر نابێت"، ڕۆحم ئەمە دەڵێت بە لێوەکانم، ئەگەریش درەختێك یان زیندەوەرێك بگرمە باوەش. ئەوەیش هەمان شتە، یەك شتە.

ئەمە لایەکی (مەسەلەکە)یە، ئێستا لایەکی دیکە، بۆریس تۆی دا بەمن، هەر کە "وەرمگرتی" ئارەزوومکرد بۆ خۆمت بهێڵمەوە، ئەمە بەسە بۆ ئەو نابوونە، بەس بە ئێشیشە، لەبەر ئەم هۆیانەش نامەکانی تۆم بۆ نارد.

وێنە ئازیزەکانیشت، دەزانی لە وێنە گەورەکەدا بە کێ دەچێت؟ بە کەسێك کە لە دۆخی خۆمەڵاسداندا بێت، لەناکاو بانگی دەکەن، وێنەکەی دیکەشت بچووکەکەیان، ماڵئاوایی کردنە، یەکێك دەچێت بۆ گەشت، وادیاریشە بە خێرایی دوا نیگا سەیر دەکات – ئەسپەکان لە باخچەکەیدا چاوەڕێدەکەن، وەکو بڵێی بەرلەوەی بڕوات کاغەزێکی نووسراوە، لە شوێن هەڵناکێشرێت، بگرە لێی دادەبڕێت، لە دوای خۆیەوە بە نەرمی دیمەنێکی تەواو رادەکێشێت، راینەر لەگەڵ خۆتدا بمبە، هەردوو چاوت رۆشنن، وەکو ئاو رۆشنن، لۆچە ستوونییەکەی نێوان هەردوو برۆشت، لەمنەوە بۆت ماوەتەوە، من هەر لە منداڵییەوە لە رووخساری خۆمدا دەیبینم، هەمیشە ئەبرۆ پەیوەست دەبێت، بۆ بیرکردنەوەیە یان بۆ توورەیی. (راینەر خۆشم دەوێیت و دەمەوێت بێم بۆلات). راینەر شیوەنەکانت، منی لە هەموو ژیانمدا گۆڕی بۆ هەموو شیعرەکان، بە تایبەتی بۆ شاعیرەکان، بەلاّم زۆرم تیاکرد، بە رادەیە گوێم لە وەلاّم لەبارەکەش نەدەگرت، تەنانەت پرسیارکردنیش لەو ئەنجامە دەترسا، دەکەوتمە پێشی هەموو دەنگدانەوەکان، چونکە شاعیرەکان بە شیعر نامەیان بۆ نەدەنووسیم، هەمیشە بەمە بزەم دەهات، ئەوەیان بۆ شاعیرێکی دیکە دادەنا، کە دوای سەد ساڵی دیکە دێت. قەسیدەکەی تۆ دێت، راینەر، قەسیدەی ریلکە، قەسیدەی شاعیر، قەسیدەی شیعر، قەسیدەکەی من، راینەر، دۆخەکە لنگەوقووچە، دۆخەکە ساغە، ئاە، خۆشمدەوێیت، هیچ قسەیەکم نییە جگە لەمە نەبێت، قسەی یەکەمەو چاکتریش.

راینەر، دوێنێ ئێوارە چوومە دەرەوە بۆ هەڵگرتنی جلەکانی سەر تەنافەکە، دوای باران بارین، با هەمووی بردن، نەخێر، شەماڵ هەمووی لە باوەشم برد، ناوی تۆی هەڵگرتبوو



(سبەی بای باشوورە)، نەمهێشت بێتە ژوورەوە، لەبەر دەرگا وەستا، نەهاتە ژوورەوە، بەلاّم بۆ دەریا بردم، خەریکم دەچمە ناو خەوەوە، (دروستکەری ئاماژەکان، نەك هیچی دیکە)، ئەوەی دەربارەی ئاشقان و دوورەپەرێزیان وتراوە (لە ناوەندی هەمیشە)وە، دەربارەی ئەو مانگە گەشتە دووردرێژەی هەنگاو سووکە، ئەم هەمووەش واتای هیچ نییە جگە ئەوە نەبێت: خۆشمدەوێیت.

ئازیزەکەم با وشەیەکت پێببەخشم، لەوانەیە نەیزانیت: ئازار وشەیەکی راستەقینەیە، ئازار وشەیەکە پڕییەتی لە چاکە، ئازار وشەیەکە پڕییەتی لە نازو نیعمەت،(ژنە پیرۆزمەند کینیگۆند سەدەی سیانزەم). هێشتا وێنە فۆتۆگرافییەکەم پێنەگەیشتووە، هەرکە بە دەستم گەیشت بۆتی رەوانەدەکەم، لە بارەی "میزۆ" قسەم بۆ بکە، ئایا وەستاکان ئیشەکانیان تەواوکردو رۆیشتن؟ ئایا خۆر سەرلەنوێ هاتەوە؟ ساتێك چییە خۆرمان نەدیووە، دەمەوێت هەموو خۆرت بۆ بنێرم، لە دەوروبەرت لە دیمەنێکدا بیچەسپێنم. بەڵی راینەر ئەگەر شتێکت بۆ بنووسم دەبێت دەربارەی (چیا) بێت.

یەکەم سەگ کە گەمەی لەگەڵدا دەکەیت دوای ئەم نامەیە من دەبم، وریابە کە چی دەڵێیت...

**لە ریلکەوە بۆ ب، ك...**
**کۆشکی میزۆ، بیست وشەشی یۆنیۆی ١٩٢٦.**

کەواتە هەواڵی سەفەرتان بەم نزیکانە بۆ ئیتاڵیای ئەفسوناوی دووپات بوەوە، بۆ بینینەوەی سەرلەنوێ، کە لە منەوە بەقەد هاویشتنی بەردێك لێمەوە دوورە، بێئەوەی هەرگیز بمەوێت تێی پەڕێنم، لە میلانۆو ڤینیسیاو فلۆرەنسە چاوەڕێم دەکەن، پاسەپۆرتەکەیشم ڤیزەی پێویستی لێدراوە، بەلاّم من ئێستا ئەو"پیاوە نییم کە سەفەربکات"، هەموو شتێك دەموەستێنێت، هەر شەمەندەفێرێك تەنانەت تیژرەویش بێت کە تابلۆی ژمارەی زۆری پێوەیە، هەڵکردنی هیچ هەوڵدانێکم تیا ناورووژێنێت، کە دەیبینم و بەبەردەمما لە "بل ڤۆ" تێدەپەڕێت، لە چاندنی رەگ وریشەی خۆم دەبمەوە، ووردە، بەلاّم کۆنە، ماوە ماوە پێویستی بە ئاودان هەیە).

### لە تزڤیتاییڤاوە بۆ ریلکە

### سان-جیل -سیر لە ٦ی یۆلیۆ ١٩٢٦

### ئازیزەکەم راینەر

(گۆتە)لە یەکێك لە نووسینەکانیدا دەڵێت: ئێمە ناتوانین مەسەلەی مەزن لە زمانی بیانیدا ئەنجام بدەین... هەمیشە ئەم وتەیە بەلامەوە هەڵە بووە، (پێموایە گۆتە ئەو هەموو شتانەی نووسیویەتی راستن، لە هەموویاندا راستە، بۆیە لەم رووەوە بەرامبەری زاڵم بووم). کە شیعر دەنووسین واتای ئەوەیە لە زمانێکی دیکەوە وەردەگێڕین بۆ زمانێکی دیکە، گرنگ نییە فەرەنسی بێت یان ئەڵمانی بێت، لەلای من زمانی دایك نییە، کە قەسیدە دەنووسین واتای ئەوەیە دوای شتێك دەینووسین، تێناگەم چۆن دەربارەی شاعیرە فەرەنسی و رووسەکان، هتد، قسە دەکەن، شاعیر دەتوانێت بە فەرەنسی بنووسێت، نەك ببێتە شاعیرێکی فەرەنسی، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی پڕوپووچە. ژنە شاعیرێکی رووسی نییم، لەپڕ سەرسووردەمێنێت کاتێك بەو شێوەیە پۆلینم دەکەن، یان بەو شێوەیە رەفتارم لەگەڵدا دەکەن، ئێمە لایەنگیری شاعیرانین (ئەگەر لایەنگیرمان هەبێت، نابێت هەر لە سەرەتاکانمانەوە وابین)، نەك بۆ ئەوەی ببینە فەرەنسی یان رووسی.هتد. بگرە بە هەموو شتێك، بەڵکو ئەمە ئەوەیە: ئێمە شاعیرین لەبەرئەوەی فەرەنسی نیین، چونکە نەتەوە گشتگیریی و ماف خستنە، رەچەڵەك نەتەوەیی دەتەقێنێتەوە یان مەودای فراوان دەکات، تارادەیەك هەمووان (ئامادەبووان و نادیارەکان)یش دەگرێتەوە، ئەوەتا ئەڵمانی جوان و رووسی جوان. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زمانێك بە تەنها تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەیکاتە ئەوەی کە وا لەسەرییەتی، ئەم وشە فەرەنسییانە زەنگێکی تایبەتی دیکەیان هەیە، هەر بۆیەش بە فەرەنسی دەربڕینم هەڵبژاردووە، ئەڵمانی لە فەرەنسی قووڵترەو پڕترەو فراوانترە، (رووگرژ ترە). زمانی فەرەنسی سەعاتێکی بێدەنگدانەوەیە، زمانی ئەڵمانی دەنگدانەوەیەکە بێ سەعات (بە بێ زەنگەکانی)، زمانی ئەڵمانی خوێنەر لە نوێیەوە دەیبات بۆ ناکۆتا، فەرەنسی لێرەدا هەیە، زمانی ئەڵمانی لە رێیە، زمانی فەرەنسی، هەیە، بۆ شاعیر زمانێکی سپڵەیە، بۆیە هەڵبژاردووە، زمانێکی نیمچە مەحاڵە. زمانی ئەڵمانی بەڵێنێکی ناکۆتایە، زمانی فەرەنسی بەڵێنێکی یەکلاکەرەوەیە، (لاتین)(یەکێك لە نووسەرە ناسراوەکان) بە فەرەنسی دەنووسێت، تۆیش بە ئەڵمانی دەنووسیت، خۆت دەنووسی، تۆی شاعیر، چونکە زمانی ئەڵمانی بۆ تۆ نزیکترە لە زمانی دایکەوە، نزیکترە لە رووسیەوە، پێموایە، بەڵکو لەوە نزیکترە. راینەر، لە هەر بەیتێکدا تۆ دەناسم، بەڵام زەنگی وشەکانت



زۆر کورتترە، بەکورتی هەموو بەیتێك ریلکە خۆیەتی، جۆرێکە لە کۆی ناسین، هەر وشەیەك، هەر برگەیەك تۆی، لەگەڵ ئەوەیشدا کە شاعیری، راینەر، لە شاعیرانیش شتی بێ پێشینەیان لێ چاوەڕێ دەکرێت، کەواتە نامەیەکی دیکە بۆ من گەورەیە، ئەگینا لە ئێستا دەبەنگتر دەبم، (دوردنگ دەبم)، لە جوانترین سۆزەکانم بێئومێد دەبم، هتد، دەبێت نامەم بۆ بنووسی (بۆ ئەوەی ئاسوودەیی بەریتەوە، هەروەها چونکە تۆ باشیت) وەرە با ماچت کەم، ئەمیش شتێکی زیادە نییە، ئەگەر بتگرمە باوەش، ئەوەیش بەبێ ئەمە مەحاڵە.

### لە ریلکەوە بۆ تزڤیتاییڤا

### ئێستا هوتێلی هۆڤ-راگاز سویسرا

### ٢٨ی یۆلیۆ ١٩٢٨

### ئەی مارینای نایاب،

هەروەکو لە نامەی یەکەمتدا، لەهەر نامەیەکی دیکەشتدا، لەوکاتەوە، کە بۆ گەڕان شێوە تووندەکەتم خۆشویستووە، بۆ ئەوەی بگەییت بە رێگایەکی دەوڵەمەند، کە بەرەو شوێنی مەبەست بتبات، بۆ ئەو شوێنەی کە جار لە دوای جار وتن دەپێکێت، مارینا تۆ پێکێنەری (ئایا لە لای ژن ئەمە دەگمەن نییە؟)، ئەمیش رێبازێکە بۆ ئەوەی خۆت هەڵسەنگێنەری بیت بە واتایەکی ئەکیدی، بێ لێوەستان لێی، ئەم رێبازەیش ئەوەیە کە پێکێنەر بیت، نەك بە واتایەك یان لەو گۆشە نیگایەوە، بەڵکو دەبێت لەسەر راست بیت، دوور لەهەر پێویستییەك، لە ئاستی هەموو شتێکەوە، بۆ داواکرنی تۆکمەبوون، بەم کردەوەیش لە وێنەیەکی دووبارەوەبوودا بگەیتە ناکۆتا، هەر کە بۆت دەنووسم، حەزم لێیە وەکو تۆ بنووسم، بە ئامرازەکانت و توانا هەوتەریبەکانت بێمەلات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هەستیارە، مارینا، قسەکەت وەکو رەنگدانەوەی ئەستێرەیەك وایە کە لەناو ئاودا بەدی بێت، لە ژیانی ئاودا، لە شەوەکەیدا، شلەیەکی شەڵەژاو وبچڕبچڕو بەسەرچووە، سەرلەنوێ قبووڵ کراوبێت، پاشان لە قووڵاییەکی گەورەتری شەپۆلدانەوە دێت، لەگەڵ رەنگدانەوەکاندا راهاتووە، لە جاران قووڵترە، دوای هەموو مانگیرانێك (تۆ، ئەستێرە گەورەکەی). ئایا چیرۆکی "تیشو براهیە"ی بچووك پێدەزانی، لە سەردەمێکدا قەدەغە بوو کە ئەستێرەناسی بزانێت، کاتێك لە زانکۆی لایبزگ گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی بۆ

پشوو بردنەسەر، لە یەکێك لە ماڵە مامەکانیدا، لەوێ دەرکەوت (سەرەرای لایبزگ، حوکمەکانی) کە ئەو بەتەواوی ئاسمان ناس بووە، هەر لە بەری بووە (بڕوانە لەمە، دەزانی هەموو ئاسمانی لەبەربووە!)، هەر سووکە تەماشاکردنێکی لەوێوە بۆ بەرزایی، سەرەڕای داواکردنی ئیسراحەت نەك توێژنەوە، دەکەوێتە سەر ئەستێرەیەکی نوێ، وەکو دیارییەك وابوو لە گروپی سێتاردا، یەکەم دۆزینەوە بوو لە سروشتی ئەستێرەناسیدا، بەڵام تۆ مارینا، تۆ تەنها بە چاو منت دۆزییەوە، بەڵکو بۆریس دووربینێکی خستە پێش ئاسمانەکەم... مەوداکان، سەرەتا رامکرد بۆ نیگا بەرزەکەم، دواجار لە پڕێکدا وەستام، پاکوخاوێن و بەهێز، بەتەواوی لە کێڵگەدا، لەو شوێنەی کە تیشك یەکەم نامەی تۆی بۆ کۆکردمەوە. نامە بچووکەکانت هەر لە نۆی تەمووزەوە هێشتا وا بە تەنیشتمەوەن، چەند حەزم لێبوو نامەت بۆ بنووسم، بەڵام ژیان بەسەرشانمدا قورس کەوت، زۆرجار بۆ لابردنی بەقەد تاڵەموویەك سەرکەوتوو نابم، وادیارە راکێشان (جازبیەت) پەیوەندییەکی نوێ لە نێوانماندا دروست دەکات، لە منداڵیمەوە دڵێکم نەدیووە مایەی دابڕان بێت وەکو ئەم دڵە... لەوە دەکۆڵیتەوە کە ئایا من (میزۆ)م بەجێهێشتبێت، بۆ ئەوەی لێرە لە (راگاز) چاوم بە دۆستە دێرین و تەنیاکانم بکەوێت، ئەوانەی لە "ئۆستریا" جێمهێشتبوون. (وەلێ تاکەی؟ چونکە زۆر لە من بەتەمەنترن)، لەگەڵیاندا وێنەیەکی رچاونەکراوی یەکێك لە کچە دۆستە رووسیەکانیانم پێشکەشکرد، دەتوانیت بۆ ئەم مەسەلەیە خەیاڵی رادەی کارتیکردنم بکەیت بۆی، ئێستا هەموویان رۆیشتن، وەلێ من لێرەدا زۆر دەمێنمەوە، بە تەمای رووناکییە جوانەکان، رووناکییە زوومووردە نەرم ونیانەکان، لە کانیاوەکانی ئاوە کانزاییەکاندا، ئەی لەبارەی تۆوە چی هەیە؟.

**لە تزڤیتاییڤا وە بۆ ریلکە**
**سان -جیل - سیر ٢ی ئۆگست ١٩٢٦**

راینەر، نامەکەتم لە رۆژی لە دایکبوونمدا ١٧-٣٠ تەمموز بەدەست گەیشت، چونکە من ناوی شەفیعیشم هەڵگرتووە، سەرەڕای ئەوەی پێموایە کە من یەکەم لەدایکبووم ئەو ناوەی هەڵگرتبێت، تۆیش سەبارەت بە ناوەکەت، پیرۆزمەندی ناونراو راینەر ناوێکێکی دیکەی هەیە بە بێگومان، بە تەنیا تۆ راینەر، لە جەژنەکەمدا جوانترین دیاریم بۆ هات، کە نامەکەت بوو، هەمیشە کتوپڕە وەکو هەموو جارێك، لەگەڵتدا





رانایەم (لە بەرامبەردا لەگەڵ خۆشمدا)، نە کتوپڕە، نە بیرکردنەوەش لە تۆ، تۆ ئەو کەسەی کە خەونی پێوە دەبینم، تۆ ئەو کەسەی کە ئەمشەو(هەڵدەگرێت) (خەون ببینی یان ببیتە بابەتی خەونەکە)، من لە خەونی یەکێکی دیکەدا نەناسراوم، من هەرگیز چاوەڕێت ناکەم، بگرە هەمیشە بەئاگات دەهێنمەوە. هەر کە یەکێکی دیکە خەونمان پێوە دەبینێت بەیەك دەگەین. راینەر، ئەگەر خواستم بێت بمەوێت بێم بۆ لات، ئەویش بەهۆی(ئانا) نوێکەمەوەیە، کە تەنها لەگەڵ تۆو لە تۆدا لەدایك دەبێت، بۆیە راینەر (ئەم نامەیەم پێویستە)، لێم ببورە(من) بەدم، دەمەوێت لەگەڵتدا بخەوم، بخەوم و لەگەڵتداو لەگەڵ تۆدا، چەند ئەم گوزارشتە میللییە بەبێ پێچوپەنا قووڵ و رەوانە، چەندی دەپێکیت بۆ ئەوەی کە بتەوێت بیڵێیت، من دەخەوم و بەس، لەوە زیاتریش نییە، کە سەرم لەسەر شانی چەپت دابنێم، باڵم بە شانی راستتدا بهێنم، لەوەیش زیاتر نییە، بگرە لەوە زیاتریش، کە لە خەوی قووڵدا بزانم ئەوە تۆی، ئەمیش: کە چۆن دڵ لێدەدات و دڵت ماچکەم. هەندێکجار بە خۆم دەڵێم، ئەو هەلە بقۆزیتەوە کە تا ئەمرۆ (لەگەڵ ئەوەشدا) بتکاتە جەستەیەك، دواجاریش وەختێك دەزانم باڵم نییە، ئەم (قسەیەش) ریتمی دانپیانانی دەبێت (وەلێ دانپیانان: شانازیکردن بە سەرجەمییەوە، کێ دەتوانێت بەبێ حەماسەت باسی ئێش و ئازارەکانی خۆی بکات، واتا بە بەختەوەرییەوە؟!)، کەواتە دەبێت قسەکردن لە شێوەی دانپیانان نەیەت، جەستەکان لەگەڵدا وەڕس دەبن، سەرنجی مەسەلەیەك دەدەیت، بڕوام پێناکات (واتا جەستەم)، سەرەڕای ئەوەی وەکو کەسانی دیکە کار دەکەم، ئایا من زۆر بەفیزم... لەوانەشە زۆر لێبوردووبم، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت زۆر دڵنیابم، خەڵکانی (کێوی) ئەوانەی بەکارهێنانەکان و یاساکان نازانن کەچی دڵنیان، بەڵام خەڵك(لێرە) بڕوایان بە کەس نییە، ئەم هەمووەش لە خۆشەویستیدا جێگای نابێتەوە. چونکە خۆشەویستی گوێ بیست نابێت، تەنها هەست بەخۆی دەکات، لە چۆنێتییەکی شوێنایەتی ووردا ناتوانم(ئەمیش) تەزویر بکەم. هەمیشە هەستمکردووە لە ئێستا بەتەمەنترم، یاری منداڵان کە زۆر جدیین، من لەوانە کەمترم. هەمیشە وەکو زانایەك هەستم بە دەم کردووە: گومەزێکی ئاسمانی، ئەشکەوتێك، دەلاقەیەك، هەڵدێرێك، هەمیشە جەستەم وەکو رۆح وەرگێڕاوە، (جەستەی هەڵکێشراو)، خۆشەویستی (جەستەییم) نەمر کردووە -بۆ ئەوەی توانای ئەوەم هەبێت کە خۆشم بوێت- هیچی تێدا نەماوە، لەپڕێکدا، تیایدا نقووم بووم، خاڵییم کردەوە، تەنها رۆحی تیادا مایەوە (کە ناوەکەمە، ئەمیش لە بەرامبەر جەژنەکەمدا مایەی

سەرسوورمانمە)، خۆشەویستی رقی لە شاعیرە، خۆشەویستی حەزی بە سەروەری نییە، ئەوبەش بەحاڵی خۆی سەروەرکراوە، ئەو وەکو موتڵەقێکی تاك خۆی دەبینێت، ئەو بروامان پێناکات، ئەو لە قووڵایی خۆیدا دەزانێت کە قەشەنگە، ئەمیش مایەی زاڵبوونییەتی، ئەوەش دەزانێت کە هەموو سەروەرییەك خۆی لە خۆیدا رۆحە، ئەو لەو شوێنەیە کە رۆح دەستپێدەکات، جەستەیش تەواو دەبێت، راینەر، غیرەییەکی رووتە، غیرەی ئەکیدە، وەکو غیرەی رۆح بەرامبەر بە جەستە، وەلێ من هەمیشە غیرە لە جەستە دەکەم، دوای ئەوەی ئەم هەموو سروودەمان بەسەردا باراند، وەرزێکی بچووك لە نێوان(باوڵۆ و فرانچیسکا)دا هەیە، وای لە(دانتی) بەستەزمان ، ئیدی کێ بیری بەلای(پیاتریس)ەوە دەچێت؟ غیرە دەکەم لە گاڵتەجاڕی مرۆڤایەتی، کەس وەکو جەستە رۆحی خۆشناوێت، لە زۆر حاڵەتیشدا بەرز رایدەگرن، جەستەم خۆشدەوێت زیاتر لە رۆحەکانی کە بە هەزارانن، کێ بەر لەعنەت کەوت بەهۆی رۆحییەوە؟ ئایا کەس داوای ئەمەی کردووە، هەمیشە عیشقی رۆح تا بەدەستدەکەوێت، ئەمیش واتای ئەوەیە ئێمە بووین بە فریشتە، ئێمە لە سەرجەم دۆزەخ بێبەریین. بۆ ئەم هەمووەت پێدەڵێم؟ لەوانەیە نیگەرانی بێ لەوەی کە ببینی ئەم جۆرە ژنە حەزلێکەرە ئاساییە (حەز – کۆیلایەتی) ،(خۆشمدەوێی و دەمەوێت لەگەڵتدا بخەوم)، ئەم زۆر کورتکردنەوەیە لە برادەریدا رێگەپێندراوە، بەڵام من بە دەنگێکی جیاواز (ئەم رستەیە) دەڵێم، لە خەومدا بەلانی کەمەوە، بە شێوەیەکی چەسپاو لە خەومدا، زەنگێکم هەیە زەنگی ئارەزوو نییە، ئەگەر بەرەو لای خۆت بمبەیت بەسەر شوێنانی چۆڵەوە دەکەوم، هەر کەسێك نەخەوێت هەمیشە دەیەوێت لە نێو دەستەکانی تۆدا هەست بە خەو بکات، تا کۆتایی رۆح فڕین، ماچەکەم ئاوها دەبێت، (سووتێنەر نییە، بگرە هەڵدێرە).(بەرگری لە داواکەم ناکەم، بەرگری لە دەعوایەك دەکەم تا ئەوپەڕی توندترین لە ماچەکان).

تۆ هەمیشە سەفەرییت، لە هیچ جێیەك خۆت ناگریت، جگە لە من رووسەکانی دیکەش دەبینیت، بۆ یەکەمجارو دواجار باش گوێم لێبگرە لە (ناوچەی) رایناریا (لە ناوی شاعیر راینەرەوە هاتووە)، بە تەنها خۆم نوێنەری روسیام...
راینەر ئاخیرییەکەی تۆ کێیت؟ ئەڵمانی نییت – ئەڵمانیا لە بنەڕەتدا یەکێك نییە، خەڵکی بۆهیمیایش نییت- سەرەڕای ئەوەی لەوێ لەدایکبوویت، (سەرنجێك: لەوانەیە لە جێگایەك لەدایکبوو‌بیت هێشتا بوونی نییە، وانییە؟)، ئۆسترییاییش نییت، چونکە ئۆستریا(بەر لەدایکبوونت) هەبووە، تۆ بەبێ وڵات خۆتیت، ئایا ئەمە نایاب



نییە؟.)گەورەترین شاعیرانی چیکۆسلۆڤاکیا لە رۆژنامەکانی فەرەنسادا دەنووسێت کە تۆ سلۆڤاکیت، راینەر ئەنجام تۆ مەسەلەیەکی زۆر پێکەنیناویت. راینەر کە ئێوارە دادێت، خۆشم دەوێیت، شەمەندەفەرەکان دەقیژێنن، شەمەندەفەرەکان گورگن، گورگی رووسیا، ئەوە شەمەندۆفێر نییە، ئەوە رووسیایە بە رووتدا دەقیژێنێت، تووڕە مەبە، تووڕە ببیت یان نەبیت، لەگەڵتدا دەخەوم، لە تارییکاییدا کەلێنێك هەیە، بە هۆی ئەستێرەکانەوە دایدەخەم: پەنجەرەکە، (کاتێك بیر لە تۆ دەکەمەوە، بیر لە پەنجەرە دەکەمەوە، نەك لە نوێن)، چاوەکانت کراونەتەوە، چونکە تاریکی لە دەرەوە بەهێزترە لەوەی لە ژوورەوە، نوێنەکە دوولاییە، بۆ گەشت دەڕۆین...

## لە تزڤیتاییڤاوە بۆ ریلکە

### سان- جیل-سیر ١٤ی ئۆگست ١٩٢٦

برادەری ئازیز

ئایا دوا نامەمت پێگەیشت؟ پرسیارێکت لێدەکەم، نامەکەم خستە ئەو شەمەندەفەرەی کە دوای دەکەوێتەڕێ، سەندوقی پۆستەکە نیگەرانی کردووم: سێ پەنجە تەپوتۆزو قفڵێکی گەورەی بەندیخانەکانی لەسەر بوو، کاتێك ئاگام لێبوو بزووتنەکەم دەرباز بوو، دەستم زۆر خێرا بوو، نامەکە تا رۆژی قیامەت لە حاڵەتی ئەشکەنجەدا دەبێت، ئەمە بەر لە دە رۆژ بوو، گرەنتی چییە؟ نامەکە خۆی گرەنتیە، هیچ گرەنتییەکیشی نییە، بۆ ئەوەی ووردبم، مەبەست خەوتن بوو، من و تۆ خەوتووین (نوێنێك – مێزێکی لە گیانەلا). نوێنەکە بۆ: هەستکردن بە شتەکان و دیتنی عاجباتییەکانە، مێزەکەش بۆ ئەنجامدانی ئەوەو دروستکردنییەتی.
نوێنەکە: پشتە، مێزەکە: ئانیشکە، مرۆڤ، نوێن و مێزە، ئەنجامیش پێویستی پێ نییە. (نامەیەکی دیکە ریتمێکی دیکەی هەیە، ئەو شەمەندەفەرەی نامەکەی هەڵگرتبووەو وونبوو، دەقیژێنێت و دەلوورێنێت بەریگەیەکی جیاوازی شەمەندەفەری نەفەرەکاندا، ئەگەر گوێت لێبێت، یەکسەر دەمزانی هێشتا تێیدا ماوە). ئازیزم راینەر، بۆریس نامەم بۆ نانووسێت، لە دوا نامەیدا کە بۆی نووسیووم: هەر شتێك ئاماژە نەدات بە ئیرادەی خۆم هی تۆیەو ناوی تۆی هەڵگرتووە، ئیرادەیش واتای ژنەکەی و کوڕەکەیەتی، کە ئێستا لە تاراوگان، کە زانییم لە تاراوگدا بیانییەکی دیکە هەیە، دوونامەی بۆ نووسیووە، با بڕۆین بەلای بابەتێکی دیکەوە، لێرەدا دوو بیانی نییە، بیانی و نیشتیمان، بەڵێ، بیانی منم، ئەو منم، منیش ئەوم، کەسیش هاوبەشیم ناکات لێی. با ژنەکەی نامەی

بۆ بنووسێت وئەویش نامەی بۆ بنووسێت، با لەگەڵیدا بخەوێت و نامەم بۆ بنووسێت، با نامەی بۆ بنووسێت و نامەم بۆ بنووسێت، لە دوو زەرفداو بە دوو ناونیشان (بۆ یەك فەرەنسا)، لە نووسیندا ببنە دووبرا، ئەو برای منە، بەڵێ، ئەویش خوشکی منە، هەتا هەتایە. راینەر من ئاوهام، هەموو پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی دوورگەیەکە، من بەسەرو پێستەو قژەوە تیا نقووم بووم، ئەوەی لە زینەوەرێکی ئادەمیزادیدا هەمە، ناوچەوانێك و هەندێك سنگە، دڵیشم بە ئاسانی دەیبەخشم نەك سنگم، پێویستم بە دەنگدانەوەیە، دڵیش دەنگێکی خنکاوی هەیە. راینەر، پۆستکارتێکم بۆ بنووسە، تەنها دوو ووشە بێت، ئایا نامەی شەمەندەفەرەکەت بەدەست گەیشت یان نا، ئەوسا نامەیەکی درێژت بۆ دەنووسم. راینەر ئەم زستانە دەبێت بەیەکبگەین، لە ناوچەی (ساڤوا)ی فەرەنسا، شوێنێکە کە بۆی نەرۆیشتوویت، بەڵام ئایا شوێنی وا هەیە؟ گومانم هەیە؟، لە شارێکی بچکۆلانەدا، راینەر بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆ ماوەیەکی کورت، وەکو خۆت دەتەوێت، بە ئاسانی ئەمەت بۆ دەنووسم، چونکە دەزانم کە زۆرت خۆشدەوێم، منیش لەگەڵ خۆمدا خۆشی زۆرت بۆ دەهێنم، خۆشی لەلای تۆ جازبیەتی خۆی هەیە. راینەر یان لە پاییزدا، یان لە بەهاردا، بڵێ بەڵێ، بۆ ئەوەی هەر ئەمڕۆ زۆر دڵخۆشبم، دڵخۆشییەك کە چاوم تێی بڕیوەو ئاقارم هەڵدەگێڕێتەوە). لەبەرئەوەی کات درەنگەو ماندووشم، لە باوەشت دەگووشم(رابردوو لە گەڕانەوەدایە).

**لە ریلکەوە بۆ تزڤیتاییڤا**
**١٩ی ئۆگەست ١٩٢٦**
**راگاز (کانتۆن سان – گال)، سویسرە.**

**شەمەندەفەر،**
**ئەی مارینا**

ئەم شەمەندەفەرە، لەگەڵ نامەکەی پێشووتدا، کە دواجار لێی ترسایت، زۆر تیژڕەو بوو تا گەیشتەجێ، سەندوقی پۆستەکە سەیربوو، کۆن بوو وەکو جوانی و تیمساحەکان، کە هەر لەمنداڵییەوە دەیپارێزن، پێستەکەی پیرە، تایبەتمەندییەکی زۆر مسۆگەری هەیە، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، مارینا،(بەڵێ) ئەگەر حەز لە هەمووی بکەیت، ئەوەی تۆی تێدای(بەڵێ) گەورەو کۆیە، ئەوەی دەڵێت(بەڵێ) بۆ ژیان خۆیەتی. بەڵام ئەم(بەڵێ)یە



هەزار(نەخێر)یش دەگرێتەوە، کە هەرگیز رەچاو ناکرێت. ئەگەر دڵنیاش نەبووم لە هاوسۆزی، ببینە دوو پلە، وەکو دوو چین، لەسەریەك بە سۆزەوە، دوو نیوە لە هێلانەیەکدا، چەند پەرۆشم ئیستا بۆ گەڕاندنەوەی زاراوەی(هێلانە) بە ئەڵمانی کە لەبیرم چووەتەوە، هێلانەی خەو کە چۆلەکەیەکی گەورەی تیادا دەنیشێت، لە کەلاك خۆرەکانی رۆح کە هەرگیز چاو ناتروکێنێت، بە پێچەوانەی تۆوە ئەگەر دڵنیا نەبم، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونێکی زۆر سەیر کە تاقیمکردۆتەوە، زۆرجار دەترسم لێی رەتی نەکەم، بەرادەیەك چاوەڕێی نەهاتنی ئەم شتانە دەکەم، بگرە یارمەتییەکی زۆر تایبەتمەندە، بەپێی پێویستییەکان... ئەمیش هەرگیز ناشاردرێنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە، پێویستیم بۆ بوژاندنەوەی خۆم هەیە جارێك لە قووڵی، لە بیرێك لە بیرەکاندا، بەڵام خەم زۆرم بۆ دێنێت بەرامبەر ئەو رۆژە زۆرانەی، کە لەوە جیامدەکەنەوە، لەگەڵ ئەو هەموو وتنەوانەشدا کە هاورێین، خەمیش لەپڕ لەو رێکەوتانەیە کە شوێنەکانی نەزانراوان، چاك ناکرێن...تا زستان ناتوانم چاوەڕێبم... پێویستم بە وەڵام نییە نامەکەتم تەواو کرد، لەوانەیە بۆ ئەوە نەتوانم، مارینا کێ چووزانێت، لەوانەیە وەڵامەکەم پێش پرسیارەکەت کەوتبێت ؟ لە -ڤال- مون- لەسەر نەخشە بەدوای ئەو شارە بچووکەوە(ساڤوا)وە گەڕام، ئەوەتا تۆ ناوی دەهێنیت و لە زەمەن دایدەبڕیت، مسۆگەری دەکەیت، وەکو بڵێی مەسەلەکە روویدابێت، لە خوێندنەوەتدا ئەمەم بە خۆم وت، لە پەراوێزی لای راستی نامەکەتدا نووسیووتە رابردوو لە گەڕانەوەدایە، ئای لەو بەیتە ئەفسوناوییە، بەڵام لە سیاقێکی پڕ لە خەمدا. ئازیزەکەم ئێستا لەبیری بکە، لە وێنەیەکی کوێرانەدا ئەوەی داوای دەکەیت، وەڵامەکەشی، هەرکە مەسەلەکان بەوجۆرە وەرچەرخان، ئەمە بخەرە ژێر چاودێرییەوە، بیخەرە بەردەستی ئەو خۆشییەی کە هەڵتگرتووە، کە پێویستم پێیەتی، لەوانەی لەلایەن خۆمەوە بۆتی بهێنم، ئەگەر هەنگاوی یەکەم بنێیت منیش دەینێم. بێدەنگی بۆریس ئازارم دەدات و نیگەرانم دەکات. ئەنجام تۆ بڵێیت خۆخلافاندنێکە، کۆسپ دەخاتە رێی ئەوەی بۆ ئەوەی نەیەت بۆلات؟ سەرەرای ئەوەی مەبەستت تێدەگەم. لە قسەکەت دەربارەی (دوو نامۆکە) کە قسە بەیەکتر دەڵێن، دەبینم توندیت، هەندێك رەقیشیت لەسەری، لەسەر منیش زۆر توندیت، کە داوادەکەیت لە رووسیا بەشم نەبێت جگە لە رێگەی تۆوە نەبێت، من دژی هەموو دوورییەکانم، ئەوەی کە دەڕوێت و دەبێتە دارو کە لە رێگەی رەگی خۆشەویستییەوەیە ، ئایا لەم وێنەیەدا دەمناسی وکە لەناویشیدایە؟

## لە تزڤیتاییڤاوە بۆ ریلکە

### سان- جیل ٢٢ ئۆگەست ١٩٢٦

راینەر، دەتوانیت بە(بەڵێ) وەڵام بدەیتەوە، بۆ هەموو شتێك کە داوات لێدەکەم، ئەمیش بۆ تۆ هیچ مەترسییەکی تیادا نییە، راینەر کاتێك من دەڵێم من رووسیاکەی تۆم، من بەئاسانی(جارێکی دیکە) پێت دەڵێم خۆشمدەوێیت، خۆشەویستی لە شتە دەرەکییەکان ودوورەپەرێزییەکان و دوورییەکاندا دەژێت، خۆشەویستی لە وشەکاندا دەژێت، لە رووداوەکاندا دەمرێت، لەوە زیرەکترم کە وابزانیت من سەرجەم رووسیات بۆ پێکدێنم، ئەم شێوازە لە قسەکردن شێوازی خۆشەویستیە. راینەر بەشێوەیەکی دیکە ناوی خۆم دەنێم، ئەو هەمووەی تۆی لەسەرە، ئەو هەمووەی کە کۆتایی دێت، ببیت، بژیت، شتێکی ژیاو، نەگێتیڤە. پێتوایە من بە ساڤوا قەناعەتم هەیە؟ بەڵێ وەکو تۆ، وەکو لە مەملەکەتی ئاسمانەکاندا، رۆژێك... چۆن؟ لە کوێ؟ لە ژیان چییم زانی؟ لە هەموو گەنجێتیمدا، هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩١٧)ەوە ئیشی بێ مۆڵەت، مۆسکۆ، براگ، پاریس، سان-جیل، هەمووی یەکن، هەمیشە: تەنوور، گسك، پارەی نوقسان، هەمیشە بە بێ کات، نە کەسێك لە ناسیاوەکانت، لە ژنە دۆستەکانت، بتوانێت بەم شێوەیە بژێت، وازهێنان لە گسکدان، ئەمەیە مەملەکەتی من لە ئاسمانەکاندا، تا ئەم رادەیە رەنگ زەردە؟ بەڵێ، چونکە مەملەکەتی زەویم رادەبەدەر تاریکە، راینەر، ئەگەر بە ئەڵمانی بنووسم: گسکدان(نارکانسە) ئای کە وشەیەکی جوان، ئێرە گسکە، ئێرە (نارکانسە)یە، گسکدان تا لە (نار- کانسە )، هتد. ئاوها دەنووسم، لە وشەوە بۆ شت، وەرگێڕی وشەکانم، پێموایە تۆیش ئاوها دەنووسیت. کەواتە ئەی ئازیز، پێویست بە خەم ناکات، بەئاسانی: بەڵێ هەموو جارێك بۆ من ئامادەیت، لەمەیشدا دڵدانەوەیە بۆ بەخشندەکان، دڵدانەوەیەکی بێوەیە، زۆرجاریش بە بێ ئەنجام، بەهەرحاڵ دەستی درێژکراوم سەر لە نوێ بەردەبێتەوە، بەخششەکەم دەکەوێتە ناو لمەوە، ئەوەی لەتۆم دەوێت. ئەوەی لە هەموو قەسیدەیەکم دەوێت، لە هەموو بەیتێکم دەوێت. حەقیقەت: حەقیقەتی ساتەوەختە، حەقیقەتی ئەم ساتەوەختەیە. حەقیقەت لەوە دوورتر ناڕوات، هەرگیز دیاری نەکراوە، کە هەمیشە بە خۆڵەمێش کۆتایی دێت. لە وشە زیاتر هیچم ناوێت، کە لەلای من شتە، کردەوەکان. ئەنجامەکان، راینەر چۆن خۆم دەناسم ئاوهاش تۆ دەناسم، چەند لێم دوورکەویتەوە، ئەوەندە قووڵتر دەچیتە ناخمەوە، لە ناخی خۆمدا ناژیم، بگرە لە دەرەوەیدا، لە دەمیشمدا ناژیم، بۆیە هەرکەسێك ماچم بکات بە من ناگات.





ساڤوا، بیرکردنەوە لەوە: شەمەندەفەر، کارتەکان، ئوتێل، سوپاس بۆ خوا پێویستی بە ڤیزە نییە، ئەمیش سووکە بێزارییەکە، لە شتێکی ئامادەکراوەوە، کە ئەمە پێشەکی داگیرکراوە، ئەوەی کە گرانە، تۆ دەبێت لە ئاسمان بەربیتەوە. راینەر ئەمجارە بە جدییمە، ئەگەر حەزت لە دیدەنیمە، رووبەروو ببینیت، دەبێت دەستپێشخەری بکەیت، ئەمیش واتای ئەوەیە: کە لەم جێگایە دەبم یان لەوێ دوای دوو حەفتە، ئایا دێیت؟ دەبێت ئەم فەرمانە لە تۆوە دەرچێت و هەروەها ژووان و شارەکەیش، نەخشەکە دەخوێنمەوە، لەوانەیە باشتر وابێت شارێکی گەورە بێت، بیر لەوە بکەرەوە، هەندێکجار لە شارە بچووکەکاندا ون دەبین، ئاە مەسەلەکە ئاوهایە، پارەیشم نییە، داهاتی ئیشەکەیشم کەمە، کە گۆڤارە نوێیەکان پێشوازی دەکەن، بە هۆی نوێخوازییەکانیانەوە، ئەویش لە نێو رەوەندەکاندا دووانن، هەر کە وەریدەگرم دەفڕێت، ئایا پارەی پێویستت پێیە بۆ دووکەس؟ راینەر، کاتێك بۆت دەنووسم لەبەر پێکەنین خۆمم پێناگیرێت، ئای کە ئوتێلێکی سەیرە!. کەواتە ئازیزەکەم، ئەگەر بەڕاستی ئەوەت دەوێت، رۆژێکیان، نامەم بۆ بنووسە (هەر زوو، بۆ ئەوەی کەسێك بدۆزمەوە ئاگای لە منداڵەکەم بێت)، دێم، لە سان –جیل دوو هەفتەی یەکەمی ئۆکتۆبەر دەمێنمەوە، دوای ئەوە لەپاریس دەبم، لەوێ هەموو شتێك لە سفرەوە دەست پێدەکات، نەپارە، نە شوێنی نشتەجێبوون، نە هیچ، ناگەڕێمەوە بۆ براگ، خەڵکی بۆهیمیا لە من وەڕسن، چونکە زۆر بە گەرمی قسەمکرد دەربارەی ئەڵمانیا، دەربارەی بۆهیمیا قسەم نەکرد، دوای ئەوەی کە یارمەتی پارەیان زۆردام، لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا (٩٠٠ کرۆن لە مانگێکدا)، کەواتە لە نێوان یەك وپێنجی ئۆکتۆبەردا لە پاریس دەبم، پێش مانگی نۆڤەمبەر ناتوانین یەکتر ببینین، وەلێ ئایا ناتوانین لە شوێنێکی دیکە، بێگومان لە باشووری فەرەنسا یەکتر ببینین، لە کوێ؟ چۆن و کەی؟ لە سەرەتای نۆڤەمبەرەوە ئەگەر بتەوێت، ئەمیش دەخەمە ئەستۆی تۆ، هەروەها دەشتوانیت نێوانیان بکەیت، نە زیاتر خۆشمدەوێیت و نە کەمتر، زۆر پێت دڵخۆش دەبم، وەکو لە مەملەکەتێکی تەواو،(رادەبەدەر) نوێیشدا.

چەند لە راگاز دەمێنیتەوەو حاڵت چۆنە؟ بەم دواییە چیت نووسیوە؟. بەتووندی لە باوەشت دەگرم...

**لە تزڤیتاییڤاوە بۆ ریلکە**
**بیلڤی، نزیك پاریس ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٢٦**

راینەری ئازیز
لەم ناونیشانە نیشتەجێم
ئایا هێشتا خۆشتدەوێم؟.

**لە ریلکەوە بۆ لۆ ئەندریاس – سالومە**
**نەخۆشخانەی فلمۆن**
**دووشەممە ١٣ی دیسەمبەر ١٩٢٦**

ئازیزەکەم (بە رووسی)
کەواتە ئەمەیە وەکو دەبینیت، ئەوەی منت بۆ ئامادە دەکرد ، ئەوەی پێشبینیت بۆکردم، سروشتە وریاکەم، سالآنێك بوو، بەلاّم ئێستا خودم لەم حالەتەدا توانای رزگاربوونی هەرگیز نییە، دوای ئەوەی لەم پشووە درێژە هێزی تیادا نەما، لە فریاکەوتنەکان و هەلّبڕییەکان و راستکردنەوە شاراوەکاندا، پێش ئەم حالەتە ئازارەکە توونده، خودم، دوای ئەوەی هەموو ئەنجامەکانی بەسەردا بکەوێت، کەوتە ژێر بارێکی قورسی سەرمایەکی گەدەی پیسەوە،(لۆ) ئەمرۆ ناتوانم دوای ئەو هەموو دۆزەخە بدۆزمەوە، ئازایەتیم لە کوێ بوو؟. ئەی)لۆ)ی ئازیز، پزیشك لە نامەکەدا باسی حالّی منت بۆ دەکات، هەروەها خانمی ووندرلی کە هات بە هانامەوە بۆ ئێرە بۆ چەند رۆژێك، لەخزمەتمدا بوو پاسەوان وپەرستار بوو، تێگەیشتوو بوو، وابزانم پشکنییەنەکەی بۆ نەخۆشییەکەم راست بوو، چونکە ئەو ماوەی سێ سالّە چاودێریم دەکات، ئەمجارە چوار پشکنینی بۆ کردم، وەلێ دۆزەخ فراوانە، ئەی لەبارەی تۆوە چی هەیە؟ مالّەکەت لە چییدایە، هەردووکتان تەندروستیتان باشە؟ من بۆنی(با)یەکی خراپ دەکەم، ترسناکە لەکۆتایی ئەم سالّەدا. ئازیزەکەم مالّئاوا (دیسان بە رووسی)...
(لۆ ئەندریاس) ژنێکی رووسی بوو - و.ك –

**نامەیەك لە تزڤیتاییڤاوە بۆ ریلکە (دوای مەرگی ریلکە )**
ئایا سالّێك دوای مردنت بەسەر دەچێت؟ ئایا کۆتاییە؟ بگرە سەرەتایە ئەی ئازیز، ئێستا دەزانم-راینەر ئەوەتا دەست بە گریان دەکەم، تۆ دەگەیتە خوێندنەوەم بە بێ پۆستە، تۆ دەمخوێنییەتەوە، ئازیزەکەم، ئەگەر تۆ بمریت، واتای ئەوەیە کە مردن و ژیان





بوونیان نییە، ژیان نییە، ئیدی چی؟ ساڤوا – شارە بچووکەکە کەی؟ لە کوێ؟ راینەر ئەی هێلانەی تۆڕی خەوتن چی بەسەرهات؟ تۆ ئێستا رووسی و هەموو شتێك دەزانیت، نامەوێت سەرلەنوێ نامەکانت بخوێنمەوە، چونکە دواجار ئارەزووی ژیانم نابێت، هێزی ئەوەم نابێت، توانای هیچ شتێکم نابێت، بێ ئەوەی پێویستی بە گرەو هەبێت ، دەمەوێت پێت بگەم بۆ ئەوێ، ناتوانم لێرە بمێنمەوە، راینەر، دەزانم تۆ لەلای راستەوە دەبیت، خەریکە هەست بەسەرە روونەکەت دەکەم، ئایا جارێك بیرت لە من کردوەتەوە؟ سبەی سالّی تازەیە، راینەر -١٩٢٧/٧/ ژمارە لەبەر دلّەکەت، تۆ لەدایکبووی ١٨٧٥ی بەپێی رۆژژمێر، تەمەن پەنجاویەك سالّیت، کەواتە گەنجیت. کچە بەدبەختەکەت کە هەرگیز نەتبینیوە. منیش بەدبەختم. لەگەلّ ئەوەشدا نابێت خەمبار بین، ئەمرۆ، لە نیوەشەودا ، پێك دەخۆمەوە، ئۆە، بە هێمنی ئێمە، من و تۆ، حەزمان لە ژاوەژاو نییە، لەگەلّ تۆدا. ئەی بەنرخ، تەگبیر بکە چونکە هەندێکجار خەوت پێوەدەبینم. هەرگیز پێمان وانەبوو کە لێرە لەسەر زەوی یەکبگرین، نەك وەکو ئەوەیش هەیە، وانییە؟ پێشم کەوتیت بۆ ئەوەی بەر لەگەیشتنم وەزعەکە رێکبخەیت، نە لە ژوورو نە لە مالّ، بگرە لە دیمەنەکەدا. ئایا دەمت، یان ناوچەوانت، یان روومەتت ماچکەم؟ بەلّکو دەمت، تۆ نەمردووی، هەروەکو گیانلەبەرێکی زیندوو. ئەی بەنرخ، بە چۆنییەتییەکی دیکە خۆشت بوێم، زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە، لێم توورە مەبە، لەسەرم رابێت، وەکو خۆم. ئیدی چیتر؟ لەوانەیە لەوەش بەرزتر بێت؟ نە بەرزترو نە دوورتر.(تۆزێك دەربارەی ئەم دیمەنە دلّتەزێنە)، بە تەواویش نا، زیاتر نزیك. ناوچەوان لەسەر شان، نەخێر ئەی مندالّی گەورەی ئازیز، ئۆە! راینەر بۆم بنووسە (ئەم نوێژە، ئایا تا ئەم رادەیە گەمژەیە).
جوانترین هیوام و دیمەنێکی پرشنگدار بۆ سالّێکی نوێ لە ئاسماندا...
بیڤلی ٣١ی دیسەمبەر ١٩٢٦ ئێوارە سەعات ١٠...
راینەر هێشتا لەسەر زەوی بیست و چوار سەعاتە...

**مارینا لە قەسیدەیەکی (لە ٧ی ١٩٢٧) بە ناونیشانی(نامەی سالّی نوێ) نووسیویەتی:**

(...) ئەگەر تۆ خۆتیت،
ئەگەر چاوێکی ئاوها کوژایەوە
ئەمە واتای ئەوەیە
کە ئیتر ژیان ژیان نییە، نەمردنیش – بەلّکو
حالّەتی سێیەم و نوێیەکەیە).

**مارینا لە نامەیەکیدا کە لە فێبریوەری ١٩٢٨ بۆ ژنێکی برادەری نووسیوویەتی دەڵێت:**

(دەمێکە کەسم خۆشناوێت، -پاسترناك-م خۆشدەوێت، ئەویش دوورە، تەنها نامە (لە نێوانماندا) هەیە، بە بێ ئاماژە، کەواتە لەم جیهانەدا، جگە لە کەس نییە،(ریلکە)شیان لە دەستم دەرهێنا).

(*): د. شەربل داغر لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە عەرەبی، لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی (وەسیەتنامە) بڵاویکردوەتەوەو لە بڵاوکراوەکانی خانەی (الجمل)ە... ساڵی ٢٠٠١...





## نامەیەکی غەسان کەنەفانی بۆ غادە ئەلسەمان




# (ئینسان هیچ نییە جگە لە دۆزەرەوەی پەناگە)

وەرگێڕانی: زلێخا

ئازیزم فائیزە*

من بۆ چەندین ساڵ لێت وندەبم، بەڵام دەگەڕێمەوە، لەپڕ سەردەردەکەمەوە، تۆش بەخۆت دەڵێیت: ئەوەتا وا منداڵەکە گەڕایەوە. تۆ ئەوسا توڕەو خەمبار دەبوویت و دەتوت بیرمدەکەیت، بەڵام لە کۆتاییدا تەسلیم بەو منداڵە هەمیشە سەیرو کەساسە بوویت کە بە دوای شوێنێکی هەمیشەییدا دەگەڕا... ئێستا دوای سی ساڵ دەتوانیت لەیەك شت دڵنیابیت، ئەوەی کە هەمیشە دەگەڕێمەوە، پێدەچێت

لەنێوچاوانم نووسرابێت کە من هەمیشە لە ناخمدا کەسێکی دۆڕاوبم، ئەو شتەی کاتێك دە ساڵان بووم لەناومدا وردوخاش بوو، هێشتا خۆش نەبووەتەوە، من هەمیشە بەوەفاترین کەسم لە بەرامبەر ئەو شتەدا کە پێیدەڵێن بەدبەختی. وا ئەوەتا جارێکیتر دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ، رەنگە لەبەر ئەوەبێت کە تۆ دووریت، یان تۆ ئەو دوورگەیەیت چیتر هی من نیت و تۆش ناتوانیت لەگەڵ خۆت بمبەیت و لەگەڵتبم و هی تۆ بم...

لەماوەی ئەو چەند ساڵە دوورودرێژەی رابردوو چی روویدا؟ بە تەواویی چی روویداوە لەو کاتەوەی کە خۆم کرد بە ژووری نەشتەرگەرییەکەداو هاتم بۆ لای تۆ؟ لەبیرتە؟ ئەو رۆژەی نەشتەرەکەم بەرووی ولسۆنی بەستەزماندا بەرزکردەوە، ئەو سکۆتلەندییە باشەی ئەوەی لەمندا بەدیدەکرد کە خۆم لە خۆمدا نەمبینیوە، بێگومان کە چیرۆکەکەی بیردەکەوێتەوە پێدەکەنێت. سەرەڕای هەموو شتێك من لەسەر حەق بووم، پێموت: با منداڵەکە بمرێت، بەڵام ئەگەر ئەو بمرێت ئەوا لەگەڵیدا تۆش دەمریت. قبووڵم نەکرد بچمە دەرێ و چون شێتێکی هەڵاتوو پشتم دابوو بە سوچێکەوەو سەیری تۆم دەکرد کە لە ژێر پەنجە ساردەکانیدا خەڵتانی خوێن بوویت، کاتێکیش دوای سەدەیەك تۆقین پشووی دا دەستم بەگریان کردو نەشتەرەکە لەدەستم کەوت... و نەمبینیتەوە تا ئوسامە بوو بە چوار ساڵان... بۆچی ئێستا من ئەمەت بیردەخەمەوە کە بەسەرچووە؟ رەنگە لەبەرئەوەبێت هەستدەکەم کە چەند لەسەر حەق بووم... ئینسان هیچ نییە جگە لە دۆزەرەوەی پەناگە، بەمشێوەیە بووەو بەمشێوەیەیەو واشدەمێنێتەوە، هەموو شتێك جگە لەوە پوچ و بێمانایە، ئێستا دەڵێم: هەستم بەقووڵیی داڵدەی خۆم دەکرد لەناو ئەو غەریزەیەدا کە کاتێك من منداڵبووم تۆ پێتدەوت پێغەمبەرایەتی، هەستمدەکرد لە دەستدانی چەند ناهەموارە کە تیایدا ئیرادەی ژیان یەکسان دەبوو بە نووکی نەشتەرەکە. من گلێنەی دکتۆر ولسۆنم بیرناچێتەوە کاتێك ئەو دوو گۆیە شینە لە ناویدا مەلەیان دەکرد، پیاوێك بوو دەیتوانی تێبگات بە هۆی ئەوەی لە رادەبەدەر خەڵکی بینیبوو بە ئاسانی دەمردن و لە دوای خۆیاندا دنیایان بە داڵدەی کەمترەوە جێدەهێشت، ئەو دەیزانی تۆ داڵدەی من بوویت.

ئەوەتا دەگەڕێمەوە بۆ لات فائیزە، وەك ئەو کاتەی کەمنداڵێکی بەلەنگازو تەڕی بەر بارانی بەخوڕی یافا بووم و دەگەڕامەوە لات، دەتوانیت بە هەمان کۆنە دەنگەوە بڵێیت:



(بەژێر پلوسکەدا رۆیشوویت، من دەزانم چەند لاساری...) بەژێر پلوسکەدا فائیزە، بەژێر پلوسکەدا، پاش زێتر لە بیست ساڵ سەری خۆمت دەدەمێ تا وشکی بکەیتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەستدەکەم لە ناوەوە تەڕە، سەری خۆمت دەدەمێ، منی بەلەنگازی داماو، چون هیچ شتێك بۆ من نەماوەتەوە دەستەکانی تۆ نەبن... بێگومان لەبەرئەوەی لە دووری هەزار میلەوەن.

چی روویدا لەو کاتەوەی ئوسامە بەو ژانە قورس و ترسناکە لەدایکبوو؟

بەلای منەوە تا ئێستاش هەردوو لای دەرگا سپییەکە لەو رۆژەوەی کە لێوەی هاتوومەتە دەرێ دێت و دەچێت... هیچ شتێك گۆڕاوە؟ چی روویدا؟ چ شێتییەك ئەم دنیایەی پڕکردووە؟ جارێکی دی دکتۆر ولسۆنت بینییەوەو باسی شێتێتی منتان کرد؟ ئوسامە دەمناسێت؟ ناوبەناوێك لە بارەمەوە دەبیستێت؟ هەرچی منیشم ئەو شتەم بەسەرهات کە تۆ جارێك پێتوتم رۆژێك دێت تێکمدەشکێنێت: خۆشەویستی.

ئەگەر لێرە بوویتایەو لەگەڵمان دانیشتیتایە وەك جاران کە دەتکرد، لەچرکەیەکدا بەدزییەوە لێت دەڕوانیم و بە ئەرێ سەرت بۆ دەلەقاندم. تەمەنی خۆم ژیام چاوەڕوان بووم ئەو جووڵەیە لەسەری تۆ ببینم. کاتێك حەوت ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ جاکلین[١] دانیشتبووین لە بحمدون[٢]، یەکەم هەلت قۆستەوەو برۆکانت بەرامبەرم بەرزکردەوە، وەك ئەوەی بڵێیت (نا، ئەوە ئەو نییە،) جاکلین رۆیشت و لەمن چوو، کەوکەبیش[٣] جێیهێشتم، بەهۆی ئەو جوت ئەبرۆیەتەوە کە هەمیشە دەیانوت نا... ئەو کچە هات. پێمبڵێ ئەوە ئەوە.

فائیزە، لە کۆتاییدا ئەمە ئەو شتەیە کە بەدزی منەوەو بێئەوەی پێیبزانم چاوەڕێت دەکرد، ئەمە ئەو شتەیە کە تەنیا ئەو دەتوانێت تێکمبشکێنێت. تۆ چەند راستگۆبوویت و من چەند گەمژە... ئەو رۆژەت لەبیرە هاتمە لات وتم جاکلین سەفەری کردووە؟ لەسەر خوانی ناشتایی پێتوتم: دڕی تۆ بۆ ئەوەیە ئەو دڵە بەتاڵەت بشاریتەوە، ئەو بەتاڵییەی کە سنووری نییە، رۆژێك لە رۆژان دەستی ژنێکی دەگاتێ و دەیشکێنێت... ئەو رۆژە کە دێیتە لام تەنیا من تێتدەگەم!

ئەوەتا من دێم و تۆش خەلاتمکە بەوەی کە تێمبگەیت، لە تواناتدا نییە ئامۆژگاریی کەس بکەیت، من هەلاهەلا بووم، هێشتا لە تواناتدا نییە گوێچکەیەك لەو جەستەیە

بدۆزێتەوە کە چەندین گوێچکەی هەبوو، ئێمە هەمیشە درەنگ دێین. درەنگ. درەنگ. ئێستا هەموو شتێك تێگەیشتیت فائیزە؟ درەنگ دێین.

لەسەر ئەو بەرزاییەی ژیانم دەوەستم و دەبینم وشك و پڕ دڕك و گۆشەگیرییەو لە ساردیی رابردوو و ساردیی دوارۆژدا بێپایان درێژدەبێتەوە... لەوەدەچێت من هەوڵدەم نیشتمان بە ژن بگۆڕمەوە، لە هەموو تەمەنتدا لەو مامەڵەیە دزێوترو ئەستەمترت بینیوە؟ بەڵام ئەمە ئەوەبوو کە روویدا، ئێستا دەتوانم بە ئاسانی کەشفی ئەوە بکەم کە هەموو ئەو شتانەی کە روویاندا شتێك نەبوو جگە لە ملنانێکی کوێرانە بۆ گەیشتن بەم کۆتاییە. لە سەرەتاوە هەوڵدا نیشتمان بە کار بگۆڕمەوە، دواتر بە خێزان، دواتر بە وشە، دواتر بە توندوتیژیی، دواتر بە ئافرەت، هەمیشەش پەیوەندیی راستەقینەم نووقسان بووە، ئەو ئینتیمایەی کە بەیانیان خەبەردێین بانگمان دەکات: (شتێکت لەم دنیایەدا هەیە کەوایە هەستە، تۆ ئەم هەستەت ناسیوە؟ فیڵ دۆڕاندی، من زەوییەکی جێگیرم دەویست لەسەری بوەستم، ئێمە دەتوانین هەموو شتێك بخڵەتێنین پێیەکانمان نەبێت، ئێمە ناتوانین پێکانمان بەوە رازیبکەین لەسەر توێژاڵی بەستەڵەکی فشۆڵی لە هەوادا هەڵواسراوەوە بوەستن، ئێستاش: من بەسەر ئەو توێژاڵە بەستەڵەکانەدا دەڕۆیشتم، هەمموو ئەوانەشی کە وتوومەو نوسیوومە هیچ نەبووە لە دەنگی هاڕەکردنیان لەژێر هەنگاوە ونبووەکانمدا).

جارێکی دی، چی روویدا؟ لەناکاو ژنم هێنا، تۆ بەدڵنیاییەوە نازانیت بۆچی، هەواڵەکە بۆ تۆ کتوپڕ بوو، وەك چۆن بۆ باوکیشم وابوو، بەڵام نەیتوانی هیچ بکات. نەیدەتوانی لە سەروەتەکەی بێبەشم بکات دوای ئەوەی بەزۆر خۆی لێی بێبەشکرابوو، نەیدەتوانی رێگام لێبگرێت لەوەی پێ بخەمە ماڵەکەی، دوای ئەوەی خۆبەخۆی خۆم وازمهێنا، نەشیدەتوانی غەزەبی ئاسمانم بەسەردا ببارێنێت، لەبەرئەوەی ئەوەندەم لە تووڕەیی ئاسمان هەیە کە زیاترە لە بەشی تەنیا پیاوێك... ئەویش نەیدەزانی بۆچی و چۆن، بەڵام من دەمزانی، من مومارەسەی ئەو تاقە فەزیلەتە مرۆڤانەیەم دەکرد: کە ئەویش دۆزینەوەی داڵدەیەك بوو.

ئانی(٤) ئەو کاتە هات کە من بە ئارەزووی خۆم و بە ناچاریی لەوەدابووم بخلیسکێمە





ناو ئەو گردە لیتە هەڵخەڵەتێنەرو دڵڕفێنەوە، ئەو بەیانییەی کە بڕیاربوو من ئێوارەکەی بیخوازم لەوەدابووم من لەگەڵ ژنێکی تر کە نیوە زەنگین و نیوە جوان و نیوە گەنجدا کە نیوەی خۆشیدەویستم پێکەوە بژین. ئەو ئافرەتە نیوەی رێگا بوو بۆ کەوتن، ویستم بیکەمە وێستگەی خۆم بۆ ئەوەی دواتر هەموو سەفەرەکەم بۆ بنی قوڵایی لەبیرکراو قبووڵبکەم. ئانی هات وەك چۆن نامەی مژدەدان لە شوێنێکی نەناسراو و دوورەوە دەگات، منیش لە یەکێك لە بریسکاییەکانی پێغەمبەرایەتی کە لە ویژدانی هەموو ئینسانێکی سەر ئەم زەوییە چەخماخە دەدا کردمە داڵدەی هەڵاتنم. ئێستا پێتدەڵێم: هەڵاتن بوو.

فائیزە، ئەو لە هەموو شتێکدا لێم دوور بوو. پێویستم بە پێنج ساڵی گەورەو گرانهەبوو کە تێیدا سەرقاڵبم بە پڕکردنەوەی ئەو دەلاقە کراوەیەی نێوانمان، دیسانەوە هەڵەی هەڵخەڵەتاندنم دووبارە کردەوە، ئەوکاتەی کە نەمتوانی وەك ئەوەی کە پێویستە پڕیبکەمەوە، بە دوو منداڵ پڕمکردەوە.

بەڵام سەرباری هەموو شتێك من دڵسۆزبووم بۆ ئەو بەهایانەی کە حورمەتم دەگرتن و کە لە فیوداڵێتی باپیرە ئیماندارەکەمەوە بۆم مابوونەوە، لەو کاتەدا کە زەوییەکانی لەدەستدابوو، بەڵام سووربوو لەسەر بەدەستهێنانی ئەخلاقی خۆی، لە ناخمدا دەمزانی کە چارۆگەی پێچراوەیناو ناخم سەر لەنوێ پڕ دەبێتەوە بە بای غەریبی، بەڵام خۆڕاگر مامەوەو بە دڵڕەقێتی چەقۆ دەستبەرداری ژیانی پێشووم بووم لە پێناوی ئەو، ئافرەتێکی دەگمەن بوو و ئێستاش هەر وایە، لەوانەیە تاقە شت بێت لەم گەردوونە کە دەتوانم بە رازیبوونێکی بێ سنوورەوە ژیانمی پێشکەش بکەم ئەگەر تووشی مەترسی ئاوابوون بووم.

من ئێستا ئەوەت لادەدرکێنم ئەگەرچی رۆژێکیش کە پێکەوە بەتەنهابووین لێت پرسیم: بەختەوەریت لەگەڵیدا؟ بە راستگۆیی و دڵنیاییەوە وتم: نەخێر. خۆشەویستی شتێکەو پەیوەندیی من بەو شتێکی دییە. خۆشی ئەویش ئەمە دەزانێت.

دواتر غادە هات.

هات؟ ئەو، وشە راستەکە ئەمەیە: گەڕایەوە. ئەو هەمیشە لە ناخمدا هەبوو.

من باس لەو ماوەیە ناکەم کە دە ساڵ لەمەوپێش بەرێکەوت لە ڕاڕەوەکانی زانکۆ دەمبینی، نا. من باس لە بوونێکی ئاڵۆزترو قووڵتر لەمە دەکەم. چیت پێ بڵێم و چۆن شتەکانت بۆ روون بکەمەوە؟ ڕێگامبدە پێت بڵێم چۆن: دوێنێ مۆمێکم بەسەر پارچەیەك شووشە دەتواندەوە، خۆم بەو یارییە دەخلافێنم کە تێیدا ئینسان شتێکی ئەنارچیستانەو پەنهان لە شووشەیەك و لوولەیەك مۆم دروستدەکات، تواوەی مۆمەکە نزیکەی هەموو شووشەکەی داپۆشیبوو، لەناکاو دڵۆپێك مۆمی تواوە بێ ویستی من کەوت و بەشێوەیەکی شێتانە خلۆربووەوە بەسەر تەپۆڵکەی مۆمی بەستووی سەر رووی شووشەکە لە کونێك جێگیربوو کە پێشتر بەدیم نەکردبوو، لەوێ بەستای و وای لە بەرگە مۆمییەکە کرد لەخۆیەوە بەتەواویی خۆی بگرێت.

ئەوەبوو کە روویدا، هیچ وەسفێکی دی بۆ شك نابەم. لەوەتەی یەکەمجار بینیومە لە ناخمەوە دەمزانی چی روودەدات، هیچ نەبێت لەلایەنی منەوە. سەرەڕای ئەوە وەك ئەو کەسە وابووم دەچێتە ناو کێڵگەیەك لمی جوولاو و نازانێت داخوا دەبێت بگەڕێتەوە یان بەرەو پێشەوە ڕێبکات.

تەمەنم ئێستا حەفت مانگەو بڕواناکەیت چەند گۆڕاوم. من خۆم بڕوام نەکردووەو بڕوا ناکەم. واپێدەچێت هەندێك پیاو هەبن کە نەتوانرێت بکوژرێن ئەگەر لە ناوەوە نەبێت.

لە ژیانیدا زۆر کەس ئازاریانداوەو تەنیایە، ناتوانێت کەلێنی نێوان خۆی و دنیا پڕبکاتەوە بە پیاو نەبێت، (لە راستیدا بڕوام بەمە نییە، تەلەفۆنێکی نەناسراو بەر لە حەفتەیەك ئەمەی پێوتم). ئەی من بە دوو منداڵ پڕم نەکردەوە؟

با جارێکی دی هەوڵبدەین: ئەو خۆشیدەوێم و دەترسێت ئەگەر پەرۆشم ببێت ئەوا بەجێیبهێڵم وەك ئەوەی لە هەموو پەیوەندییە پووچەکانی نێوان کەسەکان روودەدات و دەترسێت ئەگەر لە پەیوەندیی نێوانمان تا مەودای سروشتی بڕوات، ئەوا یەکدی لە دەستبدەین، بەڵام فائیزە، ئەمە قسەی دکتۆرو مامۆستاکانی ماتماتیکە نەك سۆزی ئافرەتێك بەرامبەر پیاوێك کە خۆشیدەوێت و خۆشیبوێت...

با بۆ جاری سێیەم هەوڵبدەین: ئەو بە رادەیەك خۆشیدەوێم کە نایەوێت ژیانم تێکبدات، بەڵام کێ وتویەتی هەڵاتنی تێکی نادات؟





فائیزە، من متمانەم بە زیرەکی ئەو هەیە، لەوانەیە زێتر لەوەی کە پێویستە. وەك لێکۆڵەری لابۆرێك قسەکانی تەفسیر دەکەم. هەندێکجار خەیاڵدەکەم کە دەیەوێت لە بەردەمی خەڵکدا زەلیلم بکات.

ئەمە تورەم ناکات، (بەڵێ گەیشتوومەتە ئەو رادەیە)، بەڵام بۆچی؟ چ شتێك وا لە ئینسانێك دەکات کە ئینسانێکی دی پارچەپارچە بکات کە بەو توندییە خۆشیبوێت؟ دوێنێ لەبەردەمی هاوڕێیەکدا پێیوتم:

هیچ پیاوێك ناچێتە ماڵەکەم جگە لەو، چون ئەو برایە، (باسی لە هاوڕێکەم دەکرد)، بۆچی؟ ئەو شتە ترسێنەرە چییە کە وا لە ئافرەتێك دەکات لە بەردەمی هاوڕێکەیدا قسەیەکی وا بە پیاوێك بڵێت کە خۆشیدەوێت؟

نازانم فائیزە، بەڵام دەزانم شەو و رۆژ، سات دوای سات، بیر لە هەموو ئەم شتانە دەکەمەوەو لە پێناویاندا دەژیم و خەمیان پێ دەخۆم... هەندێکجار سەیری چاوەکانی دەکەم و بەخۆم دەڵێم: دەبێت رقت لەو ئافرەتە بێتەوە کە پێیخۆشە بەمشێوەیە زەلیلت بکات، بەڵام ناتوانم. پێشتر دەمتوانی بگەمە بڕیارێك لەو ساتەی ئاوهام بەخۆم دەوت، بەڵام ئێستا نازانیت چەند بەدبەختم!

دنیا سەیرە، چارەنووسیش بەهەمانشێوە. دەستێکی دڵڕەق لە ئاسماندا شتەکانی بەشێوەیەکی ترسناك تێکەڵاوکردووە کە سەرەتای شتەکانی کردووە بە کۆتاییەکانی و کۆتاییەکانی کردووە بە سەرەتا...، بەڵام پێمبڵێت: چ شتێك شایەنی ئەوەیە لەم ژیانە راگوزەرەدا بیدۆڕێنین؟ تێدەگەیت مەبەستم چییە؟ لە کۆتاییدا ئێمە دەمرین.

من هەموو ئەمانەم لە پێناوی ئەوەدا بۆ نەنووسیویت تا داوای ئامۆژگاریت لێبکەم، دەتوانم ئێستا وتارێك لەبارەی ئەم بابەتە پێشکەش بکەم... واشی پیشان نادەم کە دەزانم شتەکان چۆن کۆتاییان پێدێت. بەڵام رۆژێك دێت لەو کاتەدا کە لە بەردەمی دەرگای ماڵەکەیدا خواحافیزی لێدەکەم بەبێئەوەی هەلی ئەوەم بۆ هەڵکەوێت لێی نزیکببمەوە بتوانم بە خۆم بڵێم: ئەو (مرد)، ئەوکات دەگریم و لەوانەیە بێ ئەقڵیی بنوێنم، رەنگە بۆ مانگێك و دووان تێکبشکێم، دڵم کوتە کوت بکات هەر کە لە بارەی بخوێنمەوە یان بیبینم یان هەواڵی ببیستم وەك ئەوەی کە دڵی ئینسان دەکەوێتە کوتە کوت ئەگەر ڕێکەوتی تارماییەك بکات، لەوە خراپتریشت پێدەڵێم: لەوەیە بخلیسکێم

و وردوخاشبم، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز قبووڵ ناکەم ببمە هاوڕێی، قبووڵناکەم بە چاوە شکاوەکانم پیاوێك ببینم بۆی بسەلمێنێت کە خۆشیدەوێت و ئەویش بەهەمانشێوە. لەبەرئەوە ئەم پووچییە قبووڵ ناکەم. من- وەك جارێك پێموتی- مردنم پێ باشترە لە دیلێتی. هیچ کەسێك ناتوانێت بەو جۆرە خۆشیبوێت وەك من خۆشمویستووە، هیچ نەبێت لەبەر خاتری حەقیقەت هەمیشە قبووڵکردنیساختەیی ڕەتدەکەمەوە.

ڕۆژەکان دەخولێنەوە ئەی ئازیزم، دەخولێنەوەو دەخولێنەوە وەك چۆن ئێستا سەری من خول دەخوات و ئینسان لەژێر غوباری بێمانایی ئەو خولانەوەیەدا تەمەننا دەکات شتەکان فەرامۆشکات. لەبیرتدێ ئەو ڕۆژەی باوکە داماوەکەم بۆی گێڕاینەوە چۆن برینی هاوڕێکەی پڕکردووە لە غوباری جاڵجاڵۆکە، ئەو تۆزەی کە لە درزەکانی شوورەی عەککا کۆیکردبووەوە؟ ئەو ڕۆژە پێیوتین کە تۆزەکە خوێن بەربوونەکەی ڕاگرت؟... ئەی خودایە چەند غەیبزان بوو!

لەوانەیە ڕۆژێك ببیستی کە من دەستبەرداری خۆشەویستی ئەو بووم، هەر لەئێستاوە پێتدەڵێم: بڕوا بەم قسەیە مەکە، بەجۆرێك خۆشمدەوێت کە ناکرێت سیس بێت، ئەوەی بۆ ئەوم نووسیوە لە ژیانمدا نەمنوسیوەو لەگەڵ ئەو و لە پێناوی ئەودا تەحەددای دنیاو خەڵك و خۆمم کردو بەسەر هەموویاندا سەرکەوتم. خۆشەویستییەك لەو ئاستەدا ئافرەت قبووڵی ناکات، بەڵام بەداخەوە پیاوێك دەتوانێت هەڵگری خۆشەویستییەکی ئاوابێت ئەو ڕاستییەش بزانێت سەبارەت بەم خۆشەویستییە. ئەمجارەیان هیچ چارەو داڵدەیەك نییە با بە کاریگەریی غوبارەکە ئومێدەوارین.

تۆ دەپرسیت: کەوایە چیت دەوێت؟ منیش نازانم. تەنیا دەزانم کە ئەوم دەوێت. من ناتوانم لەوە تێبگەم کە ئافرەت بۆچی پیاوێکی ناوێت کە خۆشیدەوێت. پەیوەندیشیان تا ئەوپەڕی پێویست پێویستە، ئەگەر من توانام هەبێت بڕیاریکی ترسناکی لەم چەشنەبدەم کە وەك دوو مانگ لەوەوبەر دام، ئەوا چۆن دەتەوێت شتەکان تەفسیر بکەم؟ ڕاستە سێکس لە پلەی یەکەمیندا نییە، بەڵام هەیە... ئاه ئازیزم! ئاسان نییە بۆ من پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ ببەستم هەتا ئەگەر هەلی ئەوەشم بۆ بڕەخسێت، لەبیرمە...[٥]، کەوایە چیم دەوێت؟ نازانم ئازیزم نازانم... ژیان زیاد لە پێویست ئاڵۆزە بۆ کەسانێك کە تائەوپەڕی چل ساڵ دەژین، ئەوەی من ئێستا هەستی پێدەکەم ئەوەیە، ئێمە



ژیانمان بێهوودە بەفیڕۆ دەدەین... پیاوەتیم لە ژیانیدا ئەوەندە زەلیل نەکراوە وەك ئەوەی هەموو شەوێك پێیدەڵێم: خەوێکی خۆش... دواتر پشت وەردەگێڕم و دەڕۆم وەك ئەوەی پارچەیەك داری بێ دەمار بم و برینی ئەو پیاوەتییە بەفیڕۆدراوەم خوێنی لێبەردەبێت کاتێك لە پشتمەوە گوێم لە بەیەکدادانی دەرگا دەبێت: ئەو بەلایەوە گرنگ نییە.

چی بکەم؟ هەوڵبدە پێمبلێیت هەرچەند بەگوێشت ناکەم، بەڵام بەشکو ئەمە کۆمەك بگەیەنێت لە گەیشتن بە شتێك... ئێمە پوچین کاتێك بڕیار پەیوەست دەبێت پێمانەوە. هەندێکجار بیردەکەمەوە بچمە ریزی فیداییەکان بەشکو هیچ نەبێت بە پاکی بمرم، هەندێك کات بیر لە سەفەرکردن دەکەمەوە بۆ جێگایەکی نادیار: ناوم بگۆڕم و کاربکەم و بژیم تا ئەوەی بەبێدەنگییەکی نەناسراو دەمرم... هەندێك کات بیر لەوە دەکەمەوە خۆم بکەم بە ماڵەکەیداو تێیدا بمێنمەوە... بەڵام لێت دەپرسم- هەموو ئەمە- چ سوودێکی هەیە؟ پێتوایە من بەدوای هەڵاتندام لە خۆم؟ نەو، من لەو هەڵدێم؟ نا. کەوایە چیم دەوێت؟ من ئەوم دەوێت، بەڵام چۆن؟ چۆن؟ ئەو زەمینە سیحرییە لەم جیهانەداڵەکوێیە کە بتوانین پێکەوە قاچەکانمان لەسەری دابنێین؟

ئەو تاقە شتەی کە لە ژیانم دەمویست ناتوانم بەدەستی بێنم. بۆم دەرکەوتووە کە هەموو ژیانم زنجیرەیەك ڕەتکردنەوە بووە، بۆیە توانیومە بژیم، قوتابخانەم ڕەتکردەوە، بنەماڵەم ڕەتکردەوە، سامانم ڕەتکردەوە، گوێڕایەڵبوونم ڕەتکردەوە، قبووڵکردنی شتەکانم ڕەتکردەوە، بەڵام هەرگیز شتێکی دیاریکراوم نەویست، کاتێکیش دەمەوێت لە دەستم هەڵدێت، (لە پەنجەکانی چارەنووس و دنیاو شتەکان هەڵدێت، من لەوە تێدەگەم)وەك چۆن ئاو لە بێژنگ هەڵدێت!

بەبۆچوونی ئەو من بەجۆرە بیردەکەمەوە: شەڕەکەمان دۆڕاوە، کەوایە با کار لەسەر بردنەوەی بکەین تا ساتەکەی دێت. زەمەن لە دژی ئێمەیە کەوایە با بەکاری بهێنین تا لەگەڵمانە. بەیەکگەیشتن ئەستەمە، کەوایە با ئەوکاتانە یەکتری ببینین کە دەتوانین. هەموو شتێك دەدۆڕێنین با زەمەن ببەینەوە بۆ ئەوەی پەشیمان نەبینەوە. گریان بەڕێوەیە.

من دەزانم ئەو خۆشیدەوێم، نا، بەو جۆرە نا کە من خۆشمدەوێت، بەڵام خۆشیدەوێم. هەمیشە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە لەدژم دەوەستێت ئەگەر بێتو بە شتی بکەم، بەڵام

ئەو واز لە بەشتکردنم ناهێنێت، بێئەوەی خۆی ئاگای لێبێت. ئەو لێم رادەکات لە کاتێکدا من ناوەستم لە پەرۆشیم بۆی. ئەو-سەرەڕای هەموو ئەوەی دەیڵێت- پووچی و هەستە رووکەشەکانی پێ باشترە، من دەزانم ژیان زۆر رووشاندوویەتی کە وایلێکردووە رووشاندنی دی رەتبکاتەوە، بەڵام بۆ دەبێت من باجەکەی بدەم؟ ئەو ئافرەتێکی جوانە- دەتوانیت ئەمە لە وێنەکانیدا ببینیت- بەڵام لە واقیعدا جوانترە وەك لە وێنەکانیدا، لەوانەیە رۆڵی ئەو لە بەدبەختکردنم و دۆڕاندنم ئەوەبێت کە ئەو بەجۆرێك سەرنجراکێشە کە رەتناکرێتەوە، ئەمەش شتێکە لە دەستی ئەودا نییە، بەڵام لە دەستی منیشدا نییە، ئەو زیرەك و هەستیارەو تێمدەگات، ئەمەش زیاتر بەلای خۆیدا رامدەکێشێت و بەقەدەر ئەوەی ئەوم لێ دووردەخاتەوە، ئەو لە من باشتر تێدەگات، رەنگە ئەم حاڵەتە سروشتی ئەو لە جوولاوەی هەبێت کە لە بێئاگایی خۆماندا تێیدا نووقم بووین. بە کورتی پێتدەڵێم ئەو ترسنۆکە، دەیەوێت نیوەی شتەکان بێت، منی ناوێت و لەدەستدانی منیشی ناوێت، لەو ساتەدا کە من بەتەواویی چوومەتە ناو ئەو، کە من گەیشتوومەتە پەیوەندییەکی تەواو لەگەڵ ئەو، پەیوەندییەك کە لە هەموو ژیانمدا بەدوایدا دەگەڕام کەچی ئەو لە ناوەڕاستی رێگادا وەستاوە.

من لەگەڵ ئەودا نرخی پووچێتی ئەوانی دی دەدەم... بۆ نموونە دوێنێ دایچڵەکاندم کاتێك وتم، دەمەوێت بتبینم، پیامدا هەڵشاخا: "پێتوایە بەرەڵڵام؟" ئەمە وەڵام بوو بۆ کەسیکی تر نەك من، منیش ئەمە دەزانم، بەڵام گوناهی من چییە؟

من پارچە پارچەدەبم بەجۆرێك کە هەرگیز لە ژیانمدا وام بەسەرنەهاتووە. هیچ شتێك نەیتوانیوە ئاوا وەك ئەم ئافرەتەبێڕەحمانەو دڵڕەقانە بملەرزێنێت، من خۆشمدەوێت و ئارەزووی دەکەم، لە پێناوی ئەوەدا گەمژەییەکی دیکەم نواند کە دەستی منی تێدانییە: فائیزە، من هیچ پەیوەندییەکی سێکسیم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە... تێدەگەیت؟ من پیاوێکم تراژیدیای من لەو پێکهاتنە نامرۆییەی نێوان جەستەو عەقڵمدایە، رۆژێك دکتۆر ولسۆن پێیوتم: لەبەر ئەوەشە شەکرەت هەیە، ژیکەڵەکەم!

بەڵام ئاگاداربە پێتوانەبێت ئەمە کێشەکەیە. نا. من بەو رادەیە بچووك نیم و چیدی سێکس بۆ من کۆتایی جیهان نییە. ئەی گرفتی من چییە؟ نازانم، بەڵام من ئەوم دەوێت. لەوانەیە بڵێیت، بەڵام ئەمە ئەستەمە. من دەزانم، بەڵام ئەمە چیرۆکەکەیە.





با ئێمە هەوڵبدەین شتەکان بەسادەیی کەشف بکەین، بابڵێین ئەم ئافرەتە چێژ لە ئازاردانی من دەبینێت و با بەدۆزینەوەی ئەم راستییەش دڵخۆشبین، جیابوونەوە شتێکە کە هەر دەبێت رووبدات، کەوایە با یەکدی ببینین و پێکەوە چاوەڕوانی هاتنی بکەین.

یان با هەموو شتێك ئێستا کۆتایی پێبێنین، لەناو برینێکی پاك و تەمیزی یەکجاریدا.

بەڵام لە ناوەنددا؟ لەو ناوەندەی کە دەزانیت من ناتوانم فائیزە، ئای لە بەدبەختی برا داماوەکەت... سیزیف لەبەر عادەت پێوەگرتن مەسەلەکەی خۆی لەبیرکرد. هەرچی منم، ئەوا یەك بەرد هەیە، یەك جار هەڵیدەگرم و یەکجار دەیهێنمەوە!

ئوسامە چۆنە؟ فێریبکە کە ساختەکاریی یەکلاییکەرەوەترین پاسپۆرتی دەرچوونە، دنیاش پووچییەکە ئەو کەسە تێیدا دەباتەوە کە لەسەر رووکارەکەی بخلیسکێت، هەرگیزاو هەرگیز چیرۆکی ئەو خاڵەی بۆ مەگێڕەوە کە رۆژێك لە رۆژان ویستی ژیان بە نەشتەرێکی بریندارکەر دروست بکات... ژیان لەوە کەمتر ئاڵۆزەو پێویستیشە سادەتربێت. ژیان وەك گردۆڵکەیەکی بەفر وایە، کەسێك ناتوانێت بەسەریدا بڕوات ئەگەر بییەوێت خۆی لەناویدا بڕوێنێت. خلیسکان باشترین چارەسەرو باشترین فێڵە. فێری بکە سی ساڵ نەوەستێت بۆ ئەوەی هەمان هەڵەکانی خاڵی دووبارە بکاتەوە، با چاوەڕوانی هیچیش نەکات.

وەڵامم بۆ مەنووسە. گوێی پێ مەدە، هیچ شتێکم پێ مەڵێ. من دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ وەك چۆن هەتیوێك بۆ تاقە پەناگەی دەگەڕێتەوە، هەمیشەش دەگەڕێمەوە: سەری تەڕی خۆمت دەدەمێ بۆ ئەوەی وشکی بکەیتەوە، دوای ئەوەی (بەلاسارییەوە بڕیارمدا بەژێر پلوسکەکاندا بڕۆم)، لاسارەکە ئیختیاری کرد کە لەژێر پلوسکەکاندا رێبکات!

* سپێدەی رۆژی٢٨/١٢/١٩٦٦دەنگی لێدانی دەرگا خەبەری کردمەوە. غەسان وەستابوو، ماندوو و تووڕەبوو، ئەو نامەیەی دایە دەستم و وتی: ئەمە بۆ تۆیە، بۆ تۆم نووسیوە، بەڵام لەبەر تووڕەییم لە تۆ ئاڕاستەی فائیزەی خوشکمم کردووە. نامەکەی لەناو دەستم جێهێشت و رۆیشت. نامەیەك بوو کە شەوی پێشوو دەستی بە نووسینی کردبوو و لەگەڵ بەرەبەیاندا بەنامەیەکی دی تەواویکرد بوو. (غادە السمان).

١- جاكلین: ئافرەتێكە غەسان پەیوەندی لەگەڵدا هەبووە.

٢- كەوكەب: ئافرەتێكە غەسان پەیوەندیی لەگەڵدا هەبووە.

٣- بحمدون: شوێنێكی گەشتوگوزارییە لە لوبنان.

٤- ئانی: هاوسەری غەسان.

٥- لە پەراوێزی ئەم نامەیەدا غادە نووسیویەتی: غەسان خۆی خەتی بەسەر ئەم دێڕەدا هێنابوو و ڕەشیكردبووەوە، نامەكە بەمشێوەیە بوو كە وەرمگرت، هەرچەند هەوڵیشمدا نەمتوانی بیخوێنمەوە.

**بەیروت١٩٦٦/١٢/٢٧**



شانۆنامە

# لەبەر باراندا بگری

عەلی ڕەزا خەرقانی

و: جەمال جەلال

**پێشكەشە بە هونەرمەندی شانۆكار (گەزیزە خان)**

بۆ مەرگ

كارەكتەرەكان:
- لەیلا
- ژیلا

دەنگ

هەستە لەیلا هەستە چاوەكانت بگێڕە بە دەورووبەردا. كەسێك لە ڕێگەدایە. كەسێكی ئاشنا. كێ دەزانێت كە خۆشحاڵ دەبیت بە بینینی یان نا. كێ دەزانێت؟ هەستە. هەستە ماڵەكە پاكوخاوێن بكەوە. دواتر بەردەوام میوان دێتە ماڵەكەت.

(بێدەنگی)

لەیلا

ئاخریەکەی هاتی سیروس.

ژیلا

وەك هەمیشە چاوەڕێی لەیلا.

لەیلا

خەو دەبینم، نە؟ پێم بڵێ خەو دەبینم.

ژیلا

بێداری لەیلا. بێداری بێدار.

لەیلا

چ خەیاڵێکە لە سەرمایە؟ نووستوم.

ژیلا

ئەمشەو شەوی بێدارییە لەیلا گیان. وەرە پێشوازی.

لەیلا

نا! ژیلا تۆی.

ژیلا

لێم دێ بەژنوباڵام وەك ئەو بێت؟

لەیلا

تۆ... ژیلا... لێرە؟

ژیلا

کەوابێت ناسیمت.

لەیلا

خەریك بووم لە یادم دەکردی ژیلا بۆچی هاتیت؟

ژیلا

تۆ بەس هەوڵت دەدا لەیادمکەیت.

لەیلا

بریا خەو بووایە. بێدارم، وانییە؟

ژیلا

یەك ساڵ تێپەری لەیلا. ساڵێك کە وەك سەدەیەك بوو. لە ڕێگەی هاتنم بۆ ئێرە زۆر نیگەران بووم. ترسم لەوە بوو کە هەڵوێستت چۆن دەبێت بەرامبەرم. پێیەکانم دەلەرزی. چەند جارێك شلم کرد بۆ گەڕانەوە، بەڵام نەمتوانی بگەڕێمەوە.

لەیلا

خۆزگە دەگەڕایتەوە ژیلا.





ژیلا

بەڵام ئێستا لێرەم. لای تاقە خوشکەکەم.

لەیلا

بریا خەو بووایە ژیلا. بریا هەر نەدەهاتی. خەریك بووم هەموو شتێکم فەرامۆش دەکرد ژیلا. بۆچی هاتیت؟

ژیلا

هاتم کە بتبینم. دڵم زۆر ئارەزووی دەکردیت.

لەیلا

خۆزگە نەدەهاتیت.

ژیلا

چەند ڕۆژە دەمەوێت بێم. چەند شەوە خەوی ناخۆش دەبینم. خەو بە باوکمەوە، کە بەردەوام بە دەست شوێنێکم نیشان دەدات. شوێنێکی دوور. شوێنێکە نازانم کوێیە. دەڵێت برۆ. دەڵێت لەوێ کەسێك چاوەڕێی تۆیە. دەڵێم کێ، بە قوربانت بم. دەڵێت برۆ تێدەگەیت. ئەو ڕێی کە تێیکەوتووم هەمووی بیابانە. لەم بیابانەدا تۆ دەبینم کە دانیشتویت لە بن دیوارێکی گەورەداو دەگریت. کە من دەبینیت دەڕۆیت. دەڕۆیت هەرچەند بە دواتدا دێم پێت ناگەم لەیلا. تۆ لە شتێك بێتاقەتیت. ئەگەرنا من ئەم خەوانەم نەدەبینیت.

لەیلا

خۆزگە دەمتوانی باوەڕ بکەم.

ژیلا

هەرچی بم میوانم. ناتەوێت بەخێرهاتن و میوانداریم بکەیت؟

لەیلا

ئیدی لە زۆر زووەوە بە خێرهاتن و میوانداریم بیرچۆتەوە.

ژیلا

چەند مانگێك دەبێت کە زیاتر بیرت لێ دەکەمەوە. بیر لە نەبوونی باوکم دەکەمەوە. بیر لەو بێ باوکییەی کە پاش ڕۆیشتنی تۆ زیاتر بوو.

لەیلا

تۆ کەی دەزانیت بێ باوکی چییە؟ تۆو مێردەکەت پێکەوە بوون. بەڵام من وەك دەسڕێکی پیس فڕێ درامە ناو جۆگەوە.

ژیلا

ناچارین کای کۆن بە با کەین؟ یەك ساڵە کە نەمبینیویت، دڵم بۆ زۆر شت تەنگ بووبوو. بۆ دەنگت. بۆ نیگاکانت. بۆ ڕێ ڕۆیشتنت. بۆ پێکەنینت. ساڵێك کەم نییە.

دەمەوێت تێر بتبینم.

لەیلا

هیچ نەگۆڕاوی ژیلا.

ژیلا

تۆش. هەروەك خۆت ماوی.

لەیلا

هێشتا هەروەك جاران زمان لووسیت.

ژیلا

زۆر سوپاس.

لەیلا

دەبوو نەهاتبای ژیلا. دەبوو بتهێشتایە عادەت بەم بێکەسیە بکەم.

ژیلا

خەریکی شەرمەزارم دەکەیت بەقوربانت بم.

لەیلا

تۆ ئاگای شەرمەزاری دەزانیت؟

ژیلا

ئاخر بۆ دەبێت ئەمشەو بەم قسانە بەڕێبکەین؟

لەیلا

راستەکەی ژیلا. برۆ لێگەڕێ با ئەمشەو بە هەدەر نەڕوات.

ژیلا

من هاتووم بەهەدەرچوونەکان چاك بکەمەوە.

لەیلا

ماڵتان کاولکردم. ژیانمتان تێکدا. چارەنووستان رەشکردم. ئێستاکەش هاتوویتە ئێرەو دەڵێی خراپیەکان چاك بکەمەوە؟ بەخوا بێشەرمی.

ژیلا

لەسەرخۆبە لەیلا.

لەیلا

حەزناکەم لەمە زیاتر چاوم بە چاوت بکەوێت. برۆ بە دوای کارتدا.

ژیلا

ساڵێکە زۆر شت گۆڕاوە. زۆر شتی بۆ من سەلماندووە.

لەیلا

هاتووی ئەمانە بڵێیت؟ من ئەسڵەن حەوسەڵەم نییە. نامەوێت بەدگۆیی بکەم.

ژیلا





با بەراستی بڵێ لەیلا.

لەیلا

چیت لێکەم؟ بە چ زمانێك بڵێم تاقەت و حەوسەڵەی تۆم نییە؟

ژیلا

من زۆر پێوستم پێتە.

لەیلا

برۆ دادە. برۆ. من ئەم ماوەیە بێزارم. من تاقتم نییە یەکێك دانیشێت و دەردە دڵم بۆ بکات. خەریکە تەواو ماندووم دەکەیت.

ژیلا

زۆرکات حەزم دەکرد سەرم بخەمە سەر شانێکی گەرمی خوشکانە، بەڵام نەبوو. زۆرکات حەزمدەکرد هەرچی لە دڵمایە بیڵێم و ئاسوودەبم. بەڵام تۆ دیار نەبوویت لەیلا.

لەیلا

ئەی خۆ پیاوەکەت بوو.

ژیلا

هێشتا دڵت لێی زویرە.

لەیلا

بۆ نا؟ ئەی باشە بۆ ئەو ناکەسەشت نەهێنا؟ بۆ نەتهێنا تا دوو تف بکەمە نێوچاوی؟

ژیلا

یەدوڵڵا سەلامی لێ دەکردیت.

لەیلا

خەریکە دەمانخەیتە پێکەنین.

ژیلا

پێبکەنە لەیلا.

لەیلا

پێبکەنم تا سینەت ساف بکەیت و بڵێیت ئیدی تەواو؟

ژیلا

ئەم مەسەلەیە دەبێت تەواو بێت لەیلا گیان. نابێت لەمە زیاتر لەیەك جیابین.

لەیلا

دۆستایەتی لەگەڵ بکوژدا، ها؟

ژیلا

مەرگی باوکمان لە دەستی من و تۆدا نەبوو لەیلا.

لەیلا

دەستی تۆ نە، بەڵام دەستی منی هەرزەو هیچ و پوچی تیابوو.

ژیلا

خۆت تاوانبار مەکە.

لەیلا

خۆم خۆم تاوانباربکەم خراپە. بەڵام تۆ بمکەی خراپ نییە؟

ژیلا

لەیلا تو خودا!

لەیلا

بیرت نییە؟ من لەبیرمە. وتت هەرزەو هیچ وپوچ.

ژیلا

تکات لێ دەکەم.

لەیلا

بۆچی رەق و تورەیت دەشاریتەوە؟ مەرگی باوکمان شتێکی هەروا سادە نییە. ئێستاکە پیاوکوژێك، هەرزەیەك، هیچ و پوچێك، لەبەردەمتدا راوەستاوە. ئەگەر ژن بیت تف دەکەیتە نێو چاوی. ئەگەر ژن بیت ئەدەی بە بناگوێیدا. دەی ئەگەر ژنیت بدە بە بنا گوێمدا. ئەگەریش نا برۆ لێمگەرێ با بە دەردی خۆمەوە بمرم.

ژیلا

من لێت تورە نییم.

لەیلا

بۆ، هەیت. بە ساڵێك رق وکینە پاك نابێتەوە.

ژیلا

من تۆم خۆشدەوێت.

لەیلا

ئەوەش زمان لوسی تۆیە، تۆ رقت لێمە. لە چاوەکانت دەیخوێنمەوە. من باش خوشکی خۆم دەناسم.

ژیلا

زۆر شت گۆڕاوە. منیش دەتوانم بگۆڕێم.

لەیلا

تۆ قەت ناتوانیت بگۆڕێیت.

ژیلا

بەڵام خۆ پیرتر بووم. تۆش پیرتر بوویت. هەردووکمان ساڵێکی تەمەنمان رۆشتووە.

لەیلا

ساڵێکە لە یەك دوورکەوتوینەتەوە، ئاوێك کە رژا کۆناکرێتەوە. رقی تۆ ژیانی منی کردە دۆزەخ. رقی تۆ ژیانی تێکو پێك دام.



ژیلا

بروابکە گۆڕاوین

لەیلا

ئێوە منتان لە خۆتان دابڕی. منتان لە خانەوادە کردە دەر. بۆ ئێستا دەتەوێت هەموو شت پاك بکەیتەوە.

ژیلا

هەرچی بڵێی حەقتە.

لەیلا

ئاشکرایە کە حەقمە. بۆ بیری لێدەکەیتەوە؟ پێتوایە کەچی؟

ژیلا

بەوەی کە قسەم لەگەڵ دەکەی زۆر گەورەیی دەنوێنیت.

لەیلا

من گەورەیی نانوێنم.

ژیلا

خۆزگە دڵم دەهات بڕۆم.

لەیلا

خۆزگە نەدەهاتیت.

ژیلا

گەر بڵێی برۆ دەڕۆم.

لەیلا

خەریکە وردە وردە گاڵتە دەکەیت.

ژیلا

من چیدی گاڵتەکردنم بیر چۆتەوە.

لەیلا

چ خەونێکی پیسم دیت ئەم ئێوارەیە. چ گوزارشتێکی هەبوو.

ژیلا

دەبێت تەحەمولم بکەیت لەیلا.

لەیلا

یانی دیسان دێیتەوە؟

ژیلا

نازانم. خۆزگە دەهاتم.

لەیلا

نەمووت زمان لوسی؟ نەمووت.

ژیلا

دوێنێ شەو دیسان بێ خەوی دای لەسەرم. پێڵوەکانم لێك نەنا. کەوتمە بیری منالّیمان لەیلا. یادی ئەوکاتانەی کە دایە چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوەو دەیخەواندین. چەندە دڵتەنگی چیرۆکەکانیِ دایە بووم. ئەوەندە منالّ بووبوومەوە لەیلا. دەتووت لە تەمەنی حەوت هەشت سالّیدام. بەم دالّغانەوە خەو زۆری بۆ هێنام و چاوەکانم لێکنا. لە نێوان خەوو بێداریدا بوو کە باوکمم بینی. پیر نەبوو. هەروەك ئەو کاتانە بوو کە لە تەمەنی حەوت هەشت سالّیدا دەمبینی.

لەیلا

شتی وا بۆ من باس مەکە ژیلا.

ژیلا

وتی هەستە ژیلا. لە شوێنێکدا کەسێك چاوەڕێتە.

لەیلا

نەمووت وردە وردە خەریکی قسەی بێماناو گالّتەجاڕیت.

ژیلا

بریا بابەم بیووتایە هیچ لە هیچ شوێنێکدا چاوەڕێت نییە.

لەیلا

گوێگرە ژیلا. من ئەسلّەن حالّم تەواو نییە. چەند رۆژێکە تەواو بێزارم. بەم قسانەش برینم مەکولێنەوە ئیتر.

ژیلا

زۆر سەیر بوو. بابە پێدەکەنی.

لەیلا

بەلاّم هیچکات بەڕووی مندا پێنەکەنی.

ژیلا

پێدەکەنی. پێدەکەنی و دلّۆپێك فرمێسك لە ژێر چاوەکانیدا بوو.

لەیلا

خودا نەتبەخشێت. تۆ چیت لە من دەوێت؟

ژیلا

هەرگیز بووە بچیتە بەر ئاوێنەو سەیرکەی بزانی بە ئەندازەی تەمەنێك مەودات لەگەلّ خۆت هەیە؟

لەیلا

قسەی بۆگەن مەکە بەڕوومدا.

ژیلا





دوێنێ شەو رۆشتمە بەر ئاوێنە. لە ئاوێنەکەدا کەسێکی ترم بینی. دوێنێ شەو دیتم کیژۆلەیەك بە پرچی پەلکە کراوی درێژەوە لە ئاوێنەکەدا بوو. دوێنێ شەو بینی بابە لەگەلّ کیژۆلەکەدا پێدەکەنی.

لەیلا

من دوێنێ شەو ژنێکم بینی ژنێکی تری ئەکرد بە ناو پیسایيدا. دوێنێ شەو بۆنی پیس دەهاتە لوتم. ئیستاش بۆنی دێ. لە دوێنێ شەوەوە تا ئێستا بۆنی پیسایی لەم مالّە دێ.

ژیلا

ئەوە بۆنی رقە. تۆ هیچکات رێگەت بە خۆت نەداوە رق و کینە لە دلّ دەرکەی.

لەیلا

ئەوە بۆنی زمان لوسییە. ئەوە بۆنی... بۆنی...

ژیلا

دەی بلّێ لەیلا. هاوارکە. گەر دەتوانی بگری.

لەیلا

بگریم؟ جا بۆ دەتوانم؟ تا ئازارێك لە بیر دەکەی، دنیایەك دەردی تر ریز دەبەستن لە پێشچاوت. بریا خوشکم نەدەبوی ژیلا. خۆزگە باوك لە نێوانماندا نەبووایە. حەزدەکەم تف کەمە نێوچاوانت. حەزەکەم زلەیەك بدەم بە بناگوێتا. حەزەکەم چنگ بێنم بە دەموچاوتا. تۆ ئەمشەو هەمو ئازارەکانمت هێنایە پێشچاوم.

ژیلا

ئەمبووری؟

لەیلا

چەند ئاسان پرسیار دەکەی. چەند سەختە وەلاّمی پرسیارەکەت.

ژیلا

خۆزگە دەتبووریم. وەها دلّم ئاسودە دەبوو.

لەیلا

من نەمدەویست. تۆ ویستت ژیلا. ئێوە کارێکتان کرد زۆرجار ناوی خۆم لەبیر دەچێتەوە. کارێکتان کرد شەوم لێ بۆتە دۆزەخ. ئەم دەستانە لە زووەوە دەلەرزن. لە زووەوە ئارامیان لێ براوە. مەگەر من چیم دەویست؟ مەگەر گوناهم کردبوو؟ مەگەر پێچەوانەی شەرعی خودا بوو؟

ژیلا

نازانم لەیلا. نازانم.

لەیلا

ئێوە گوێتان بە قسەی دەدا.

ژیلا

ئێمە هەموومان گوناهبارین لەیلا گیان. ئێمە ئێستا هەموومان سزای گوناهەکانمان وەردەگرینەوە لەیلا. من، یەدوڵا ، موسا ، هەموومان پاداشتی گوناهەکانمان وەردەگرین. گوناه بۆتان کەم نییە. بەڵام ئیدی ناتوانم. ئیدی ناتوانم ئازار بچێژم. وەرە ببەخشە لەیلا. تو گیانی بابات. تو پیرۆزی خوشکایەتیمان وەرە ببەخشە. گەر وانەکەی دەست لە دامێنت بەرنادەم.

لەیلا

دەبێت چی بڵێم ؟ بڵێم بەخشیمیت؟

ژیلا

هەرچی دەڵێی بڵێ. دۆڕاین لەیلا. خۆزگە نەفرەتت نەدەکرد. بریا دەمردین لەیلا. بریا دەمردین.

لەیلا

پێتوایە ئاسانە؟ پێتوایە ئاسانە شەو رۆژ سەیرکردنی لەشولاری خۆت؟

پێتوایە چی؟ بۆچی هاتی ژیلا؟ خەریك بووم رادەهاتم. خەریك بوو بە چارە رەشی رادەهاتم. خەریك بووم رادەهاتم بە نەبوونی هەموو ئەو شتانەی کە حەسرەتم بۆ دەکێشا ژیلا. لە حەسرەت کێشانی خانەوادەیەکدا مردم ژیلا. تێگەشتیت؟

ژیلا

ئێمە مردین لەیلا. ئێمە لە زووەوە مردووین. لە هەمانساڵی پێشوەوە مردبووین. دایکمان قسەی جوانی دەکرد لەیلا.

لەیلا

مرۆڤەکان دووجار دەمرن. جارێك کە دەچنە گۆڕو جاری دووەمیش کە تەنیا دەبن.

ژیلا

چەند جوان لەبیرت ماوە.

لەیلا

من هەزار جار مردم ژیلا. خەریك بووم خۆمم دەدۆزییەوە. دڵم خەریك بوو ئاسودە دەبوو. خەریك بوو سێبەرێك دەهاتە نێو ژیانم. خەریك بوو خۆم دەدۆزییەوە. خەریك بوو پیاوێك. پشت و پەنایەك. پاڵی دەدا بە ژیانمەوە. دەبێ چی بڵێم؟ خۆزگە ناوی باوکمت نە دەهێنا. خۆزگە ناوی باوکمت نەدەهێنا ژیلا.

ژیلا

ناوی ئەو دڵی ئاسودە کردم.

لەیلا

بەڵام تۆ نەتهێشت هیچ ناوێك پشتوپەنای من بێت. هیچ ناوێك ژیلا. تێگەشتی؟ دەزانی بێ ناوی چییە؟





ژیلا

ئەمشەو هاتم بتبینم لەیلا. هاتم قەرەبووی ساڵێك نەبینین بکەمەوە. بەڵام نابێت. دەزانی لەیلا رەنج و ئازار تۆی دوور خستۆتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە حەقت بووە. ئازار تۆی لە هەموو ژیان بێبەش کردووە.

لەیلا

من عاشق بوبووم. تازە خەریك بوو لە عیشقی خۆم تێدەگەشتم. تازە تازە عیشقێکی پاك دابووی لە سەرم. بریا رۆژێك زیاتر کاتم هەبووایە ژیلا. بەو چەشنە رەنگە ئێستا لەیلایەکی تر بوومایە.

ژیلا

لەیلایەك کە دەستی پڕ بوو لە وەنەوشەو گوڵی یاس. وانییە؟

لەیلا

خەریك بووم تێدەگەشتم بوون لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشیدەوێیت چۆن چۆنییە. ئەمە ئارەزوویەکی زۆر نەبوو. حەزمە کرد شانازی بە کەسێکەوە بکەم. حەزمە کرد وەك دایکم نەبم ژیلا. دەزانی؟

ژیلا

هەموومان نامۆین لەیلا.

لەیلا

ئاخ چەندە حەسرەت؟... باشە بۆ ئەم قسانە لەگەڵ تۆ دەکەم؟

ژیلا

بڵێ لەیلا. تا منیش بتوانم قسە بکەم.

لەیلا

حەسرەت پێویستی بە وتن نییە. دنیای من تۆ زۆر لێك دوورە. حەسرەتەکانی من زۆر قورسن ژیلا. حەسرەتەکانم پشتی هەموو کەس دەشکێنێت. تاقەتی دەوێت گوێی بۆ بگریت. بە درێژایی ئەم سالە بۆ خۆمم دەووت. هیچکەس گوێی لێ نەبوو. ئەم ئازارانە تەنیا هی خۆمن. تەنیا من لە توانایاندام. تۆش لە بارەی خۆشیەکانتەوە بڵێ.

ژیلا

گاڵتەمان پێ دەکەیت؟

لەیلا

مەگەر بەختەوەر نەبووی؟ مەگەر پیاوێك پشت و پەنات نەبوو؟ مەگەر مناڵت نەبوو؟ مەگەر ئەمانە بەختەوەریان لە گەڵدا نییە؟ لەم نێوانەدا تەنیا باوکت کەم بوو کەمن لێم سەندنەوە.

ژیلا

گاڵتەمان پێ دەکەیت؟

لەیلا
گاڵتەی چی ژیلا؟ گاڵتەکردن نییە.
ژیلا
خۆ وتم. ئاهی تۆ ئێمەی گرتووە.
لەیلا
ئاه چییە ژیلا؟
ژیلا
ئێمە هاتینە ئێرە. باوکمان تازە مردبوو. هێشتا هەفتەی بە سەرا نەچوبوو. تۆ بە تەنیا هەرلە تەنیشت ئەو سۆپایەدا دانیشتبووی. دوو مانگ بەسەر رۆشتنتدا تێپەڕی بوو. هاتبووین قسەگەلێکی نەوتراوت پێ بڵێین و برۆین. هاتبووین بڵێین کە خەڵکی چ قسەیەکت دوا دەخەن. هاتبووین بڵێن کە حەقی خۆت بووە کە لە ماڵ دەرمانکردی. هاتبووین وەها تاوانبارت بکەین کە هەرگیز بیر نەچێتەوە. هاتبووین کە تۆڵەی مەرگی بابا بکەینەوە. هەرچیمان ویست وتمان. ئێمە دەمان وت و تۆش دوعاو نەفرینت لێ دەکردین. خوا بتاندا بە زەویدا.
لەیلا
من دوعاو نەفرینم کرد.
ژیلا
بیرت نییە؟
لەیلا
نازانم. نازانم ژیلا بەس من لەوانە نیم نەفرەت و دوعا بکەم.
ژیلا
لە بیرت نەماوە.
لەیلا
من تەنیا سیروس-م لە خودا دەویست. خۆزگە تەنیا یەك رۆژ درەنگ تر دەمانزانی.
ژیلا
بابە وتبووی کارتان بە لەیلاوە نەبێت. پێش رۆیشتننت چەند جارێك بە منی وت. بابە زۆر خۆشی دەویستی لەیلا. هەر لەبەر ئەمەش هەفتەیەکی نەبرد مرد. وتبووی هەواڵێك لە ئارادایە. هەواڵێك لە رێدا بوو. وتی نەزر کە. وتی نەزر کە خێر بێت یاخوا. گوێم نەدایە. گوێم نەدایەو ئەم هەمووە بەدبەختیە رووی تێکردین. دەبوو نەزرم کردایە.
لەیلا
خۆزگە نەزرت بکردایە، لەوانە بوو هەرگیز سیروس نەهاتبایەتە ژیانمەوە.
ژیلا
تۆ حەقت بوو لەیلا. ئێستا دەزانم کە حەقت بوو. حەقت بوو کە کەسێك لەم تەنیاییە





دەرت بێنێت.
لەیلا
خۆزگە ئێستا نەتوتایە. چونکە ئیدی لە زۆر زووەوە ژیان بەسەربردنم بەو شێوەیە بیرچۆتەوە.
ژیلا
من دەبووریت؟
لەیلا
هەمیشە حەزمەکرد پرسیارێکت لێ بکەم ژیلا.
ژیلا
بپرسە گیانەکەم. بپرسە قەزات لە من کەوێت.
لەیلا
تۆ زوو شووتکرد؟
ژیلا
لە ١٨ساڵیدا.
لەیلا
درەنگیش منداڵت بوو؟
ژیلا
لە ٢٨ساڵیدا.
لەیلا
یانی تۆ ١٠ساڵ دەرفەتت هەبوو بۆ خۆت بژیت. ١٠ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەت خۆشترین چرکەساتەکانی ژیانتان بەسەر برد.
ژیلا
نازانم.
لەیلا
بیرتە کاتێك کرای بە بووك چەندە خۆشحاڵ و لێو بەخەندە بوویت؟ یەکەم شەو و دووەم شەو. شووکردن چەندە خۆشە ژیلا؟ هەناسەی هاوسەر. ئەو هەناسە پاکەی کە یەکەمین شەو بەر رووخسارت دەکەوێت. جەستەیەك کە هی خۆت نەبێ، بەڵام هەست بەگەرمییەکەی بکەی. چێژی خۆشی لە ئامێز گرتن. پیاوێك چۆن دەتوانێت هەموو تەمەنی لای ژنەکەی بمێنێتەوە؟ چۆن چۆنی؟ لە بارەی مناڵەوە بۆم بدوێت. لەو کاتەی کە بۆ یەکەمینجار منداڵەکەت ماچ دەکەی. یەکەمینجار کە دەیگریتە باوەش.
ژیلا
لێت تێ دەگەم لەیلا گیان. لێت تێ دەگەم.
لەیلا

قسەم بۆ بکە. لەم بارانەوە قسەم بۆ بکە. دەی قسە بکە. ئێستا کە هاتووی قسە بکە.

ژیلا

خودا دەزانێت کە هەمیشە لە یادی تۆیا بووم لەیلا.

لەیلا

تۆ هەمیشە لە من پێشتر بوویت. لە ژیان کردن. لە عیشق. تۆ لە هەموو شت لە من لە پێشتر بوویت.

ژیلا

بەڵام خودا تۆی زیاتر خۆشویست.

لەیلا

جا چییە؟ چ جیاوازییەکی هەبوو لەوەی خۆشی بوێم یان خۆشی نەوێم؟

ژیلا

خودا هەرکەسی زیاتر خۆشبووێت زیاتر تاقیدەکاتەوە.

لەیلا

بەشی خودا لە تەنیایی مندا چی بوو؟ خودا لە کوێ بوو کاتێك تەنیایی گیانی دەکێشام؟ لە کوێ بوو کاتێك گریەو زاریم دەکرد؟ لەکوێ بوو؟ لە ریزی نانەوای، لەنێو کوچە، نێو ناو خەڵکی، لە نێو ژوورەکەم؟ ئەو لە کوێ بوو کاتێك قسەم لەگەڵ هەرکەس دەکرد وەڵامی نەدەدیامەوە. لە کوێ بوو کاتێك کە هاوارم لێ دەکرد؟ لە کوێ بوو کاتێك منداڵانی ناو کوڵانەکان عەباکەیان لێ دەکردمەوە؟ ئەو لە کوێ بوو کاتێك خەڵکی بە یەکترییان نیشاندەدام؟ باشە بۆچی سیروسی بۆ نەهێشتمەوە؟ بۆچی پێی نەدام؟ ئاخر من چ خراپەیەکم هەبوو ژیلا؟ من گەر تۆ ببەخشم خودا نابەخشم.

ژیلا

قەزات لە من کوفر مەکە.

لەیلا

ئەمە کوفر نییە. ئەمە شکایەتە لە خوداوە بۆ خودا.

ژیلا

خۆزگە پێت بوتینایە.

لەیلا

ئێوە نە منتان ویست نە سیروس.

ژیلا

تۆ عاشق بووی هەرچییەکمان بووتایە دەوری نەبوو.

لەیلا

ئێوە لە خۆتانەوە بڕیارتاندا. من بۆ ئێوە حسابم ڕۆشتبوو.

ژیلا





قسەی زۆر بەدوای سیروسەوە بوو لەیلا.

لەیلا

لە هەموو ژیانما تەنیا ئەو پێیبووتم خۆشمدەوێیت. ئەو وشەیەی کە هیچکەس پێی نەوتم.

ژیلا

ئێمە هەموومان خۆشماندەوێیت لەیلا.

لەیلا

چەند بە ئاسانی درۆ دەکەیت.

ژیلا

خۆزگە پێمان دەوتی. خۆزگە.

لەیلا

منی خۆشدەویست ژیلا. هەمیشە پێیدەوتم. هەمیشە. خۆزگە یەك رۆژ درەنگتر ئێمەتان پێکەوە دەبینی. ئەوکات ئێستا کەسێکی تر بووم.

ژیلا

من دەبووریت؟ وانییە؟

لەیلا

ناتوانم ژیلا، ناتوانم.

ژیلا

کەواتە دوعام بۆ بکە.

لەیلا

من ئەگەر دوعام گیرا بوایە بۆ خۆمم دەکرد.

ژیلا

دوعام بۆ بکە.

لەیلا

خۆزگە هەر نەهاتیتایە.

ژیلا

دوعا بۆ من کە لەیلا. دوعام بۆ بکە.

لەیلا

دوعا دەکەم ژیلا. دوعا دەکەم، باشە.

ژیلا

هەرشتەو بایەخی خۆی هەیە لەیلا گیان.

لەیلا

وەرگێڕان

یانی چی؟

ژیلا

سەیرکە لەیلا خەریکە باران دەبارێت. بابەمان عاشقی باران بوو.

لەیلا

باران؟

ژیلا

لەیادتە چەندە بارانی خۆشەویست؟ زۆر بیری دەکەم لەیلا. دڵم زۆر تەنگە بۆی. سەیرکە لەیلا. سەیرکە چ بارانێك لەودیو پەنجەرەکەوە دەبارێت؟ چ دەنگێکی خۆشی هەیە ئەم بارانە. چەند دڵم تەنگ بوو بۆ بیستنی دەنگی.

لەیلا

ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ کام بارانە؟

ژیلا

نایبینی؟ خۆ من خەریکم سەیری دەکەم.

لەیلا

من هیچ نابینم.

ژیلا

بابە لەوێیە. دایەشی لێیە. ئەوان پێدەکەنن پێمان. چەند کەیفخۆشە بابە. بەر بارانی زۆر پێخۆشە. چەندە تەڕ بووی بابە. چەندە تەڕبووی. من سەیرتان دەکەم.

لەیلا

تۆ چیتە ژیلا.

ژیلا

دوعام بۆ بکە. بابە تۆ پێی بڵێ. پێی بڵێ دوعام بۆ بکات.

لەیلا

تۆ ئەمشەو هاتی. تۆ ئەمشەو لەپاش یەك ساڵ هاتی. تۆ ئەمشەو ژیلاکەی ساڵێك لەمەو پێش نیبیت. لەم شەویشدا ژیلای ئەمشەو نیبیت. تۆ بە ئەندازەی تەمەنێك مەودات لەگەڵ خۆتدا هەیە.

ژیلا

خۆزگە ئەمشەو نرخی خۆشبەختی خۆمم پێدایتایە. من قەرزاری تۆم. من قەرزاری هەموو ژیانتم. خۆزگە دەتزانی هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو. خۆزگە بتزانیبایە دوعاکردنی تۆ لانیکەم ئەو دنیام بۆ فەراهەم دەکات. من ئەمشەو دەنگێك دەبیستم. دەنگی باوکێك کە کچەکەی بانگ دەکات. من هاتم کە بمبەخشیت. هاتم کە لێم ببووری لەیلا. چ بارانێك لە پشتی پەنجەرەکەوەیە لەیلا. دوعام بۆ بکە. دوعام بۆبکە لەیلا گیان. لانیکەم ئەوەم بۆ بکە لەیلا.





لەیلا

ناگریم لەیلا. هیچ ناگریم.

ژیلا

خۆزگە بگریتایە. وەك ئەم بارانە. وەك باران بگری. ئاسودەت دەکات.

لەیلا

بۆ یاریم پێ دەکەیت؟ بۆ وێرانم دەکەیت؟

ژیلا

ئەمشەو برۆ ژێر باران. برۆ ژێر باران و دوعام بۆ من بکە. دڵشکاوی لەیلا گیان. دوعای دڵشکاو ناگەڕێتەوە. دوعام بۆکە لەیلا. دوعام بۆ دەکەیت؟

لەیلا

تێناگەم چی دەڵێیت.

ژیلا

دەبێت بچمە ژێر ئەو بارانە، بەڵکو گوناهم بشواتەوە. دەبێت بگری لەیلا. دەبێت بگریت. لەگەڵ باراندا بگری.

لەیلا

وتت دەنگێك دەبیستیت؟

ژیلا

چەند شەوە بابە بانگم دەکات لەیلا.

لەیلا

خۆزگە منیشی بانگ دەکرد. خۆزگە منیشی بانگ دەکرد.

ژیلا

خۆزگە دەمتوانی هەموو شتێکم پێ بوتیتایە لەیلا. خۆزگە دەمتوانی.

(بێدەنگییەکی قوڵ)

تێبینی: بەهۆی ئەوەی لە زمانی کوردیدا ناوی ئەکرەم بۆ کچ نابێت، بۆیە گۆڕیم بۆ ژیلا. (وەرگێڕ)

Sizi١٩٩١@gmail.com



هۆنراوەیەکی

# ئەلیکساندر بلۆك

گۆڕینی لەڕووسیەوە:
مارف عومەر گوڵ

**هاوڕێی ئازیزم ،**
**تۆ بەڕوحێکی ئاوا گەنجەوە، بەمجۆرە پاکیت**
**هێشتاکە بنوو ،**
**ئەم گیانی منە بەتۆوە جوانە**
**بێدار بیتەوە،**
**شەوێکی تۆف و زریانە وا دێت**
**هەرئەوساکەش تۆ،**
**وا لەگەڵ روحی هاوڕێگایەکی جێ ئومێدت دای**
**بۆیە تەنیا نیت،**
**دەبا لەم دەورە،**
**هەروا زستان بێ و - با - بگرمێنی من هەرلەگەڵتام**
**هاوەڵی یارات ،**
**بەدڵ وگیانی ، دەتپارێزێت لە زستانە زریان.**

...............................................

٨/فبرایر/١٨٩٩

※ هەوڵداوە ئەم هۆنراوەیە، بەشیعرەوە بکەم بەکوردی، رەنگەلەهەندێ شوێندا کەمێك دەسکاری کرابێت.







# گوڵەکان

جابر محمد جابر
وەرگێڕانی: سەلاح جەلال

**(لەبارەی گوڵەوە لێیان پرسیم بۆچی زۆردەبن...؟**
**وەڵامدایەوە: ئەوە بەبێ هۆ زۆر دەبن)-**
**کونفوشیوس**

**ئەو گوڵە رەشە پڕ لە خەمە**
**لەگەڵ هەتاودا جەنگیوەو**
**تاڵەکانی رۆژی بڕیوە**

شەو...

شەو تەنها هاوڕێیەتی

لەبەرئەوەنا کە ڕەنگیان لەیەک دەچێت

لەبەر ئەوەنا بێدەنگییان لە یەک دەچێت

لەبەرئەوەش نا نامۆییان هاوشێوەیە

هەرگیز... بۆ کۆتایی.

***

گوڵە ڕەشەکە...

تازیەباری بە زۆر لێ نایێتەوە

چونکە  ئازادە و عاشقی ئازادیە

بەڵام فەزاکەی ونکردووە

بۆیە دڵی شکاوە

زەمەنیش بۆ ئەو

بۆتە کێشە

***

تۆپەکە سوڕایەوە

ڕۆژگاریش درێژ بووەوە

ناڵەی کازیوەش تا ئێستاش دوورە

بارانیش...

دەستبازیی لەگەڵ ڕووی گوڵدا دەکات

دەست بۆ سینەی دەبات

بەچرپە پێی دەڵێت:





حەزدەکەیت لەپشت ئاوێنەکانەوە

بنوین و دەرگاکە دابخەین...

بۆ ئەوی ببینین.

سەرچاوە:

احلام مبللە، شیعری جابر محمد جابر، چاپی یەکەم، بەغداد، ٢٠٠٧.

# هونەر



سمكۆ ئەحمەد:

**هونەر خۆرزگاركردن نییە لە حەقیقەت، بەڵكو دارشتنەوەی حەقیقەتە لە خەیاڵ و زهنی هونەرمەندەكەدا**

سازدانی: سۆران ئازاد چۆمانی



**چریكەی زیندوو**

**عەلی مەردان**

جەلال هانیسی

**سازەكەی كاپیتان كۆرێلی**

**ئەو دەمەی لە شەرگەدا تەنها ئەڤین نایەتە كوشتن**

سیروان رەحیم

**ساتە فەلسەفییەكانی موزیك**

و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

## سمكۆ ئەحمەد:

# هونەر خۆڕزگاركردن نییە لە حەقیقەت، بەڵكو داڕشتنەوەی حەقیقەتە لە خەیاڵ و زهنی هونەرمەندەكەدا




سازدانی: سۆران ئازاد چۆمانی

**دیارە مایەی خۆشحاڵیی نییە، كە ئێمە هونەرمەندێكی شێوەكاری وەكو (سمكۆ ئەحمەد) بە (خوێنەر، بینەر)ی خۆمان بناسێنین، لە كاتێكدا ئەو لە مێژە لای (خوێنەر، بینەر)ی دەرەوەی كوردستان ناسراوە، بەوەی تابلۆكانی ئاستێكی بەرزیان هەیە، ئەو ئاستەی هەر هونەرمەندێكی شێوەكار پێی بگات، ئەوا بەرهەمەكانی دەبنە مایەی سەرنجی بینەرێكی زۆر لەسەر ئاستی جیهاندا. بێجگە لە (كاروان**





**كاكەسوور)، هیچ نووسەرێكی دیكەم نەدیووە بە زمانی كوردی باسی لە تواناكانی ئەو هونەرمەندە كردبێت. ئەمەیە چارەنووسی هەر نوسەرو هونەرمەندێك، كاتێك ئەو ئاستە ستانداردە تێدەپەڕێنێت. هەر دەڵێی دەیانەوێت بە سڕینەوەو گاڵتەپێكردن سزای ئەو جیاوازییانەیان بدەن. لەولاشەوە رۆژانە تێكستی سادە لێرەو لەوێ رەواجی پێدەدرێت. ئێمە لەم پێشەكییەدا مەبەستمان نییە لە تابلۆكانی ورد ببینەوە، بەڵام وەكو سەرەتایەك ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا كرد.**

**بەختیار عەلی دەڵێت ( ئەوەی بە زمان ناوترێت، هونەر بەرجەستەی دەكات ). كاتێك بە قووڵی لە تابلۆكانت ورد دەبینەوە، دەبینن ئەو رەنگ و هێڵ و فیوگەرانە زادەی خەیاڵی فراوان و روانینی بێسنوورن. بە بڕوای تۆ هونەر تا چەند خۆ رزگاركردنە لە حەقیقەت؟ تۆ تا چەند لە هونەردا خۆتت دۆزیوەتەوە؟**

بە بڕوای من هونەر خۆ رزگاركردن نییە لە حەقیقەت، بەڵكو داڕشتنەوەی حەقیقەتە لە خەیاڵ و زهنی هونەرمەندەكەدا. من زیاتر لە هونەردا خۆم دۆزیوەتەوە هەتا لە ژیانمدا. لە هونەردا من هەر منداڵەكەی گەڕەكی رزگاریم. زەمەن گۆڕانم لا دروست ناكات. كاتێك چاوم لەسەر كانڤانسەكەم سەما دەكات، كاتێك دەستم ختووكەی رەنگەكان دەدات، من لەم سەردەمە نییم، بەڵكو لە جیهانی فانتازیای خۆمدا دەژیم، جیهانێك خۆم دروستی دەكەم و خۆم رەنگی دەكەم، چۆنم بوێت وا دەیهێنم و دەیبەم. وەك چۆن كەسانێك تەسەوریان بۆ خودا هەیە،كە جیهانی ئێمە بە دەستی ئەو دێت و دەڕوات، منیش دەبمە ئەو خودایەو جیهانێك بە ئارەزوی خۆم دروست دەكەم. من ئەم جیهانەیانم پێخۆشترە، هەتا جیهانەكەی دەرەوەی تابلۆكانم و خۆشم ون نەكردووە، لەم جیهانەمدا لە بەرئەوە پێویست ناكات بە دوای خۆمدا بگەڕێم و خۆم بدۆزمەوە.

**چی وای لێكردوویت هەست بكەت هێزێكی شاراوەی دیكە بۆ خووڵقاندنی جیهانێكی خەیاڵی هەیە؟ تەعبیركەری ئەو جیهانەش تەنها ( هونەرو ئەدەب )ە، ئایا دۆزینەوەی زمانی تەعبیركردن لە خود، پێویستی بەوەیە هێزێك پاڵت پێوەبنێت؟ ئەو هێزە چ شكست بێت لە شتێك یان هەستكردن بێت بە نەزانی و...هتد، ئەو هێزە چی بوو وای لە تۆ كرد تابلۆو شیعر بنووسیت؟ بە بڕوای تۆ هێزی شارراوەی هونەرو ئەدەب لە كوێدایە؟**

وەکو چۆن ئێمەی مرۆڤ باڵامان جیاوازە، ئاواش قووڵیی ناخمان جیاوازن. لە ناخی هەر یەکێکماندا جیهانێکی خەیاڵی هەیە، خەونە، خۆشەویستییە، سێکسە، گەنج بونەوەیە،....هتد. هونەرمەند ئەو جیهانە فانتازیایەی بەرجەستە دەکات، کە لە دەست کەسی ئاسایی نایەت. من هەردەم حەزم کردووە چیرۆکەکانی ناخی خۆم بگێڕمەوەو تەعبیریان لێ بکەم، بۆیە من بە ڕەنگ و وشە کۆنێکشنی نێوان جیهانی ناوەوەی خۆم و جیهانی دەرەوەی خۆم دروست دەکەم. من لە هونەردا بە دوای ئازادییەکانی خۆمدا دەگەڕێم کە لە جیهانی دەرەوەدا لێم زەوت کرابوون یان زەوتکراون. شتە بڤەکان، قەدەغەکان، پڕ لە لەزەتەکان ئەو شتانەی لە جیهانی داڕێژراوماندا گەر بیکەین، لەوانەیە لەسەریبەردباران بکرێێن، بەڵام لە جیهانەکەی مندا لەسەری گوڵباران دەکرێیت.

**وەك دەبینین لە تابلۆو شیعرەکان و گۆرانییەکەشتدا، تاراوگە کاریگەری لەسەرت هەبووە، تەنانەت چیرۆکنووس و رۆشنبیر (کاروان عومەر کاکەسوور) لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیدا کارە هونەرییەکانت وەك نموونەی هونەری تاراوگە دەهێنێتەوە،سەرەڕای ئەوەی زۆر بە کارەکانت سەرسامەو پێیوایە دنیابینیی تۆو هی ئەو بە شێوەیەك لە شێوەکان لە یەکتر نزیکن، بەڵام ئەو بە وشەو تۆ بە تابلۆ چیرۆك دەگێڕنەوە، لەمەوە ناچارمان دەکات بپرسین، ئاخۆ تاراوگە لای تۆ مانای چییە؟ تاراوگە چی پێبەخشیویت؟ چیشی لێ ونکردوویت؟ تا چەند لە خۆتی نزیك کردوویتەوە؟**

تابلۆو هۆنراوەکان هی منن، بەڵام گۆرانییەکە هی من نییە،بەڵکو هی کاك (کڵپە)یەومن تەنها کارەکەم بۆ دروستکردووەو لە کلیپەکەیدا بۆیم نمایشکردووە. کاك (کاروان عومەر کاکەسوور) نووسەرێکی بە توانایەو ئێمە تەنها لە ریێ ئینتەرنێتەوە یەکتر دەناسین و سوپاسی دەکەم بۆ نووسینەکانی سەبارەت بە من. باسی تاراوگە دەکەیت، من کە ساڵی ١٩٩٦کوردستانم بەجێهێشت، سەرەتای تەمەنی هونەرییم بوو. تاراوگەیەکی دووریش، کە پێیدەڵێن کۆتایی جیهان،ئەویش وڵاتی یابانە. لەوێ جارێکی تر لە سفرەوە ژیانێکی نوێم دروستکرد ، جادەکان، خەڵکەکان، هەمووی تازەبوون لام. هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد رۆژێك کەسێك ببینم، کە پێشتر ناسیبێتم. واتە هەموو شتەکان تازەبوون. جیهانێکبوو تەنها ئاسمان و مانگەکەی شەوم تێدا دەناسی. وەك



منداڵێکی ساوا دەبوایە لە دادەو بابەوە فێری زمانەکەیان ببم. گرانبوو، بەڵام ناخۆش نەبوو. لە جیهانەکەی ناخی خۆم دەچوو، بەڵام بە واقیعی. من بۆ یەکەمجار تەعاروفم لەگەڵ خۆمدا کرد لە تۆکیۆ، چونکە تەنها خۆم لە زمانی خۆمم دەزانی. خۆم لەگەڵ خۆمدا رابردوومان هەبوو پێکەوە. هیچ کە سێك نەبوو بەیانییان خەونەکانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. کەس نەبوو بڵێ وا بڕۆو وا بێ. من فێری ئندیڤیدوالتیتی (خودی) نەبووبووم، لە کوردستان. فێری ئەوە نەبووبووم بڕیاردەرو تەتبیقکەریش بم لە هەمان کاتدا، بۆیە خۆم دۆزیەوەو گەورەترین گۆڕانم لە ژیانی خۆمدا دروستکرد. هەر بە یابانەوە نەوەستام، بۆ کاری ئینسانی چووشم بۆ زەوییە حەزینەکانی جیهان، زیاد لە ٣ ساڵم لە سیرالیون لە ئەفریقاو کۆسۆڤوو ئەلبانیاو ئەفغانستان و پاکستان و ئەو شوێنانەم بەسەر برد ، کە مانای ژیان وائالۆسکاوە بە ئازارەوە، زەحمەتە جیایان بکەیتەوە لە یەکتر.

**لە تابلۆی (ئاسمان دایکمە)دا دەلالەت لە ئازاری دایکەکان دەکەیت. تێڕوانینی تۆ بۆ دایك چییە؟**

تابلۆی ئاسمان دایکمە، ئاسمان ئاوی زەوی دەدات و دایکمان شیرمان دەداتێو ژیان دروست دەکەن. من دایکمم زۆر خۆشدەوێت. دایکم رەمزی هێزو میهرەبانی بوو لە ژیانمدا. کاتێك باوکم کۆچی ئەبەدی کرد ، دایکم تەنها ٢٩ ساڵ بوو لەگەڵ ٧ منداڵدا ژیانێکی خۆشمان هەبوو، هەتا رۆژی ٢٠٠٨/٤/٤، کە جادەی سالم و شۆفێرێکی منداڵی بێمۆڵەتی بێهەست، لە وڵاتێکی بێ یاساو بێڕەحم بڕیاریاندانەگاتە ئەوپەڕی ئەو جادەیەی لە ساڵی١٩٦٨ وە شاهیدی خەونەکانین. خەونەکانیان کوژاندەوە بۆ ئەبەد.

گەورەیی دایك لە تابلۆو وشە زۆرترە.

**لە ماڵپەرە تایبەتییەکەتدا لە ژێر ناونیشانی "www.simko-art.com" چاوپێکەوتن و نووسینی میدیاکانی بیانی، بە تایبەتی میدیاکانی وڵاتی ژاپۆن لەبارەی تۆو کارە هونەرییەکانتەوە دەبینین، بەڵام لە میدیا کوردییەکان کەمتر، تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ تێڕوانینی تۆ بۆ میدیا کوردییەکان چییە؟**

میدیا کوردییەکان جاریٚ زۆر هەرزەن، لای خۆمان سیاسەت، هونەری بۆگەن کردووە، لەگەڵ ریٚزمدا بۆ هەندیٚك گۆڤارو بلاٚوکراوە،کە ئەوانیش چالیٚنج دەکەن بۆ راگرتنی نرخی هونەر. لەوانەیە لە ژاپۆندا لە ژمارەی دانیشتوانی هەموو کوردستانی گەورەش زیاتر خەڵك بە کارەکانمەوە ئاشنا بووبن، بەڵام لای خۆمان ئەو بایەخەم نەدیووە. پیٚموابیٚت دووریيم بووە لە حیزب و پارتە دەسەلاٚتدارەکانەوە. هەر واشم پیٚ باشە، کە بە کەسیٚکی ئازاد بمیٚنمەوە. ژیان وا پڕ ماناترە.

ئەوەشت لە بیر نەچیٚت ئەگەر چاوپیٚکەوتنیٚکی تەلەفزیۆنیی یابان بکەیت بە ئاسانی دەگەیتە ١٣٠ ملیۆن بینەر، من لە ریٚی خودی خۆم و چالاکییە هونەرییەکانم کوردستانم بە رەنگەکانی بەهەشت گەیاندۆتە یابان. ئەوە ئەرکی سەر شانی نەوەی ئیٚمەیە.

**تۆ چەند تابلۆیەکت هەیە لەسەر جینۆسایدی ئەنفال. ئەنفال وەك جینۆسایدیٚك، تا چەند کاری لە خەیاڵەکانت کردووە؟ خویٚندنەوەی تۆ بۆ ئەنفال چییە؟**

ئەنفال لە بەردەم لووتی گەنجیٚتیمدا روویدا، لەرزەیەك بوو تۆوی ترسی بۆ یەکەجار رواند لە دڵدا. ئیٚستاش قیژەی ئەو کەسانەی لە بیٚدەنگیدا زیندە بەچاڵکران، دیٚتە گویٚم. بیابانەکان بوونە ئەژدیهاو منداڵە پیٚلاٚو لاستیکەکانیش بوونە ئاسکی نیٚو جەنگەڵی پڵنگە برسییەکان. من هەردەم وا هەستدەکەم ترسنۆکیی ئیٚمەش لەو کاتەدا بەشیٚکە لەو تاوانە. حەز دەکەم بە تابلۆکانم پاداشتیان بدەمەوە، چونکە دەکرا من و تۆش ژمارەیەك بووینایە لە ژمارەکانی ئەنفال. چونکە گەر ئەوان تاوانیٚکیان هەبوو بیٚت، کە کورد بوون، ئیٚمەش ئەو تاوانەمان هەبووە. ئەو ولاٚتەی ئیٚمە هەمانبوو چەند بۆگەن بوو، وەکو تابلۆیەکی زەیتی وابوو هەتا دوور نەکەوتمەوە هەموو تابلۆکەم نەدی. خویٚندنەوەی من بۆ ئەنفال هەر ئەنفالە. ئەنفالەکەی سەدام و هەموو ئەنفالەکانی دیکە، بۆکەنیان میٚژوو کاس دەکات.

**تۆ بۆ کاری خیٚرخوازی رووت کردۆتە چەند ولاٚتیٚك لەوانە (سیرالیون لە ئەفریقاو کۆسۆڤوو ئەلبانیاو ئەفغانستان و پاکستان) وەك خۆشت ئاماژەی پیٚدەدەیت، ژیان لەویٚ وارسکاوە بە ئازار، کە ئەستەمە لیٚکیان جیابکەیتەوە. ئامانجت چی بوو لەو کارە خیٚرخوازییانەت؟**





بەریٚز کاك سۆران من لەگەڵ ریٚکخراوی شنە بای ئاشتی یابانی کاردەکەم و لەگەڵ ئەوانیشدا هاتم بۆ یابان، من وەکو ئەندازیاریٚکی مەدەنی هاوکاریی ئاوارەکان دەکەم، لە دیزاینی کامپ و قوتابخانەو جادەوبان..... لای من مرۆڤ سەرەکییە نەك نەتەوە، لە هەموو شویٚنیٚك ئاسمان شینە، من لەو زەوییە حەزینانەی، کە بۆیان دەچم، هەست بەوە دەکەم ئازارەکان یەك شتن، بەڵام زمانی تەعبیرەکانیان جیاوازن، ئامانجی من لەو ولاٚتانەی بە خۆبەخش کارم تیاکردوون تەنها لایەنە مرۆڤایەتییەکەیە، کە کامەرانی بە رۆحم دەدات.

**ئەگەر ئەدەبی کوردی چ شیعرو چ چیرۆك و رۆمان، کەم و زۆر بوویٚتە جیٚگای رەخنەو لیٚکۆڵینەوە، بەڵام هونەری شیٚوەکاری زۆر بە دەگمەن قسەی لیٚوەکراوە. ئایا تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەریٚنیتەوە؟ ئایا پیٚتوایە قسەکردن لەبارەی ئەو هونەرەوە زەحمەتتر بیٚت لە هی شیعرو چیرۆك و رۆمان؟**

لای ئیٚمەی کورد ئەدەب و شیعر میٚژوویيەکی زووتری لە هی شیٚوەکاری هەیە. پیٚموانییە نووسین لەبارەی شیٚوەکارییەوە هیٚندە گران بیٚت، چونکە شیٚوەکاری تاقە بواری هونەرە، کە پیٚویستی بە وەرگیٚران نییە. باشترین جۆری هونەرە یان ئارتە،کە بە ئاسانی بگاتە گەلانی تر، من نووسین و ویٚنەکیٚشانم پیٚخۆشە. هونەرمەند دەتوانیٚت تابلۆیەك بە وشە بکیٚشیٚت و لە هەمان کاتدا دەتوانیٚت چیرۆکیٚك یان هۆنراوەیەك بە رەنگەکان بکیٚشیٚت.



**تێکەڵکردنی مرۆڤ و شتەکان، بە مانایەکی دیکە تێکەڵکردنی گیاندارو بێ گیان، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کارە هونەرییەکانت، کە هەمان ستایل لای (کاروان کاکە سوور)یش هەیە، بە تایبەتی لە رۆمانی (مامزێر)دا. تۆ ئەم لێکچوونە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ لات وایە بیرکردنەوەی قووڵی تۆو (کاروان) بەو ئەنجامەی گەیاندوون؟**

من ئەو رۆمانەی کاك کاروانم نەخوێندۆتەوە جارێ، بەڵام ئێستا حەزدەکەم بیخوێنمەوە، بزانم ئەو لێکچوونە چییە کاك سۆران هەستی پێکردووە.

لای من مرۆڤ بەشێکی رووداوەکانی ناو تابلۆکانمە، هەردەم لە سەحرای خەیاڵمدا خۆم وەکو ئادەم، بە دووی ئادەمێکی تردا دەگەڕێم، خۆم لە تابلۆکاندا هەم، بەڵام نابینرێم. تەنها خۆم هەست بە مەوقیعیەتی خۆم دەکەم، شتەکان تەواوکەری چیرۆکەکانمن، تایە رەمزی زەمەن، کە هەردەم لە دەوراندایە، مناڵە جلسوورە پانتوڵ شینەکە رەمزی بەرائەت و هەڵگری پاشەڕۆژە. هەرگیز دەموچاوی نیشان نادات. لە تابلۆیەکدا میزدەکاتە خودەی ئەنفالچییەك لە قەبرستانی سەحرادا، لە لایەك تایەکەی پێیە سەیری حاجی لەقلەقەکەی سەر شێخەڵلاّ دەکات، کە لە جەنگی ناوخۆدا کوژرا، لەلایەك سەیری دیمۆنسترەیشنەلانی حامیەکە دەکات و سەیری خۆری باوەشی شاعیر ئەبوبەکر عەلی دەکات......



**حەز دەکەم کەمێکی دیکە لەسەر پرسیاری پێشوو بووەستم، چونکە هەست دەکەم ئەو پرسیارە رووبەرووی هەر کەسێك دەبێتەوە، کاتێك سەرنج لە تابلۆکانت دەدات. وەکو ئەوەی دەبینین مرۆڤ لەگەڵ بێشکەدا تێکەڵ بووە. سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە لە کوێوە هاتووە؟**





تابلۆی بێشکەی تاوان، باس لە قۆناغەکانی دروستبوونی دیکاتۆریەت دەکات، بێشکە رەمزی کاتە، کات بۆ گۆڕینی بوونەوەرێکی زەعیف بۆ بەهێز. گەر سەیری دەموچاوی ئەو دڕندەیەی ناو بێشکەکە بکەیت، دوو دەموچاو دەبینیت.٢/٣ی دەموچاوەکە بگرە، لە بەشی خوارەوە سەیری تەنها بەشی سەرەوە بکە، دەموچاوی منداڵێکی تۆقیو دەبینی بتڵە شیرەکەی پڕە لە خوێن و دەسرازەکەی بۆتە مار. دەموچاوەکەی تر دیوە تاریکەکەی ئەو دێوەزمەیە نیشاندەدات، کە چاوەڕێیە لەسەر ئێسك و بازووی ئێمەی مرۆڤ، گەورە بێت و بتوانێت هەناومان هەڵکۆڵێت و لە ناوەوە بمانخوات. ئەم تابلۆیە لە یابان زۆر بەناوبانگە و لە زۆربەی گۆڤارە هونەرییە بەناوبانگەکاندا بڵاوبۆتەوەو نرخی خەیاڵیان داوە تا بیفرۆشم، بەڵام نەمفرۆشتووەو هەردەم لەگەڵ خۆمدا دەیبەم، وەکو ئاوێنەیەك وایەو خۆمی تیا دەبینم لە نەوەدەکاندا.

**دەکرێت زیاتر بتانناسین؟**

من سمکۆ ئەحمەد لەساڵی ١٩٧٠ لەسلێمانی لە دایکبووم. لەساڵی ١٩٩٦ لە سەرەتای کاری هونەریم رووەکردە وڵاتی ژاپۆن و لەوێ نیشتەجێ بووم. خاوەنی بڕوانامەی (ماجستر لە بواری ئەندازیاری و مەدەنی زانکۆی تۆکیۆ) و(دبلۆما جاپۆنۆلۆجی لەپەیمانگای تۆکیۆ بۆ زمان) و(دبلۆما لەهونەری کالیگرافی یابانی لە پەیمانگای هونەری MIFA لەتۆکیۆ) و(بەکالۆریۆس لە بواری ئەندازیاری مەدەنی لە زانکۆی سەلاحەدین)م. جگەلەمە ئەندامی (دەستەی هونەریی جالا لە ژاپۆن، لێپرسراوی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتین، بۆ(جالا بیناڵی) لەهۆڵی میترۆپۆلیتان لەتۆکیۆ)و دامەزرێنەری (چیرمانی کۆمەڵەی هونەری باران)م.

**خاوەن چەند پێشانگای تایبەتی؟ وە بەشداری چەند پێشانگای جیهانیت کردووە؟**

خاوەنی زیاتر لە٢٠ پێشانگای تایبەتیی خۆمم لەولاّتانی (ژاپۆن، کۆریا، هۆڵەندا، کوردستان، سیرالیۆن، ئەفغانستان)و لەزیاتر ٥٠ پێشەانگای جیهانی لە (ئاسیا، ئەفریقا، کەنەدا، ئەمەریکا) بەشداریم کردووە. هەروەها بەشدایی هەمیشەیی فێستیڤاڵی (جالا)م لە هۆڵی تۆکیۆ میترۆپۆلیتانەو بەشداربووی کوردملە (کۆئانجو بیناڵی) لە کۆریای باشوور.

**سوپاس بۆ ئەم گفتوگۆیە. دوا پەیام و بەرنامەی داهاتووت چییە؟**

پەیامم؟ هیوادارم نموونەتان زیاد بێت و ژوورناڵیستی مۆدێرن و دوور لە ختووکە سیاسییەکان لە کوردستاندا گەشە بکات و کاتێك باس لە هونەر دەکەن، تەنها هونەر بکرێتە پێوەرو کاتێك باس لە نووسین دەکەن، تەنیا ئەدەب حاکم بێت. هیوادارم لە کوردستانیش بایەخ بە هونەرو هونەرماندان بدرێت بێ جیاوازی.

چالاکیی ئایندەم؟ ئێستا سەرقاڵی رێکخستنی جالا بینالێ-م (یابان، ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، ئەمریکا ئارت ئەسۆشیسشین) لە هۆڵی میترۆپۆلیتان لە تۆکیۆ دەبێت، جگە لە کارەکانی خۆم کاری ٣٠ هونەرمەندی کوردو ئەمریکای لاتین هەڵبژێرم تا بەشداربن تێیدا. هەروەها لە لەندەن سەرقاڵی پێشانگایەکی تایبەتی خۆمم، جارێ بریاری شوێن و کاتیم نەداوە.

Soran_darbandy@yahoo.com

هونەر



هونەر

# چریکەی زیندوو

# عەلی مەردان



جەلال هانیسی

لە کوردستانی داگیرکراودا کە خاوەنی دەسەڵاتو کیانی سەربەخۆ نەبووە، بەدرێژایی مێژوو هەردەم داگیرکەران بە هەموو هێزو توانای خۆیان بە کوشتار، ئەنفال، کیمیابارانو راگواستن پەلامار... هەوڵی تواندنەوەیان داوین، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەرگیز نەیانتوانیوە شوناسی نەتەوەی کورد بسڕنەوەو لە سایەی ئازادییخوازان و رووناکبیرانەوە سەرەڕای ئاوارەیی و دەربەدەریی و ماڵوێرانی نەیانهێشتووە ئاواتی شوومی دوژمنی دڵ پڕلەقین بێتە دی.

گەرچی گەلێك بەرهەمی ستران‌و مقاماتمان بەتالان چوون‌و فەوتاون، بەڵام بەم حاڵەشەوە بۆ بەرگریی لە بیرۆکەی چەپەڵی دوژمن! گۆرانیبێژان‌و مۆسیقاژەنانی دڵسۆزو وەفادار بە گەل‌و نیشتمان وەك: سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، کاوێس ئاغا، سێوە، رەسوڵ گەردی، رەشۆل عەبدوڵلا، عەلی مەردان، مەلاکەریم، تایەر تۆفیق، حەسەن زیرەك، محەمەد ساڵح دیلان، محەمەد عارفی جزیری، عایشەشان، مریم خان، مەزهەری خالەقی، شڤان پەروەر، مەرزیە فەریقی، عەزیزی شارۆخ، نەجمەی غولامی، ناسری رەزازی، عوسمانی هەورامی، خلەدەرزی، حەسەنی سیساوی، حەسەنی کامکار، قادر دیلان، حەسەنی یوسف زەمانی، موجتەبای میرزادە، شەماڵ سائیب، ولیەم یوحەنا، مامۆستا باکووری، ئەنوەری قەرەداغی و...هتد بە گۆرانی و سروود، مەقام، لاوك، حەیران، بەیت، گەریان، بالۆرە، زارانەوە، هۆرەو سیاچەمانەو... بە گشت هێزو توانایانەوە زمان و فەرهەنگی گەلە چەوساوەکەیان پاراستووە، هەتا کورد هەبێت ناویان لە مێژووی زێریندا هەمیشە دەدرەوشێتەوەو شانازییان پێوەدەکرێت.
هونەری گۆرانی و مەقاماتی لەنێو فەرهەنگی نەتەوەکەماندا جێگای بە رزو بەنرخی هەیەو سینە بەسینە پارێزراوەو تا گەیشتووەتە سەردەمی زێرینی تەکنۆلۆژی و لە فەوتان رزگاریان بووە، کە ئەویش لە سەردەستی هونەرمەندانی بە ئەمەك‌و خەمخۆر، پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوەو سەرخراوەو بەشێکی زۆری مەقامات و گۆرانی قەرزداری مامۆستا عەلی مەردانە.

عەلی مەردان کوڕی قادر لە گەڕەکی بەرتەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانیی شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٠٤ی زاینی لە دایکبووە، لە تەمەنی ٦ساڵیدا نراوەتە بەرخوێندنی حوجرەو دواتر چووەتە قوتابخانە، لەلای مەلاو فەقێ‌و دەنگخۆشانی تەکیەو مزگەوت‌و دیواخانەکانی کەرکوك‌و گوندی لەیلان، مقام‌و بەستەی رەسەنی کوردی بە چاکی فێربووەو خۆی پێگەیاندووە، دوو ژنی حافزو دەنگخۆش بە ناوەکانی (مەلا شەوکەت‌و مەلاهەیبەت) دەرهاوسێیان بووە، کە بۆ بۆنە ئایینیەکان بانگهێشت کراون ئەویش چاوساخیان بووە، ناوی مەردانیان بە ناوەکەیەوە لکاندووە کە هەر لە منداڵییا ناوی بە عەلی مەردان دەرکردووە.

مامۆستا عەلی مەردان ئەستێرەی گەشی ئاسمانی مەقام‌و گۆرانی و ڕێگا نیشاندەری بە ئەمەکی هونەرمەندانی سەردەمی خۆی بووە، هەموو دەستگا مۆسیقییەکانی بە باشی ناسیوەو بەشێوی رەسەنانە خشڵێکی نۆی لەبەر ئەو مەقام و ستراندا کە چریونی





کردووەو لە مردن رزگاریکردوون، هەرکات باس لە مەقام و گۆرانی رەسەن دەکرێت یەکسەر ناوی مامۆستا عەلی مەردان وەك پێش ئاهەنگێك دێتە گۆڕێ، کە لە بەرەوپێشخستنی مەقامی کوردی و چۆنێتی داهێنانی ئەو مەقامە رەسەنانە کە لە مێژووی گۆرانیدا پشتگوێخرابوون بووژاندنییەوە، سەرەڕای زانینی مەقامە کوردی و عەرەبییەکانی، مەقامی هیجرانیشی داناوە کە یەکێکە لە مەقامە هەرە سەرکەوتوو و بەرزەکانی، بۆخوی فەرموویە: مروڤی دڵناسك‌و خاوەن ژان نەبێ، هەرگیز نابێ خۆی لە مەقام بدات، مەقام مرۆڤی دڵرەقی دەوێت، ئەگەر وەها نەبێت دەیتوێنێتەوە، هەرچەندە پتەو و گەشاوە بێت دەیکاتە خۆڵە مێش! هەروەها چی مەقامم وتووە بە گریانەوە نەبێت لە دەمم دەرنەچووە!!

مامۆستا چ وەك مەقام زانێك و مەقام بێژێك و چ وەك ژەنیارێك و بەستە بێژێك هەمیشە هەوڵی بێوچانی داوە هونەری گۆرانی پێش بخات و بە گەلانیتر بیناسێنێت، کە چەندە میلۆدی کوردی خاوەن پێگەیەکی دیارو بەرچاوە، کە نەتەوەیەکی بێ کیان هێندە فولکلۆری بەربلاو و دەوڵەمەندە.

مامۆستا عەلی مەردان بە چەکی گۆرانی و مقامات خەباتێکی فەرهەنگیی گرتە بەرو درێژەی پێدا هەتا دوا هەناسەی ئەو رێبازەی بەرنەداو درێغی نەکردو بوو بە پێشەنگی ئەو خەباتەش.

سەرەڕای نەهامەتی‌و تفت و تاڵیی رۆژگارو جەورو جەفای دەورانی بێ رەحم و بێ حاسڵ، زۆربەی ژیانی خۆی لە پێناوی هونەری نەتەوەکەیدا بردەسەرو سەلماندیشی کە کورد فەرهەنگی هەڵقوڵاوی نێو خاکەکەی خۆیەتی و هیچکات نامۆیی تیایدا جێی نەگرتووە.

ئەو گۆرانی و مەقامانەی کە وتوونی هەمووی بە میتۆدی زانستی مۆسیقا دایڕشتوون بەشێوەی کوردانە فۆرمێکی نوێی داوەتێ، هارموونی دەنگیی و هەماهەنگی لەگەڵ مۆسیقادا نیشانەی ماندووبوونێکی دوورو درێژە کە لە ناخی دڵیەوە هەڵقوڵاوەو لەبەر دلان‌و چێژو تامێکی وەهایان هەیە کە مرۆڤ تژی لە خۆشەویستی خاك و نیشتمانەکەی دەکات. مەقام بە چوار پلە دەچڕدرێت، ئەگەر قورگێك نەرم نەبێت و دەنگی زیرو بەمی لێ نەیەتەدەرێ بۆ مەقام ناشێت و پلەکانی تەی ناکات و مەقام سەقەت دەردەچێت و چێژو هەستی خۆی لە دەستدەدات، هەر بۆیە هەموو دەنگبێژێك ناتوانێت خۆی لە مەقام بدات، چونکە مەقام شێوەی وتنی زۆر سەختەو بەسانایی

قورگ دەری نابڕێت، بەڵام مامۆستا عەلی مەردان قورگی ئەو خاسیەتەی تێدا بووە، هەر بۆیە سەرکەوتووترین مەقام بێژە.

لە ساڵی ١٩٢١ی ز لە شاری بەغدا ئای ئای و ئەڵڵاوەیسی لەسەر قەوان تۆماری کردوون و دواتر لە رادیۆی کوردی بەغدا بوو بە سەرپەرشتی لیژنەی تاقیکردنەوەی دەنگی گۆرانیبێژان کە تا کاتی خانەنشینی لەسەر ئەو خزمەتەی بەردەوامبوو. لە تەمەنی پڕ لە سەروەرییدا گەلێك مەقام و بەستەی لە بەغداو تاران و کرماشان و قاهیرەو بەیروت و فەڵەستین تۆمارکردووە، کە تا کوردو مێژووی بمێنێت دەنگە بە سۆزەکەی عەلی مەردانیش هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوەو دەدرەوشێتەوە.

بە هەزارداخ و دەردەوە لە رۆژی هەینی رێکەوتی ١٩٨١/٧/٢٤ لە کاتژمێر چواری بەیانی مامۆستا عەلی مەردان شای بەستەو مەقاماتی کوردی بۆ هەمیشە بەجەستە ماڵاوایی لێکردین، لەسەر وەسێتی خۆی لە گۆڕستانی بەر تەکیەی کەرکوك ئەو شوێنەی کە لانکەی مەقامات و بەستەی رەسەنەو تێیدا لەدایکبوو، بە بەستەی پڕ خرۆشی (بەیادم کە) بە خاکسپێردراو ئاسمانی هونەری مۆسیقای کوردی رەشی داپۆشی و کوردستان غەرقی ماتەمێکی جەرگبڕ کرد، یادی بەخێرو رێگەی پڕ رێبوار.





## سازەکەی کاپیتان کۆرێلی

# ئەو دەمەی لە شەڕگەدا تەنها ئەڤین نایەتە کوشتن



سیروان رەحیم

**ناوی فیلم: سازەکەی* کاپیتان کۆرێلی**

**ناوی ئۆرژینال:** Captain Corelli's Mandolin

**سیناریۆ: شاون سلۆڤۆ**

**دەرهێنان: جۆن مادن**

**وڵاتانی بەرهەمهێن: بریتانیا، فەرەنسا، ئەمەریکا**

**بەرهەمهێنەر: تیم بێڤان، ئەریك فێلنەر**

**موزیك: ستێفان واربێك**

**کامێرا: جۆن تۆل**

**مۆنتاژ: مایك ئاودسلەی**

**١٢٤ خولەك، رەنگاورەنگ**

**زمان: ئینگلیزی**

**ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٠١**

## سەبارەت بە فیلمەکە :

سازەکەی کاپیتان کۆرێلی لە ڕۆمانی نووسەری بریتانی لویس دو بێرنێرس (لەدایکبووی ١٩٥٤ لەندەن)ەوە کراوە بە فیلم. ڕۆمانەکەش هەڵگری هەمان ناونیشانە.

بەسەرهات چیرۆکی داگیرکردنی دوورگەی کەفالۆنیای یۆنانییە لە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە. سەرباری هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانگر، دوورگەی کەفالۆنیا لە ژێر سەیوانێکی هێمندا دەژی، بەڵام لەشکری ئیتاڵی لە پڕ هەڵدەکوتنە سەر دوورگەی ناوبراو و داگیری دەکەن.

بەر لە داگیرکردن و لە هێمنیدا کچی پزیشکی ئاوایی پێلاگیا (پێنێلۆپا کروز)و ماندراس (کریستیان بالێ) دەبن بە مارەبڕی یەك، چونکە وڵات لە بەردەم هەڕەشەی شەڕدایە، ماندراس بۆ سەربازی بانگ دەکرێت. لەبەرئەوەی ماندراسی لاو نەخوێندەوارە و ناتوانێت نامەکانی پێلاگیا بخوێنێتەوە یان راست وەڵام بداتەوە، بۆیە خەمێکی خست دەروونی ئەم کەنیشکەی تەنیوە.

پاش ئەوەی هێزەکانی ئیتاڵیا دەگەنە دوورگەکە، باوکی پێلاگیا گۆشەی ژوورێك بۆ سەرتیپ کۆرێلی (نیکۆلاس کەیج) دەستەبەر دەکات. دیارە سەرتیپی ناوبراو مۆسیقارەو دەروونی بە مۆزیك تژەیە، ئەم مرۆڤە نەدەبوو بکەوێتە نێو هێزی سەربازییەوەو ببێت بە سەرتیپ، بەڵام ئەوە ژیان و فەرمانەکانی ژیانە. ئەو سەرتیپە بە موزیکی دڵگری سازەکەی وردە وردە دڵی پێلاگیا داگیر دەکات. لە بری بیری ماندراس لە خەیاڵی پێلاگیادا ئامێزو راموسان لەگەڵ سەرتیپ کۆرێلی سەردەستن.

پاشتر لە یەکێك لە ئاهەنگگەلی شەوانی لەشکردا سەرتیپ کۆرێلی ئاوازێك بە سازەکەی دەژەنێت، ئاوازێکی دڵگیر، کاتێك لە پێشکەشکردنی دەبێتەوە چەپڵەی بە خوری خەڵکەکە دڵگیری ئاوازەکەی دەسەلمێنێت.

سەرتیپ دەڵێت: ئەو پارچە ئاوازە ناوی پێلاگیایە.

ئەمە شەوێکی پڕ مۆسیقاو سەمای رەنگینەو سەرتیپ کۆرێلی لە ژێر ساباتیدا خۆشەویستی خۆی بۆ پێلاگیا ئاشکرا دەکات.

ئەو دەمەی پێلاگیا دڵی دەدات بە سەرتیپ، ماندراس بووە بە شەڕڤان لە بزووتنەوەی بەرخوەدانی یۆنانی لە دژی داگیرکارانی ئیتاڵی و ئەڵمانیدا.

پاش ئەوەی ماندراس دەگەڕێتەوەو چاوی بە پێلاگیا دەکەوێتەوە، بە دەزگیرانەکەی دەڵێت:



(لە نامەکانی دواییتدا بۆم دەرکەوت ئیتر دڵت بۆ من لێنادات پێلاگیا).

ساڵی ١٩٤٣ کاتێك ئیتاڵییەکان بریاری کشانەوە دەدەن، لەشکری ئەڵمان بریاری چەککردنیان دەدات. ماندراس داوا لە سەرتیپ کۆرێلی دەکات، ئەو پیاوەی دڵی دەزگیرانەکەی داگیرکرد، چەکەکانیان نەدەن بە دوژمن و رادەستی شۆڕشگێڕەکانی دوورگەکەی بکەن. پاش ئەوەی ئیتاڵییەکان نایانەوێت چەکەکانیان رادەستی ئەڵمانگەل بکەن، لە لایەن ئەڵمانەکانەوە بەر دەستڕێژ دەدرێن و دەکوژرێن. لە کاتی دەستڕێژدا هاورێیەکی سەرتیپ کۆرنێلی باوەش بە ناوبراودا دەکات، سەرباری ئەوەی سەرتیپ بە سەختیی بریندار دەبێت، بەڵام نامرێت. کاتێك سەرتیپی ئەڵمانیش دێتە سەر بریندارەکان بۆ ئەوەی دوا فیشەکی بەزەییان پێوە بنێت، ناتوانێت کۆرنێلی بکوژێت، چونکە جۆرێك لە هاورێیەتی لە نێوانیاندا دروستبووە. کۆرنێلی بەو برینە سەختەوە بە چارەنووسی خۆی دەسپێردرێت. تا شەو ماندراس لە نێو بریندارەکاندا سەرتیپ دەدۆزێتەوە، رزگاری دەکات و دەیباتە ماڵی دکتۆرو پێلاگیا. لەوێ سەرتیپ تیمار دەکرێت. پاشان بە رێگەی دزیدا رەوانەی ئیتاڵیای دەکەنەوە. پاش ئەم رووداوە لە لایەن ئەڵمانگەلەوە دوورگەکە وێراندەکرێت و خەڵکێکی زۆریش دێنە کوشتن.

پاش تەواوبوونی شەڕ لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەو کاتەی دوورگەکە سەرلەنوێ لە ژێر سەیوانی هێمنیدا رۆژان بەسەر دەبات، خەڵکی سەرقاڵی ژیانی خۆیانن و پێلاگیایش لە لای باوکی بە مەبەستی بوونە پزیشك سەرگەرمی فێربوونە. لەو کاتەدا سەرلەنوێ سەرتیپ کۆرێلی پەیدا دەبێتەوە.

سەرتیپ کۆرێلی لە رووبەرووی ئەمجارەی پێلاگیادا لە ناخەوە دێتە قسە. ئەو بەو کەنیشکی دڵخوازی خۆی دەڵێت:

پێلاگیا، زۆر هەوڵمدا بروا بە خۆم بێنم کە ژیان بێ تۆ کاری کردەیە. ویستم لە بیرت بکەم، بەڵام ئاستەم بوو. ناشێم بێ خۆشەویستی تۆ بژیم.

بەمجۆرە یەکدەگرنەوەو چیرۆکەکە بە پێکگەیشتنەوەی ئەو دوو دڵدارە کۆتایی دێت.

## تانوپۆ جوانەکانی بەرهەمەکە :

لەم فیلمەدا کۆمەڵێك دیمەن، چرکەو گرتەی نیگاکێش هەن لەو پەڕی جوانیدان و تانوپۆی بەرهەمەکەیان بە جۆرێکی سەرنجراکێش خەملاندووە.

یەکێك لەو چرکە هەرە جوان و پڕ واتایانە دیمەنی پێکگەیشتنی سەرتیپی ئەڵمانەکان

و سەرتیپ کۆرێلییە:

ئەو کاتەی سەرلەشکرە ئەڵمانەکە دەگات بە رۆخی زەریاکەو بەوپەڕی وابەستەیی لەشکرییەوە دەست بەرز دەکاتەوەو دەڵێت:

بژی هیتلەر.

هاوکات سەرتیپ ئانتۆنیۆ کۆرێلی-یش بە مەبەستی وەڵامدانەوەی، دەست بەرز دەکاتەوەو بە هەمان جوڵەو هەمان ئاواز دەڵێت:

بژی پوچینی**.

لێرەدا حاڵی دەبین ئەم پیاوە مۆسیقارە بڕوای تەواوی بە دەسەڵاتدارێتی پوچینی هەس، نەك بە دیکتاتۆرێکی وەکو هیتلەر. موزیك بۆ کۆرێلی ئەو هێزەیە دەبێت هەمیشە مرۆڤ خۆی پێ بسپێرێت و لێی دانەبڕێت. نازانم رێکەوتە نێوی یەکەمی ئەو سەرتیپەو پوچینییش هەر (ئانتۆنیۆ)یە؟

ئەم سڵاوکردنە، یان ئەم وەڵامدانەوەیە کرۆکی فەلسەفەی فیلمەکەی دەرهێنەر (جۆن مادن)ە. فەلسەفەیەك کە لە شەڕگەدا ئەڤین بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

هەروەها لەو شەڕگە ترسناکەدا خەیاڵی پێلاگیا پاش ئەوەی عاشقی سەرتیپ کۆرێلی دەبێت و ژیانی پڕ دەبێت لە خەونی جوان و خۆزگەی خەملیو، خۆشەویستییەك دەئافرێنێت، پاشتر لە ئیتاڵیاوە کۆرێلی ئەڤیندارو مۆسیقار کەمەندکێش دەکات بۆ دوورگەی کەفالۆنیا، ئەو دوورگەیەی ئەمجارەیان وەکو عاشقێك، نەك وەکو داگیرکەر رووی تێکردووە.

دیارە هاوشانی جوانیی ئەم دیمەن و رووداوانە، هەڵوێستی ماندراس لە رزگارکردنی سەرتیپ کۆرێلیدا هەڵوێستێکە لە هەناوی جوانیی و ژیاندۆستییەوە سەرچاوە دەگرێت، ژیاندۆستی نەك هەر بۆ خۆم، بەڵکو بۆ ئەوانی تریش، کاتێك ماندراس سەرتیپ کۆرێلی رزگار دەکات، ئەم هەستەمان لە کن دروست دەبێت. ئەو رزگارکردنە بوێرییەکی گەورەیە، رزگارکردنی ئەڤیندارێك کە گیانی نەواگەلی پوچینی لە هەناودایە، بەڵام ئەو پیاوە کەسێکیشە دڵی پێلاگیای بۆ هەمیشە بۆ خۆی بردووە. ئەو رزگارکردنە چرکەیەکە جوان و مرۆڤانە، شتێکە لەو کردەوانەی ژیان شیرین دەکەن.

سەرباری ئەمانە هەموو، لە فیلمی (سازەکەی کاپیتان کۆرێلی)دا، ئەکتەران لەو پەڕی جوانیدا رۆڵ دەبینن، سازو ئاوازگەل دڵکێشن، دیمەنەکان خەیاڵ دەفڕێنن و چێژ تێر دەکەن.





ئەم فیلمە ئەوە دەسەلمێنێت لە شەڕگەیشدا ئەڤین ناکوژرێت.

فیلمەکە ئەوە دەسەلمێنێت شەڕو داگیرکردن هەرگیز ناتوانن خۆشەویستی لە بزاڤ و هەناسە بخەن.






* ماندۆلین: سازێکە، ئامێرێکی مۆزیکە، چونکە ناوی ئەو جۆرە ئامێرە شك نابەم بە کوردی، بۆیە سازم دانا.

** دانەری موزیك (کۆمپۆنیست)ی ئیتاڵی ئانتۆنیۆ پوچینی (٢٢/١٢/١٨٥٨-٢٩/١١/١٩٢٤)

# ساتە فەلسەفییەکانی موزیك

و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

ئادۆرنۆ لە نێوان توخم و ماکەکانی مۆسیقادا جەخت لەسەر گرنگی هارمۆنی دەکاتەوەو لەو بڕوایەدایە کە پیشەی کولتووری هارمۆنی دەبێتە هۆی وێکچوواندنی سووژەکان. بەم بۆنەوە لەلای ئادۆرنۆو هەروەها شۆئنیبێرگ، تازەگەریی مۆسیقایی دەبێت ئاڵوگۆڕێکی هارمۆنی بێت. لە روانگەی ئادۆرنۆوە مۆسیقایەك کە لە دڵ بنیشێت، ئاسۆیەك بۆ مرۆڤ وێنادەکات کە لەودا گۆڕانەکان



پێشبینی دەکرێت و ئارامی و هێمنیشی پێدەبەخشێت. بەم هۆیەوەیە کە مۆسیقای سونەتی ئێرانی دەبووە هۆی ئازاردانی هاولاتیەکی ئەڵمانی لە سەدەی نۆزدەدا. ئادۆرنۆ سەبارەت بە هارمۆنی دەڵێت: هارمۆنی جوانیناسانە، بەشێوەیەکی تەواو بەدەست نایەت. زیاتر شتێکی ساختەو هاوسەنگییەکی کاتییە. لە هەر شتێکی هونەری کە هارمۆنی پێبوترێت، ژمارەیەك ناوکی جیاوازو دژواز خۆی حەشارداوە. (خۆش نەبوون) حەقیقەتی هارمۆنییە. هارمۆنی بەیانکردنی شتێکە کە لەواقیعدا بوونی نییە. هارمۆنی ئەو کارە رەتدەکاتەوە کە ئارمان و ئامانج لەسەری بنیاتنراوە. ئەم بۆچوونەش لە درکی مارکس و باقی کەسانی چەپ دەچێت سەبارەت بە هارمۆنی کۆمەڵایەتی. لە بەرئەوەی لە روانگەی ئەم بیرمەندانەوە هەر شتێك کە بەناو نەزمی کۆمەڵایەتی دەناسرێت، سووکایەتی لێهاتوویەکان و چەوسانەوەی جەماوەرە. بەم بۆنەوە باسی مۆسیقای ئادۆرنۆ لەسەر ئەساسی باسەکەی مارکسە، بەم چەشنەی ئەوەی وەك هارمۆنی دەناسرێت، گرێبەستێکەو بەس. بەم جۆرە ئەوەی کە وەك هارمۆنی موزیکاڵ دەردەکەوێت، بەردەوام خۆی لەبەردەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕدا دەبینێتەوە. لە مێژووی مۆسیقای رۆژئاواداو بەو جۆرەش ئادۆرنۆ نیشانی دەدات، هارمۆنی بە زۆری سازگارە لەگەڵ پێشکەوتنی چینی مامناوەند، زاڵبوونی پێوەندی سەرمایەداری و پەرەسەندنی مۆدێرنیتەیە.

بەزۆری و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بۆرژوازی رۆژئاوایی، بناغەی مۆسیقای تەنالی رۆژئاوایی لە بەرهەمەکانی سوڵتانی هایدن و مۆزارتدا بێچمی گرت. لە مێژووی مۆسیقای رۆژئاواداو پێش لە رێنسانس، مۆسیقی خۆجیی، فولکلۆریك و هەروەها ئاتونالو پلی-فۆونیك لە ئارادا بوون. بەڵام لە کتێبەکانی مێژووی مۆسیقادا، سەرەتای مۆسیقای کلاسیکی رۆژئاوایی هاوکات بۆ مۆنتەوروی لە سەدەی ١٦دا دەگەڕێنەوە. لەم کاتەدا چۆنیەتی راهێنان و سیستمی مۆسیقایی نوسراو مسۆگەر بوو. تا سەدەی هەژدەش مۆسیقا، تێکەڵاوێك بوو لە مۆسیقای سوڵتانی و مۆسیقای کڵێسەیی. ئەمە مۆسیقای تەنال بوو. واتە بەیەك نۆتی سەرەکی دەستی پێدەکردو لە پەرەسەندنی خۆیدا هەر بەم نۆتە وەفادار دەمایەوەو مەقتوعەکەش هەر

بەم نۆتە کۆتایی پێدەهات. بەجۆرێك کە نۆتە سەرەکییەکە سەرەتای مەقتووعەکانی دیکەشی دیاریدەکرد. لەم رووەوەیە کە لە روانگەی ئادۆرنۆوە فۆرمی سوناتی سیمای مۆسیقا بۆرژوازییە. تازەگەری ئاوازدانەران لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە وەکو بروکز، پاش بێتهۆڤن و مۆسیقای پۆست رۆمانتیك لەوەدا بوو کە خۆگرێدانەوە بەو نۆتە سەرەکییە بشارنەوە.

بە بۆچونی ئادۆرنۆ ئاڵوگۆری گەورەی سەدەی نۆزدەیەم لە سەرەتادا هاتنە ناوەوەی دەنگی ناخۆش و ئازارویی و پاشان لە نێوچوونی فۆرمی گەشی مۆسیقا بوو. لەم خاڵێکە کە لە دوایین بەرهەمەکانی بێتهۆڤندا دەبیسترێت. ئەو هەوڵیداوە فۆرمە ناسراوەکانی هارمۆنی تێبشکێنێت. بە پێچەوانەی ژمارەیەك لە رەخنەگران کە ئەم بەرهەمانەی بێتهۆڤنیان وەك بەرهەمی پیرەپیاوێکی نارازی لەجیهان زانیوە، ئادۆرنۆ بەستێنەکانی مۆسیقای ئاتوناڵی لەم مەقتوعانەدا دەدۆزیەوە. هەندێك نموونەی دیکەی وەك بەرهەمەکانی واگنێر، فرانتس لیستو بە تایبەتی سەمفۆنیای نۆیەمی گوستاو و ماهلێر کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی مۆسیقای ئاتوناڵ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەدا. مۆسیقای ئاتوناڵ لەساڵی ١٩٠٩ لەلایەن ئارنۆڵد شۆنبێرگەوە ناسرا. باقی نوێنەرانی ناسراوی ئەم مۆسیقایە، ئانتوان وێبرۆن و ئاڵبان بێرگ، مامۆستای پیانوی ئادۆرنو بوون.

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم مۆسیقایە لەوەدایە کە یەکەم ئەوەی کە بە نۆتێکی سەرەکی دەست پێناکات، دووەمیش لە کامڵبوونی مۆسیقاکەدا بە هیچ شێوەیەك نموونەیەك لە شێوازەکانی سوونەتی نابینین و هیچ چوارچێوەیەکی لە پێش دیاریکراویش تێدا رەچاو ناکرێت. لەم رووەوە ئەم بەرهەمانە بەزۆری لە فۆرمی ئۆرکێسترایی دوور دەکەونەوەو با ئامێرە وێکنەچووەکان بە شێوەی (کۆبوونەوە ١ تا ٤ ئامێر) لێدەدرێت. ئادۆرنۆ مۆسیقای ئانۆتاڵی بەگەورەترین دەسکەوتی مێژووی مۆسیقای دەزانی و دەیوت ناسازگاری مرۆیی هاوچەرخ لە ژیانی نوێدا نیشاندەدات.

بنەمای رەخنەکانی ئادۆرنۆ لە مۆسیقای ئیستراوینسگی، شوستاکویچ، جازو



واگنێریش هەر دەگەرێتەوە بۆ ئەوە. ئەو لەلای واگنێر هێرش دەکاتە سەر بیری "هونەری کامڵ"، وێرای ئەوەش رەخنەی توندی لێدەگرێت سەبارەت بە گەرانەوەی بۆ رابردوو و دوورخستنەوەی مێژووی مۆسیقا لە رەوتی گەشەی خۆیدا.

a_aida١٨@yahoo.com

سەرچاوە:

http://www.persianpersia.com/articles/music/musicarticledetails.php?marticleid=١٨٩

**دەتوانیت گۆڤاری هەنار لەم ماڵپەڕانەدا**

**بخوێنیتەوە:**

www.dengekan.com
www.chrakan.com
www.chra.tv



نرخی ١٠٠٠ دیناره